# کاتژمێری شووم

«ڕۆمان»

نووسینی

**گابریل گارسیا مارکیز**

وەرگێڕانی

**ئەسکەندەر مەحموود ڕەسوڵ**

کوردستان - هەولێر

٢٠٠٥

**ناوی کتێب: (کاتژمێری شووم)**

- نووسینی: گابریل گارسیا مارکیز
- وەرگێڕانی: ئەسکەندەر مەحموود ڕەسوڵ
- نەخشەسازی ناوەوە: طـه حسین
- بەرگ: هۆگر سدیق
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٠٥
- ژمارەی سپاردن: (١٢٩)
- تیراژ: ١٠٠٠
- نرخ: (٢٥٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب -٩- (١١٢)

**ناونیشان:**

**دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی**

**هەولێر - پشت ڕۆژنامەی خەبات**

**پۆستی ئەلکترۆنی:** asokareem@maktoob.com

**ژمارەی تەلەفۆن: ٢٢٦٠٣١١**

**www.mukiryani.com**

PDF 4 KURD

**سوپاس و پێزانین:**

**زۆر سوپاسی بەڕێزا ن مامۆستا (عوسمان مەحموودە درێژ) و مامۆستا (ئازاد بابان) دەکەم کە هاندەر و پشتیوانم بوون بۆ ئەم کارە.**

**«وەرگێڕ»**

PDF 4 KURD

# بەشی یەکەم

بابە ئانجێل بە زەحمەت و لەشگرانی دانیشت. ڕەقایی پەنجەکانی بە سەر پێڵوی چاوانیدا هێناو پەردە کوللە بە گوڵ چندراوەکەی هەڵدایەوە. پێویستی بە دانیشتن لە سەر دۆشەکی بێ چەرچەف و ساتێک ماتی و بێ دەنگی هەبوو تا بۆی دەرکەوێت کە زیندووەو بەرواوی ئەو ڕۆژە بە بیرخۆی بێنێتەوەو لەگەڵ ڕۆژ ژمێری پیاوچاکاندا بەراوردی بکات. بیری کردەوە، سێ شەممە، چواری تشرینی یەکەم، پاشان لەبەر خۆیەوە گوتی: «فڕانسیس ئاسیزی پیاوچاک هاوارە».

بێ ئەوەی دەموچاوان بشوات و بپاڕێتەوە، جلی لەبەرکردن. پیاوێکی سوورەو بەخۆوە بوو. قەدو باڵایەکی وەکو گای ساغی هەبوو و جموجۆڵیشی وەکو گاجووت گران و خەمۆک بوو. لە شێنەیی و بە وردی و بە جوڵەجوڵێک کە دەت وت ئامێری مۆسیقا قوڕمیش دەکات، خۆی بە قۆپچەکانی کراسەکەیەوە خەریک کرد. کلۆمی ئەو دەرگایەی هەڵدایەوە کە رووی لە حەوشێ بوو و کردییەوە. بۆنی عەشەقەکانی[1] بەر بارانێ ئاوازێکی بە بیر هێنایەوە:

«فرمێسکەکانم دەریا فراوانتر دەکەن». ئاخێکی هەڵکێشا.

ڕاڕەوێک ژووری نووستنی بە کڵێسەوە دەبەستەوەو ڕێزە گوڵدانێکیش سنوورەکەی دیاری دەکرد. تەختی ڕارەوەکە بە خشتەی شاش و لێک بڵاو فەرش کرابوو کە لە کەلێنی

(١) گیایەکی لاسک باریکی پەلک پانە و وەکو لاولاو خۆی لە دارو درەخت دەئاڵێنێ. وەرگێر



خشتەکانەوە گیای پاییزی خەریک بوو سەری وەدەر دێنا. بابە ئانجێل پێش ئەوەی بچێتە نێو ڕاڕەوەکە، چووە ئاودەست و میزێکی چاکی کردو هەناسەی خۆی گرت تا بۆنی ئامۆنیاک کە ئاوی لە چاوان هێنابوو نەچێتە نێو قوڕگییەوە. ئەوسا هەنگاوی نایە نێو ڕاڕەوەکەو ئەو وشانەی وەبیر هاتەوە:

«ئەم عەوعەوە بەرەو خەونەکانتم پەلەکێش دەکات». لەبەردەرکەی بچووک و بەرتەسکی کڵێسەکە، بۆ دواجار بۆنی عەشقەکانی هەڵمژی.

بۆنی نێو کڵێسەکە ناخۆش بوو. تەختی هۆڵە درێژەکەی کڵێسەکەش هەر بە خشتەی لێک بڵاو فەرش کرابوو و تەنیا یەک دەرگای کڵێسەکە دەیڕوانیە گۆڕەپانەکە. بابە ئانجێل یەکڕاست بەرەو تاوەری زەنگی (ناقوس) کڵێسەکە ڕۆیشت. لەوێ دیتی کەوا قورساییەکانی قوڕمیشی کاتژمێرەکە بە ئەندازەی مەترێک لە سەر سەریەوەن و لە دڵی خۆیدا گوتی: هێشتا بەشی هەفتەیەکی قوڕمیش ماوە.

مێشوولە هێرشیان بۆ هێناو یەکێکیانی بە یەک لێدان بە پشتەملی خۆیەوە پان کردەوەو دەستی خۆی بە پەتی زەنگی کڵێسەکە سڕییەوە. ئەوسا دەنگی جڕە جڕی میکانیکی نێو کاتژمێرەکەی وەبەر گوێیان کەوت کە لەسەر سەرییەوە کاری دەکردو پاشان دەنگی قوڵ و کپی پێنج لێدانی زەنگەکە لە نێو سکیدا پێچی خوارد.

ڕاوەستا تا دوایین زایەڵەی دەنگەکە کپ بووەوە. ئەوسا بە هەردووک دەستان پەتەکەی گرت و لە مەچەکی خۆی ئاڵاندو بە باوەڕێکی لە بن نەهاتووەوە بڕۆنزە تێک خواردووەکانی زەنگەکەی بە دەنگ هێنا. تەمەنی گەیشتبووە شەست و یەکساڵی. هەوڵ و تەقەڵا بۆ بە دەنگ هێنانی زەنگی کڵێسەکە بۆی ببوو بە کارێکی تاقەت پڕوکێن، بەڵام هەمیشە بۆ خۆی بانگ کردنی بۆ نوێژی بەیانی ئەنجام دەداو جێبەجێ کردنی ئەو ڕێوڕەسمە وڕەی بەرز دەکردەوە.

هاوکات لەگەڵ دەنگی زەنگی کڵێسەکەدا ترینیداد ئەو دەرگایەی کردەوە کە بە سەر شەقامدا دەیڕوانی و چووە ئەو قوژبنەی کە تەڵە مشکەکانی لێ نابوونەوە. لەوێ دیمەنێکی بەرچاو کەوت کە هەم دڵی پێی تێکەڵ هات و هەم خۆشحاڵی کرد: کۆکوژییەکی



PDF 4 KURD

بچکۆڵە. یەکەم تەڵەمشکی کردەوە مشکێکی بە دوو پەنجان گرت و لە نێو کارتۆنێکی بچووکی هاویشت. بابە ئانجێل تازە ئەو دەرگایەی کردبوەوە کە دەیڕوانییە گۆڕەپانەکە.

ترینیداد گوتی: «بەیانیت باش بابە».

دەنگە قەبەکەی قەشەکە بەرگوێی کیژۆڵەکە نەکەوت. گۆڕەپانە چۆڵ و هۆڵەکەو دار بایەوە نوستووەکانی بەربارانێ و ئاوەدانی بێ جووڵە لە بەرەبەیانی ئارام نەبەخشی سەرەتای پاییزدا، هەستی تەنیاییان لە قەشەکەدا وروژاند بەڵام کاتێک لەگەڵ دەنگی باراندا راهات، بە ئاشکرایی گوێی لە دەنگی تا رادەیەک خەیاڵاوی قەرەنەی[٢] قەشە گەنجەکە بوو و هەر لەو دەمەشدا بوو کە سەلامەکەی وەڵام داوە.

گوتێ: «باوکی رۆحانی لە ئاهەنگی خەڵکدا بەشدار نەبوو».

ترینیداد پشتگیری لە قسەکەی کرد: «نەء». پاشان بەخۆو بەو کارتۆنەوە کە مشکە تۆپیوەکانی تێهاویشتبوون لێی نزیک بۆوەو گوتی: «تەنیا گیتاری دەژەنی».

قەشەکە گوتی: «دوو کاتژمێری تەواو ئەو ئاوازە بچووکە گەمژانەیان دووبارە کردەوە، فرمێسکەکانم دەریا فراوانتر دەکەن ئەوە بوو، وا نییە؟»

کیژۆڵەکە گوتی: «باوکی رۆحانی تازە ئەم ئاوازەی داناوە».

قەشەکە کاتێک گەیشتە پەنا دەرگایەکە، راوەستا، لە پڕێکدا تووشی حاڵەتی جەزبە بوو. سالآنێک بوو کە گوێ بیستی دەنگی قەرەنەی قەشە گەنجەکە دەبوو. دوو شەقام بەولاوەتر، هەموو رۆژێک قەشە گەنجەکە کاتژمێر پێنجی بەیانی لە سەر چوار پایەکەی تەنیشت دیرەگە دارەکەی هێلانە کۆترەکان دادەنیشت و مەشقی لە سەر قەرەنەی دەکرد.

میکانیزمی نەریتی شار بە رێکی کاری دەکرد: لە سەرەتادا پێنج لێدانی زەنگی کاتژمێر پێنجی بەیانی، پاشان یەکەمین بانگ کردن بۆ نوێژی بەیانی، ئەوسا دەنگی قەرەنەی قەشە گەنجەکە لە حەوشەیماڵەکەیدا، کە هەوای ئاوێتە بووی بە بۆن جیقنەی کۆترانی بە نۆتە ناسک و پچڕپچڕەکانی خۆی ساف دەکردەوە.

(٢) ئالەتێکی مۆسیقایە و لە شێوەی بلوێرە کلارنێتیشی پێ دەڵێن. وەرگێڕ



قەشەکە بە قسە هات، «ئاوازەکەی باشە، بەڵام شیعرەکان گاڵتەجاڕین».

ترینیداد گوتی: «بەڵام دوێنێ شەوێ شتێکی لە ئاوازیش باشتر هەبوو».

- چی بوو؟

ترینیداد گوتی: «جنێو نامەکان» و پاشان بە رق هەستایەوە دایە قاقای پێکەنین.

سێ خانوو لەولاتر، سیزار مۆنترۆ خەونی بە فیلانەوە دەدیت. چونکە شەوی یەکشەممە فیلمی فیلانی دیتبوو. نیو کاتژمێر بەر لە کۆتایی هاتنی فیلمەکە، باران بارین دەستی پێکردبوو و ئێستاش لە خەونەکانیدا هەر دەباری.

سیزار مۆنترۆ هاوکات لەگەڵ راکردنی بە ترس و لەرزەوەی خەڵکانی ناوچەکە کە لەبەر رەوە فیلەکە هەڵدەهاتن! تەواوی قورسایی جەستە زلەکەی روو لە هاوسەرەکەی وەرسووڕاندو لە خەوێ هەستا. لە هەمان کاتیشدا دەنگی دووهەمین بانگهێشت کردن بۆ نوێژی بەیانی لە کڵێسە بەرزبۆوە. ژوورێکی گەورە بوو، بە پەنجەرەی گەورەو بە پەردە داپۆشراوەوە. ئەو پەنجەرەی کە دەیڕوانییە گۆڕەپانەکە پەردەیەکی ئەستووری گوڵ زەردی پێدا درابوو. سەرمێزەکەش رادیۆیەکی بچووک و فانۆسێک و کاتژمێرێکی شەوبینی لە سەر دانرابوو. لە لایەکی دیکەو بە دیوارییەوە کەنتۆڕێکی دەرگا ئاوێنەی جلانی لێبوو. سیزار مۆنترۆ لە کاتی لە پێکردنی چەکمەکانی دەنگی قەرەنەی قەشە جحێڵەکەی دەکەوتە بەرگوێ. چەرمی چەمکەکان قوڕی پێوە وشک ببۆوەو رەق هەڵاتبوون. بەو دەستانەی کە لە چەرم قایمتر بوون، چەکمەکانی هەڵکێشان. ئەوسا دەستی کرد بە گەڕان بە دوای مامزەکانیدا، بەڵام لە بن قەروێڵەکە بۆی نەدۆزرانەوەو هەر بەو شێوەیە لە تاریکیدا درێژەیدا بە لەبەر کردنی جلەکانی. ئاگای لەوە بوو تا تەق تەق نەکات نەوەکو ژنەکەی بە خەبەر بێت. بە دەم داخستنی قۆپچەکانی کراسەکەیەوە تەماشای کاتژمێرەکەی سەر مێزەکەی کرد، ئەوجا دووبارە لە بن قەروێڵەکە بۆ مامزەکانی گەڕا. لە پێشدا بە دەست کوتان، ئەوسا وای لێهات لە سەر چۆکان و بە چوار چەنگۆڵە دەستی کرد بە پشکنین و بە لەپی دەستی بن قەروێڵەکەی کڕاند.

خێزانی لە خەوێ هەستا:

– لەچی دەگەڕێ؟

– لە مامزەکان.

– لە پشت کەنتۆڕەکەدا دانراون، ڕۆژی شەممە بۆ خۆت لەوێت دانان.

ژنەکەی پەردە کوللەکەی لاداو چرایەکەی هەڵکرد. سیزار مۆنترۆ بەشەرمەزاری بە پێوە ڕاوەستا. پیاوێکی چوار شانەو بە خۆوە بوو، بەڵام بە نەرمی دەجووڵایەوە تەنانەت بەو چەکمانەشەوە کە بنەکەیان وەکو داری ڕەق وابوو. بەڵام سروشتی تا ڕادەیەک توند بوو. نەدەزانرا داخۆ تەمەنی چەند ساڵ دەبێت، بەڵام پێستی ملی وای نیشان دەدا کە لە سەرووی پەنجا ساڵییەوەیە. لە سەر قەروێڵەکە دانیشت بۆ ئەوەی مامزەکان لە چەکمەکانی قایم بکات. هاوسەرەکەی گوتی: «باران هەر دەبارێ». پاشان هەستی کرد کە ئێسکە بە ئازارەکانی شێی شەویان هەڵمژیوە: «وەکو ئیسفنجم لێهاتووە». ژنەکەی ئافرەتێکی ڕەقەڵەو بچووک بوو و لووتێکی درێژو باریکی هەبوو. حاڵەتێکی وای هەبوو کە دەت وت هێشتا بە تەواوی بە خەبەر نەهاتووە. هەوڵیدا تا لە کەلێنی پەردەکەڕا تەماشای باران بارین بکات. سیزار مۆنترۆ لە بەستنی مامزە مسییەکانی بۆوە، بە پێوە ڕاوەستاو چەند جارێک پێی بە زەویدادا و خانووەکەی هەژاندەوە.

گوتی: «پڵینگیش لە تشرینی یەکەمدا قەڵەو دەبێت».

بەڵام ژنەکەی، کە داڵغەی بە ئاوازی قەرەنەی قەشە گەنجەکەوە لێدابوو، گوێی لە دەنگی مێردەکەی نەبوو، کاتێک دووبارە تەماشای مێردەکەی کردەوە دیتی وا خەریکە لەبەر ئاوێنەی دەرگای کەنتۆڕەکە سەری خۆی دادەهێنێ و لە بەر ئەوەی باڵای لە ئاوێنەکە بەرزترە، لاقی لێک بڵاوکردون و خۆی بۆ پێشەوە خوار کردۆتەوە.

ژنەکە لە بەر خۆیەوە هێدی هێدی بۆ ئاوازی قەرەنەی قەشە گەنجەکەی دەستانەوە. سیزار مۆنترۆ گوتی: «زۆر جوانە».

ژنەکە ئەو قردێلەیەی کردەوە کە بە پاش قەروێڵەکەیەوە گرێدا بوو و قژەکانی لە پشتی سەری خۆی کۆکردەوە، ئیدی بە تەواوی بە خەبەر هاتبوو، ئاخێکی هەڵکێشا: «هەتاکو



سەرەمەرگ لە خەونەکانتدا دەمێنمەوە». کابرا لای بە لادا نەکردەوە. لە چەکمەجەی دەرگای کەنتۆڕەکەداو لە نێو خشڵەکاندا کە کاتژمێرێکی بچووکی ژنانەو پێنووسێکی (پەندان)ی تێدابوو، کیسە باخەڵێک و هێندێک پارەی هەڵگرت. چوار ئەسکیناسی ڕاکێشان و کیسە باخەڵکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە.

گوتی: «ئەگەر باران هەر ئاوا ببارێت ڕۆژی شەممە ناگەڕێمەوە».

وەختێک ئەو دەرگایەی کردەوە کە ڕووی لە حەوشێ بوو بۆ چەند ساتێک لە نێو دەرگادا هەڵوەستەی کردو لەگەڵ هەڵمژینی بۆنی خەماوی مانگی تشرینی یەکەمدا چاوی لەگەڵ تاریکیدا ڕاهاتن. کاتێک خەریکی پێوەدانی دەرگایەکە بوو، زەنگی کاتژمێرەکە لەرییەوە. ژنە خۆی گوڕداو لە نێو جێگا هاتە دەرێ. دەستی پیاوەکە لە ڕارایی و چاوەڕوانیدا لە سەر دەسکی دەرگایەکە مایەوە تاکو ژنەکە زەنگ لێدانی کاتژمێرەکە ڕابگرێت. پاشان بۆ یەکەمجار بە کەسەرەوە چاوی بڕینە هاوسەرەکەی. گوتی: «دوێنێ شەوێ خەونم بە فیلانەوە دەدیت». ئەوسا دەرگای پێوەداو چوو ئێسترەکەی زین بکات.

بەر لە سێهەمین بانگ هێشتی کڵێسە بۆ نوێژکردن، باران بارین بە خوڕتر بوو. پشووە بایەکی کورت، دوایین گەڵاڕزێوەکانی دار بایەوەکانی وەراند. گوڵۆپەکانی سەر شەقامەکە کوژانەوە، بەڵام دەرگای ماڵان هەر داخرابوون. سیزار مۆنترۆ بە سواری ئێستر چووە ژووری چێشت لێنان و بێ ئەوەی دابەزێ بە سەر ژنەکەیدا قیژاند تا پاڵتۆ بارانییەکەی بۆ بهێنێ. تا پڕەکەی لە شانی هێنایە خوارێ و بە ئاسۆیی بە زینەکەیەوە قایم کرد. ژنە بە خۆو بە پاڵتۆوە لە نێو ژووری چێشت لێناندا بە دیار کەوت.

بێ ئەوەی هیچ پێداگرتنێک لە ئاوازە دەنگیدا هەبێت گوتی: ڕاوەستە تا باران خۆشی دەکاتەوە».

کابرا بێ ئەوەی نوقەی لێوە بێت پاڵتۆیەکەی لەبەر کرد. ئەوسا سەیری لای حەوشەی کرد.

– هەتاکو مانگی کانوونی یەکەم باران خۆشی ناکاتەوە.

هاوسەرەکەی هاوڕێیەتی کرد. نیگای بڕیبووە ئەوسەری هەیوانێ. باران پارچە تەنەکە

ژەنگاوییەکانی سەربانی دەکوتایەوە، بەڵام ئەو دەڕۆیشت، ئاوزەنگی لە ئێسترەکەیداو سەری خۆی نەوی کرد تا بەلاشیپانێ نەکەوێ و گەیشتە نێو حەوشە.

لە گوێ سوانەکانەوە دڵۆپە باران وەکو ساچمە لە سەر پشتی لێک بڵاو دەبوون، کاتێک لە دەرگا دەڕۆیشتە دەرێ، بێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە، هاواریکرد:

– هاوسەرەکەشی گوتی: «تا رۆژی شەممە خوات لەگەڵ».

تاکە دەرگایەک کە لە گۆڕەپانەکەدا کرابۆوە، دەرگای کلێسە بوو. سیزار مۆنترۆ سەری هەڵبڕی و ئاسمانی قورسی بینی کە هەتاکو نیو مەتری سەر سەری دابەزیبوو. خاچێکی لە سەر سینگی خۆی کێشاو ئاوزەنگی لە ئێسترەکەیدا. ئێسترەکە چەند جارێک لە سەر پاشوان سووڕایەوە هەتا پێی لە قوڕە لیجەکە گیربوو. لەو دەمەدابوو کە سیزار مۆنترۆ چاوی بەو کاغەزە کەوت کە لە دیواری خانووەکەیان دابوو.

بێ ئەوەی لە ئێسترەکەی دابەزێت کاغەزەکەی خوێندەوە. باران کاغەزەکەی خووساندبوو، بەڵام ناوەڕۆکەکەی کە بە پەڕەموچ و پیتی چاپی نووسرابوو، هێشتاش هەر دەخوێندرایەوە. سیزار مۆنترۆ ئێسترەکەی هەتاکو پەنا دیواری هێنا. کاغەزەکەی لە دیواری کردەوەو پارچە پارچەی کرد.

پاشان بە لێدانی قایشی ئاوسارەکە بۆ ماوەیەکی کورت ئێسترەکەی بە چوارناڵەکی خست بە جۆرێکی وەها کە بۆ سواری چەندین کاتژمێر لە بار بێت.

بە نیو کۆڵانێکی پێچاوپێچ و تەنگەبەردا لە گۆڕەپانەکە چووە دەرێ. دیواری خانووەکان لە خشتە بوو و لە کەلێنی دەرگا کراوەکانڕا بۆنی خەو دەهات.

بۆنی قاوە بەر لووتی کەوت. وەختێک دوایین خانووی شاری بەجێهێشت، ملی ئێسترەکەی سووڕاندەوەو بە هەمان ئەو چوار ناڵە رێکوپێکە گەڕایەوە نێو گۆڕەپانەکەو لە بەردەم ماڵی قەشە گەنجەکە راوەستاو هەر لەوێ دابەزی. تفەنگەکەی بە دەستەوە گرت و ئێسترەکەی بە دیرەگێکەوە بەستەوە. بۆ هەموو کارەکانی خۆی هەر ئەوەندەی کات دەکوشت کە پێویست بوو. کلۆمی دەرگایەکە رەپێش نەکرابوو، هەر سەدەفێکی گەورەی



دەریای لە پاش دانرابوو تا نەکرێتەوە. سیزار مۆنترۆ چووە ژوورە بچووک و نیوە رووناکەکەی دیوەخان و دەنگی یەک نۆتەی نزمی قەرەنەیەکی بەرگوێ کەوت و دوای ئەوە بێدەنگی باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشا.

بە تەنیشت چوار کورسیدا تێپەڕی کە لە دەوری مێزێکی بچووک دانرابوون. سەرمێزە پەشمینەکە، گوڵدانێکی گوڵی دەسکردی لە سەر بوو. سەرەنجام لەبەر ئەو دەرگایە راوەستا کە رووی لە حەوشێ بوو، کڵاوە پانە بارانییەکەی لاداو بە دەستی بۆ زامنی تا پڕەکەی گەڕاو دیتییەوە، پاشان زامنەکەی کردەوەو بە دەنگێکی ئارام و تا رادەیەک دۆستانە بانگی کرد:

– بابە.

قەشە گەنجەکە بە دەم کردنەوەی سەری قەرەنەیەکەوە لە نێو دەرگادا بە دیارکەوت. گەنجێکی بەلە بارێک و رێک بوو، لە پشت لێوی سەرەوەیەوە هێڵێکی تەنکی سمێڵانی دیاربوو کە دەورەکەی بە مقەس کورت کردبووەوە. قەشە کاتێک چاوی بە سیزار مۆنترۆ کەوت کە پاژنەی چەکمەکەی لە نێو قوڕی ژوورەکەدا چەقاندووەو تفەنگەکەی لە راستی پشتێنێ بە ئاراستەی وی راگرتووە، زاری هەڵێنا بەڵام هیچی نەگووت. رەنگی روانی تێکچوو و زەردەیەکی هاتێ. سیزار مۆنترۆ، سەرەتا پاژنەی چەکمەکەی زیاتر لە زەوی گیرکردو پاشان بە ئانیشک قۆنداغی تفەنگەکەی بە کەلەکەی خۆیەوە گوشی و لە هەمان کاتیشدا پەنجەی لە سەر پەلاپیتکە گران کرد. بە دەنگی تەقەکە خانووەکە هەژایەوە. بەڵام سیزار مۆنترۆ نەیزانی داخۆ لە پێش تەقەکەدا بوو یان دوای ئەوە بوو کە لەو بەری دەرگاکەیەوە بینی وا قەشە گەنجەکە وەک کرم  خۆی بە نێو پەڕە خوێناوییەکاندا دەخشێنێ.

وەختێک تەقە کرا، سەرۆکی شارەوانی تازە خەریک بوو خەوی لێدەکەوێت. چونکە سێ شەو بوو لەبەر ددان هێشان خەو لە چاوانی تۆرا بوو و لە بەیانی ئەو رۆژەداو لەگەڵ یەکەمین بانگی کلێسە، هەشتەمین حەبی هێورکەرەوەی خواردبوو. ئازارەکەی تۆزێک کەم ببۆوەو دەنگی تەقەتەقی باران کە لە سەر بانە کانزاییەکەی دەدا یارمەتیدا تا خەوی لێبکەوێت، بەڵام لەو دەمەدا کە نوستبوو خرێنەکەی بەبێ ئەوەی بهێشێت پرتەپرتی دەکرد.

کاتێک دەنگی تەقەکەی بەرگوێ کەوت، لە خەوێ راپەڕی و خێرا پڕی دایە تاقم و دەمانچەکەی کە هەمیشە لە تەنیشت قەرەوێڵەکەو لە نزیک دەستی چەپی دایدەنا تا حازر بە دەست بێت. بەڵام لەبەر ئەوەی تەنیا دەنگی باران بارینی وردی بەرگوێیان کەوت لە دڵی خۆیدا گوتی رەنگە خەونی ناخۆشم دیبێت و سەرلەنوێ ئازارەکەی دەستی پێکردەوە.

کەمێک نۆبەتێی لێبوو و لەبەر ئاوێنە هەستی کرد خەریکە روومەتی دەئاوسێت. قووتویەک هەتوان (مەرهەم)ی نەعناعی کردەوەو لە رووومەتە ئاوساو و رەق و نەتاشراوەکەی هەڵسوو. لە پڕێکداو لە نێو دەنگی نمەی بارانداو لە دوورەوە گوێی لە دەنگە دەنگێک بوو. چووە سەر هەیوانەکە. دیتی وا دانیشتووانی سەر شەقام، هێندێکیان هەر بە جلی نووستنەوە بەرەو گۆڕەپانەکە رایان دەکرد. کوڕێژگەیەک رووی بۆ لای وی وەرسووڕاندو دەستی لێک بڵاوکردن و بەبێ ئەوەی راوەستێ هاواریکرد:

– سیزار مۆنترۆ قەشەکەی کووشت.

لە گۆڕەپانەکە، سیزار مۆنترۆ رووی تفەنگەکەی لە خەڵکەکە کردبوو و بەبێ ئامانج و بە سەرلێشێواوییەوە بە رێگادا دەڕۆیی. زۆر زوو سەرۆکی شارەوانی چاوی پێی کەوت. دەمانچەکەی بە دەستی چەپییەوە گرت و بەرەو ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە رۆیشت و خەڵکەکە رێگایان بۆ چۆڵ کرد. لە هۆڵی بلیاردەکەوە پاسەوانێک بەخۆو بە تفەنگەوە هاتە دەرێ و سێرەی لە سیزار مۆنترۆ گرت. سەرۆکی شارەوانی بە دەنگێکی هێواش پێی گوت: «تەقە نەکەی، مالات». پاشان دەمانچەکەی لە کیفەکەی هاوێشتەوە تفەنگەکەی لە دەستی پاسەوانەکە هێنایە دەرێ و بەرەو ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە ملی نا.

سەرۆکی شارەوانی هاواریکرد:

– سیزار مۆنترۆ بێنە ئەو تفەنگەم بدەیە.

هەتا ئەو دەمەی کە ئەو قسەیەی نەکرد، سیزار مۆنترۆ سەرۆکی شارەوانی نەدیتبوو، بە یەک تەکان خۆی بۆ لای سەرۆکی شارەوانی وەرسووڕاند.



سەرۆکی شارەوانی پەنجەی لە پەلاپیتکە نزیک کردەوەو تۆزێک دەستی لە سەر گران کرد، بەڵام نەیتەقاند.

سیزار مۆنترۆ نەڕاندی: «وەرە لێم وەرگرە».

سەرۆکی شارەوانی بە دەستی چەپەی تفەنگەکەی گرتبوو و بە دەستی راستەشی تەڕایی سەر پێڵووی چاوەکانی خۆی سڕیبیەوە. حیسابی بۆ هەر هەنگاوێکی خۆی دەکرد کە هەڵی دەهێنایەوەو پەنجەی لە سەر پەلاپیتکە توند کردبوو و بزمار کوت چاوی لەسەر سیزار مۆنترۆ داکوتا بوون. لە ناکاو راوەستاو بە ئاوازە دەنگێکی دۆستانە هاتە قسە:

– سیزار بە ئارامی تفەنگەکەت لە سەر زەوی دانێ و هیچ کارێکی دیکەی بێ ئاقڵانە نەکەی.

سیزار مۆنترۆ کەمێک بۆ دواوە کشایەوەو سەرۆکی شارەوانی درێژەیدا بە هەنگاونان و پەنجەی هەر توند کردبوو لە سەر پەلاپیتکە، تەنانەت ماسولکەیەکی لە شیشی نەدەبزوا، تا وای لێهات سیزار مۆنترۆ تفەنگەکەی شۆڕ کردەوەو داینایە سەر زەوی.

ئەو دەمە بوو سەرۆکی شارەوانی بۆی دەرکەوت کە تەنیا بیجامەی لە پێدایەو لە بەر بارانێ خەریکی ئارەق دەردانەو ئازاری ددانەکەشی کپ بۆتەوە.

دەرگای مالان کرانەوە. دوو پاسەوانی تفەنگ بە دەست بەرەو ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە غاریانداو دوابەدوای ئەوانیش لێشاوی حەشامەت بە رێکەوت. پاسەوانەکان بە یەک تەکان خۆیان سووڕاندەوەو رووی تفەنگەکانیان کردە خەڵکەکەو هاواریان کرد: «بۆ دواوە بکشێنەوە».

سەرۆکی شارەوانی بەبێ ئەوەی تەماشای کەس بکات بە دەنگێکی بە سام هاواریکرد:

– گۆڕەپانەکە چۆڵ کەن.

خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد. سەرۆکی شارەوانی بێ ئەوەی پاڵتۆ بارانییەکە بە سیزار مۆنترۆ دانێ، دەستی کرد بە پشکنینی لەشی. چوار فیشەکی لە گیرفانی کراسەکەیداو چەقۆیەکی دەسک ئێسکی لە گیرفانی دواوەی پانتۆڵەکەیدا دۆزییەوە. هەروەها لە

گیرفانێکی دیکەیدا دەفتەرێکی بچووکی یاداشت و ئاڵقەیەک لە گەڵ سێ کلیل و چوار ئەسکیناسی سەد پیزۆیی دیتەوە. سیزار مۆنترۆ بە حاڵەتی خۆیەدەستەوە دانەوە دەستی لێک بڵاو کردبوون لێگەڕا سەرۆکی شارەوانی بیپشکنێ و تەنیا لەبەر ئەوە جارجارە جووڵەی بە لەشی خۆی دەکرد تا ئاسانکاری بۆ سەرۆکی شارەوانی بکات. سەرۆکی شارەوانی کاتێک لە کارەکەی بووەوە بانگی دوو پاسەوانانی کردو شتەکانی دانێ و سیزار مۆنترۆی پێ سپاردن.

فەرمانی پێدان: «بیبەنە قاتی دووهەمی شارەوانی، بەرپرسیارییەتی وی لە ئەستۆی ئێوەدایە».

سیزار مۆنترۆ پالتۆیەکەی داناو دای بە یەکێک لە پاسەوانەکان و لە بەینی هەردووکیاندا بە ڕێکەوت. سیزار گرنگی نەدەدا بە باران بارین و ئەو حەشاماتەی کە لە گۆڕەپانەکەدا جمەی دەهات. سەرۆکی شارەوانی بە نیگای چاوان بە دوای کەوت. پاشان رووی لە خەڵکەکە کردو وەکو ئەوەی کە کشەی لە مریشکان بکات هاواریکرد:

– ئێرە چۆڵ کەن.

بە دەستە بە تاڵەکەی ئارەقی دەمووچاوانی سڕیبیەوەو رۆیشت بۆ ئەوسەری گۆڕەپانەکەو چووە ماڵی قەشەکە.

دایکی کوژراوەکە لە سەر کورسی بووراببۆوەو ژن و ژاڵ دەوریان دابوو و زۆر بێ بەزەیییانە باوەشێنیان دەکرد: «دە لێگەڕێن با هەوایەکی لێدات».

ژنەکە رووی لە لای وی کردو گووتی: «تازە خەریک بوو بچێتە کڵێسە».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «باشە، بەڵام لێی گەڕێن با هەناسەیەک هەڵکێشێ».

قەشەکە لە نێو هەیوانێداو لە نزیک هێلانە کۆترەکان لە نێو پەڕی خوێناویدا دەموچاوی لە زەوی چەقیبوون. بۆنی تووندی جیقنە کۆتر ژوورەکەی پڕ کردبوو. کاتێک سەرۆکی شارەوانی لەبەر دەرگا بە دیار کەوت، تاقمە پیاوێک خەریکی هەڵگرتنی تەرمی کوژراوەکە بوون. سەرۆکی شارەوانی تێی راخوڕین: «بڕۆنە دواوە».



پیاوەکانیش تەرمەکەیان لە نێو پەڕە کۆترەکاندا دانایەوەو بەبێ دەنگی کشانەوە. سەرۆکی شارەوانی لە دوای پشکنینی، تەرمەکەی هەڵگێڕایەوەو پەڕە وردیلەکان بە ملاو لادا بڵاوبوون. راستی پشتێنی تەرمەکە زیاتری پەر لێبوو کە هێشتاش ئەو خوێنەی پێوەیان نووسابوو گەرمایی هەر تێدا مابوو. بە هەردووک دەستان پەڕەکانی لابردن. کراسەکەی دڕابوو و قولابەی پشتێنەکەشی شکابوو، لە بن کراسەکەڕا کونی برینەکە بە دیار کەوت. برینەکە ئیدی خوێنی لێنەدەهات. یەکێک لە پیاوەکان گوتی:

– «بە تفەنگی جاگوار کوژاروە».

سەرۆکی شارەوانی هەستایە سەرپێ و راوەستا. هەر لەو دەمەدا کە لە تەرمەکە رامابوو، پەڕە خوێناوییەکانی لە دیرەگی هێلانە کۆترەکان کردنەوە. دەستی بە بیجامەکەی سڕیبیەوەو بە ئامادەبووانی گوت:

– لێرە نەیبزێون.

یەکێک لە پیاوەکان گوتی: «دەیەوێت ئەو تەرمە هەر لەو گۆڕەی بکەوێ».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «دەبێ مۆڵەتی بە خاکسپاردنی بۆ دەربکەین».

لە نێو ماڵەکەدا دەنگی شین و گریانی ژن و ژاڵ بەرزبۆوە. سەرۆکی شارەوانی لە نێو ژاوەژاو و بۆنی خنکێنەردا، کە خەریک بوو ژوورەکەی پڕ دەکرد، رێگای بۆ خۆی کردەوە.

لەبەر دەرگا تووشی بابە ئانجێل بوو.

قەشەکە بە واقی وڕماوەوە گوتی: «مردووە؟»

سەرۆکی شارەوانی وەڵامیدایەوە: «تۆپیوە، وەکو بەراز».

دەرگای ماڵەکانی دەوروبەری گۆڕەپانەکە کرانەوە. باران خۆشی کردبۆوە بەڵام ئاسمانی قورس بەبێ ئەوەی کەلێنێکی ئەوتۆی بۆ تیشکی خۆر کردبێتەوە، دابەزیبووە خوارێ.

باوکی رۆحانی قۆڵی سەرۆکی شارەوانی گرت و نەیهێشت بڕوات و پێی گوت: «سیزار مۆنترۆ پیاوێکی باشە، بە دڵنیاییشەوە ئەو رووداوە لە باروودۆخێکی نالەبار و ئاڵۆزدا روویداوە».

سەرۆکی شارەوانی بە بێ تاقەتی گوتی: «دەزانم، بابە گیان خەمت نەبێ هیچی بە سەر نایەت. برۆ ژووریێ، لەوێیە کە پێویستیان بە ئێوە هەیە».

پاشان بە پەلە لەوێ دوورکەوتەوەو فەرمانی بە پاسەوانەکاندا کە ئیدی پێویست بە ئێشکگرتن ناکات.

ئەو حەشاماتەی کە هەتاکو ئەو دەمە لە سەر هێڵێک راگیرابوون، بە لێشاو هێرشیان بردە ماڵی قەشە جحێڵەکە.

سەرۆکی شارەوانی چووە هۆڵی بلیارد. لەوێ پاسەوانێک بە دەستێک جلی خاوێنەوە چاوەڕوانی دەکرد: بەرگی مولازمی.

ڕۆژانی تر لەو کاتەدا هۆڵی بلیارد کردن نەدەکرایەوە، بەڵام ئەو رۆژە هێشتا کاتژمێر نەبوو بووە حەوت پڕ ببوو لە خەڵک. پیاوانی نێو هۆڵەکە، لە دەوری مێزەی چوارکەسی یان لە تەنیشت بارەکە خەریکی قاوە خواردنەوە بوون. زۆربەیان هێشتا هەر بەرگی نووستنیان لە بەردا بوو و نەعلەیان بە سەرپێیانەوە کردبوون. سەرۆکی شارەوانی لە پێش چاوی هەمووان جلەکانی دانان و ئەوەندەی بۆی دەکرا بە بێجامە خۆی وشک کردەوەو لە بێدەنگیدا دەستی کرد بە لەبەرکردنەوەی جلەکانی و گوێی هەڵخستن بۆ دەربڕینی بیروڕوای خەڵکەکە. کاتێک خەریکی چوونە دەرێ بوو، لە هەموو وردەکارییەکانی مەسەلەکە گەیشتبوو. وەختێک گەیشتە نزیک دەرگا، هاواریکرد: «ئاگادار بن، هەر کەسێک بیەوێت ئەم شارەم بە سەر سەریدا بڕوخێنێ دەیخەمە زبڵدانەوە».

بەبێ ئەوەی سەلام لە کەس بکات، لە شەقامە چەورێژکراوەکە پەڕییەوە، بەڵام هەستی بە شڵەژانی شارەکە کرد. کابرایەکی گەنج و ئاسوودە خاتر بوو و لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا کە هەڵی دێنایەوە نیشانی دەدا کە گەرەکیەتی بوونی خۆی بسەپێنێ.

کاتژمێر حەوتی تەواو ئەو بەلەمانەی[٣] کە هەفتەی سێ ڕۆژان شتومەک و نەفەریان لە

(٣) جۆرە بەلەمێکی لا دیوار بڵندە بە کوردی پێی دەگوترێت (قوففە) و لە فارسییەکەدا (کرجی)یە. بەڵام من بەلەمم بۆ بەکارهێناوە چونکە ناوەکەی زیاتر لە قوففە باوە. وەرگێڕ



شارەوە دەگوازتەوە بە رێکەوتن. بەڵام بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، ئەمجارەیان سەرنجی کەسیان بۆ لا رانەکشا.

سەرۆکی شارەوانی چووە نێو ئەو قەیسەرییەی کە بازرگانە سورياییەکان کاڵاو کەلوپەلە رەنگاوڕەنگەکانی خۆیانیان لەوێدا بۆ فرۆشتن وەگۆڕێ دەخست. دوکتۆر ئەکتاڤیۆ جیرِاڵدۆ کە هێشتاش هەر گەنج بوو و قژە پڕەکانی وەک چەرمی بریقاوە بە دەوری سەریدا ئاڵقەیان بەستبوو، چاوی بڕیبووە دوورکەوتنەوەی بەلەمەکان و ئەویش هەر بە توێی بیجامە بوو و نەعلەی بە سەرپێیانەوە کردبوون.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «دکتۆر، خۆت بگۆڕە دەبێ بچییە سەر ئەو تەرمەو پشکنینی پزیشکی (توێکاری» بۆ ئەنجام بدەی».

دکتۆر بە سەرسووڕمانەوە تەماشای کرد، ریزە ددانە سپی و قایمەکانی خۆی نیشانداو گوتی: «ئەوها، کەواتە بڕیار وایە کە ئەمڕۆ پشکنینی پزیشکی ئەنجام بدەین، دیارە زۆر پێشکەوتووین».

سەرۆکی شارەوانی هەوڵیدا زەردە بێنێتە سەر لێوی خۆی. بەڵام هەستیار بوونی روومەتە ئاوساوەکەی ئەو دەرفەتەی پێنەداو بە دەستی پێش زاری خۆی گرت. دکتۆر لێی پرسی.

– ئەوە چیتە؟

– خرێنەی گەوادە.

دیاربوو دکتۆر جیرِالدۆ دەیویست قسەی تریش بکات، بەڵام سەرۆکی شارەوانی بە پەلە بوو.

لەوسەری ئەو شوێنەدا کە بەلەمەکان لێیەوە بەڕێدەکەوتن، سەرۆکی شارەوانی لە دەرگای ماڵێکیدا. خانووەکە دیوارەکانی لە حەسیر بوون و سەرەکەشی بە گەڵای دارخورما داپۆشرابوو و هەتاکو نزیکەی ئاستی ئاوەکە داکەوتبوو. ژنێکی رەشتاڵەو ئاوس کە زگی حەوت مانگ بوو بە پێخواسی هات و دەرگای لێکردەوە. سەرۆکی شارەوانی ژنەی لە سەر رێی خۆی وەلا خست و چووە ژوورە نیمچە رووناکەکە دانیشت و بانگی کرد: «دادوەر».

دادوەر ئەرکادیۆ لە کاتێکدا کە پێڵاوە بن دارەکانی خۆی لە زەوی دەخشاندن قوت بۆوە. دەرپێ بێ جیرەکەی داکشابووە بن ناوکە رووتەکەی.

سەرۆکی شارەوانی پێی گوت: «مۆڵەتێکی بە خاکسپاردن دەربکە».

دادوەر لە سەرسامیان فیتوێکی لێداو گوتی: «ئەم بیرۆکەیە تازەیە لە کوێ پەیدا بوو؟

پاشان سەرۆکی شارەوانی بە ئارامی لەگەڵیدا چووە ژوورێ و بە دەم کردنەوەی پەنجەرەکە تا هەوای ژوورەکە کە بۆنی خەوی لێدەهات نوێ ببێتەوە گوتی: «ئەمەیان جیایە، وا باشترە کارەکان لە سەر بنچینە ئەنجام بدەین». ئەوسا تەپوتۆزی دەستانی بە پانتۆڵە تەنک و تەسکەکەی خاوێن کردەوەو بێ ئەوەی پلار لێدان بە قسەکەیەوە دیاربێت پرسیاری لێکرد: «دەزانی مۆڵەتی بە خاکسپاردن یانی چی؟».

دادوەر گوتی: «هەڵبەتە کە دازانم».

سەرۆکی شارەوانی لە پەنا پەنجەرەکە تەماشایەکی دەستەکانی خۆی کردو گوتی: «سکرتێرەکەت بدۆزەرەوە با نووسراوەکە تەواو بکات». ئەمجارەشیان هەروەکو پێشدا هیچ ئاسەوارێکی پلارلێدان لە قسەکانیدا نەبوو. ئەوسا رووی خۆی بۆ لای کیژۆڵەکە وەرسووڕاندو دەستی درێژکرد، خوێنیان پێوە بوو.

– لە کوێ دەستانم بشۆمەوە؟

کیژۆڵەکە گوتی: «لە نێو بەرمیلی ئاوێدا».

سەرۆکی شارەوانی چووە نێو حەوشەو کیژۆڵەکەش لە پاشخاندا بە دوای خاولییەکی خاوێندا دەگەڕاو سەلکە سابوونێکی بۆن خۆشیشی بۆ لە نێو خاولییەکە هاویشت.

کاتێک سەرۆکی شارەوانی بە دەم راوەشاندنی دەستە تەڕەکانییەوە دەهاتە ژوورێ، کیژۆڵەکە چووە دەرێ.

کیژۆڵەکە گوتی: «وا خەریک بووم سابوونم بۆ دەهێنای».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئاواش باشە»و دووبارە تەماشای دەستەکانی خۆی کردەوە. بە



دەم نووقم بوون لە بیرو خەیاڵدا خاولییەکەی وەرگرت و هەر بەو شێوەیە کە لە دادوەر ئەرکادیۆ رامابوو دەستی وشک کردەوەو گوتی: «تەرمەکە لە نێو پەرە کۆتراندا کەوتبوو».

پاشان بە دیار خۆگۆڕینی دادوەر ئەرکادیۆوە لە سەر قەرەوێڵەکە دانیشت و قوم قوم قاوەی بێ شیری خواردەوە. کیژۆڵەکە دوابەدوای ئەواندا لە ژوورێ هاتە دەرێ و بە سەرۆکی شارەوانی گوت: «هەتا ددانەکەت نەکێشی ئاوساوەکەی نانیشێتەوە». سەرۆکی شارەوانی دەستی دادوەری گرت و لەگەڵ خۆیدا رایکێشایە سەر شەقام و گەڕایەوە تەماشایەکی کیژۆڵەکەی کرد.

پاشان قامکی لەسەر ورگە زلەکەی خۆی دانا.

– ئەی ئەم ئاوساوییە چی؟ ئەمەیان کەنگێ دەنیشێتەوە؟

کیژۆڵەکە گوتی: «لەم رۆژانەدا».

بابە ئانجێل وەکو شەوانی پێشوو پیاسەی شەوانەی نەکرد. لە دوای ناشتنی تەرمەکە لە ماڵێکی باشووری شاردا مایەوەو هەتا ئێوارێ قسەیان کردن. کاتێک کە گەڕایەوە بۆ ماڵێ گڵۆپەکانی سەر شەقام هەڵکرابوون.

ترینیداد خەریکی ئاودانی گوڵەکانی هەیوانێ بوو. قەشەکە لێی پرسی داخۆ نانە موتفەرک نەکراوەکان لە کوێن. ئەویش گوتی کە لە نێو میحرابی سەرەکیدا دایناون. کاتێک گڵۆپی ژوورێی هەڵکرد مێشوولە وەکو تەموومژێکی چڕ لە نێو خۆیانیان گرت. بەرلەوەی دەرگایەکە پێوەدات، بە دەرمان رشێن (ئیمشی) هەوای ژوورەکەی ئەوەندە تەماوی کرد تا وای لێهات ماندوو بوو و دەرمان مێشەکە بە پژمینی خست. ئارەقی کردبوو، کەوایە رەشەکەی لەبەر خۆی داناو ئەو کەوایە سپییەی لەبەرکرد کە لە تەنیاییدا دەیپۆشی. پاشان رۆیشت هەتاکو زەنگی نوێژی شەوێ لێبدات. پاشان دووبارە گەڕایەوە بۆ ژوورێ و پارچە گۆشتێکی لە نێو تاوەی هاویشت و خستییە سەر ئاگر تا سووربببێتەوەو پاشان دەستی کرد بە پیاز ورد کردن. دوای ئەوە هەموو شتەکەی لە نێو

قاپێک کرد کە هەندێک بەرماوەی برنجی نیوەڕۆی تێدا مابوو. ئەوسا قاپەکەی بردە تەنیشت قەروێڵەکەی و دەستی بە خواردنی کرد. هەمووی پێکەوە دەخوارد، پارچەی بچووکی لە هەموو جۆرە خواردنەکان دەبڕی و بە چەقۆ لە سەر چەنگاڵەکەی کۆدەکرەوە، هۆشی هەر لە سەر جوینی پارووەکە بوو وبە خرێنە کیف زیوییەکەی و بە زاری داخراوەوە ئەوەندەی دەجوو هەتا وردو هاڕی دەکرد. هەر لەو کاتەشدا چەقۆ و چەنگاڵەکەی لە سەر رۆخی دەورییەکە دادەناو بە نیگای وردو بەردەوام ژوورەکەی دەپشکنی. لە بەرامبەری و لە سەر تاقەکە، کتێبی قەوارە زل و ئەستووری ئەرشیفی کڵێسەکە ریزکرابوون. لە سووچێکی ژوورەکەدا، کورسییەکی لە قامیش چندراوی بێشکەیی بەرچاو دەکەوت کە سەرێنۆکێکیان بە راستی سەرییەوە درووبوو. لە سەر دیواری پاش کورسییەکەش پەردەیەک بە خاچ هەڵواسرابوو لە تەنیشت رۆژژمێرێک کە شروبێکی کۆخەی ئاگادار دەکردەوە. لە لایەکی تری پەردەکەوە، ژووری نووستنێی لێبوو.

بابە ئانجێل کاتێک کە لە نان خواردن بۆوە، هەستی کرد خەریکە هەناسەی توند دەبێت. پارچە حەڵوایەکی لە نێو کاغەزێک هێنایە دەرێ و پەرداخێک ئاوی لێواولێو کردو بە دەم تەماشاکردنی رۆژژمێرەکە شەربەتە شیرینەکەی هەڵدەقوڕاند. هەر جارەی کە زاری خۆی پڕ دەکرد لە حەڵوا، قومێکیشی ئاو بە دوادا دەکرد، بەبێ ئەوەی کە چاو لە سەر رۆژژمێرەکە هەڵگرێت. سەرەنجام قرپێکی هاتەوە بە سەر دەستەی کەوایەکەی لێوی خۆی سڕینەوە. نۆزدە ساڵ بوو کە رێک بەو شێوەیە نانی دەخوارد، لە تەنیایی ژووری کارکردنیشیدا رێک بە هەمان شێوە، هەر جووڵەیەکی بە دیقەت و پارێزەوە دەکرد. قەتیش لەو گۆشەگیرییەی خۆی شەرمەزار نەبوو. لە دوای ئەنجامدانی نوێژو زیکرو نەریتەکانی تر، ترینیداد هات و داوای پارەی لێکرد تا دەرمان مشکی پێ بکرێت. قەشەکە بۆ سێهەمین جار لاری بوونی خۆی راگەیاندو گوتی هەر تەڵەکان بە تەنیا بەسن. بەڵام ترینیداد پێی دادەگرت:

– ئاخر دەزانی چی، مشکە بچکۆڵەکان پەنیرەکە دەدزن و بە تەڵەوە نابن، وا چاکترە دەرمانی بە پەنیرەکە بکەین.

قەشەکە لە دڵی خۆیدا دانی پیانا کە قسەکەی ترینیداد راستە، بەڵام بەر لەوەی ئەمە بێنێتە سەر زوان، سەماعە دەنگ ناخۆشەکەی سینەما لەوسەری شەقامرا ئارامی



کڵێسەکەی تێکدا. سەرە تاکرەکرێکی لێهات و پاشان دەنگی کڕاندنی نوکی دەرزی و دوابەدوای ئەویش یەکسەر ئاوازی مامبۆی کە بە زووڕناییەکی دەنگ گڕی ناخۆش دەستی پێدەکرد.

قەشەکە پرسیاری کرد: «ئەمشەو فیلم پەخش دەکەن؟».

ترینیداد وەڵامی دایەوە: «بەڵێ».

– دەزانی چ فیلمێکە؟

ترینیداد گوتی: «تەڕەزان و خواوەندە سەوزەکان، هەر ئەو فیلمەی کە رۆژی شەممە لەبەر باران بارین بۆیان لێنەدرا، رێگا بە منداڵانیش دراوە تا تەماشای بکەن».

بابە ئانجێل چووە نێو تاوەری زەنگەکە (ناقوس)و دوازدە جاری بە هاڕژن خست. ترینیدادیش واقی وڕمابوو.

دەستی هەڵتەکاندن و گوتی: «بابە، لێت تێکچوو» چاوی ئاڵۆز بوو بوون «ئەم فیلمە ئازادە بۆ هەموو کەسێک تا سەیری بکات. خۆ بۆ خۆت لە بیرتە. رۆژی یەکشەممە هیچ زەنگت بۆ لێنەدا».

قەشەکە بە دەم سڕینەوەی ئارەقەی ملی گوتی: «بەڵام ئەمە گوێ پێنەدانی شارەکە دەگەیەنێت»و بە هەناسەبڕکێوە دووبارەی کردەوە «گوێ پێنەدان».

ترینیداد تێگەیشت. قەشەکە گوتی:

خۆزگە مەراسیمی بە خاک سپاردنی جەنازەکەت دەدیت. هەموو پیاوەکان خۆیان دەکوتا تا بگەنە دارە مەیتەکەو ئەگەر بۆ جارێکیش بێت دەستیان پێی بکەوێت.

پاشان کیژۆڵەکەی ناردە دەرێ و ئەو دەرگایەی داخست کە دەیڕوانییە گۆڕەپانەکەو گڵۆپی کڵێسەکەی کوژاندەوە. قەشەکە کاتێک لە هەیوانی بوو و خەریک بوو بەرەو لای ژووری نووستن دەگەڕایەوە، لە نێو چاوانی خۆی راکێشا. لەو دەمەدا بوو بە بیری هاتەوە کە پارەی کڕینی دەرمان مشکی نەداوەتە ترینیداد. بەڵام پێش ئەوەی بگاتەوە ژووری نووستن دووبارە لە بیری چۆوە.

کەمێک دوای ئەوە، لە پاش مێزەکەی دانیشت و خۆی بۆ تەواو کردنی ئەو نامەیە ئامادە کرد کە شەوی پێشوو دەستی بە نووسینی کردبوو. قۆپچەکانی کەوایەکەی هەتاکو سەرزگی کردنەوە، دەفتەرەکەی یاداشتی لە بەرامبەر خۆی داناو مەرەکەب وشک کەرەوەکەی لە سەر مێزەکە رێکخست و دەستی لە گیرفانی رۆکرد بۆ ئەوەی چاویلکەکەی بێنێتە دەرێ. لەو دەمەدا بوو بە بیری هاتەوە کە چاویلکەکەی لە گیرفانی ئەو کەوایەی هاویشتووە کە لە مەراسیمی بە خاکسپاردندا لە بەری دابوو، هەستاو هێنای. دەیویست دووبارە ئەوە بخوێنێتەوە کە دوێنێ شەوێ نوسیبووی و لەسەری دێڕەوە دەست بکاتەوە بە نامەکەی کە دەنگی سێ لێدان دەرگایەکەیان هەژاند.

– فەرموو.

بەڕێوەبەری سینەما بوو– پیاوێکی وردیلەو رەنگ بزرکاو بوو بە ریشێکی تاشراو و حاڵەتێکی لێقەوماوانەوە. جلی سپی کەتانی سادەی لەبەردا بوون و پێڵاوی دوو رەنگیشی لە پێکردبوون. بابە ئانجێل فەرمووی لێکرد تا لە سەر کورسییە حەسیرەکە دانیشێ. بەڵام کابرا دەستەسڕەکەی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی هێنایە دەرێ و بە دیقەتەوە قەدە نووشتاوەکانی لێک کردەوەو تەپوتۆزەکەی لێتەکاندو لاقی لێک بڵاو کردن و هەر لەوێ لێی دانیشت. بابە ئانجێل ئەوسا دیتی کە ئەو پیاوە ئەوەی لە قەدی خۆی بەستووە دەمانچە نییە بەڵکو لایتە.

بابە ئانجێل لێی پرسی: «چ ئەمرێکتان هەبوو؟».

بەڕێوەبەری سینەما بە هەناسەی تا رادەیەک سوارەو گوتی: «باوکی رۆحانی، ببوورە کە دەست لە کاری جەنابت وەردەدەم، بەڵام وا دیارە کە ئەمشەو هەڵەیەک روویداوە».

قەشەکە سەری بۆ لەقاندو گوێی بۆ راگرت.

بەڕێوەبەری سینەما درێژەیدا بە قسەکانی: هەموو کەسێک بۆی هەیە فیلمی تەڕەزان و خواوەندەکانی سەوز ببینێت، جەنابتان بۆ خۆتان یەکشەممەی رابردوو واتان بڕیار دابوو».

قەشەکە هەوڵیدا قسەکەی پێ ببڕێت، بەڵام بەڕێوەبەری سینەما دەستێکی لێ هەڵتەکاندو



تێی گەیاند کە قسەکەی تەواو نەبووەو گوتی:

– من ئەو زەنگ لێدانەم قبوڵ کردووە، لەبەرئەوەی کارێکی بەجێیە. راستە کە هێندێک فیلم پێچەوانەی ئەخلاقن، بەڵام ئەمەیان هیچ خەوشێکی تێدا نییە. ئێمە وا بە نیازبووین کە پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە بەرنامەی تایبەت بە منداڵان پێشکەش بکەین.

بابە ئانجێل بۆی روونکردەوە کە لە راستیدا ناوی ئەو فیلمە لە نێو لیستی ئەو فیلمانەدا نەبووە کە پێچەوانەی ئەخلاقن و هەموو مانگان لە رێگای پۆستەوە بۆی دەنێردرێن و گوتی:

– بەڵام لێدانی فیلم لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا نیشانەی خۆ گێل کردنە، چونکە یەکێک لە دانیشتووانی شارەکەمان مردووە. ئەمەش بۆخۆی بەشێکە لە ئەخلاق.

بەڕێوەبەری سینەما زەق زەق تێیڕاماو گوتی:

– ساڵی پار، پیاوانی پۆلیس بۆ خۆیان نەفەرێکیان لە سینەمادا کوشت و هەرکە تەرمەکەیان لە هۆڵی سینەما بردە دەرێ، ئیدی لێدانی فیلمەکە دەستی پێکردەوە.

قەشەکە گوتی: «ئەمڕۆ دۆخەکە گۆڕاوە و سەرۆکی شارەوانی ئیتر ئەو پیاوەی جاران نەماوە».

بەڕێوەبەری سینەما بە سەرودڵی گیراوەوە گوتی: «هەر کاتێک کۆتایی بە هەڵبژاردنەکان هات ئیدی دەست بە پیاو کوشتن دەکەنەوە، لەوەتای ئەم شارە بووە بە شار بارودۆخ هەمیشە هەر وابووە».

قەشەکە گوتی: «دەیبینین».

بەڕێوەبەری سینەما بە نیگای خەمبارانەوە چاوی پێدا گێڕاو کاتێک کە سەرلەنوێ دەستی بە قسان کردەوەو لە کاتێکدا کە کراسەکەی رادەوەشاند بۆ ئەوەی هەوا لە سینگە ئارەقاوییەکەی بدات، ئاوازە دەنگی شێوەی پاڕانەوەی بەخۆوە گرتبوو و گوتی:

– ئەمە سێهەمین فیلمی ڕێگا پێدراوبوو بۆ خەڵک بە گشتی کە ئەمساڵ بە دەستمان گەیشتووە، ڕۆژی یەکشەممە فیلمەکە سێ ئاڵقەی مابوو کە باران باری، زۆر کەس دەیانەوێت بزانن داخۆ لە کۆتایی فیلمەکەدا چی ڕوودەدات».

قەشەکە گوتی: «تازە ئیدی زەنگەکان دەنگیان لێهاتووە».

بەڕێوەبەری سینەما لە ڕووی نائومێدییەوە ئاخێکی هەڵکێشا. چاوەڕوان مایەوەو ڕاستەوخۆ چاوی بڕییە پیاوە ئاینییەکە. ئیتر بێجگە لە گەرمای ژوورەکە بیری لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە.

– کەواتە ئیدی هیچ چارەسەرێک نییە؟

بابە ئانجێل سەری لەقاند.

بەڕێوەبەری سینەما لە ئەژنۆی خۆی ڕاکێشا، لە جێی خۆی هەستاو گوتی:

– ئاوا، چی بکەین ئیدی.

سەرلەنوێ دەستەسڕەکەی قەد کردەوەو ئارەقەی ملی پێ سڕییەوەو بە وردی و بێ تاقەتی چاوی بە ژووری کارکردنی قەشەکەدا گێڕاو گوتی:

– ئێرە وەکو دۆزەخ وایە.

قەشەکە هەتاکو بەر دەرگا لە گەلی چوو، بەڕێی کردو دانیشتەوە تا نامەکەی تەواو بکات. کاتێک کە ئەوەی نوسیبووی خوێندییەوەو پەڕەگرافە نیوەچڵەکەی تەواو کرد، دەستی لە نووسین هەڵگرت تا بیر بکاتەوە. هەر لەو دەمەشدا بوو دەنگی ئەو مۆسیقایە بڕا کە لە سەماعەکەوە بڵاودەکراو دەنگێک کە بێ تاقەتی پێوە دیاربوو گوتی: «ئەو بەڕێزانە ئاگادار دەکەینەوە کە بە نیازبوون ئەمشەو بێنە سەیری فیلمەکە، ئەمشەو فیلمەکە پەخش ناکرێت، چونکە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی سینەماش دەخوازێت کە لە ڕێوڕەسمی ماتەمینی هاوشاریانی ئازیزدا بەشداری بکات». بابە ئانجێل دەنگی بەڕێوەبەری سینەمای ناسییەوەو زەردەی هاتێ.



گەرما تاوی سەند. قەشەکە درێژەیدا بە نووسین. جاروباریش دەستی لە نووسین هەڵدەگرت تا ئارەقەکەی بسڕێتەوە ئەوەی نوسیبووی سەرلەنوێ بیخوێنێتەوە، تا سەرەنجام دوو لاپەڕەی پڕکردەوە، تازە ئیمزای کردبوو کە باران بارین دەستی پێکردەوەو هاڵاوی هەوای شێدار دزەی کردە ژووری. بابە ئانجێل ناونیشان (ئەدرێس)ی سەر زەرفەکەی نوسیوو سەری لە سەر مەرەکەبەکە دانایەوەو دەیویست نامەکە بنووشتێنێتەوە، بەڵام جارێ چاوێکی بە پەڕەگرافی کۆتایی نامەکەدا خشاند. ئەوسا سەری لە سەر مەرەکەبەکە هەڵگرتەوەو لە بن نامەکە ئەم وشانەی نووسین: دیسانەوە باران دەستی بە بارین کردۆتەوە. بەو زستانەو ئەو شتانەی کە خزمەتم کردن، وای بۆ دەچم کە ڕۆژانێکی سەخت و دژوارمان لە پێش بن.

# بەشی دووەم

ڕۆژی هەینی هەر لە هەڵهاتنی خۆرەوە، هەوایەکی گەرم و وشکی هەبوو. دادوەر ئەرکادیۆ کە بە خۆهەڵکێشانەوە دەیگوت لەو جارەی یەکەمەوە هەتاکو ئەمڕۆ شەوی سێ جاران ئەوین دەکاتە دیاری، ئەو ڕۆژە بەیانی، لەو کاتە ناسکەدا پەتی پەردە کوللەکەی پساندو لەگەڵ ژنەکەی کەوتنە سەر زەوی و تۆڕە بە گوڵ نەخشێنراوەکەیان لێوە ئاڵا. ژنەکە لە بەرخۆیەوە گوتی:

– قەیناکا، دوایە چاکی دەکەمەوە.

ئەو دووە، بە ڕووتی لە نێو پەردە کوللەی تێک ئاڵاوەوە هاتنە دەرێ. دادوەر ئەرکادیۆ بۆ دۆزینەوەی جلی بنەوەی خاوێن بەرەو لای کەنتۆری جلان ڕۆیشت. وەختێک کە گەڕایەوە، ژنەکەی جلی لەبەر کردبوونەوەو پەردە کوللەکەشی چاک کردبۆوە. بێ ئەوەی تەماشای بکات، بە تەنیشت ژنەکەیەدا تێپەڕی و لەوسەری قەروێڵەکە دانیشت تا پێڵاوان لە پێ بکات. هەناسەسواری عاشقبازانەی هێشتا هەر بەری نەدابوو. ژنەکەی بە دوای کەوت و ورگە خڕو ڕەق هەڵاتووەکەی لە سەر قۆڵی مێردەکەی داناو بە ددانان دەستی کرد بە گەڕان بە دوای گوێچکەی مێردەکەیدا. دادوەر بە ئارامی خۆی لێ دوورخستەوەو گوتی:

– وازم لێبێنە.

ژنە دایە قاقای پێکەنین و سازی و کەیف خۆشی لە دەنگی دەباری. لە ژووریدا بە دوای مێردەکەیدا دەخولایەوە، پەنجەی دەگەیاندە کەلەکەی و دەیگوت «هەیها ئاژەڵ». کابرا بە توندی دەستی ژنەکەی وەلا خست و ژنەش وازی لێهێناو



دووبارە دەستی بە پێکەنین کردەوە، بەڵام لە ناکاو شکڵ و شێوەی جدی بە خۆیەوە گرت و قیژاندی:

– ئەی هاوار، خوایە گیان.

پیاوەکەی لێی پرسی: «چی قەوماوە؟»

ژنە هاواری کرد: «دەرگای هەیوانێ کرابۆوە، بێ شەرمی لەوە زیاتر نابێت» پاشان بە قاقا لێدانەوە چووە ژووری حەمامەوە.

دادوەر ئەرکادیۆ لە سەر قاوەڵتی کردن ڕانەوەستا و سەرخۆش بە بۆنی دەرمانی ددان شووشتن پێی نایە سەر شەقام. تیشکە زێڕینەکەی خۆر بە سەر زەویدا بڵاوببوو، دوکاندارە سورياييەکان لە نێو دوکانەکانیان دانیشتبوون و نوقمی تەماشاکردنی ڕووبارە ئارامەکە ببوون. کاتێک بە تەنیشت عەیادەی دوکتۆر جیرالدۆدا تێپەڕی، نینۆکی بە سەر پەردە تۆڕییەکەی دەرگادا هێناو بێ ڕاوەستان هاواریکرد:

– دکتۆر باشترین دەرمانی ژانەسەر چییە؟

– دکتۆر لە ژوورێ ڕا وەڵامی دایەوە:

– شەوی ڕابردوو هیچت نەخواردۆتەوە.

لە تەنیشت بەندەرگایەکە، کۆمەڵە ژنێک بە دەنگی بەرز باسی ئەو جنێونامانەیان دەکرد کە شەوی ڕابردوو بە بزمار بە دیوارەوە داکوترا بوون. لە بەرئەوەی کە ئەو ڕۆژە ساماڵ بوو و باران نەدەباری، ئەو ژنانەی کە بۆ نوێژی کاتژمێر پێنج چووبوونە کڵێسە، لەسەر ڕێگای خۆیان چاویان بە جنێونامەکان کەوتبوو و خوێندبوویاننەوەو ئێستاش خەڵکی شارەکە هەموویان بەو هەواڵەیان زانیبوو. دادوەر ئەرکادیۆ خۆی ڕاگیر نەکرد، وەکو گاجووتێکی لێهاتبوو کە ئاڵقەیان لە کونە لووتی کردبێت و بەرەو هۆڵی بلیاردی ڕاکێشن. لەوێ داوای بیرەیەک و ئەسپرینێکی کرد. کاتژمێر تازە خەریک بوو دەبووە نۆی بەیانی، بەڵام هۆڵەکە جمەی دەهات.

دادوەر ئەرکادیۆ گوتی: «هەموو خەڵکی شار تووشی ژانە سەر بوون».

شووشە بەدەست، بەرەو ئەو مێزە رۆیشت کە سێ کەسی لە سەر دانیشتبوون و لە پەرداخەکانی بەردەمیان رامابوون. لە سەر کورسییە بە تاڵەکە دانیشت و پرسیاری کرد:

– گاڵتەجاڕییەکە هەر بەردەوامە؟

– ئەمڕۆ بەیانی چوار جنێونامە هەڵواسرابوون.

یەکێک لە پیاوەکان گوتی: «جاخۆ ئەوانە هەموو کەس خوێندونییەوە، دەربارەی راکوێڵ کۆنتر راس–ە».

دادوەر ئەرکادیۆ ئەسپرینەکەی خواردو بیرەکەی بەسەردا کرد. یەکەم قوم تامی ناخۆشبوو، بەڵام گەدەی بە زوویی لەگەڵیدا راهات، گەش و گوشاد بوو و رابردووی لەبیر چۆوە.

– چییان نوسیبوو؟

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: «بێ ئاقڵی، کە ئەو سەفەرەی ئەمساڵ کردوویەتی بە پێچەوانەی کە بۆ خۆی گوتوویەتی بۆ دروستکردنی تاخمی ددانان نەبووە، بەڵکو بۆ منداڵ لەبەر بردن بووە».

دادوەر ئەرکادیۆ گوتی: «ئێ جاخۆ ئەوە پێویستی نەدەکرد زەحمەتی نووسینی جنێونامە بە بەرخۆیان بدەن، چونکە هەمووکەس ئەوە دەڵێت».

کاتێک لە هۆڵەکە هاتە دەرێ، سەرەڕای ئەوەی کە تێنی گەرما قووڵایی چاوانی ئازار دەدا، بەڵام ئەو حاڵەتەی دڵ تێکەڵ هاتنەی بەیانی نەمابوو و یەکسەر بەرەو دادگا رۆیشت. لەوێ سکرتێرەکەی کە پیرەمێردێکی رەقەڵەو خەریکی مریشک رووتاندنەوە بوو، لە پشت چاویلکەکانییەوە بە نیگایەکی بێ باوەڕانەوە پێشوازی لێکرد.

– ئەم موعجیزەیەمان لە کێوە بە دەست کەوتووە؟

دادوەر گوتی: «دەبێ ئەم دۆخە ئاڵۆزو باڵۆزە رێک بخەینەوە».

سکرتێرەکەی بەو نەعلانەیەوە کە لە زەوی دەخشاندن چووە نێو حەوشەو مریشکە نیوە رووتاوەکەی دایە چێشت لێنەری میوانخانەکە. دادوەر ئەرکادیۆ،



یازدە مانگ دوای وەرگرتنی ئەو پۆستەی، بۆ یەکەم جار لە پاش مێزەی کارکردنی جێگیر بوو.

نووسینگە شڕەکەی کارکردنی دادوەر، بە نەردەیەکی دار کرابووە دوو بەش. لە بەشی دەرەوەداو لە بن وێنەی مەلائیکەت چاو نووقاو و تەرازوو بە دەستەکەی دادگەریدا، سەکۆیەکی تەختەیان لێدانابوو. لە بەشی ناوەوەشدا، دوو مێزی شڕی بەرامبەر بە یەک و چەند ریزە کتێبێکی تۆز لێنیشتوو لە نێو قەفەسەیەکداو ئامێرێکی چاپی لێبوو. لە سەر دیواری پاش مێزەکەی دادوەریش، خاچێکی لە مس دروستکراو بەرچاو دەکەوت. لە سەر دیوارەکەی بەرامبەریش بە چاپی بەردین وێنەی پیاوێکی سەر رووتاوەو قەڵەو بە نیشانەی سەرۆک کۆماری بە سینگییەوە لە چوارچێوە گیرابوو و بە ژێراویش ئەو دروشمەیان لە سەرەوەی نوسیبوو: ئاشتی و دادپەروەری. ئەو چوارچێوەیەش، تاکە شتێکی نوێی نێو نووسینگەکە بوو.

سکرتێرەکە دەستەسڕێکی بە نێوچاوانی خۆی را بەستبوو و بە پەرۆیەک خۆی بە خاوێن کردنەوەی مێزەکە خەریک کردو گوتی: «ئەگەر لوتت نەگری بە کۆخەکۆخ دەکەوی». بەڵام گوێنەدرایە ئەم ئامۆژگارییە. دادوەر ئەرکادیۆ پاڵی بە کورسییە گەڕۆکەکە دایەوەو لاقی لێ درێژکردن تا توانای سپرینگەکان تاقی بکاتەوەو پرسیاری کرد:

– خۆ ناکەوێ؟

سکرتێرەکە بە نیشانەی نەخێر سەری لەقاندو گوتی: «ئەو کاتەی کە دادوەر ڤێتلایان کوشت سپرینگەکەی شکا، بەڵام چاکیان کردۆتەوە». پاشان بێ ئەوەی دەستەسڕەکە لە نێوچاوانی بکاتەوە درێژەی بە قسەکانی خۆیدا:

– کاتێک حکوومەت گۆڕاو پشکێنەر لە هەموو لایەکرا دابارین، سەرۆکی شارەوانی بۆ خۆی فەرمانی دەرکرد تا چاکی بکەنەوە.

دادوەر گوتی: «سەرۆکی شارەوانی دەیەوێت ئەم نووسینگەیە بەکار بکەوێتەوە».

چەکمەجەکەی ناوەندیی کردەوەو دەستە کلیلێکی هەڵگرت و یەک بە یەک چەکمەجەکانی

کردنەوە. پڕ بوون لە کاغەز. هاکەزاییانە چاوێکی بە کاغەزەکاندا گێڕاو بە سەری پەنجە هەڵی دەگرتن نەوەکو بابەتێک سەرنجی ڕاکێشێت. ئەوسا هەموو چەکمەجەکانی داخستنەوەو دەستی کرد بە ڕێکخستنی شتی سەر مێزەکە: شووشە مەرکەبێکی سوورو یەکێکی شین و بۆ هەر یەکێکیانیش قەڵەمێک لە ڕەنگی مەرەکەبەکە دانرابوو، مەرەکەبەکان وشک ببوونەوە.

سکرتێرەکە گوتی:

– سەرۆکی شارەوانی جەنابتانی خۆش دەوێت.

دادوەر لە سەر کورسییەکە خۆی دەبزواندو بە بێزاری و دڵتەنگییەوە تەماشای سکرتێرەکەی دەکرد کە خەریکی خاوێن کردنەوەی نەردە دارەکە بوو. سکرتێرەکە هەر ئاوا لە دادوەر رامابوو دەت وت دەیەوێت لەو ڕووناکییەداو لەو ساتەوەختەو لەو بارودۆخەدا، هەرگیز لە بیری نەباتەوەو پەنجەی بۆ لا درێژ کردو گوتی:

– وەکو ئەو حاڵەتەی کە جەنابتان دانیشتوون، دادوەر ڤێتلاش ڕێک ئاوا دانیشتبوو کە تەقەیان لێکردو تەختیان کرد.

دادوەر دەستی بەملاو لای نێوچاوانی خۆیدا هێنا کە دەستی بە لێدان کردبوو و ژانە سەرەکەی خەریک بوو دەستی پێدەکردەوە. سکرتێرەکە لەودیوی نەردەکەوە ئاماژەی بە ئامێری چاپەکە کردو گوتی: «من لە ئەوێ بووم» بێ ئەوەی بەسەرهاتەکە بپچڕێنێ، لە تەنیشت نەردەکە داهاتەوەو دەسکی گەسکەکەی وەکو تفەنگ بە دەستەوە گرت و ڕووی لە دادوەر کرد. خۆی هێنابووە سەر شێوەی چەتەکانی بەستەکانی پۆستە لە فیلمی گاوانەکان (کاوبۆی)داو گوتی:

– سێ پاسەوان بەم شێوەیە ڕاوەستابوون. دادوەر ڤێتلا هەر هێندە توانی بیانبینێت و دەستەکانی بەرز بکاتەوەو زۆر هێواش و لەسەرخۆ بڵێ، مەمکوژن. بەڵام لە چاوتروکانێکدا کورسی بە لایەکداو دادوەریش بە لەشێکی بە گوللە دابێژراوەوە بە لایەکی تردا کەوت.



دادوەر ئەرکادیۆ بە هەردووک دەستان جامی سەری خۆی ڕاگوشی و هەستی کرد مێشکی مچوڕکان دەکات. سکرتێرەکە دەستەسڕەکەی لە نێوچاوانی خۆی کردەوە، گەسکەکەی بە پاش دەرگاوە هەڵواسییەوەو گوتی: «ئەو ڕووداوەش تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە دادوەر لە کاتی سەرخۆشیدا گوتبووی کە ئەرکی ئەوەی پێ سپێردراوە تا نەهێڵێت ساختەکاری لە دەنگداندا بکرێت».

بۆ ساتێک بە هەست ڕاگرتنەوە سەیری دادوەر ئەرکادیۆی کرد کە دەستی لە سەر زگی خۆی دانابوو و خۆی بە سەر مێزەکەدا خوار کردبۆوە.

– گرفتێکتان بۆ دروست بووە؟

دادوەر وەڵامی دایەوە بەڵێ. ڕووداوی شـــەوی ڕابردووی بۆ ڕوونکردەوەو داوای لە سکرتێرەکە کرد تا بچێتە هۆڵی بلیاردو لەوێ بیرەو ئەسپرینی بۆ بهێنێ.

دادوەر ئەرکادیۆ کاتێک کە لە خواردنەوەی یەکەم بیرە بووەوە، ئێدی بچووکترین نیشانەی لە نارەحەتی و پەرێشانی لە خۆیدا هەست پێنەدەکردو هاتبۆوە سەرخۆ. سکرتێرەکەی لە بەردەم ئامێری چاپەکە دانیشت.

پرسیاری کرد: «ئێستا دەبێ چی بکەین؟».

دادوەر گوتی: «هیچ ناکەین».

– دە کەواتە بە یارمەتی جەنابتان با بڕۆم ماریا بدۆزمەوەو لە ڕووتاندنەوەی مریشکەکەدا یارمەتی بدەم.

دادوەر بەرپەرچی قسەکەی دایەوەو گوتی: «کاری ئەم نووسینگەیە جێبەجێ کردنی دادپەروەرییە، نەک ڕووتاندنەوەی مریشک». ئەوسا بە چاوێکی سووکانەوە تەماشای سەرتاپای فەرمانبەرەکەی بن دەستی خۆی کردو زیاتر گوتی:

– با شتێکی تریشت پێ بڵێم، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ لەمەو بە دوا ئەو نەعلانە فڕێدەی و بە پێڵاوەوە بێیە ئیدارە.

به نزیکبوونەوەی نیوەڕۆ، گەرما پتر تاوی سەند. کاتێک کە کاتژمێر دوازدە جاران لێیدا، دادوەر دوازدە بیرەی هەڵقوڕاندبوون. لە دەریای بیرەوەرییەکاندا سەراو ببوو و بە خۆشحاڵییەکی خەواڵوانەوە باسی ئەو رابردووەی دەکرد کە تێیدا هیچ ئاسەوارێکی بێ بەشی نەبوو، باسی رۆژانی پشووی قەراغ دەریاو ئەو ئافرەتە دوو رەگانەی دەکرد کە تێربوونیان بۆ نەبوو و لە پاش دەرگاکانەوە کاری عاشقەتیان دەکرد. دادوەر گوتی: «بەڵێ، لەو رۆژگارەدا ئاوا ژیانیان بە سەر دەبرد». پاشان رووەو سکرتێرەکەی چەقەنەیەکی لێدا کە بەسەرسوڕمان و نەفامییەوەو بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت و بە سەرلەقاندن پشتگیری لە قسەکانی دەکرد. دادوەر ئەرکادیۆ کە نووقمی بیرەوەرییەکانی رابردووی خۆی بوو بوو، لە جاران زیاتر خۆی بە کەیف دەدیت. کاتێک دەنگی لێدانی کاتژمێر یەک لە تاوەری زەنگەکە (ناقوس) بەرزبۆوە، سکرتێرەکە لە رووی بێ سەبرییەوە جووڵەیەکی کرد.

گوتی: «سوپەکە خەریکە سارد دەبێتەوە».

دادوەر لێنەدەگەڕا سکرتێرەکەی لە جێی خۆی هەستێ و گوتی: «هەمیشە هەر وایە، لەم جۆرە شارانەدا مرۆڤی تێگەیشتوو بە دوای پیاوەوە نابن». سکرتێرەکە سوپاسی کرد. ئۆقرەی لێبڕاو لە گەرمان، هێندێک خۆی هێناو برد. ئەو رۆژە لەو هەینیانە بوو کە تەواو بوونیان نییە. لە بن تەنەکە سوورەوەبووەکانی سەربانی، دوو قۆڵی نیوکاتژمێری دیکەش قسەیان کردو شاریش لە ئاگری خەوی پاش نوێژاندا دەکوڵی. ئەوسا سکرتێرەکەی کە ئیدی بە تەواوی پرزەی لێبڕابوو قسەوباسی جنێو نامەکانی هێنایە گۆڕێ. دادوەر ئەرکادیۆ شانی هەڵتەکاندن و بۆ یەکەمجار بە زمانی خۆمانە هاتە ئاخاوتن: «ئێ، کەواتە تۆش بە دوای ئەو قاوانە سواوانە کەوتووی».

سکرتێرەکە ئیدی حەزی لە درێژەدان بە قسان نەمابوو چونکە لە برسان و تەنگەنەفەسیان ئاگای لە خۆ نەمابوو، بەڵام پێی وانەبوو کە نووسینی جنێونامەکان کارێکی گەمژانە بێت. گوتی: «جارێ هیچ نەبووە یەکەمین کوژراومان داوە. ئەگەر هەر ئاوا بڕوات دۆخەکە خراپە». پاشان بەسەرهاتی شارێکی گێڕایەوە کە جنێونامەکان لە ماوەی حەوت رۆژدا تەفروتونایان کردووە. کەسوکاری کوژراوەکانیش



ئێسک و پروسکی مردووەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە بۆ ئەوەی ئیدی قەت نەگەڕێنەوە بۆ ئەو شارە.

دادوەر بە دەم زەردەخەنەوە گوێی بۆ قسەکانی شل کردو بەرەبەرەش خەریکی کردنەوەی قۆپچەکانی کراسەکەی بوو. لە دڵێ خۆیدا گوتی وا دیارە ئەم سکرتێرە لەو جۆرە کەسانەیە کە زەوقیان بە چیرۆکی ترسناک دێت. گوتی:

– ئەمەش یەکێکە لەو چیرۆکە پۆلیسییە سواوانە.

سکرتێرەکە سەرێکی بۆ لەقاند. دادوەر ئەرکادیۆش بۆی گێڕایەوە کە کاتێک لە زانکۆ خەریکی خوێندن بووە، ئەندامی ئەنجوومەنێک بووە کە کارەکەی هەڵهێنانی مەتەڵە پۆلیسییەکان بووە، بەو شێوەیە کە هەر یەکێک لە ئەندامان رۆمانێکی پۆلیسی هەتا ئەو جێگایە گێڕاوەتەوە کە سەرەداوێکی داوەتە دەست و لە رۆژانی شەممەدا پێکەوە کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی مەتەڵەکە حەل بکەن.

دەیگوت: «تەنانەت جارێکیش دوا نەدەکەوتم. هەڵبەتە – بێگومان من لە نێوانیاندا کەسێکی دیاربووم و لەبەرئەوەی کە شارەزایم لە بەرهەمە کلاسیکییەکاندا هەبوو و ئەو جۆرە بەرهەمانەش لۆژیکێکی زیندوویان تێدایە کە دەتوانێت هەر مەتەڵ و نهێنییەک ئاشکرا بکات و هەڵیبێنێ». دادوەر باسی مەتەڵێکی کرد:

پیاوێک لە کاتژمێر دەی شەوێدا دەچێتە میوانخانەیەک و خۆی ناونووس دەکاو دەچێتە ژوورەکەی خۆیەوەو بۆ بەیانی کاتێک کە خزمەتکار قاوەڵتی بۆ دەهێنێت، دەبینێ کە مردووەو تەرمەکەی خەریکە دەڕزێت. لێکۆڵینەوەی پزیشکی وای دەردەخات کە ئەو گەشتیارەی دوێنێ شەوێ گەیشتۆتە جێ، بەر لە هەفتەیەک مردووە. سکرتێرەکەی لە شوێنی خۆی هەستاو هەموو دەمارەکانی لەشی تەقین و گوتی:

– کەواتە یانی کاتێک گەیشتۆتە میوانخانەکە حەوت رۆژ بووە کە مردووە.

دادوەر ئەرکادیۆ بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو قسەبڕینەی سکرتێرەکەی، درێژەی دایەو گوتی: «ئەم چیرۆکەیان دوازدە ساڵ لە پێش ئێستادا نوسیووە، بەڵام پێنج سەدە پێش لە

دایکبوونی مەسیح هێراکلیتۆس سەرەداوی ئەم مەتەڵەی بە دەستەوە داوە». پاشان خۆی ئامادەکرد تا ئەو مەتەڵە حەل بکات. بەڵام سکرتێرە هیچ و پووچەکە بە ئاوازە دەنگێکی تورەوە گوتی: «هیچ وەختێک، لەوەتای دنیا دنیایە کەس نەیزانیووە جنێونامە نووسینەکان کاری چ کەسێکە». دادوەر ئەرکادیۆ بە چاوتروکاندنەوە تەماشای کرد: «گرەوت لەگەڵدا دەکەم کە دەیدۆزمەوە».

– قبووڵە، ئەوا گرەومان کرد.

لە ماڵەکەی ئەوبەری، رێبکا ئاسیس لە ژووری نووستنێدا خەریک بوو لە گەرمان دەتەقی. سەری خۆی رۆبردبووە نێو سەرینەکەوەو بێهوودە بۆ نووستنی پاش نوێژان هەوڵی دەدا. لبادی سووتاوی لە نێوچاوانی خۆی دابوو و بانگی مێردەکەی کرد:

«رۆبێرتۆ، ئەگەر پەنجەرەکەی نەکەیەوە لە گەرمان بە هیلاک دەچین».

رۆبێرتۆ ئاسیس پەنجەرەکەی کردەوەو لە هەمان کاتیشدا دادوەر ئەرکادیۆ خەریک بوو نووسینگەی کارەکەی بە جێدەهێشت.

رۆبێرتۆ بە پاڕانەوەوە گوتی: «هەوڵدە بخەوی». ئەو ژنە لەش و لار جوانە، کە بێجگە لە ژێرکراسە نایلۆنیە تەنکەکەی هیچی دیکەی لە بەردا نەبوو، پەلی لێ فرێدابوون و لە بن کەپرێکی پەمەیی گوڵدار لێی راکشابوو. کابرا درێژەی دایە: «بەڵێن دەدەم کە ئیدی هیچ شتێک بە بیر خۆم نەهێنمەوە».

ژنە ئاخێکی هەڵکێشا.

رۆبێرتۆ ئاسیس، کە شەوی رابردوو خەوی لێ زڕابوو و بە هاتووچۆکردن و جگەرەکێشان ئەو شەوەی بە رۆژ کردبۆوە، لە بەرەبەیانی ئەو رۆژەدا خەریک بوو مەچەکی دەستی نووسەری جنێونامەکان بگرێت. ئەو دەمە گوێی لە دەنگی خشەخشی کاغەزەکان و دەست پێداهێنانە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو کەسە ببوو کە خەریکی سفت و لوس کردنی جنێونامەکان بوو لە سەر دیواری، بەڵام هەتا گەیشتبووە ئەو شوێنە ئیدی درەنگ ببوو و جنێونامەکانیان بە دیوارەوە نووساندبوون و کاتێک پەنجەرەکانی کردنەوە گۆڕەپانەکە کەسی لێنەبوو.



لەو کاتەوە هەتا کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ کە سەرئەنجام بەڵێنی بە ژنەکەی خۆیدا کە ئیدی مەسەلەی جنێونامەکان نەهێنێتەوە گۆڕێ، ئەو ژنە پەنای بۆ هەموو شتێک بردبوو تا مێردەکەی هێور بکاتەوە. سەرەنجام دوایین رێگا چارەی پێشنیار کردو گوتی، بۆ ئەوەی کە بێ تاوانییەکەی بسەلمێنێت، ئامادەیە تا بە دەنگی بەرزو لە بەردەم بابە ئانجێلداو بە ئامادەبوونی مێردەکەی، دان پیابنێت. هەر ئەو چوونە ژێر بارەی نوێ، بۆ ئەو سووکایەتی پێکردنە بەس بوو. کابرا سەرەڕای ئەوەی کە زەیینی پەرش و بڵاو بوو، بەڵام نەیوێرا هەنگاوی دواتر هەڵێنێتەوەو رەزامەندی خۆی نیشاندا. ژنە، بێ ئەوەی چاوان هەڵێنێ گوتی:

– هەمیشە وا باشترە کە مرۆڤ بە قسەکردن چارەسەری کێشەکان بکات. ئەگەر تۆ گرێی دڵی خۆت نەکردبایەوە، بەڵا بوو.

پیاوەکە لە کاتی چوونە دەرێدا، دەرگایەکەی چاک داخستەوە. لەو خانووە گەورەیەدا کە کەپریشی پێوە کرابوو و زۆریش دڵگیر بوو، گوێی لە دەنگی کچی پانکەکەی دایکی بوو کە لە خانووەکەی تەنیشتیاندا لە خەوی پاش نوێژاندا بوو.

لە بن نیگای خوماری چێشت لێنەرە رەشپێستەکەدا، لە نێو بەفرگرەکەدا ساردی دەرهێناو لە پەرداخی کرد. چێشت لێنەرەکە، بە لەسەرخۆییە تایبەتییەکەی خۆی پرسیاری لێکرد داخۆ خواردنی نیوەڕۆی دەوێت تا بۆی بێنێ.

رۆبێرتۆ ئاسیس، سەری لە سەر مەنجەڵەکە هەڵگرت. لە نێو مەنجەڵەکەدا کیسەڵێکی ساغ لەسەر پشتێ، لە نێو قوڵپەقوڵپی ئاوێدا دەکوڵی. بۆ ساتێک وای هاتە زەینەوە کە ئەو گیاندارەیان هەر بە زیندوویی لە نێو مەنجەڵەکە هاویشتووەو کاتێک کە بە چوار پارچەیی بیهێننە سەر مێزەکە، دڵی هەر لێدەدات.

گوتی: «برسیم نییە»و سەری لە سەر مەنجەڵەکە دانایەوە. لەبەر دەرگا درێژەیدا بە قسەکەی: «خانمیش نانی ناخوات، لە بەیانییەوە سەری دەهێشێت».

دوو خانوو، هەیوانێک پێکەوە دەبەستنەوە کە لەوێڕا دەتوانرا تەل هێلکەکەی کولێنی مریشکەکان لە پشت حەوشە هاوبەشەکەوە. ببینرێت. لە هەیوانەکەی دەستی لای ماڵی



PDF 4 KURD

دایکی، لە بن سوانەکانەوە چەند قەفەسێکی باڵندە هەڵواسرابوون و چەند گوڵدانێکی ڕەنگاوڕەنگی سواڵەتی لێدانرابوو. کچە تەمەن یازە ساڵەکەی، بە دەنگێکی نووساوەوە لە سەر ئەو کورسییەی کە لە سەری نوستبوو سەلامی لێکرد.

خەتی سەرینەکە جێ شوێنی لە سەر کوڵمەی دروست کردبوو.

پیاوەکە بە ئەسپایی بە بیری هێنایەوە: وا خەریکە کاتژمێر دەبێتە سێ». پاشان بە حاڵەتێکی مالیخولیاییەوە زیاتر گوتی: «هەوڵ بدە ڕێکوپێک بی». منداڵەکە گوتی:

پیاوەکە نەیتوانی پێش بە تووڕەیی خۆی بگرێت.

– چۆن بوو؟

کیژۆڵەکە گوتی: «هەمووی لەشووشە بوو»و هەوڵیدا تا بە دەستەکانی شکڵ و شێوە بە خەونەکەی ببەخشێت: «ڕێک وەکو باڵندەی شووشەیی، بەڵام ئەو پشیلە بوو» لە بەر گەرمای سوتێنەری خۆردا، پیاوەکە وای هەست کرد کە لە شارێکی نامۆدا بزربووە. لە بن لێوانەوە گوتی: «لە بیر خۆتی ببەوە، ئەو جۆرە شتانە بایەخی بیرکردنەوەیان نییە». هەر لەو دەمەداو لە تەنیشت ژوورەکە چاوی بە دایکی کەوت کە بە فریای کەوتووە. جەختی کردەوە:

– تەندروستیت باشتر بووە.

بێوەکەی ئاسیس دەموچاوی خۆی گرژکردن و بە خۆڕانانەوە گوتی: «ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستیم باشترو باشتر دەبێت، ڕەنگە ئەو جار بتوانم دەنگ بدەم»و قژە ماش و برنجییەکەی لولدان و بەرەولای هەیوانێ ڕۆیشت تا ئاوی قەفەسەکان بگۆڕێ.

ڕۆبێرتۆ ئاسیس لە سەر هەمان ئەو کورسییە پاڵی دایەوە کە کچەکەی لە سەری نوستبوو. پشتە ملی خۆی بە دەستی گرت و بە چاوی سیسەوە ڕوانییە ئەو پیرێژنە ڕەشپۆش و ڕەقەڵەیە کە لەگەڵ باڵندەکاندا بە ئارامی خەریکی ورتەورت بوو. باڵندەکان لە نێو ئاوەگۆڕدراوەکەدا بە کەیف خۆشی دەستیان کرد بە باڵەفرکێ و ئاوەکەیان بە دەموچاوی ژنەکە هەڵپرژاند. بێوەکەی ئاسیس، کاتێک



کە ئیشی لەگەڵ قەفەسەکاندا تەواو بوو، بە ئارامی و بێ ئامانج کوڕەکەی لە باوەشێ گرت و گوتی:

– دەبوایە بچییە دارستان.

کوڕەکە گوتی:

– نەچووم، لێرە ئیشم هەبوو.

– کەواتە هەتا دووشەممەیەکی تر ناچی؟

کوڕەکە بە چاوان وەڵامی ئەرێی دایەوە. خزمەتکارێکی ڕەشپێستی پێخواس لەگەڵ منداڵێکدا بە نێو ژوورەکەدا تێپەڕی، خەریک بوو منداڵەکەی دەبردە قوتابخانە. بێوەکەی ئاسیس لە هەیوانێدا ڕاوەستا هەتا ئەوان بڕۆن. ئەوسا کوڕەکەی پێش خۆیداو دوابەدوای ئەودا چووە نێو ژوورێکی پان و بەرینی نووستنەوە کە پانکە ئیشی تێدا دەکرد، لەوێ لە پەنا پانکەکە خۆی هاوێشتە سەر کورسییەکی لە حەسیر چنراوی بێشکەیی و حاڵەتێکی نیگەرانی توندی بە خۆیەوە گرت. لە سەر دیوارە سپییەکە، وێنەی لە چوارچێوەگیراوی منداڵەکانی پێشوی هەڵواسرابوون. ڕۆبێرتۆ ئاسیس لە سەر قەروێڵێکی جوان و شاهانە کەوت. هەر لە سەر ئەو قەروێڵەیە چەند منداڵێک لەوانەی کە وێنەکانیان بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، لە پیری و بێ تاقەتیدا مردن. یەکێک لەوانە باوکی خۆی بوو کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوودا مردبوو.

بێوەژنەکە پرسیاری کرد:

– چ گرفتارییەکت هەیە؟

کوڕەکەش بە نۆرەی خۆی لێی پرسی: «ئێوە بڕوا بەو شتانە دەکەن کە خەڵک باسیان لێوە دەکات؟» بێوەژنەکە وەڵامی دایەوە: «مرۆڤی لە تەمەن مندا، باوەڕ بە هەموو شتێک دەکات» پاشان بەبێ تاقەتی پرسی:

– خەڵک چی دەڵێن؟

– دەڵێن کە رێبکا ئیزابێل کچی من نییە.

بێوەژنەکە بە ئارامی وەکو بێشکە کورسیەکەی راژاند. «جاخۆ لووتی چۆتەوە سەر بەرەبابی ئاسیسەکان». بۆ ساتێک کەوتە بیرکردنەوەو پاشان بە پەرێشانییەوە پرسیاری کرد: «ئەمە قسەی کێیە؟» رۆبێرتۆ ئاسیس نینۆکی خۆی بە ددانان گرت.

– جنێونامەیەکیان نوسیووە.

ئەو وەختە بوو کە بێوەکەی ئاسیس بۆی روون بۆوە کە قووڵ بوونی چاوەکانی کوڕەکەی، هی بێ خەویانی نییە.

پیرێژنەکە گوتی: «جاخۆ جنێونامەکان خەڵک نین».

رۆبێرتۆ ئاسیس گوتی: «بەڵام ئاخر ئەم جنێونامانە باسی هەمان ئەو شتانە دەکەن کە پێشتر کەوتوونەتە سەر زاری خەڵک. هەرچەندە لەوانەشە کە مرۆڤ بۆخۆی نەیبیستبێ».

بەڵام ژنەکە لە هەموو ئەو شتانە ئاگادار بوو کە لە ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژدا خەڵک دەربارەی بنەماڵەکەی باسیان دەکرد. لە ماڵێکی وەکو ماڵەکەی ئەودا، بەو هەموو خزمەتکارو منداڵی زڕو ئێشکگری تەمەن جیاجیایەوە، ئەگەر کەسێک لە ژووری نووستنیشدا بمابایەوەو دەرگای لە سەرخۆی دابخستایە، مەحاڵ بوو بتوانێ پێش بە دەنگۆی کۆڵان و بازاڕ بگرێت. خانەوادەی قەرەباڵغ و پڕ لە هەراو هۆریای ئاسیس، ئەو دەمەی کە لە بەراز لەوەڕێن زیاتر هیچی دیکە نەبوون، ئەو شارەیان بونیاد نابوو و دەت وت خوێنیان لە سەر زاری ئەو کەسانە شیرینە کە پڕوپاگەندەو قسەو قسەڵۆک بڵاو دەکەنەوە، ژنەکە گوتی: «خۆ هەرچی ئەو خەڵکە دەیڵێت راست نییە، هەرچەندە کە رەنگە مرۆڤ بۆ خۆشی بیستبێتی».

کوڕەکە گوتی: «هەموو کەس دەزانێ کە رۆزاریۆ مۆنترۆ دەستی لەگەڵ قەشە گەنجەکەدا تێکەڵ دەکرد. قەشەکەش دواین ئاوازی خۆی بۆ وی دانابووبوو».

بێوەکە وەڵامی دایەوە: «هەموو خەڵک وایان دەگوت، بەڵام کەس دڵنیا نەبوو. جگە لەمەش ئێستا ئیدی هەموو دەزانن کە ئەو ئاوازە بۆ مارگوت رامێرز بوو. بڕیار وابوو



پێکەوە زەماوەند بکەن و ئەمەش تەنیا بۆ خۆیان و دایکی قەشەکە دەیانزانی. بریا ئەو نهێنییەیان وا بە دوو دەستان لە نێو دڵی خۆیاندا نەشاردبایەوە، چونکە قەت لەم شارەدا نهێنییەک نەپارێزراوە، ئەمەشیان کە پارێزرا، ئاوای بە سەر هات».

رۆبێرتۆ ئاسیس وەکو بڵێی زیندوو بووبێتەوە، تەماشای دایکی کردو گوتی: «ئەمڕۆ بەیانی بۆ ماوەیەکی کەم دیتم وا خەریکە دەمرم». بێوەژنەکە بە سەرخۆی نەهێنا.

گوتی: «بنەماڵەی ئاسیس هەموویان حەسوودن. ئەمەش گەورەترین بەدبەختی ئەم ماڵەیە».

بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوون. کاتژمێر خۆی لە چوار دەداو پلەی گەرما خەریک بوو دادەبەزی. کاتێک کە رۆبێرتۆ ئاسیس پانکەکەی کوژاندەوە هەموو ئەندامانی ماڵێ خەریک بوون لە خەوێ هەڵدەستان و دەنگی ژنانەو ئاوازی باڵندەکان هەموو جێگایەکی تەنی.

بێوەکە گوتی: «ئەو شووشەیەی سەر تەختەکەم بدەیە».

ئەوسا دوو حەبی خڕی خۆڵەمێشی وەکو دوو دانە مرواری دەستکردی هەڵگرتن و شووشەکەی دایەوە بە کوڕەکەی و گوتی: «ئەو دوو حەبانە بخۆ با خەوت لێبکەوێ».

رۆبێرتۆ ئاسیس هەردووک حەبەکەی بەو ئاوە رۆهێشتن کە لە بەر دایکی مابۆوەو پاشان سەری کردە سەر سەرین.

بێوەکە ئاخێکی هەڵکێشاو لە بێدەنگیدا کەوتە داڵغە لێدان و بیرکردنەوەوە. ئەوسا وەکو هەموو جارانی تر، بە بیرکردنەوە لە نیو دەرزەن خێزانی چینی خۆی، حوکمێکی گشتی دەربارەی باقی شارەکەدا:

«خراپترین شتی ئەم شارە ئەوەیە کە وەختی پیاوەکان دەچنە دارستان، ژن و ژاڵ دەبێ بە تەنیا لە ماڵێ بمێننەوە».

رۆبێرتۆ ئاسیس بەرەبەرە چاوی چوونە خەو. بێوەکە تەماشای چەنەگە نەتاشراوەکەی کوڕەکەی خۆی کردو نیگای بەسەر لووتە درێژو نووک باریکەکەی داگیرا. مێردە کۆچکردووەکەی خۆی بە بیرهاتە. ئالبێرتۆ ئاسیس-یش لە سەردەمی خۆیدا تامی ناکامی

چەشتبوو. ئەو پیاوێکی بە خۆوە بوو و داری دەقەڵاشتن و لە تەواوی ژیانی خۆیدا بۆ ماوەی پازدە خولەک بێ جووڵە راوەستا بۆ ئەوەی وێنەی بگرن و هەمان ئەو وێنەیە لە سەر مێزەکە بە یادگاری بەجێما بوو. دەیانگوت هەر لەو ژووری نووستنەدا ئەو پیاوەی کوشتبوو کە لە پاڵ ژنەکەی خۆیدا گرتبووی و لە حەوشێدا وەبن گڵی دابوو. بەڵام راستییەکەی شتێکی تر بوو: ئالبێرتۆ بە تاپڕی دوو لوولە مەیمونێکی کوشتبوو. ئەو دەمەی کە مەیمونەکە لە سەر دیرەگی ژووری نووستنێ دەبێت و لە کاتی خۆگۆڕینی ژنەکەی، مەیمونەکە تێی رادەمێنێ و دەست بۆ لەشی خۆی دەبات. چل ساڵ دوای ئەوە، بێ ئەوەی بتوانێ ئەو ئەفسانەیە راست بکاتەوە، مرد.

بابە ئانجێل لە قادرمە تیژو سەر ئاواڵەکان بە سەرکەوت. لە قاتی دووەمداو لە کۆتایی ئەو راڕەوەدا کە تفەنگ و فیشەک دانەکانی بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون، پاسەوانێک سەر بەرەو ژوور لە سەر قەروێڵەیەکی سەربازی راکشابوو و گۆڤاری دەخوێندەوە ئەوەندە نوقمی خوێندنەوە ببوو، کە هەتاکو سەلامی لێنەکرد، پاسەوانەکە هەستی بە بوونی قەشەکە نەکرد لەوێ. پاسەوانەکە گۆڤارەکەی لولداو لە سەر قەروێڵەکە دانیشت. بابە ئانجێل لێی پرسی:

– چیت دەخوێندەوە؟

پاسەوانەکەش گۆڤارەکەی نیشاندا:

– «تێری و دزەکانی دەریا».

قەشەکە بە نیگایەکی یەکسان لە نێو کەلێنی میلە ئاسنە ئەستوورەکانڕا، نێو هەرسێک ژوورە داخراو و بێ پەنجەرەکانی بەندیخانەکەی پشکنی. لە ژوورەکەی ناوەڕاستێدا، پاسەوانێکی تر بە توێی بیجامە لەسەر قەروێڵێک لێی راکشابوو و خەوی لێکەوتبوو، دوو ژوورەکەی دیکەش کەسیان تێدا نەبوو. بابە ئانجێل سۆراغی سیزار مۆنترۆی کرد.

پاسەوانەکە گوتی: «لەوێیە»و بە سەر ئاماژەی بۆ دەرگایەکی داخراو کرد.

«ژووری بەرپرسی بەندیخانە».



– دەتوانم قسەی لەگەڵدا بکەم؟

– سەردان کردنی قەدەغەیە.

بابە ئانجێل پێداگری نەکرد. پرسیاری لە بارودۆخی گیراوەکە کرد. پاسەوانەکە وەڵامی دایەوە کە باشترین ژووری سەربازخانەکەیان داوەتێ کە زۆر دڵگیرەو ئاویشی بۆ راکشاوە، بەڵام گیراوەکە شەو و رۆژێکە نانی نەخواردووەو ئەو خواردنەشی رەتکردۆتەوە کە سەرۆکی شارەوانی لە میوانخانەکەڕا بۆی داوا کردبوو. قەشەکە گوتی:

– دەبوایە لە ماڵی خۆی را خواردنیان بۆ بهێنایە.

– داوای کردووە کەس بارگرانی بۆ ژنەکەی دروست نەکات.

قەشەکە دەت وت لەگەڵ خۆیدا قسان دەکات، لە بن لێوانەوە گوتی: «دەربارەی هەموو ئەم شتانە لەگەڵ سەرۆکی شارەوانیدا قسە دەکەم». بەرەو لای کۆتایی داڵانەکە رۆیی کە سەرۆکی شارەوانی نووسینگە دژ بە گوللەکەی کارکردنی خۆی لەوێ دروست کردبوو.

پاسەوانەکە گوتی: «لەوێ نییە، دوو رۆژە کە لەبەر ددان هێشە لە ماڵی نەهاتۆتە دەرێ».

بابە ئانجێل چوو بۆ سەردانی سەرۆکی شارەوانی. سەرۆکی شارەوانی لە نێو جۆلانەدا بە سەر روان دا کەوتبوو و لە تەنیشتی و لە سەر کورسیەک، قاپێک خوێواوک و پارچە حەبێکی هێورکەرەوەو دەمانچەو فیشەک دانەکەی دانرابوون. لاڕوومەتی هەروا ئاوسا بوو. بابە ئانجێل کورسییەکەی بردە نزیک جۆلانەکەی و گوتی:

– ددانەکەت بکێشە.

سەرۆکی شارەوانی خوێواوی نێو گوپانی رۆکردە نێو لەگەنێکەوەو بێ ئەوەی سەر لە سەر لەگەنەکە هەڵگرێت گوتی: «بە قسە ئاسانە» بابە ئانجێل لە مەسەلەکە گەیشت. زۆر بە هێواشی گوتی: «ئەگەر ئەو کارە بە من بسپێری لەگەڵ دوکتۆری ددانداا قسە دەکەم». هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو ورەی دا بە خۆی و درێژەی بە قسەکەی خۆیدا: «قسەی چاکی بە گوێدا دەچێت».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «کەر پیاوە، دەبێ بە فیشەک چارەی بکرێت، پاشان تازە دەگەڕێینەوە بۆ سەر جێی پێشوومان».

بابە ئانجێل بە تەماشاکردن هەتا سەر دەستشۆرییەکە بە دوای کەوت، سەرۆکی شارەوانی شێرەی ئاوەکەی کردەوەو لا روومەتە ئاوساوەکەی لە بەر ئاوی سارد راگرت و ماوەیەکی هەروا مایەوەو دەنگێکی لێهات کە گوزارشتی لە رەزامەندی دەکرد.

ئەوسا حەبێکی هێورکەرەوەی کرۆشت و هێندێک ئاوی لە لەپی دەستانی کردو فڕی کرد.

قەشەکە سووربوو لە سەر قسەکەی خۆی: «بە راستیمە، دەتوانم لەگەڵ دوکتۆری ددانادا قسە بکەم».

– هەر کارێک کە حەزت لێیەتی بیکە، بابە.

پاشان لە نێو جۆلانەکەی خۆیدا لە سەر پشتێ راکشاو چاوی نوقاندن، دەستی لە بن سەری خۆی نان و بە رێکی و رق هەستاویەوە هەناسەیدا، بەرەبەرە ئازارەکەی کەم دەبۆوە. کاتێک دووبارە چاوی هەڵێناوە، بابە ئانجێل لە تەنیشتی دانیشتبوو و بە بێدەنگی تەماشای دەکرد. سەرۆکی شارەوانی لێی پرسی:

– چۆن بوو کە هاتی بۆ ئێرە؟

قەشەکە بێ سێ و دوو کردن گوتی: «لە بەر سیزار مۆنترۆ، ئەو کابرایە دەبێ ئاینییانە دان پێدا بنێت».

سەرۆکی شارەانی گوتی: «دیتنی قەدەغەیە. سبەینێ دوای لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ئێوە دەتوانن گوێبیستی دان پیانانی بن. ئەو دەبێ رۆژی دووشەممە بەرێ بکرێت».

قەشەکە گوتی: «چل و هەشت کاتژمێری ماوە».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «منیش ئەوە دوو هەفتەیە بە دەستی ددان هێشەوە دەناڵێنم».

لەو ژوورە کەم شۆقەدا مێشوولە دەستیان بە ویزەویز کردبوو. بابە ئانجێل لە پەنجەرەڕا تەماشای دەرێی کردو پەڵە هەورێکی چڕی رەنگ پەمەیی بە سەر رووبارەکەوە بەرچاو کەوت، پرسیاری کرد:



– ئەی مەسەلەی خواردن چی لێدێت؟

سەرۆکی شارەوانی لە نێو جێ هاتە دەرێ تا دەرگای هەیوانێ دابخات و گوتی: «من ئەرکی سەرشانی خۆمم جێبەجێ کردووە، ئەو نایەوێت سەری ژنەکەی خۆی گران بکات و خواردنی میوانخانەش ناخوات». دەستی کرد بە رشاندنی هەموو ژوورەکە.

بابە ئانجێل لە گیرفانی خۆیدا بە دوای دەستەسرا گەڕا تا تووشی پژمین نەبێت بەڵام لە جیاتی دەستەسڕ، نامەیەکی گرمۆڵە بووی هاتە بەردەستان. لە سەرسامیان دەنگێکی لێ بەرزبۆوەو هەوڵیدا تا بە پەنجە نامەکە رێک بکاتەوە. سەرۆکی شارەوانی دەستی لە رشاندنی مێشکوژکە هەڵگرت. قەشەکە لووتی خۆی گرت، بەڵام ئیدی بێ سوودبوو: دووبارە لێک لێک دەستی بە پژمین کردەوە.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «بپژمە بابە»و بە زەردەخەنەوە جەختی کردەوە:

– ئێمە لە مەملەکەتی دیموکراسیدا ژیان بەسەر دەبەین.

بابە ئانجێل-یش زەردەی هاتێ. زەرفە داخراوەکەی نیشانداو گوتی: «لە بیرم چوو ئەم نامەیە پۆست بکەم» سەرەنجام لە بن قۆڵییەوە دەستەسڕەکەی دۆزییەوەو لوتی خۆی گرت کە بە بۆنی مێشوولە کوژەکە ناڕەحەت ببوو و بە توندی فمی کرد. هێشتاش هەر بیری لە سیزار مۆنترۆ دەکردەوەو گوتی:

– دەڵێی هەر نانە رەق و ئاوی دەدەنێ.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئەگەر بۆ خۆی وای ویستبێت خۆ ئێمە ناتوانین بە زۆری نانی دەرخوارد بدەین».

قەشەکە گوتی: «ناڕەحەتی من سەبارەت بە ویژدانییەتی».

بێ ئەوەی کە دەستەسڕەکەی لە لووتی خۆی بکاتەوە، بە چاوان بە دوای سەرۆکی شارەوانییەوە بوو بە هەر چواردەورەی هۆدەکەدا تا سەرەنجام سەرۆکی شارەوانی لە دەرمان رشاندن بۆوە. قەشەکە گوتی: «ئەگەر پێی وایە کە دەیانەوێت دەرمانخواردی بکەن، وا پێدەچێت کە لە بارودۆخێکی خراپ دایە». سەرۆکی شارەوانی دەرمان رشێنەکەی داناو گوتی:

– دەزانێ کە هەموو کەس قەشە کوژراوەکەیان خۆشدەویست.

بابە ئانجێل وەڵامی دایەوە: «سیزار مۆنترۆ بۆ خۆشی خۆشی دەویست».

قەشەکە بەڵێ، بەڵام بە رێکەوت وتی، ئەوەی کە مردووە قەشەکەیە. چاوی بڕییە نامەکە، خەریک بوو تاریک دادەهات. لەبەرخۆیەوە گوتی: «بێ چارە باوکی رۆحانی، بێ دانپییانان لە دنیا دەرچوو». سەرۆکی شارەوانی گلۆپەکەی هەڵکردو چووە نێو جۆلانەکەیەوە.

گوتی: «سبەینێ باشتر دەبم، دەتوانی دوای تەواو بوونی تەشریفات گوێبیستی دانپییانانی ببی. ئێستا دڵنیابووی؟

بابە ئانجێل وەڵامی دایەوە: بەڵێ و دیسان دووبارەی کردەوە: «مەسەلەکە تەنیا ئاسوودە بوونی ویژدانی ئەوە» و بە گرانی لە جێی خۆی هەستا و سەرۆکی شارەوانی راسپارد کە لە خواردنی حەبە هێورکەرەوەکاندا زیادەڕۆیی نەکات! سەرۆکی شارەوانیش لە وەڵامیدا یاداوەری کرد کە پۆست کردنی نامەکەی لە بیر نەکات.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «بە راست بابە، هەرچۆنێک بۆ خۆت بە باشی دەزانی ئاوا لەگەڵ دکتۆری دداندا قسە بکە». پاشان تەماشایەکی کردەوە کە خەریک بوو لە قادرمەکان دەچووە خوارێ و دووبارە بە دەم زەردەخەنەوە گوتی: «هەموو ئەم شتانە یارمەتی سەقامگیری ئاشتی دەدەن».

سەرۆکی دایرەی پۆستە لە پێش دەرگای نووسینگەکەی کارکردنی خۆیدا دانیشتبوو و تەماشای نزیکبوونەوەی ئاوابوونی خۆری دەکرد. وەختێک بابە ئانجێل نامەکەی دایە، هەستاو چووە ژووری نووسینگەکەی و پولێکی پازدە سنتاویی بۆ پۆستەی ئاسمانی و باج و خەراجی خانووبەرە، بە تفێ تەڕکردو بە ناوەکەیەوە نووساند. ماوەیەک لە چەکمەجەی مێزەکەدا گەڕا. کاتێک گلۆپی شەقام و بازاڕ هەڵکران، قەشەکە چەند سکەیەکی پارەی وردی لەسەر مێزەکە دانان و بێ ماڵئاوایی کردن ئەوێی بەجێهێشت.

سەرۆکی دایرەی پۆستە ئێستاش هەر لە نێو چەکمەجەی مێزەکەدا دەگەڕا. کەمێک دوای



ئەوە، لە هەڵوەژاردنی کاغەزەکان بێ تاقەت بوو و لە سەر سووچێکی زەرفەکە بە مەرەکەب نووسی: پوولی پێنج سنتاویمان نەبوو، بنەوەشی مۆرو ئیمزا کرد.

بابە ئانجێل ئەو شەوە لە دوای نزا و پاڕانەوەی شەوانە، مشکە تۆپیوێکی لە ناو حەوزە بچووکەکەی ئاوی پیرۆزدا دیت کە سەراو ببوو. ترینیداد خەریک بوو لە پاکژگە (تعمیدگاە)دا تەڵەی دەنانەوە. قەشەکە کلکی مشکە تۆپیوەکەی گرت و بەرزی کردەوەو لە بەرچاوی ترینیداد رایوەشاندو گوتی: «ئاخیری تووشی بەڵایەکمان دەکەی. نازانی کە هێندێک لە بڕواداران شووشە دەهێنن تا ئاوی پیرۆز ببەن و دەرخواردی نەخۆشەکانیان بدەن؟

– جا ئەوە چ پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە؟

قەشەکە وەڵامی دایەوە: «چ پەیوەندی پێوەیە؟ هیچ، تەنیا ئەوە کە نەخۆشەکان ئاوی پیرۆزی بە دەرمان مشک کوژی ئاڵوودە بوو دەخۆنەوە».

ترینیداد بە بیری هێنایەوە کە ئێستاش پارەی دەرمان مشک کڕینی نەداوەتێ و گوتی: «دەرمانەکە لە گەچە» پاشان شێوازی بەکاربردنی دەرمانەکەی ئاشکرا کرد: گەچەکە لە کەلێن و قوژبنی کلێسەدا دەدەنێن، مشکەکە گەچەکە دەخوات و ماوەیەکی پێدەچێت لە تینوان دەخنکێ و بۆ ئاو خواردنەوە دەچێتە سەر حەوزە بچووکەکە! ئاوەکەش گەچەکەی لە نێوزگیدا رەق دەکات.

قەشەکە گوتی: «باشە، بەهەرحاڵ هەروا باشتر بوو کە بهاتبای و پارەی دەرمان مشک کڕینت وەرگرتبایە. ئیدی نامەوێ مشکە تۆپیوان لە نێو ئاوی پیرۆزدا ببینم».

لە ژووری کارکردندا، شاندێک لە نوێنەرانی «ئەنجومەنی ئافرەتانی کاتۆلیک» چاوەڕوانیان دەکردو رێبکا ئاسیس سەرۆکایەتی ئەو شاندەی لە ئەستۆدا بوو.

قەشەکە لە دوای ئەوەی پارەی دەرمان مشک کڕینی دا بە ترینیداد، سەبارەت بە گەرمای ژوورەکە رای دەربڕی و لە بەرامبەر ئەو خانمانەدا کە لە بێدەنگیدا چاوەڕوانیان دەکرد چوو لە پاش مێزە دانیشت.

– خانمانی بەڕێز، لە خزمەتتان دام.

ژنەکان تەماشایەکی یەکتریان کرد. ئەوسا ڕێبکا ئاسیس باوەشێنەکەی کردەوە کە وێنەی دیمەنێکی ژاپۆنی لەسەر کێشرابوو و چووە سەر کرۆکی باسەکە:

– مەسەلەی جنێونامەکانە، بابە.

پاشان بە دەنگێکی گن، وەکو بلێی چیرۆکی پەریان دەگێڕێتەوە، باسی مشەوەش بوونی خەڵکی کرد. گوتی: هەرچەندە کە دەتوانرێت مردنی قەشە گەنجەکە بە «مەسەلەیەکی تەواو شەخسی» بزانرێت، بەڵام بنەماڵە بەڕێزەکانی شار مافی ئەوەیان هەیە کە لە ڕووداوی جنێونامەکان نیگەران بن.

ئادالجیسا مۆنتۆیا، کە بە تەمەنترین ئافرەتی شاندەکە بوو، پاڵی بە چەترە ژنانییەکەیەوە دایەوەو بێ پەردەتر هاتە ئاخاوتن:

– ئێمەی ئافرەتانی کاتۆلیک، بڕیاری دەستێوەردانمان لەم مەسەلەیەدا داوە.

بابە ئانجێل ماوەیەک کەوتە بیرکردنەوەوە. ڕێبکا ئاسیس هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، قەشەکە لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە کە ئەو ژنە چۆن دەتوانێت لە کاتی هەناسەداندا بۆنی وا گەرم بداتە دەرێ. ژنە بە فیز و خۆڕانانێکی تایبەتییەوە دانیشتبوو، ئافرەتێکی میزاج توندو سپیاتییەکی دزێوی هەبوو. قەشەکە نیگای خۆی بڕییە شوێنێکی نادیارو دەستی بە قسان کرد:

– من پێم وایە کە نابێ ئێمە گوێ بدەینە قسە و قسەلۆک. پێویستە ئێمە خۆمان لەوە بە زیاتر بزانین و پابەندی فەرمانەکانی خواوەند بین، هەروەکو چۆن هەتا ئێستا وابووین.

ئادالجیسا مۆنتۆیا بە سەرلەقاندن پشتگیری لە قسەکانی قەشەکە کرد. بەڵام ئەوانی دیکە لەگەڵ ئەمەدا نەبوون و بە ڕواڵەت پێیان وابوو کە «ئەم مێملێە ڕەنگە لە داهاتوویەکی دووردا کاریگەرییەکی کوشندەی لێبکەوێتەوە».

لە هەمان کاتدا بڵندگۆی سینەما کۆخەیەکی هاتێ.



بابە ئانجێل بە لەپی دەستی لە نێوچاوانی خۆی ڕاکێشاو «زۆر دەبوون» پاشان خێرا چەکمەچەی مێزەکەی ڕاکێشاو لە لیستی سانسۆری کلێسەی کاتۆلیکدا گەڕا.

– چ فیلمێک نمایش دەکەن؟

ڕێبکا ئاسیس گوتی: «چەتەکانی بۆشاییگەری، فیلمێکی جەنگییە».

بابە ئانجێل لە نێو لیستی ئەلفباییەکەدا بە دوای ئەم ناوەدا گەڕاو لە کاتی خشاندنی پەنجەی شایەتمانی بەسەر ناوی فیلمەکاندا، لەبەرخۆیەوە پرتەپرتی بوو. پاشان بۆ لاپەڕە هەڵدانەوە، هەڵوەستەیەکی کرد.

– چەتەکانی بۆشاییگەری.

ئەمجارەیان بە شێوەیەی ئاسۆیی قامکی گێڕاو بە دوای ڕیزبەندی ئەخلاقی فیلمەکەدا گەڕاو هەر لەو دەمەشدا لە بری ئەوەی کە وەکو جاران بڵندگۆی سینەما دەنگی مۆسیقای لێبەرز ببێتەوە، دەنگی بەڕێوەبەری سینەما پەخش کرا کە بە هۆی نالەباری کەش و هەواوە، هەڵوەشانەوەی بەرنامەکەی ڕادەگەیاند. یەکێک لە ژنەکان ڕوونی کردەوە کە ئەگەر هاتباو بەر لەوەی فیلمەکە بە نیوەیی ببوایەو باران بباریایە، خەڵک داوای پارەکەیان دەکردەوە هەر لەبەر ئەوەش بووە کە بەڕێوەبەری سینەما بەرنامەی نمایشکردنی ئەو فیلمەی هەڵوەشاندۆتەوە.

بابە ئانجێل گوتی: «زۆر بە داخەوە، چونکە هەموو کەس ئازادە تەماشای ئەو فیلمە بکات». دەفتەرە بچووکەکەی یاداشتی داخستەوەو درێژەیدا بە قسەکانی:

– هەروەکو گوتم، ئەم شارە پابەندە بە یاسا و ڕێساوە. نۆزدە ساڵ لەمەوبەر، کاتێک کە ئەرکی ئەم بەشەیان بە من سپارد، دوازدە ژن و مێردایەتی ناشەرعی لە نێو بنەماڵە بەرجەستەکاندا هەبوو. بەڵام ئەمڕۆکە تەنیا یەک دانە ماوەو هیوادارم کە ئەو یەک دانەیەش نەمێنێت.

ڕێبکا ئاسیس گوتی: «ئێمە پەروەشی خۆمانمان نییە، بەڵام ئەو خەڵکە داماوە......»

قەشەکە بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو قسەیە، درێژەی بە باسەکەی خۆیداو گوتی: «هیچ جێی



PDF 4 KURD

نیگەرانی نییە. دەبێ ئێمە ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەم شارە چەندە گۆڕاوە. جاران سەماکەرێکی رووسی بەرنامەیەکی لە شانۆدا تەنیا بۆ پیاوان پێشکەش دەکردو لە کۆتاییشدا ئەوەی کە لەبەری دابوو هەڕاجی دەکرد».

ئادالجیسا مۆنتۆیا خۆی هاویشتە نێو قسەکانی قەشەکەوە:

– بەڵێ، وەکو دەفەرمووی هەروایە.

لە راستیدا تەواوی ئەو بەسەرهاتەی وا بەبیرهاتەوە کە بۆیان گێڕابۆوە: کە ئەو دەمەی سەماکەرەکە بە تەواوی خۆی رووت کردەوە، لە نێو بینەرانی ئەو بەرنامەیەدا پیرەمێردێک هاواری کردو چووە ریزەکانی پێشەوەو میزی بە جلوبەرگی خەڵکەکەدا کرد.

بۆ ئادالجیسایان گێڕابۆوە کە پیاوەکانی تریش چاویان لەو پیرەمێردە کردبوو و بە هاتو هاوارێکی شێت ئاساوە یەکتریان پیس کردبوو.

قەشەکە درێژەی بە قسەکانی خۆیدا: «ئێستا سەلمێندراوە کە لە نێو هەموو بەشەکانی تری کڵێسەییدا، ئەم شارە لە هەموو شوێنەکانی دیکە زیاتر پابەندی یاسایە».

لەمبارەیەوە هێندەی باسکردو لێکی کێشایەوە، ئەوەندەی باسی خەبات و تێکۆشانی خۆی لە ساتە سەختەکاندا کرد لە بەرامبەر لاوازی و بێ تواناییەکانی رەگەزی مرۆڤ کە خانمەکان لە گەرمان پرزەیان لێبڕاو بێ تاقەت بوون. رێبکا ئاسیس دووبارە باوەشێنەکەی لێک بڵاو کردو ئەوسا بوو کە بابە ئانجێل بۆی دەرکەوت کە بۆنە خۆشەکەی وی لە کوێوە دێت، بۆنە خۆشەکە بۆنی دارسەندەڵەکەی باوەشێنەکە بوو کە لە نێو هەوای شێداردا پێچی دەخوارد. قەشەکە دەستەسڕەکەی لە نێو قۆڵی دەرهێناو بەری لووتی خۆی پێگرت تا نەپژمێت.

درێژەی دایە: «لە هەمان کاتیشدا لەم دەڤەرەدا کڵێسەکەی ئێمە لە ئی هەموو شوێنەکانی دیکە هەژارترە. زەنگەکان(ناقوس) درزیان داوەو هۆڵی کڵێسەکەش پڕ لە مشکە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە من ژیانی خۆم بۆ گەیاندنی پێوەرە ئەخلاقییەکان بە خەڵک تەرخان کردووەو بە شتی دیکە رانەگەیشتووم». قۆپچەکەی یەخەی کردەوە، لە جێی خۆی هەستاو



گوتی: هەموو پیاوێکی جحێڵ دەتوانێت کاری قورس بکات. بەڵام ئەو کەسەی کە بە تێپەڕبوونی ساڵانێکی دوورودرێژ رەق و پتەو بووەو ئەزموونی کۆکردبێتەوە، ئەوا دەتوانێت ئەخلاقییەکان سەرلەنوێ دروست بکاتەوە. رێبکا ئاسیس دەستەسپی و سۆڵ و درەوشاوەکەی خۆی بە ئاڵقەی زومورۆدی بوکێنیوە هەڵبڕی:

– رێک هەر لەبەر ئەو هۆکارانەش بوو ئێمە وای بۆ چووین کە بەو جنێونامانە رەنگە زەحمەتەکانتان بە فیڕۆ بچن.

ئەو تاقە ژنەی کە هەتاکو ئەو وەختەی خۆی بێدەنگ کردبوو، هەڵوەستەیەکی کورتی قۆزتەوە تا ئەویش قسەیەک بکات:

– جگە لەمەش، ئێمە پێمان وابوو کە لەو کاتەدا کە وڵات خەریکە تۆزێک دەبووژێتەوە، گرفتەکانی ئەم دواییانە رەنگە سەرهێشەمان بۆ دروست بکەن.

بابە ئانجێل باوەشێنێکی لە دۆڵابەکە دەرهێناو دەستی کرد بە باوەشێن کردنی خۆی و گوتی: «ئەمە پەیوەند بەوەوە نییە، ئێمە ساتەوەختی زۆر دژواری سیاسیمان تێپەڕاندون، بەڵام مەسەلە ئەخلاقییەکانی نێو خێزان هەروا بە دەست لێنەدراوی ماونەتەوە».

لە بەرامبەری سێ ژندا بە پێوە راوەستا. «چەند ساڵێکی تر دەچمە لای قەشەی سەرووی خۆم و پێی دەڵێم: «فەرموو، ئەم شارە نموونەییە بە دەستی ئێوە دەسپێرم. ئێستا تەنیا کارێک کە دەبێ بیکەی ئەوەیە کە کەسێکی جحێڵ و گورج و گۆڵ بنێری تا باشترین کڵێسەی دەڤەرەکە بنیاد بنێت».

بە ئەسپایی کورنوشێکی بردو هاواریکرد:

– ئەوسا دەچمەوە زێدی باب و باپیرانم و هەر لەوێ لەوپەڕی ئارامیدا دەمرم. خانمانی ئامادەبوو دەنگی نارەزایەییان لێبەرز بۆوە. ئادالجیسا مۆنتۆیا رای گشتی ئامادەبووانی ئاوا دەربڕی:

– ئێرەش وەکو شاری خۆتان وایە، بابە. داواشت لێدەکەین کە هەتا کۆتایی چرکەکانی ژیانت هەر لێرە بمێنییەوە.



PDF 4 KURD

ڕێبکا ئاسیس گوتی: «ئەگەر مەسەلەکە دروستکردنی کڵێسەیەکی نوێیە، دەتوانین هەر لە سبەینێوە دەست بەکاربین و خەڵک کۆبکەینەوە».

بابە ئانجێل گوتی: «هەر شتەو لە کاتی خۆیدا».

ئەوسا ئاوازە دەنگی خۆی گۆڕی و زیاتر گوتی: «جارێ نامەوێت لە پلەی سەرپەرشتی هیچ دەڤەرێکدا پڕببم. نامەوێت تووشی چارەنووسی ئەو پیاوە بە سۆزە، واتە ئانتۆنیۆ ئیزابێل دێل سانتیسیمۆ دێل ئالتار کاستانی یەدائی مۆنترۆ، ببم. ئەو بە ئۆسقۆفی ڕاگەیاند بوو کە باڵندە مردووەکان وەکو باران بەسەر ئەو ناوچەیەدا دەبارن کە شوێنی جێبەجێ کردنی ئەرکەکەیەتی. فەرمانبەرێکی لێکۆڵینەوە کە لە لایەن ئۆسقۆفەوە ڕەوانە کرابوو، لە گۆڕەپانی ناوەندی شاردا دۆزیبوویەوە کە لەگەڵ منداڵاندا یاری چاوشارکێی دەکرد».

خانمانی ئامادە بوو سەرسوڕمانی خۆیان دەربڕی.

– ئەوە کێ بوو؟

هەمان ئەو قەشەیەی کە لە پاش من بوو بە فەرمانبەری ماکۆندۆ. تەمەنی سەد ساڵ بوو.

# بەشی سێهەم

سەختی ئەو زستانە کە هەر لە سەرەتای پاییزەوە پێشبینی دەکرا، لە رۆژی پشووی هەفتەدا توندوتیژی خۆی نواند. سەرۆکی شارەوانی رۆژی یەکشەممەی بە کرۆشتنی حەبی هێورکەرەوە لە جۆلانەدا گوزەراند. چۆمەکە هەستاو زیانی بەو بەشانەی شار گەیاند کە ئاستیان لە ئاستی ئاو نزمتر بوو.

بەرەبەیانی رۆژی دووشەممە کە باران بارین تۆزێک خۆشی کردبۆوە، چەند کاتژمێرێکی خایاند هەتا شار بەخۆ کەوتەوە. هۆڵی بلیاردو سەرتاشخانە لە جاران زووتر کرانەوە، بەڵام دەرگای ماڵەکان هەتاکو دەمژمێر یازدە هەر بە داخراوی مابوونەوە. سینیۆر[٤] کارمیچایل لە پێش هەموو کەسێکدا بە دیتنی ئەو پیاوانە مچورکی بە لەشیدا هات کە خانووەکانی خۆیانیان لە بنێ‌ڕا هەڵکەندبوو و بە شانی بۆ شوێنی ئاست بەرزتریان دەگواستنەوە. چەند کۆمەڵە پیاوێک بە تەقەڵاو گاڵەگاڵ، دیرەکی خانووەکانیان دەرهێنابوون و تەواوی ئەو نوایە سست و ناسکەیان (دیواری لە چیخ و سەربانی لە هەڵاشی دارخورما) هەروا بە خڕی بۆ شوێنێکی تر دەگوازتەوە. سینیۆر کارمیچایل بە چەتری هەڵدراوەوە لە بن گوێ سوانەکانی سەرتاشخانەکە خۆی پەناداو لە بیری ئەو جموجۆڵە تاقەت پڕوکێنەی خەڵکدا بوو کە سەرتاشەکە لەو حاڵەی هێنایە دەرێ. سەرتاشەکە گوتی:

(٤) سینیۆر، لە زمانی ئیسپانیدا بە مانای (میستەر)ی ئینگلیزی و (آقا)ی فارسییە و(کاک)ی کوردی خۆمانە، بەڵام من هەر سینیۆرم بەکارهێنا چونکە بە گونجاوترم زانی لە ئەوانی تر. وەرگێڕ



«دەبوایە راوەستێ هەتاکو باران خۆشی دەکردەوە».

سینیۆر کارمیچایل گوتی: «هەتا دوو رۆژی تر خۆشی ناکاتەوە»و چەترەکەی کوژاندەوە.

کۆمەڵە پیاوێک کە خانووێکیان لەسەر شانان بوو و هەتا قاپە رەقەڵانیان لە قوڕێدا بوو بە تەنیشتیاندا تێپەڕین و سووچێکی خانووەکە لە دیواری سەرتاشخانەکە خشا. سینیۆر کارمیچایل لە پەنجەرەکەی‌ڕا چاوی بە کەلوپەلی نێو خانووەکە کەوت کە بەملاو لادا خلۆر دەبوونەوە، ژوورێکی نووستن بوو کە سووکایەتی پێکرابوو. سینیۆر کارمیچایل وای هەست کرد کە بەڵایەکی گەورەی بۆ دێتە خوارێ.

شار، شکڵ و شێوە و دۆخی کاتژمێر شەشی بەیانی هەبوو، بەڵام زگی پێی دەگوت کە کات نزیک نیوەڕۆیە. موسا کە دوکاندارێکی سووریایی بوو داوای لێکرد هەتا باران خۆشی دەکاتەوە بێتە نێو دوکانەکەی ئەوەوە. سینیۆر کارمیچایل، بە پێداگرییەوە پێشبینیەکەی خۆی دووبارە کردەوە کە هەتا چل و هەشت کاتژمێری تر دنیا نابێتەوە بە سامالّ. پاشان تۆزێک راوەستاو ئەوسا بە بازدانێک خۆی گەیاندە سەر شۆستەکەی خانووەکەی تەنیشتێ. چەند کوڕیژگەیەک لە کاتی یاریکردندا، تۆپە قوڕێکیان هاویشت و لە چەند مەتری پانتۆڵە تازە ئوتوکراوەکەی بە دیوارییەوە پان بۆوە. ئەلیاسی سووریایی گەسک بە دەستەوە، لە دوکانەکەی هاتە دەرێ و بە زمانێکی تێکەڵ و پێکەڵی سووریایی و کاستیلی کە وەکو نیشانەکانی بیرکاری دەکەوتە بەرگوێ، هەڕەشەی لە کوڕیژگەکان کرد.

منداڵەکان بە شەوق و زەوقەوە هەڵدەپەڕین.

– تورکی گەمژە، عەرەبانەکەی خۆت راکێشە.

سینیۆر کارمیچایل تەماشای کردو دیتی کە پانتۆڵەکەی پڕیشکە قوڕی پێنەکەوتوون. ئەوسا چەترەکەی کوژاندەوە، چووە سەرتاشخانەکەو یەکسەر لە سەر کورسی دانیشت. سەرتاشەکە گوتی: «من هەمیشە دەڵێم کە تۆ مرۆڤێکی خۆپارێزی».

خاولییەکەی لە دەوری ملی ئاڵاند. بۆنی پنگاو بەرلووتی سینیۆر کارمیچایل کەوت و وەکو بۆنی نێو عەیادەی دکتۆران دڵی پێی تێکەڵ هات. سەرتاشەکە بە بڕینی مووی

پشتەملی دەستی بە کارەکەی خۆی کرد. سینیۆر کارمیچایل بە مشەوەشی چاوێکی بە دەوروبەردا گێڕا تا شتێک بۆ خوێندنەوە بدۆزێتەوە.

- رۆژنامەی لێنییە؟

سەرتاشەکە بێ ئەوەی کە بۆ ساتێکیش دەست لە کارکردن هەڵگرێت وەڵامیدایەوە:

- ئەو رۆژنامانەی کە لە وڵاتدا ماون، هەر رۆژنامە رەسمییەکانن و هەتا منیش لە سەر دنیا مابم ناهێڵم ئەو جۆرە شتانە بێنە نێو ئەم دوکانەوە.

سینیۆر کارمیچایل خۆی بە تێڕامان لە پێڵاوە نوک تیژەکانییەوە خەریک کرد هەتا ئەو کاتەی کە سەرتاشەکە پرسیاری بێوەکەی مۆنتێل-ی لێکرد.

سینیۆر کارمیچایل تازە لە ماڵی ئەو بێوەژنە هاتبوو دەرێ، ئەو ساڵانێکی دوورودرێژ بەرپرسی نووسینگەکەی (دەفتەردار) دۆن چەپێ مۆنتێل بوو و لە دوای مردنیشی ببووە بەردەستی هاوسەرە بێوەکەی.

گوتی: «ماوە، نەمردووە»

سەرتاشەکە بە جۆرێکی وا کە دەتوت قسان لەگەڵ خۆیدا دەکات، لە بەرخۆیەوە گوتی: «پیاو خۆی دەخاتە بن کاری قورسەوەو ئێستاش ژنەکەی ماوەتەوە بەخۆو بەو ملک و ماڵە زۆرەیەوە کە ئەگەر پێنج رۆژان ئەسپی تێدا تاودەی ناگەیە ئەوسەری زەوی و زارەکەی، رەنگە خاوەنی دە شاران بێت».

سینیۆر کارمیچایل گوتی: «سێ شار» پاشان بە باوەڕەوە گوتی: «باشترین ئافرەتی دنیایە».

سەرتاشەکە چووە پاش دامودەزگاکەی تا شانەکە خاوێن بکاتەوە. سینیۆر کارمیچایل لە ئاوێنەکەڕا دەموچاوە بزن ئاساییەکەی دیت و بۆ جارێکی تر تێگەیشت کە بۆچی رێزی بۆ دادەنێت. سەرتاشەکە لە نێو ئاوێنەکەدا تەماشای دەموچاوی کارمیچایلی کردو هاتە قسە:



- کاسبییەکی باشە: حیزبەکەی من دەسەڵات بگرێتە دەست، پۆلیس هەڕەشە لە نەیارە سیاسییەکانم بکات و منیش بەو نرخەی کە بۆ خۆم دیاری دەکەم زەوی و زارو ماڵاتەکەیان لێ بکڕم. بە ئەمە دەڵێن کاسبی.

سینیۆر کارمیچایل سەری خۆی نەوی کرد. سەرتاشەکە دووبارە دەستی کردەوە بە بڕینی قژەکانی و بەم شێوەیە قسەکەی خۆی تەواو کرد: «کاتێک کۆتایی بە هەڵبژاردنەکان بێت، من بوومەتە خاوەنی سێ شارو رکابەرم نییە و لەم کەین و بەینەدا بوومە خاوەن دەسەڵاتێکی وا تەنانەت ئەگەر حکومەتیش بگۆڕدرێت، من تازە گۆلکی خۆم بەستۆتەوە. بە کورتی، ئەمە باشترین کاسبی دنیایە، تەنانەت لە چاپکردنی پارەی ساختەش باشترە».

سینیۆر کارمیچایل گوتی: «خۆزێ مۆنتێل زۆر لە پێش ئاژاوە سیاسییەکاندا دەوڵەمەند بوو».

سەرتاشەکە گوتی: «بەڵێ، لە نێو کۆختەیەکداو لە بەردەرکی عەمبارێکی برنج ئێشکی دەگرت. دەڵێن یەکەم جووت پێڵاوی خۆی لە تەمەنی نۆساڵیدا لە پێ کردووە».

سینیۆر کارمیچایل پشتگیری لە قسەکەی کرد: «تەنانەت ئەگەریش کە ئەمە راست بێت، بێوەکە هیچ دەستێوەردانی نەبووە لە کارە بارزگانییەکانی مۆنتێلدا».

سەرتاشەکە گوتی: «خۆی کەر کردبوو».

سینیۆر کارمیچایل سەری خۆی بەرزکردەوەو خاولییەکەی دەوری ملی خۆی شل کردەوە بۆ ئەوەی هەوایەک لێی بدات و بە ناڕەزاییەوە گوتی: «هەر لەبەر ئەوەیە کە وای بە چاک دەزانم کە هەموو جارێ ژنەکەم قژم بۆ کورت بکاتەوە چونکە پارەم لێوەرناگرێ و لەویش گرنگتر ئەوەیە کە دەم لە سیاسەت ناکوتێ».

سەرتاشەکە ملی درێژ کردو سەری بردە پێشێ و لە بێدەنگیدا درێژەی بە کارەکەی خۆیدا. جاری وابوو هەر لە هەوا قەوچە قەوچە بە مقەسەکەی دەستی دەکرد تا کارامەیی خۆی نیشان بدات. سینیۆر کارمیچایل گوێی لە گاڵەگاڵێک بوو کە لەسەر شەقامڕا دەهات و لە ئاوێنەکەوە تەماشای کرد: ژن و منداڵێ کەلوپەل بە دەستەوە، لە تەنیشت ئەو

خانوانەی کە خەریکی گواستنەوەیان بوون بە بەردەگای سەرتاشخانەکەدا تێدەپەڕین. بە سەرو دڵی گیراوەوە گوتی:

– بەدبەختی خەریکە دەمانخوات، کەچی ئێوە ئێستاش رق و کینەی سیاسیتان هەر لە دڵدایە. ساڵانێکە کە گرتن و راوەدونان کۆتایی پێهاتووە بەڵام ئێستاش ئێوە هەر باسی ئەو شتانەی پێشوو دەکەن.

– هەر ئەوەی کە وازیان لێهێناوین بۆ خۆی جۆرێکە لە گرتن و راوەدونان.

– خۆ ئیدی لێمان نادەن.

– بەرەڵڵاکردن و لە کۆڵ خۆکردنەوەش جۆرێکە لە لێدان و پێدادان.

سینیۆر کارمیچایل لە قسەکەی هەڵبەزییەوە:

– ئەمانە قسەی رۆژنامەکانن.

سەرتاشەکە بێدەنگ بوو. لە نێو قاپێکدا کەفاوی گرتەوەو بە فرچە لە پشتەملی سینیۆر کارمیچایلیدا. بە پۆزش هێنانەوەوە گوتی: «ئاخر پیاو ئەگەر قسان نەکات لە حەیفان دەدرێ، جگە لەوەش مرۆڤی بێلایەن کەم وەگیر دەکەوێ».

سینیۆر کارمیچایل گوتی: «ئەو کەسەی کە دەبێ یازدە منداڵان تێر بکات هەر دەبێ بەبێ لایەنی بمێنێتەوە».

سەرتاشەکە گوتی: «قبووڵە».

لەسەر لەپی دەستی خشەخشی بە مووسەکە کردو لە بێدەنگیدا پشت ملی کارمیچایلی تاشی. کەفاوی سابوونەکەی لەسەر پەنجەی کۆکردەوەو پاشان قامکی بە پانتۆڵەکەی خۆی سڕینەوەو سەرەنجام توێژێک زاخی سپی لە پشت ملی هەڵسوو لە بێدەنگیدا کارەکەی خۆی تەواو کرد.

سینیۆر کارمیچایل لەو دەمەیدا کە خەریکی داخستنەوەی قۆپچەکانی یەخەی بوو، چاوی بە نووسراوێک کەوت کە لە دیوارەکەی پشتەوە درابوو: باسکردنی سیاسەت قەدەغەیە.



مووەکانی سەرشانی خۆی تەکاندن و چەترەکەی هاویشتە سەر قۆڵی خۆی و ئاماژەی بە نووسراوەکە کرد:

– بۆ لێی ناکەیەوە؟

سەرتاشەکە گوتی: «ئەوە بۆ تۆ نییە. خۆ ئێمە لەسەر ئەوە رێکەوتین کە جەنابت بێلایەنی».

سینیۆر کارمیچایل، ئەمجارەیان بێ ئەوەی چیدی لەسەری بڕوات خۆی گەیاندە سەر شۆستەکە. سەرتاشەکە هەتاکو سەرپێچی شەقامەکە بە چاوان بە دوای کەوت. ئەوسا دیمەنی خرۆشان و هەڕەشە ئامێزی رووبارەکە، بەرەبەرە بە شاگەشکەی خست. باران خۆشی کردبۆوە، بەڵام هەورێکی پڕکەوتبووە سەر شاری. کەمێک بەر لە کاتژمێر یەک، مووسای سوریایی خۆی بە ژووردا کردو سکاڵای لە وەرینی مووەکانی تەپڵە سەری کردو گوتی کە لە بری ئەوەش بە خێراییەکی لە رادەبەدەر پشتەملی مووی لێدەڕوێن.

ئەو پیاوە سوریاییە هەموو دووشەمموان قژی خۆی کورت دەکردەوەو لە کاتی سەرچاککردنیدا، سەری خۆی نەوی دەکردو بە عەرەبی پرخەپرخی دەکردو سەرتاشەکەش بە دەنگی بەرز قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد. بەڵام ئەم دووشەممەیان، لەگەڵ یەکەم پرسیاردا وێژینگەکەی پچڕا.

– ئەگەر زانیت لە پێش پێی تۆدا کێ لێرە بوو؟

سورییایەکە گوتی: «کارمیچایل».

سەرتاشە هەروەکو بڵێی خەریکی حینجە کردنی قسەکەیەتی، گوتی:

«کارمیچایل، پیرەسەگی چڵکاو خۆر. زۆرم رق لەو جۆرە کەسانەیە». مووسای سوریایی گوتی: «جا خۆ کارمیچایل پیاو نییە، سێ ساڵیش زیاترە کە جووتە پێڵاوێکیشی نەکڕیوە، بەڵام لە سیاسەتدا ئەو کارە دەکات کە دەبێ بیکات: چاوی خۆی دەنوقێنێ، حیسابی هەموو شتێکیشی لە لایە».

دەستێکی بە ریشی چەناگەی خۆیدا هێناو دووبارە بە پرخەپرخ کەوتەوە. بەڵام سەرتاشەکە لە سەر سینگی خۆی دەستی لە سەر یەک دانان و چووە پێشی راوەستا: «دە پێم بڵێ

بزانم ئەی تورکی چەپەڵ، ئاخری نابێ بزانین داخۆ تۆ لایەنگری کێی؟» کابرای سوریایی بەبێ ئەوەی بشڵەژێ، وەڵامیدایەوە:

«خۆم».

سەرتاشەکە گوتی: «هەر پێت وابێ، خۆ هەر هیچ نەبێ دەبوایە ئەو چوار پەراسوەی ئەلیاسی هاووڵاتیت لەبیر نەچێتەوە کە بە فەرمانی دۆن چەپێ مۆنتێل شکاندیانن».

پیاوە سورییاییەکە گوتی: «ئەلیاس بۆ خۆشی لە دەستی کوڕەکەی کە چۆتە نێو سیاسەتەوە مێشکی ئەستوور بووە. بەڵام ئەمڕۆکە ئەو کوڕە لە بەڕازیل بۆ خۆی سەما دەکاو رادەبوێرێ و دۆن چەپێ مۆنتێلیش مردووە».

سەرۆکی شارەوانی پێش ئەوەی لە ژوورێ بچێتە دەرێ کە بە هۆی شەوانی درێژو پڕ لە ئازارییەوە بە سەریەکدا درابوو، لای راستی روومەتی خۆی تاشی و گوێی نەدایە لایەکەی دی کە حەوت رۆژ بوو نەیتاشیبوو. ئەوسا بەرگێکی (یونیفۆرم) خاوێنی لەبەر کردو چەکمە چەرمییە بریقاوەکانی لەپێ کردن و بە سوود وەرگرتن لەو ماوە کورتەی کە باران خۆشی کردبۆوە، بۆ نان خواردن چووە میوانخانە. هۆڵی نان خواردن کەسی لێنەبوو، سەرۆکی شارەوانی بە نێو مێزە بچووکە چوار کەسییەکاندا بەرەوپێش رۆیشت و لاتەریکترین شوێنی بۆ دانیشتنی خۆی هەڵبژارد.

بانگی کرد: «نەقاب».

کچێکی زۆر گەنج بە جلێکی تەسک و کورتەوەو جووتە مەمکێکی وەکو بەردی رەقەوە وەڵامی دایەوە. سەرۆکی شارەوانی بێ ئەوەی سەیری بکات، فەرمانی هێنانی خواردنی نیوەڕۆی پێدا. کچەکەش بەرەولای ژووری چێشت لێنان رۆیشت و لە سەر رێگای خۆی، رادیۆی سەرتاقەکەی ئەوسەری هۆڵەکەی هەڵکرد. بەرنامەی دەنگوباس بە چەند وتەیەکی وتارەکەی شەوی پێشووی سەرۆک کۆمار دەستی پێکرد، پاشان لیستی ئەو فیلمانە خوێندرایەوە کە قەدەغە کرابوون بێنە نێو وڵات. دەنگی بێژەرەکە ئەو ناوەی پڕ کردو پلەی



گەرماش بەرزبۆوە. کاتێک کچەکە بەخۆ و بە سوپەوە گەڕایەوە، سەرۆکی شارەوانی بە کڵاوەکەی خۆی باوەشێن دەکرد بۆ ئەوەی خۆی فێنک بکاتەوە.

کچەکە گوتی: «دەنگی رادیۆیەکە ئارەق بە منیش دەکات».

سەرۆکی شارەوانی دەستی کرد بە خواردنی سوپەکە. ئەو هەمیشە لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو میوانخانەیە لاتەریکەی کە کەم کەس رووی تێدەکەن، بەو دەستگێڕانەی کە جارجارە دەهاتن و کاری میوانخانەکەش هەر بەوانەوە دەسووڕا، شوێنێکە کە لە شوێنەکانی تری شار جیایە. لە راستیدا تەمەنی میوانخانەکە پتر بوو لە تەمەنی شارەکە. ئەو بازرگانانەی کە لە ناوەڕاستی وڵاترا بۆ برنج کڕین دەهاتن، شەوانە لەسەر باڵکۆنییە دارە رزیوەکەی میوانخانەکە. لە چاوەڕوانی فێنکایەتی بەرەبەیاندا، بە پەڕین شەویان بەڕێدەکرد تا لە فێنکی بەیاندا بخەون. عەقید ئارلیانۆ بوێندیا، لە کۆتایی دوایین شەڕی ناوخۆییدا، کاتێک کە بۆ دیاریکردنی مەرجەکانی خۆبەدەستەوەدان دەچوو بۆ ماکاندۆ، لە سەر رێگای خۆی لەم میوانخانەیە دابەزیو هەر لەسەر ئەم باڵکۆنییە نووست. لەو سەردەمەدا، هەتاکو مەودای چەندین کیلۆمەتری دەوروبەری میوانخانەکەش، هیچ شارێکی لێنەبوو. هەر ئەم خانووەی لێبوو، بە هەمان دیواری تەختەییەوە، هەر ئەم سەربانە تەنەکەیەو ئەم هۆڵی نان خواردنەو ئەم نێوانە بە کارتۆن گیراوانە. بەڵام لەو سەردەمەدا کارەباو ئاودەستی نەبوو. وردەواڵە فرۆشێکی گەڕۆکی پیر دەیگوت هەتا کۆتاییەکانی سەدەی پێشووش لە هۆڵی نان خواردندا موشتەرییەکان چەند دەمامکێکیان لە بەردەست دابوو کە دەموچاوی خۆیانیان پێ دادەپۆشی و لە حەوشێدا لە بەرچاوی هەمووان کاری خۆیانیان دەکرد.

سەرۆکی شارەوانی بۆ تەواوکردنی سوپەکەی، ناچاربوو قۆپچەی یەخەکەی بکاتەوە. لە دوای دەنگوباس، بە وشەگەلێکی بە باق و بریقەوە رێکلامی بازرگانی پەخشکراو بە دوای ئەویشدا مۆسیقایەکی بولروی[5] هەست بزوێن. پیاوێک بە دەنگێکی نەرمی دەسکرد، لەبەر تینی ئەوینێکی لە حاڵی سەرخۆشیدا، بڕیاری داوە تا بۆ گەڕان بە دوای ئافرەتێکدا، ئەمسەرەو سەری دنیا بکات.

(٥) جۆرێک مۆسیقایە. وەرگێڕ

سەرۆکی شارەوانی بە دەم چاوەڕوانییەوە تاکو خواردنەکەی تری بۆ دەهێنن، سەرنجی دایە هۆڵەکە، چاوی بە دوو منداڵان کەوت کە دوو کورسی ئاسایی و کورسییەکی بێشکەییان پێبوو و بە بەردەم میوانخانەکەدا تێدەپەڕین و دوابەدوای ئەوانیش دوو ژن و پیاوێک بە هێندێک قاپ و قاچاغ و مەنجەڵ و هێندێک شتی تریشەوە تێپەڕین.

بەرەو لای دەرگای میوانخانەکە ڕۆیشت و هاواریکرد:

– ئەو شتانەتان لە کوێ دزیون؟

ژنەکان ڕاوەستان. پیاوەکە بۆی ڕوونکردەوە کە خەریکن ماڵەکەیان بۆ شوێنێکی بەرزتر دەگوازنەوە. سەرۆکی شارەوانی لێی پرسی داخۆ ماڵەکەیان بۆ کوێ بردووە، پیاوەکەش بە کڵاوەکەی ئاماژەی بە شوێنێک کرد لەلای خوارێ:

– بۆ ئەوێ، لەو پارچە زەوییەدا کە بە شەش پیزۆ لە دۆن ساباسمان بە کرێ گرتووە.

سەرۆکی شارەوانی تەماشایەکی کەلوپەلەکانی کردن، کورسییەکی بێشکەیی لەبەریەک هەڵوەشاو، هەندێک مەنجەڵی کون کون: کەلوپەلی خەڵکی هەژار.

هەندێک بیری کردەوە، پاشان گوتی:

– ئەو خانووانە و هەموو شتەکانی دیکەتان ببەنە سەر ئەو پارچە زەوییە بەتاڵەی تەنیشت قەبرستانەکە.

پیاوەکە لە مەبەستی تێنەگەیشت و گێژبوو.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئەو زەوییە هی شارەوانییە و پارەشی تێناچێت. شارەوانی بە ئێوەی دەبەخشێت».

ئەوسا ڕووی کردە ژنەکەو گوتی: «لە بری من بە دۆن ساباس بڵێ با نەبێتە دزی سەر زینو».

بێ ئەوەی تامی لێبکات لە خواردنەکەی بۆوە. پاشان جگەرەیەکی داگیرساندو بە قونجکە جگەرەکەی یەکەم، جگەرێکی تریشی داگیرساندو بۆ ماوەیەکی درێژ ئانیشکی لە سەر مێزەکە دانان و کەوتە بیرکردنەوەوە. ڕادیۆش لێک لێک بولروی عاشقانەی دەردەدا.



کچەکە بەدەم کۆکردنەوەی قاپەکانی سەر مێزەکە لێی پرسی:

– بیر لە چی دەکەیەوە؟

سەرۆکی شارەوانی بێ چاوتروکاندن گوتی:

– لەو خەڵکە لێقەوماوە.

پاشان کڵاوەکەی نایە سەری و بەرەو ئەوسەری هۆڵەکە ڕۆیی، لە بەردەرگا ئاوڕیدایەوە و گوتی:

– دەبێ کارێکی وا بکەین کە ئەم شارە بۆگەنە مەداری تێدا بکرێت.

چەند هەنگاوێک نەڕۆیشتبوو و نەگەیبووە سەر پێچەکە، شەڕی خوێناوی سەگەکان ڕایانگرت. تۆ پەڵەیەکی لە پشت و لاقی سەگەکان دیت لە نێو تەپوتۆزو وەڕیندا، پاشان بریقانەوەی کەڵبە سپییەکان و سەرەنجام سەگێک کە لاقێکی دەشەلی و کلکی خۆی لە نێو گەڵان نابوو. سەرۆکی شارەوانی خۆی وەلا خست و چووە سەر پیادەڕۆییەکەو بەرەو بنکەی پۆلیس بەڕێکەوت.

لە نێو بەندیخانەدا، ژنێک هات و هاواری دەکردو پاسەوانەکەش لە بەردەرگا، لە سەر قەرەوێڵێکی سەربازی ڕاکشابوو و چوو بووە خەوی پاش نیوەڕۆییانەوە. سەرۆکی شارەوانی شەقێکی لە قەرەوێڵەکە هەڵدا. پاسەوانەکە لە خەوێ ڕاپەڕی و لە جێی خۆی قیت بۆوە.

سەرۆکی شارەوانی ئاماژەی بۆ ژنەکە کردو پرسیاری کرد «کێیە؟».

پاسەوانەکە لە حاڵەتی ئامادەباشیدا ڕاوەستا.

– ئەو ژنەیە کە جنێونامەکانی بە دیوارانەوە دەنوساند.

سەرۆکی شارەوانی بەردەستەکانی خۆی دایە بەر جنێوان. دەیویست بزانێ داخۆ چ کەسێک ئەو ژنەی هێناوەتە ئەوێ و بە فەرمانی کێ بەند کراوە.

پاسەوانەکان بە تێروتەسەلی بۆیان ڕوونکردەوە.

– کەی گرتووتانە؟

رۆژی شەممە گرتبوویان.

سەرۆکی شارەوانی بە سەریدا نەڕاندن: «زۆر باشە، ئەو دێتە دەرێ و یەکێک لە ئێوە دەچێتە شوێنەکەی. ئەو دەمەی کە ئەم ژنە لە بەندیخانەدا نووستبوو، هەموو خەڵکی شار لە بەر بارانی کاغەزەکان لە خەوێ هەستان».

هەرکە دەرگا قورسە ئاسنینەکە کرایەوە، ژنێکی تەمەن مامناوەندی بە ئێسکێکی ئەستوورو قژێکی ئاڵقەکراو کە بە شانەیەک راگیرابوو، بە هات و هاوار کردنەوە هاتەدەرێ.

بە سەرۆکی شارەوانی گوت: «ون بە لە بەرچاوم».

ژنەکە شانەکەی لە ئاڵقەی گەورەی قژەکانی کردەوەو کەزییە درێژو پڕەکانی پەرێشان و بڵاوکردن و چەند جارێکان رایوەشاندن. کاتێک کە وەکو ئەسپی چەمووش لە قادرمەکان دەچووە خوارێ، هاواریکرد: «بیژو، بیژو». سەرۆکی شارەوانی خۆی بە سەر نەردەکەدا شۆڕکردەوەو بە هەموو تاقەتی خۆی، کە دەتوت گەرەکییەتی نەک تەنیا هەر پاسەوانە بەردەستەکانی و ئەو ژنە، بەڵکو تەواوی شارەکە گوێی لێبێت نەڕاندی:

– ئیدی بەو کاغەزە نەفرەت لێکراوانە مێشکم نەخۆن.

سەرەڕای ئەوەی کە باران نم نم دەباری، بەڵام بابە ئانجێل بۆ پیاسەی پاش نیوەڕۆیان لە ماڵێ وەدەرکەوت. هێشتا مابووی بۆ کاتی دیتنی سەرۆکی شارەوانی:

بۆیە رووی کردە ئەو بەشانەی شار کە لافاویان لێهاتبوو. لەوێ تەنیا شتێک کە چاوی پێکەوت، لاشەی سەراوکەوتووی پشیلەکان بوو لە نێو قوڕاوێدا.

لە کاتی گەڕانەوەیدا هەوای پاش نیوەڕۆ بەرەبەرە ویشک و گەرمتر دەبوو. هێندێک کاغەزی لە قیرِ هەڵکشاو لەسەر رووبارە شلوێ و مەندەکە دەڕۆیشتن. لە خانووێکی نیمچە وێراندا، منداڵێک غاریدایە دەرێ و هاواری دەکرد کە لە نێو سەدەفێکدا



دەریای دۆزیوەتەوە. بابە ئانجێل سەدەفەکەی بە گوێی خۆیەوە نا، هەر بە راستیش دەریا لەوێدا بوو.

هاوسەرەکەی دادوەر ئەرکادیۆ لەبەر دەرکەی ماڵێ دانیشتبوو، هەروەکو کە بڵێی داڵغەی لێداوە دەستی لە سەر ورگی خۆی ئاڵقە کردبوون و چاوی بڕیبووە کەڵەکەکە. سێ خانوو لەولاترەوە، ریزکردنی دوکانە بە جامخانەکانی پڕ لە وردەو پردەو ئەو سورپاییەی بێ تاقەتانەی کە لە بەردەمی دوکانەکانیان دادەنیشتن، دەستی پێدەکرد. پاش نیوەڕۆ، بە پەڵە هەوری پڕو قیژەقیژی توتی و مەیموونەکانی کەنارەکانی بەرامبەر، رووەو کۆتایی بوو.

دەرگای ماڵەکان یەک بە یەک کرانەوە. لە گۆڕەپانەکەو لە بن داربایەوە چڵکنەکاندا، لە تەنیشت عارەبانەی ساردی فرۆشە گەڕۆکەکان، یان لە سەر کورسییە بەردینە کۆنەکانی نێو باخە پڕ لە قوڕو قاڵەکاندا، پیاوەکان کۆدەبوونەوەو باس و خواسیان دەکرد. بابە ئانجێل بیری کردەوە کە هەموو رۆژێ پاش نیوەڕۆیان، لە ساتەوەختێکی ئاوادا، لە شاردا موعجیزە دەخولقێ.

– بابە، گیراوەکانی ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێت لەبیر ماون؟

بابە ئانجێل، دکتۆر جیرِاڵدۆی نەدیت، بەڵام روخساری دەم بە پێکەنینی وی لە پاش پەنجەرەی تۆڕییەوە لە زەینی خۆیدا بەرجەستە کرد. ئەوەی راستی بێت ئەو وێنانەی بە چاکی لەبیر نەمابوون، بەڵام دڵنیا بوو لەوەی کە رۆژێک لە رۆژان ئەو جۆرە وێنانەی دیتوون.

دکتۆر گوتی: «فەرموو بڕۆ بۆ ژووری چاوەڕوانی».

بابە ئانجێل پاڵی بە دەرگایە تەل هێلەکەکەوە ناو کردییەوە. منداڵێک کە نەدەزانرا داخۆ کوڕە یان کچە لەسەر دۆشەکەکە راکشابوو جگە لە ئێسکە پەیکەرێک نەبوو کە لە نێو پێستێکی زەردیان هەڵکێشابێت. ژنێک و دوو پیاویش لە پاش پەردەکەوە بە دیارییەوە دانیشتبوون و چاودێریان دەکرد. قەشەکە هەستی بە هیچ بۆنێک نەکرد، بەڵام مەزەندەی ئەوەی کرد کە ئەو بوونەوەرە دەبێ بۆنێکی زۆر قورس و ناخۆشی لێبێت.



PDF 4 KURD

پرسیاری کرد: «ئەوە کێیە؟».

ژنەکە وەڵامی دایەوە: «ئەوە کوڕی منە»و بە پۆزش هێنانەوەوە درێژەیدا بە قسەکەی خۆی: «ماوەی دوو ساڵە کە پیساییەکەی هێندێک خوێنی لەگەڵدایە».

نەخۆشەکە بێ ئەوەی سەری خۆی بجووڵێنێ، چاوی بۆ لای دەرگای ژوورەکە هەڵگێڕانەوە. قەشەکە هەستی بە ترس و بەزەیی کرد.

لێی پرسی: «ئێ باشە، ئێوە چیتان بۆ کردووە؟»

ژنەکە گوتی: «ماوەیەک مۆزی سەوزمان دەدایە، سەرەڕای ئەوەی کە تامی خۆشەو بۆشی چاکە، بەڵام ئیشتیای لێنییە».

قەشەکە گوتی: «دەبێ بیهێنن بۆ ئەوەی گوێبیستی دانپیانانی بیم».

بەڵام بەبێ بڕوابوون ئەم قسەیەی کرد. بە پارێزەوە دەرگایەکەی پێوەدایەوەو نینۆکی بەسەر تۆڕە تەل هێلەکەکەدا هێنا. سەری خۆی بردە پێشێ تا لە نێو عەیادەکەدا چاوی بە دکتۆر بکەوێت. دکتۆر جیراڵدۆ شتێکی لە نێو ئاونگدا دەکوتا.

قەشەکە لێی پرسی: «نەخۆشییەکەی چییە؟».

دکتۆر وەڵامی دایەوە: «هێشتا پشکنینم بۆ نەکردووە»و بە شێوەیەکی بیرمەندانە گوتی: «بابە، هەندێک بەڵا هەن کە بە دەستی چارەنووس بەسەر خەڵک دێن».

بابە ئانجێل ئەم قسەیەی بێ وەڵام هێشتەوەو گوتی: هیچ کام لەو مردووانەی کە لە ژیانی خۆمدا دیتوومن، بە قەد ئەم بەستەزمانە سەرو سەکوتی مردووانیان نەبووە». پاشان ئەو شوێنەی بەجێهێشت.

لە بەندەرگا هیچ پاپۆڕێکی لێنەبوو. دنیا خەریک بوو تاریک دادەهات. ئەوسا بوو بە بیری هاتەوە کە بۆ چاوپێکەوتنی سەرۆکی شارەوانی درەنگ بووەو بەرەو لای بنکەی پۆلیس پێی لێهەڵێنا.

سەرۆکی شارەوانی لە سەر کورسی خۆی لە نێو دەستان گرتبوو و بێ ئاگا ببوو.



قەشەکە بە هێواشی سەلامی لێکرد.

سەرۆکی شارەوانی سەری بەرزکردەوە. قەشەکە بە دیتنی داماوی ئەو چاوە سوورهەڵگەڕاوانە، لەرزی هاتێ، لایەکی روومەتی جوان و تاشرابوو، بەڵام لاڕوومەتەکەی تری بەو رۆنە خۆڵەمێشییەی کە تێی هەڵسوابوو، شێوەی زەلکاوێکی شلوێی بەخۆوە گرتبوو. سەرۆکی شارەوانی بە ناڵەناڵێکی کپەوە گوتی: «بابە، بە گوللە خۆم نەجات دەدەم».

بابە ئانجێل واق وڕمانێکی سەیری لە خۆیدا هەست پێکرد.

گوتی: «ئەم هەموو ئەسپرینە مەستی کردووی».

سەرۆکی شارەوانی لە تاو ئازاری ددانی، خۆی گەیاندە پەنا دیوارو سەری خۆی لە نێو هەردووک دەستیدا راگوشی و بە توڕەیی و توندی لە تەختەکانی راکێشا. قەشەکە قەت ئازاری وای بە چاوی خۆی نەدیتبوو.

گوتی: «دوو حەبی تریش بخۆ» بۆ خۆشی دەیزانی کە ئەم پێشنیارە تەنیا بۆ چارەسەکردنی ناڕەحەتی خۆی دەکات. «خۆ دوو حەبی دیکە بخۆی پێیان نامری».

ئەڵبەتە ئەم قسەیە بە راستیش هەروابوو، بەڵام بۆ خۆی چاک دەیزانی کە توانای دیتنی ئازاری مرۆڤەکانی نییە. لە شوێنە بەتاڵەکانی هۆدەکەدا لە حەبە هێورکەرەوەکان گەڕا. پەنا دیوارەکە چوار پایەکی چەرمی لێبوو لە تەنیشت ئەویش قەفەزەیەکی شووشەی پڕ لە کاغەزی تۆزلێنیشتووی لێبوو، وێنەیەکی چاپی بەردی سەرۆک کۆماریش بە دیوارەوە داکوترابوو. تەنیا نیشانەیەک لە حەبەکان کە بەرچاوی کەوت، پارچە کاغەزێکی زەردی گرمۆڵە کراوبوو کە لەسەر زەوی کەوتبوو.

بە پەلە پرسیاری کرد: «حەبەکان لە کوێن؟»

– ئیدی کارم تێناکەن.

قەشەکە خۆی بە سەردا نووشتاندەوەو لێی دووبارە کردەوە: «پێم بڵێ حەبەکان لە کوێن».

سەرۆکی شارەوانی رەنگی بە سەختی تێکچڕژاو بابە ئانجێل دەموچاوێکی گەورەو سامناکی لە مەودای نێوان چەند گرێ پەنجەیەکدا دیت.

سەرۆکی شارەوانی بە سەریدا نەڕاند: «هەی بێ دین، خۆ پێم گوتی کە بە قەد نووکی دەرزی کار لە منی سەگباب ناکەن». پاشان چوارپایەکی بۆ سەرسەری خۆی هەڵبڕی و هەموو هێزی خۆی کۆکردەوەو هیوا براوانە بەرەو قەفەزە شووشەکەی فڕێدا. بابە ئانجێل لە دوای وردوخاش بوونی شووشەی قەفەزەکە، ئەوسا بۆ دەرکەوت کە چ شتێک روویداوەو دیتی کە وا سەرۆکی شارەوانی وەک تارماییەک بە ئارامی لە نێو تەپوتۆزدا هەڵدەستێتەوە. لەو دەمەدا بێدەنگییەکی تەواو باڵی بەسەر ئەوێدا کێشا.

قەشەکە بە هێواشی گوتی: «جەنابی مولازم».

پاسەوانەکان بە تفەنگی لە سەر پێوە لە بەردەرکەی هەیوانەکە راوەستابوون.

سەرۆکی شارەوانی تەماشای کردن بەڵام نەیدیتن. هەناسەی وەکو پشیلە بە لرخەلرخ کەوتبوو، پاسەوانەکان تفەنگەکانیان لە شانی هێنایە خوارێ، بەڵام هەر لە شوێنی خۆیان بێ جووڵە راوەستان. بابە ئانجێل دەستی سەرۆکی شارەوانی گرت و لەسەر کورسی داینشاند.

هەر وازی نەدەهێنا: «حەبە هێورکەروەکان لە کوێن؟»

سەرۆکی شارەوانی چاوی لە سەر یەکنان و سەری بردە دواوەو گوتی: «من ئیدی لەو زبڵ و زاڵانە ناخۆم. گوێم زیکە زیکیان لێدێت، ئێسکی جامی سەرم خەریکە وەک بن میچی ژوورەکە بە سەرمدا دەڕووخێ». لە میانەی هێوربوونەوەیەکی کورت خایانی ئازارەکەی، رووی خۆی بۆ لای قەشە سووڕاندو لێی پرسی:

– لەگەڵ دکتۆری دداندا قسەت کردووە؟

قەشەکە بە بێدەنگی وەڵامیدایەوە بەڵێ.

بەو حاڵەتەی کە پاش وەڵامدانەوەکەی قەشەکە بەخۆیەوە گرت، سەرۆکی شارەوانی دەرەنجامی گفتوگۆی نێوان خۆی و قەشەکەی بۆ روون بۆوە.



قەشەکە پێشنیاری کرد: «بۆچی لەگەڵ دکتۆر جیراڵدۆدا قسە ناکەی؟ هێندێک دکتۆر ددانانیش دەکێشن».

سەرۆکی شارەوانی بە نابەدڵی وەڵامیدایەوە: «رەنگە ئەویش پێم بڵێ کە گازی ددان کێشانی نییە»و پاشان درێژەیدا بە قسەکەی.

– پیلانە.

پاشان هێوربوونەوەی ئازاری ددانەکەی قۆزتەوە تا لەو پاش نیوەڕۆیە بێ بەزەییەدا وچانێک بدات. وەختێک چاوی هەڵێنانەوە، ژوورەکە نیمچە تاریک بوو و بەبێ ئەوەی کە چاوی لە بابە ئانجێل بێت گوتی: «لەبەر ئیشەکەی سیزار مۆنترۆ هاتبووی بۆ ئێرە؟»

وەڵامێکی بەرگوێ نەکەوت. درێژەی دایە: «بەم ئازارەوە هیچم بۆ نەکراوە» ئەوسا هەستا تا گڵۆپەکە هەڵکات و یەکەم شەپۆلی مێشوولەکان لە باڵکۆنییەکەوە هاتنە ژوورێ. بابە ئانجێل سەری لە تێپەڕبوونی ئەو هەموو کاتە سووڕما.

– زۆر درەنگ بووە.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «بە هەرحاڵ دەبێ هەتا رۆژی چوارشەممە بەڕێی بکەین. سبەینێش هەر چۆنێکی بە چاکتان زانی ئاوا کارەکە ساز بکەو پاش نیوەڕۆیەش گوێبیستی دانپیانانی ببە».

– کاتژمێر چەند؟

– کاتژمێر چوار.

– ئەگەر بارانیش ببارێت؟

سەرۆکی شارەوانی بە یەک تەماشاکردن هەموو ئەو بێ تاقەتییەی دوو هەفتە ددان هێشانی وەلانا:

– تەنانەت ئەگەر ئاسمانیش بەسەر زەویدا بڕوخێت، بابە.

حەبە هێورکەرەوەکان ئیدی کاریگەرییان بەسەر ئازارەکەوە نەمابوو. سەرۆکی شارەوانی لە

بالکۆنییەکە جۆلانەی هەڵواسی و هەوڵیدا تا لە فێنکایەتی سەرەتای شەودا خەوی لێبکەوێت. بەڵام بەر لە کاتژمێر هەشت، دیسان لە داماوی ئازاردا جینگڵی دان و هاتەخوارێ و چوو بۆ گۆڕەپانی شار. گۆڕەپانەکە لە شەپۆڵێکی چڕی گەرمادا دەکوڵی.

ماوەیەک بەبێ ئامانجی هاتووچوو، بەڵام دەستی بەو ئیلهامانە نەگەیشت کە بۆ هێوربوونەوەی ئازارەکەی پێویستی پێیان هەبوو. چوو بۆ سینەما، بەڵام کارێکی هەڵە بوو، چونکە هارەهاری فڕۆکە جەنگییەکان ئازارەکەیان زیاتر کردو بەر لە پشووی نێوان فیلمەکە لە سینەما هاتە دەرێ و خۆی گەیاندە دەرمانخانەیەک کە دۆن لالو مۆسکۆتێی خاوەنی دەرمانخانەکە، ڕێک لەو دەمەدا خەریکی داخستنی بوو.

– بەهێزترین دەرمانی ددان هێشانم بدەیە.

دەرمانسازەکە بە نیگایەکی نەفامانە چاوی بە لاڕوومەتی داگیرا. ئەوسا چووە پاش قەفەزە شووشەییە دوو ریزەکان کە لە هەر کامێکیاندا قاپی چینی لە تەنیشت یەکتری ریزکراویان تێدابوو و لەسەر هەر یەکێکیانیش بە رەنگی شین ناوی دەرمانەکەی لە سەر نووسرابوو. سەرۆکی شارەوانی کاتێک کە لە پشتەوەڕا سەیری دەکرد، وای هەستکرد کە ئەو پیاوە بەو پشتەملە رەنگ پەمەییە گەمژانەیەوە، رەنگە کاتی خۆش و بێ ئازار بەسەر ببات. سەرۆکی شارەوانی دەیناسی. ئەو پیاوە لە دوو ژووری پاش دوکانەکەیدا لەگەڵ ژنە قەڵەو و شەپلە لێدراوەکەیدا (ئیفلیج) رۆژگاریان بەسەر دەبرد.

دۆن لالو مۆسکۆتێ چووە پشت پێشخوانەکەو شووشەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە کاغەزی لێنەدرابوو. کاتێک سەری شووشەکەی هەڵپچڕی، بۆنی سەوزەواتی شیرینی لێبەرزبۆوە.

– ئەوە چییە؟

دەرمانفرۆشەکە پەنجەی بە نێو دەنکە رازیانە وشککراوەکاندا رۆبردو گوتی: «رازیانەی تیژە. چاک بیجوو پاشان بە هێواشی ئاوەکەی قووت بدە. هیچ شتێک لەمە باشتر نییە بۆ رۆماتیزم». چەند دەنکێکی لەسەر لەپی دەستی خۆی دانان و لەسەر چاویلکەکەیەوە تەماشای سەرۆکی شارەوانی کردو گوتی:



– زارت بکەوە.

سەرۆکی شارەوانی سەری خۆی بۆ دواوە کێشایەوەو جارێک شووشەکەی لە نێودەستیدا هەڵسووراند تا دڵنیا بێت داخۆ هیچی لەسەر نووسراوە. پاشان دووبارە چاوی بڕینەوە دەرمانفرۆشەکە:

شتێکی بیانیم بدەیە.

دۆن لالو مۆسکۆتێ گوتی: «ئەمە لە هەموو شتێکی بیانی باشترە. عەقڵی گشتی بۆ سێ هەزار ساڵ زەمانەتی دەکات».

پاشان دەستیکرد بە پێچانەوەی دەنکە رازیانە وشککراوەکان لە نێو پارچە کاغەزێکی رۆژنامەدا. ئەو کابرایە سەرو سەکوتی لە سەرۆکی خێزانی نەدەکردو وەکو خاڵی منداڵەکان دەچوو. دەنکە رازیانەکانی بە جۆرێکی وا وردو بە دیقەت و راراییەوە لە نێو کاغەزەکەوە دەپێچان کە دەتووت باڵندەی کاغەزی بۆ منداڵان دروست دەکات و پێش ئەوەی سەری خۆی بەرز بکاتەوە، دەستی کرد بە زەردەخەنە.

– بۆ ددانەکەت ناکێشی؟

سەرۆکی شارەوانی وەڵامی نەدایەوە، ئەسکیناسێکی دایەو بێ ئەوەی کە چاوەڕێی وەرگرتنەوەی باقییەکەی بکات، لە دەرمانخانەکە چووە دەرێ.

شەو لە نێوەی تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتاش لە نێو جۆلانەدا هەر کەلەکەی دەگۆڕین و زاتی ئەوەی نەدەکرد دەنکە رازیانەکان بجوێت. کاتژمێر نزیکەی یازدەو لەوپەڕی گەرمادا، رشێنە بارانێکی ورد دەستی پێکرد. هیلاک و داماو بە دەستی نۆبەتێ و ئازارەوە، بە لەرزین و ئارەقی ساردەوە، لە سەر رووان کەوتوو لە نێو جۆلانەداو بە زاری قژەوە، لە ناخی دڵییەوە دەستیکرد بە نزاو پاڕانەوە. لە توندترین گرژبوونی ماسولکەکانداو لە قووڵایی دڵەوە پاڕایەوە، بەڵام هەستیکرد کە هەرچەندە بۆ پەیوەندی کردن بە خواوە هەوڵ دەدات، ئێش و ئازارەکەی زیاتر بە ئاراستەی پێچەوانەدا رایدەکێشێت. ئەوسا هەستاو چەکمەکانی لەپێ کردن و قاپوتە درێژەکەی لەسەر بیجامەوە لەبەر کردو چووە بارەگای پۆلیس.



PDF 4 KURD

لەوێ بە نەڕەنەڕ دەرگایەکەی پێکداداو چووە ژوورێ، پاسەوانە نیمچە خەواڵووەکان بە ترس و لەرزەوەو کوێرئاسا بە دەست کوتان لە نێو تاریکی ڕاڕەوی بەندیخانەکە، بە دوای چەکەکانیاندا دەگەڕان. وەختێک گڵۆپەکە هەڵکران، پاسەوانەکان کە نیوەی جلەکانیان لەبەر کردبوو، چاوەڕوانی فەرمان بوون.

سەرۆکی شارەوانی هاواریکرد: «گۆنزالێس، روێرا، پراڵتا».

ئەم سێ کەسە لە ئەوانی تر جیابوونەوەو جەنابی مولازمیان لە نێو خۆگرت. ئاشکرا نەبوو کە بۆچی ئەم سێ کەسە هەڵبژێردراون: سێ کەس بوون لە خەڵکانی ئاسایی و مامناوەندی. یەکێکیان بە سەرو سەکوتێکی منداڵانەو سەرێکی تاشراوەوەو ژێرکراسێکی درێژی لەبەردا بوو. دوو کەسەکەی تریش هەر جلی بنەوەیان لە بەردابوو بەڵام لە بەشی لای سەروەیان بەرگی ڕەسمییان لەبەر کردبوو و قۆپچەکانیان دانەخستبوون.

پاسەوانەکان فەرمانی راشکاوانەیان پێنەدرا. چوار قادرمە بە جارێک، دوابەدوای سەرۆکی شارەوانیدا بازیان دایە خوارێ و بەڕیز لە بنکەی پۆلیس هاتنە دەرێ و بەبێ گوێدان بە باران کە نم نم دەباری، پانتایی شەقامەکەیان تەی کردو لە بەردەم عەیادەی ددانساز راوەستان.

بە دوو فەرمانی خێرا، پاسەوانەکان بە قۆنداغە تفەنگ دەرگای ماڵەکەیان شکاندو گەیشتبوونە ژوورێ کە گڵۆپی هەیوانەکە هەڵکرا. پیاوێکی وردیلەی سەر رووتاوەو دەمار دەرپەڕیوو، بە تویی بیجامە بە دیارکەوت کە هەوڵی دەدا رۆبەکەی لەبەر بکات. یەکەم کاری ئەو پیاوە، راوەستانی بێ جووڵەو بەرزکردنەوەی دەستێک بوو بە دەمی کراوەوە. هەروەکو ئەو وێنەیەی کە بە کامێرای فلاش دارەوە گیرابێت، ئاوا لە شوێنی خۆی بێ جووڵە راوەستا. ئەوسا خۆی بۆ دوواوە گۆڕداو لەگەڵ ژنەکەی خۆیان پێکدادا کە بە جلی نووستنەوە خەریک بوو لە ژوورێ دەهاتە دەر.

مولازم هاواریکرد: «لە جێی خۆت نەجووڵێی».

ژنەکە دەستی بە زاری خۆیەوە گرت و گوتی: «ئەیرۆ»و گەڕایەوە بۆ ژووری نووستن. دکتۆرە ددانسازەکە بەدەم رۆیشتنەوە بەرەو هۆڵەکە، پشتێنی رۆبەکەی بەست و تازە ئەو



کاتە بوو ئەو سێ پاسەوانەی دیتن کە بە تفەنگەکانیان سێرەیان لەوی گرتبوو. دوای ئەوە سەرۆکی شارەوانیشی دیت کە بە ئارامی راوەستاوەو دەستی لە نێو گیرفانی قاپوتەکەی هاویشتوون و هەموو لەشی ئاوی لێدەچۆڕایەوە.

مولازم گوتی: «ئەگەر ژنەکەت لە ژوورێ بێتە دەرێ، ئەمانە فەرمانیان پێدراوە تەقەی لێبکەن».

دکتۆرەکە کیلۆنی دەرگایەکەی گرت و سەری بردە ژوورێ و گوتی:

«کچێ خۆ گوێت لێبوو». پاشان بە دیقەتەوە دەرگای ژووری نووستنی داخست.

دوای ئەوە بەرەو ژووری عەیادەکەی هەنگاوی هەڵێناو بینی کەوا لوولەی دوکەڵاوی تفەنگەکان لە پشت کەلوپەلە حەسیرییەکانەوە بۆی دەڕوانن.

دوو پاسەوان لە پێشییەوە بەرەو لای دەرگای عەیادەکە رۆیشتن. یەکێکیان گڵۆپەکەی هەڵکرد، ئەوی دیکەشیان یەکسەر چووە پاش مێزەی کارکردنی و دەمانچەیەکی لە چەکمەجەی مێزەکە هێنایە دەرێ.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «دەبێ یەکێکی تریشی لێبێت».

بۆ خۆی لە دوای هەمووان و لە پاش دکتۆرەکە چووە ژوورێ. دوو پاسەوان بە خێرایی و هەستکردنەوە بە بەرپرسیارەتی، دەستیان بە گەڕان و پشکنین کردو پاسەوانی سێیهەمیش لە بەردەرگا خەریکی ئێشکگرتن بوو. پاسەوانەکان شاڵاویان بردە سەر سندووقی کەلوپەلەکان و سەرمێزی کارکردنی ددانسازو قاڵبە لە گەچ دروستکراو و تاقمە ددانە دەسکردە نیوەچڵ و ددانە تاک و زێڕکیفەکانیان لە سەر زەوی بە گۆڕێ وەرکرد. قاپە چینییەکانی نێو قەفەزەکانیان بەتاڵ کردن و بە سەرنێزەکانیان بەرگە مشەماییەکەی کورسی ددانسازو دۆشەکە فەنەرییەکەی و کورسییە گەڕۆکەکەیان دڕاندو لەبەریەکیان هەڵوەشاندن.

سەرۆکی شارەوانی نیشانەکانی دەمانچەکەی هەڵدان: «سی و هەشت، لوولە درێژ».

بە ددانسازی گوت: «وا باشترە کە بۆ خۆت بەبێ پێچ و پەنا پێمان بڵێی لە کوێیە. ئێمە



PDF 4 KURD

نەهاتبووین ماڵەکەت بەسەریەکدا بدەین». چاوە بچووک و کپەکانی دکتۆرە ددانسازەکە لە پاش چاویلکە زێڕکفتەکانڕا هیچیان نەدەدرکاند.

بە ئارامی و بێ شڵەژان گوتی: «من پەلەم نییە، ئەگەر حەزتان لێیە فەرموون بەسەریەکی دادەن».

سەرۆکی شارەوانی کەمێک راما. پاشان جارێکی تر ژوورو تەختە نارێکەکانی دەرگاو دیواری بە چاوان پشکنی و بەرەو لای کورسییەکە رۆیشت و هەندێک فەرمانی بە پاسەوانەکانیدا. یەکێکیانی لە تەنیشت شەقامەکەو ئەوی دیکەیانی لەبەر دەرگای عەیادەکەو پاسەوانی سێهەمیشی لە پەنا پەنجەرەکە دانا. کاتێک لەسەر کورسییەکە دانیشت (لەو دەمەشە دابوو کە یەک بە یەک قۆپچەی پاڵتۆکەی کردنەوە) وای هەستکرد کە بە پۆلای سارد گەمارۆ دراوە. ژوورەکە لە بۆنی کرۆزوت سیخناخ بوو. سەری خۆی لەسەر سەرینگای کورسییەکە داناو هەوڵیدا تا هەناسەدانی خۆی رێک بخات. ددانسازەکە هەندێک لەو کەرەستە پزیشکییانەی هەڵگرتنەوە کە لەسەر زەوی کەوتبوون و خستنییە نێو قاپێکەوە بۆ ئەوەی لە ئاوی گەرمدا بیانکوڵێنێت. پشتی کردە سەرۆکی شارەوانی و بەرامبەر بە گڕی شینی تەباخە ئیسپرتۆییەکە راوەستا. قیافەی بە جۆرێکی وابوو کە دەتووت لە عەیادەکەی خۆیدا بە تەنیایە. وەختێک ئاوەکە بە کوڵ هات، کاغەزێکی لە دەسکی قاپەکەوە پێچاو بەرەو لای کورسییەکەی هێنا. پاسەوانێک رێگای لێگرتبوو. ددانسازەکە ئاوە گەرمەکەی نەوی کرد تا لەسەر هەڵمەکەیەوە بتوانێت سەرۆکی شارەوانی ببینێت، گوتی:

– بەم پیاوکوژە بڵێ با رێگایەکەم بەردات.

بە ئاماژەیەکی سەرۆکی شارەوانی، پاسەوانەکە لە پەنجەرەکە دوورکەوتەوە تا رێگا بۆ ددانسازەکە چۆڵ بکات و بۆ خۆشی کورسییەکی راکێشاو لە پەنا دیواری دانیشت. لاقی لێک بلاوکردن و تفەنگەکەی لە سەر رانی خۆی دانا، بەبێ ئەوەی کە لە حاڵەتی وریابوونی خۆی کەم بکاتەوە. دکتۆرەکە گلۆپەکەی هەڵکرد، شۆقی لە ناکاو لە چاوی سەرۆکی شارەوانیدا. چاوی نووقاندن و زاری لێککردەوە. ئازارەکەی نەما. دکتۆر خرێنە



بە ئازارەکەی دۆزییەوەو بە پەنجەی شایەتمانی روومەتە ئاوساوەکەی لاداو بە دەستەکەی تری گڵۆپەکەی جووڵاندو رێکیخست و گوێی نەدایە هەناسەبڕکێی نەخۆشەکە. پاشان هەتا ئانیشکان قۆڵی هەڵکردن و خۆی بۆ کێشانی ددانەکە ئامادە کرد.

سەرۆکی شارەوانی مەچەکی دکتۆری گرت.

– ئەی بەنجی ناکەی؟

بۆ یەکەمجار چاویان بڕییە نێو چاوی یەکتری.

دکتۆرەکە بە هێواشی گوتی... «ئێوە بەبێ بەنجکردن خەڵک دەکوژن».

سەرۆکی شارەوانی بۆ رزگاربوون هیچ هێزێکی لەو دەستەدا هەست پێنەکرد کە گازەکەی پێ گیرابوو. گوتی: «دەرمانەکە بێنە». ئەو پاسەوانەی کە لە قوژبنێکەوە خەریکی ئێشکگرتن بوو، لوولەی تفەنگەکەی تێکردن و هەردووکیان گوێیان لە تەقەتەقی تفەنگەکە بوو لە پەنا کورسییەکە.

دکتۆر گوتی: «وای دانێ نیمە».

سەرۆکی شارەوانی مەچەکی دەستی دکتۆری بەرداو وەڵامی دایەوە: «دەبێ هەر هەتبێت»و بە تاسەو مشەوەشییەوە سەیری ئەو شتانەی کرد کە بە گۆڕێ وەرببوون. دکتۆر دڵسۆزانە چاوەدێری دەکرد. پاشان سەری خستە سەر سەرنیگای کورسییەکەو بۆ یەکەمجار دکتۆرەکە نیشانەکانی بێ تاقەتی لێ بەدیار کەوتن و گوتی:

– مولازم خۆت بێ ئاقڵ مەکە لەبەر ئەو کیسەی کە کردوویەتی، ددانەکەت بەنج وەرناگرێت. کەمێک دوای ئەوەو لە پاش بەسەربردنی سامناکترین ساتەوەختەکانی تەمەنی خۆی، سەرۆکی شارەوانی ماسولکەکانی خۆی خاوکردنەوەو بە ماندوو شەکەتی لەسەر کورسییەکە مایەوە. ئەو خاڵە رەشانەی کە لە سەر کارتۆنەکەی بنمیچی کێشرابوون هەمووی لە زەینێدا تۆمارکران، بە جۆرێکی وا کە هەتا کۆتایی تەمەنی لە بیری نەچوونەوە. پاشان گوێی لە دەنگەدەنگی دکتۆرە بوو کە لەسەر دەستشۆرکە بوو و دوای ئەوە خەریکی رێکخستنەوەی چەکمەچەکان و کۆکردنەوەی ئەو کەلوپەلانە بوو کە لە گۆڕێ کەوتبوون.

سەرۆکی شارەوانی بانگی کرد: «رویرا، بە گۆنزالیس بڵێ با بێتە ژووری و پێکەوە ئەو شتانە کۆبکەنەوە کە لەسەر زەوی کەوتوون. کارێکی وا بکەن کە هەموو شتەکە بچێتەوە سەر جێی خۆی».

پاسەوانەکان فەرمانەکەیان جێبەجێ کردو ددانسازەکەش پارچە لۆکەیەکی بە دەمی گازەکەی گرت و لە نێو دەرمانێکی رەنگ ئاسنی هەڵکێشاو لە سەر جێگای ددانە کێشراوەکەی دانا. سەرۆکی شارەوانی وای هەستکرد کە ئەو شوێنەی لۆکەکەی لەسەر دانراوە ئاگری تێبەربووە. لە پاش ئەوەش کە دکتۆرەکە زاری پێداخستەوە، سەرۆکی شارەوانی هەر ئاوا لە بنمیچی ژوورەکە رامابوو و گوێی بۆ دەنگەدەنگی پاسەوانەکان هەڵخستبوو کە خەریکی ئەوە بوون تا شتەکان بخەنەوە سەر جێی پێشوویان و نێو عەیادەکە رێک بخەنەوە.

دەنگی دووجار لێدان لە زەنگەکانی (ناقوس) کڵێسە بەرزبۆوە. ئاوازی باڵندەیەکی بچووک، تێپەڕبوونی کاتژمێری بەیەک خولەک دواکەوتن، لەنێو دەنگی باراندا دووبارە کردەوە. ماوەیەک لە دوای ئەوە کاتێک سەرۆکی شارەوانی بۆی دەرکەوت کە پیاوەکانی کارەکەی خۆیانیان تەواو کردووە، بە ئاماژەی سەر فەرمانی پێدان تا بگەڕێنەوە بۆ بنکەی پۆلیس.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، دکتۆری ددانساز لە تەنیشت کورسییەکە راوەستابوو. کاتێک کە پاسەوانەکان رۆیشتن، لۆکەکەی لەسەر پوکی سەرۆکی شارەوانی هەڵگرت و لەبەر شەوقی گڵۆپەکە تەماشایەکی نێو زاری کردو پاشان شەویلەکانی خستنەوە سەریەک و گڵۆپەکەی لابرد. کارەکە تەواو ببوو. ئەوەی کە لەو ژوورە بچووک و گەرمەدا مابۆوە، هەمان ئەو هەستە بوو کە گەسک لێدەرەکانی هۆڵەکانی شانۆ لە پاش چوونە دەرەوەی دوایین ئەکتەر هەستی پێدەکەن.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «سپڵە».

دکتۆر هەردووک دەستی لەنێو گیرفانی رۆبەکەی هاویشتن و هەنگاوێک بۆ دواوە کشایەوە تا سەرۆکی شارەوانی رەت ببێت. سەرۆکی شارەوانی گوتی: «فەرمانمان بۆ



هاتبوو کە ئەم خانووە لەگەڵ زەویدا تەخت بکرێت». لە پاش ئاڵقە درەوشاوەکانی چاویلکەڕا بۆ چاوی دکتۆر گەڕاو گوتی: «زۆر بە وردی فەرمانمان پێگەیشتبوو کە چەک و تەقەمەنی و هێندێک بەڵگەنامەی پیلانێکی سەرتاسەری بدۆزینەوە».

چاوەکانی کە هێشتاش تەڕاییان پێوە مابوو بڕیینە دکتۆرو درێژەیدایە: «پێم وابوو کە بە جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکە کارێکی باش دەکەم، بەڵام بە هەڵەدا چووبووم. ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوەو بەرهەڵستکاران زەمانەتیان دراوەتێ و هەموو خەڵک لە ئاشتی و تەباییدا ژیان بەسەر دەبەن. بەڵام ئێوە ئێستاش بیر و هۆشتان هەروەکو ئی مرۆڤە پیلانگێڕەکانە». دکتۆرەکە بە قۆڵی جلەکانی سەرینگای کورسییەکەی ویشک کردەوەو هەڵیگێڕایەوە سەر دیوە نەدراوەکەی.

سەرۆکی شارەوانی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو نیگا بیرمەندانەی دکتۆرەکە کە پێی تەماشای روومەتی دەکرد، ئاماژەی بۆ سەرینەکە کردو بەم شێوەیە درێژەیدا بە قسەکەی خۆی: «ئێوە بەو هەڵسوکەوتەتان زیان بە شارەکەمان دەگەیەنن. ئێستا دەبێ شارەوانی پارەی هەموو ئەم بە سەریەکدا دراوییە بدات، ئەمە پارەیەکی زۆرە و هەمووشی بە هۆی لاساری ئێوەیە».

دکتۆرەکە گوتی: «ئاوی گیای شەمبەلیلە لە زارت وەربدە تا دەم و ددانت خاوێن بێتەوە».

# بەشی چوارەم

دادوەر ئەرکادیۆ، لاپەڕەکانی فەرهەنگی زمانی تەلگرافخانەکەی هەڵدەدانەوە، چونکە فەرهەنگەکەی خۆی چەند وشەیەکی پێوە نەمابوو. واژەی پاسکوین-ی دۆزییەوە کە بە زمانی ئیسپانی بە مانای جنێونامە دێت بەڵام سوودێکی ئەوتۆی بۆ نەبوو. چونکە لە فەرهەنگەکەدا ئاوا نووسرابوو: ناوی پێڵاودروییەکە کە بە گوتنی شیعری تەنزئامێز لە دژی هەموو کەسێک، ناوبانگی دەرکردبوو. بێجگە لەوە هێندێک شتی تری بێ بایەخیشی تێدا بوو سەبارەت بەو سووکایەتی نامە بێ ئیمزایانەی کە لە دەرگاو دیواری مالانیان دەدان. بەڵام زۆریش دڵی لە کارەکەی خۆی سارد نەبۆوە، چونکە لەو دوو خولەکەدا کە بۆ دۆزینەوەی ئەم واژیەی تەرخانکرد، بۆ یەکەمجار لە ماوەی سالانێکی دوورودرێژا، لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکێک خەیالی ئاسوودە بووبوو.

تەلگرافچی دیتی کە دادوەر وا خەریکە فەرهەنگەکە لە نێو ئەو قەفەزەیەو ئەو یاساو رێساگەلە فەرامۆش کراوانە دەهاوێتەوە. پەیوەندییە تەلگرافییەکەی پچڕاندو بەخۆو بە دەستەیەک پەڕەوە هاتە لای دادوەر. پەڕەکانی تێکەڵ کردن و خۆی ئامادە کرد تا نوێترین فیلی باوی رۆژ دووبارە بکاتەوە. بەڵام دادوەر گوێی پێنەداو داوای لێبوردنی لێکردو گوتی: «زۆرم ئیش هەیە» کاتێک کە گەیشتە سەر شەقامە بە گەرما سوورەوە بووەکە دڵنیاییەکی کەمی هەبوو کە کاتژمێر تازە بووە بە یازدەو لەم سێ شەممەیەدا هێشتا زۆری کات بە دەستەوە ماوە. لە نووسینگەکەی کارکردنی دادوەردا، سەرۆکی شارەوانی بە مەسەلەیەکی ئەخلاقییەوە چاوەڕێی دەکرد. لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا پۆلیس دەستی



بەسەر بەڵگەنامەکانی هەڵبژاردنی پارتە بەرهەڵستکارەکەدا گرت و فەوتاندنی. لە ئەنجامی ئەو کارەشدا ئێستا زۆربەی خەڵکی شارەکە هیچ جۆرە بەڵگەنامەیەکی ناسینەوەیان نەبوو.

سەرۆکی شارەوانی دەستی خۆی لێک بلاوکردن و بەم شێوەیە قسەکەی خۆی تەواو کرد: «ئەو خەڵکانەی کە ماڵەکانی خۆیانیان گواستۆتەوە، لە رووی رەسمییەوە تەنانەت نازانن ناویشییان چییە». دادوەر ئەرکادیۆ تێگەیی کە خاوەنی ئەو دەستە لێک بلاوکراوانە دڵسۆزانە خەفەتبارە. چارەسەرکردنی مەسەلەکەی سەرۆکی شارەوانی ئاسان بوو: تەنیا کارێک کە دەبوایە بیکات ئەوەبوو داوا بکات تا کەسێک وەکو کارمەندی رەسمی دایرەی ناسنامەی شارستانی دابمەزرێندرێت.

سکرتێرەکەی دادوەر ئەرکادیۆ کارەکەی ئاسانتریش کرد:

- تەنیا کارێک کە ئێوە دەبێ بیکەن ئەوەیە کە بە دوایدا بنێرن. چونکە سالێک زیاتر دەبێ کە کارمەندێکی ئاوایان دامەزراندووە.

سەرۆکی شارەوانی بە بیری هاتەوە کە چەندین مانگ بەر لە ئێستا کاتێک کە دامەزراندنی کارمەندی دایرەی ناسنامەی شارستانییان پێڕاگەیاند، بە تەلەفۆن پرسیاری لە سەرووی خۆی کرد کە بە چ شێوەیەک پێشوازی لەم فەرمانبەرە بکات، ئەوانیش وەلامیان دایەوە: «بە گولله». بەڵام ئەمرۆ فەرمانەکان لەگەڵ جاراندا جیاوازییان هەبوو. هەردووک دەستی لە گیرفانێ هاویشتن و بە سکرتێرەکەی گوت: «نامەکەی بۆ بنووسە».

ئامێری چاپ بە تەقەتەق حاڵەتێکی جووڵەی لەو نووسینگەیەدا دروستکرد کە بە دڵی دادوەر ئەرکادیۆ نەبوو. هەستی کرد کە دەروونی بەتاڵە. جگەرەیەکی خواروخێچی لە گیرفانی کراسەکەی هێنایە دەرێ و پێش ئەوەی دایگرسێنێ لە نێو هەردووک لەپی دەستیدا هەڵیسوڕاند. پاشان پالیدا بە کورسییەکەوەو ئەوەندەی کە مەودای هەبوو بۆ دواوەی شکاندەوە. لەو حاڵەتەدا، بۆ خۆشی ئەوەی پێ سەیر بوو کە چرکەیەک لە ژیانی خۆی بەو دڵنیاییە لە سەداسەدەوە دەگوزەرێنێ.

لە زەینی خۆیدا رستەیەکی دروستکردو هێنایە سەر زوان:

– ئەگەر لە جیاتی تۆ بوومایە یەکێکیشم وەکو جێگر لە کاروباری شاردا دادەمەزراند. بە پێچەوانەی ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا، سەرۆکی شارەوانی وەڵامی دەسبەجێی نەدایەوە. تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد، بەڵام بۆی روون نەبۆوە داخۆ کاتژمێر چەندە. هەر بەوەندە قایل بوو کە هێشتا زۆری ماوە بۆ نیوەڕۆژە. کاتێک کە بە قسە هات، زەوقێکی ئەوتۆی لە دەنگیدا نەبوو: شارەزایی نەبوو لە تەشریفاتی دامەزراندنی جێگرێک بۆ کاروباری شار.

دادوەر ئەرکادیۆ بۆ روونکردەوە: «جاران ئەنجوومەنی شار جێگیریان دەستنیشان دەکرد بۆ سەرۆکی شارەوانی، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئێستا ئەنجوومەنمان نییە، کەواتە لە بارودۆخی نائاساییدا دەوڵەت دەسەڵاتی ئەو کارە دەداتە ئێوە.

سەرۆکی شارەوانی بەدەم ئیمزا کردنی نامەکەوە کە نەشیدەزانی ناوەڕۆکەکەی چییە، گوێی بۆ دادوەر راگرت. پاشان مەیلی خۆی بۆ ئەو کارە دەربڕی. بەڵام سکرتێرەکە گرفتێکی ئەخلاقی لە شێوازی پێشنیار کردنەکەی بەرپرسەکەی خۆیدا بە رەوا زانی. دادوەر ئەرکادیۆش هەر سووربوو لەسەر قسەکەی خۆی: تەشریفاتی نائاسایی لە رژێمێکی نائاساییدا.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «دەم خۆش».

پاشان کڵاوەکەی لە سەری خۆی هەڵگرت تا خۆی پێ باوەشێن بکات. دادوەر ئەرکادیۆ سەرنجی بۆ لای ئەو هێڵە راکشا کە کڵاوەکە لە سەر نێوچاوانی سەرۆکی شارەوانی دروستی کردبوو. لە شێوازی خۆ باوەشێن کردنەکەی سەرۆکی شارەوانیڕا زانی کە هێشتاش هەر خەریکی بیرکردنەوەیە لەو کارە. سوتوی جگەرەکەی بە نینۆکە نەقرتاوەکەی پەنجەی گچکەی تەکاندو چاوەڕوانی وەڵام مایەوە.

سەرۆکی شارەوانی لێی پرسی: «دەتوانی پاڵێوراوێک بۆ ئەو کارە دەستنیشان بکەی». دیاربوو کە ئەو پرسیارەی ئاراستەی سکرتێرەکە کردبوو.

دادوەر دووبارەی کردەوە: «دەستنیشان کردنی پاڵێوراوێک»و چاوی لەسەر یەک دانان.



سکرتێرەکە گوتی: «ئەگەر لە شوێنی ئێوە بوومایە کەسێکی شایستەم دادەمەزراند».

دادوەر بێ سەروبەرەیی ئەو قسەیەی بە رووی سکرتێرەکە دا دایەوە: «ئێ باشە، جا خۆ ئەمە پێگوتنی ناوێت، شتەکە بۆ خۆی دیارە». پاشان بە نۆرە سەیری هەردووکیانی کرد.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «وەکو کێ؟».

دادوەر بە شێوەیەکی بیرمەندانە گوتی: «جارێ کەسم پێ شک نایە».

سەرۆکی شارەوانی بەرەو لای دەرگا رۆیشت و گوتی: «بیری لێبکەنەوە. چونکە وەختێک لە گرفتاری ئەم لافاوە رزگارمان ببێت، تووشی گرفتاری جێگری سەرۆکی شارەوانی دەبین». سکرتێرەکە ماوەیەک بە حاڵەتی خۆنوشتاندنەوە لەسەر ئامێری چاپەکە مایەوە تا وای لێهات ئیدی دەنگی پێی سەرۆکی شارەوانی نەما. ئەوسا گوتی: «کابرایەکی گێلە، هەر ساڵ و نیوێک لەمەوپێش بوو کە مێشکی جێگرەکەی پێشوویان بە قۆنداغە تفەنگان پرژاند، کاکم تازە دووبارە بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ تا ئەو ئەرکەی پێ بسپێرێ».

دادوەر بە گورجی هەستایە سەرپێ.

– من بابڕۆم. نامەوێ بەو چیرۆکە ترسناکانە نانخواردنەکەم لێ تێک بدەی.

لە نووسینگەکە چووە دەرێ. پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە بە شێوەیەکی گشتی حاڵەتێکی شومی هەبوو. سکرتێرەکە بەو بڕوایەی کە بەرامبەر بە خورافیات هەیبوو، هەستی بەو حاڵەتە کرد. کاتێک کە قوفڵی لە دەرگای نووسینگەکە دەدا وای هەستکرد کە ئەو کارەی ناخۆشی بە دواوەیە، پاشان تێی تەقاند. لەبەر دەرگای تەلگرافخانە تووشی دادوەر ئەرکادیۆ بوو. دادوەر حەزی کرد بزانێ داخۆ دەتوانێت لە یاری پۆکەریشدا سوود لەو فێڵەی یاری پەڕێن وەربگیرێت یان نا. تەلگرافچی رازی نەبوو نهێنی ئەو فێڵە بدرکێنێ و هەر بەوەندە قایل ببوو کە بەردەوام ئەو فێڵەی بۆ دووبارە بکاتەوە بە جۆرێکی وا کە بۆ پەی بردنی دادوەر، سەرەداوێک بە دەستەوە بدات.

سکرتێرەکەش تەماشای ئەم تەردەستییەی دەکرد. سەرەنجام فێڵەکەی دیتەوە بەڵام دادوەر ئەرکادیۆ تەماشای پەڕەکانی هەر نەدەکرد. دەیزانی ئەو سێ پەڕانەی کە تەلگرافچی

نیشـانیـان دەدات، هەمـان ئەو سێ پەڕانەن کە بۆ خۆی بەبێ بنەمـایەکی تایبـەتی و بێ ئەوەی کە تەلگرافچی چاوی لێبێت، لە دڵی خۆیدا هەڵیبژاردون.

تەلگرافچی گوتی: «ئەوە جادووگەرییە». دادوەر ئەرکادیۆ تازە لەو دەمەدا بوو کە کاری سەختی تێپەڕبوون بەسەر شەقامیدا بە بیرهاتەوە. کاتێک کە سەرەنجام قایل بوو تا بە ڕێکەوت، قـۆڵی سکرتێـرەکـەی گـرت و ناچاری کـرد تا پێکەوە پێ بنێنە نێـو ئەو هەوایە گەرمەوە کە ڕێک دەتووت شووشەی تواوەیە. دوو قـۆڵی چوونە سەر شۆستە سێبەرەکە. ئەوسا سکرتێرەکە نهێنی ئەو تەردەستییەی تەلگرافچی بۆ دادوەر ئاشکرا کرد. ئەوەندە شتێکی سادە بوو کە دادوەر پێی وابوو سووکایەتی پێکراوە.

مـاوەیەک هەروا بێـدەنگی لە نێـوانیـاندا فـەرمـانڕەوا بوو و بەرێدا دەڕۆیشتن. لە ناکـاو دادوەر ئەو بێدەنگییەی شکاندو بە دڵڕەنجاوییەکی نابەجێوە گوتی: «ئێ، خۆ تۆ بۆ جاری دووەم لە مەسەلەکەت نەکۆڵییەوە».

سکرتێرەکە ماوەیەک ڕاوەستا تا مانای ئەو ڕستەیە بدۆزێتەوە.

سەرەنجام گوتی: «زۆر ئەستەمە، زۆربەی جنێونامەکان بەر لە گزنگی بەیان دەدرێن».

دادوەر گوتی: «ئەمەش بۆ خۆی فێڵێکی دیکەیە کە من سەرم لێی دەرناچێ. بەڵام لەسەر جنێونامەیەک کە کەس نایخوێنێتەوە خەو لە خۆم حەرام ناکەم».

سکرتێرەکە گـوتی: «مـەسـەلەکـەش هەر لەسەر ئەوەیە. جنێونامـەکـان نین کە خـەویان لە هەموو کـەس حەرام کردووە، بەڵکو ترسانەکەیە لێیـان». ئەمەی گـوت و ڕاوەسـتا چونکە گەیشتبووەوە ماڵی خۆی.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو زانیـارییـانەی سکرتێرەکە بە دەستی هێنابوون کەموکوڕییـان تێدا بوو، بەڵام دادوەر ئەرکـادیۆ دەیویست بزانێ داخـۆ گـەیشـتـۆتە کـوێ. ژمـارەو بەرواری جنێونامـەکـانی ژمـاردن. یازدە جنێونامـە لە ماوەی حەوت ڕۆژدا. لەلایـەکی تریشـەوە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەو یـازدە ناوەدا نەبوو. ئەو کەسـانەی کە جنێونامەکانیـان دیتبـوون لەسـەر ئەوە کـۆک بوون کـە بە پەرەمـوچ و مـەرەکـەبی شین و خـەتی چاپی نووسـراون.



ناوەڕۆکی جنێونامـەکان شتێکی نوێیان نەدەدرکـاند. شـتێکی وایان تێدا نە بوو کـە لە دەمێکەوە لەسەر زارو زمانان نەبووبێت. هەموو مەزەندەو گومانەکانی تاوتوێ کردبوون کە موسای سوریایی بانگی کرد.

- پیرۆزیەکت لە کنە؟

دادوەر ئەرکـادیۆ تێی نەگـەیشت. بەڵام ئەوەی لە گـیرفـانی دابوو هێنایە دەرێ: بیـست و پێنج سنتـاوۆ و یەک سکەی ئەمـریکایی کـە لەو سـەردەمـەوە کـە قـوتابی زانکۆ بوو بۆ بەرەکەت هەڵیگرتبوو. موسای سوریایی بیست و پێنج سنتاوۆکەی لێوەرگرت.

دادوەر گوتی: «چەندت دەوێ هەڵیگرەو هەر کاتێک حەزت لێبوو بمدەوە».

مـوسـای سـوریایی پارە وردەکـەی لە نێـو داخیلە هاویشت کە زرینگەی هات و گـوتی: «نامەوێت زەنگی کاتژمێر دوازدەم بەبێ دەنگی باڵی جوبرایل بەرگوێ بکەوێ».

ڕێک کاتژمێر دوازدە، دادوەر ئەرکادیۆ بە دەستی پڕ لە دیارییەوە بۆ ژنەکەی، گەیشتەوە ماڵێ. لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت بۆ ئەوەی پێڵاوەکان لە پێی خۆی دانێت و ژنەکەشی پارچە ئاوریشمە گوڵدارەکەی لە دەوری لەشی خۆی ئاڵاند.

لەش و لاری خۆی لە دوای منداڵبوون، لە نێو کراسی نوێدا بەرجەستە کرد. ماچێکی لە لووتی مێردەکەی کرد. پیاوەکە ویستی خۆی لە بەردەستانی بهێنێتە دەرێ، بەڵام ژنەکە لەسەر پانتایی قەرەوێڵەکە خۆی بەسەردا دا. دادوەر ئەرکادیۆ دەستی لە پشتی ژنەکەیەوە ئاڵقـەکردن، هەستی بە گـەرمـایی ورگە دەرپەڕیوەکەی کـرد، تەنانەت هەسـتی بە لێدانی گورچیلەکانیشی کرد.

ژنەکـە سـەری بەرزکـردەوەو بە ددان لە چیـرەوە بردنەوە گـوتی: «ڕاوەسـتـە با بچم دەرگایەکە دابخەم».

سەرۆکی شارەوانی هێندە ڕاوەستا تا دوایین خانوو لە سەر جێگای خۆی جێگیر بوو. لە ماوەی بیست کاتژمێردا شەقامێکی تەواویان دروستکردبوو. شەقامێک بوو پان و ڕووت کـە لە ناکـاو لە داوێنی دیواری گـۆڕسـتـانەکـە کـۆتایی پێـدەهات. سـەرۆکی شـارەوانی

شانبەشانی خەڵکەکە ئیشی کردو لە پاش یارمەتیدانیان لە جێگۆڕکی پێکردنی کەلوپەلەکانیان، بە لەشێکی سەرتاپا تۆز و خۆڵاوییەوە خۆی گەیاندە نزیکترین ژووری چێشت لێنان. سوپەکە لەسەر ئەو ئاگردانەی کە بە بەردان دروستکرابوو قوڵپەقوڵپی دەهات. سەری لەسەر مەنجەڵە سواڵەتەکە هەڵگرت و هێندێک بۆنی کرد. ژنێکی لاواز بە جوتێک چاوی گەورەو جوانەوە، لەو دیوی ئاگردانەکەوە بەبێ دەنگی تەماشای دەکرد.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «وەختی نان خواردنە».

ژنەکە وەڵامی نەدایەوە. سەرۆکی شارەوانی بێ ئەوەی کەس فەرمووی لێبکات قاپێک سووپی بۆ خۆی تێکرد. ئەوسا ژنەکە چوو لە ژووری نووستنێ کورسییەکی هێناو بۆی لە پاش مێزەکە دانا. سەرۆکی شارەوانی بەدەم سوپ خواردنەوە، بە هەیبەت و سەرسامییەوە تەماشای حەوشەکەی دەکرد. هەر دوێنێ بوو کە ئەوێ پارچە زەوییەکی رووت و قووت بوو. ئەمڕۆ جلیان لێ بە تەنافاندا دابوو تا وشک ببنەوەو دوو بەرازیش لەنێو قوڕاو و چلپاودا خۆیان دەگەوزاند.

سەرۆکی شارەوانی: «دەتوانن شتیشی لێ بڕوێنن».

ژنەکە بێ ئەوەی سەری خۆی بەرزبکاتەوە وەڵامی دایەوە: «ئاخر بەرازەکان دەیخۆن».

پاشان هەر لەو قاپەڕا پارچێک گۆشتی کوڵیو و پارچەیەکی تەنکی مانیۆک(٦) و نیو بارهەنگی(٦) هێناو لەسەر مێزەکەی دانا. لەگەڵ ئەو میواندارییە سەخاوەتمەندانەشیدا، ئەوەندەی کە پێی کرا گوێ پێنەدانی خۆی نیشاندا.

سەرۆکی شارەوانی بەدەم زەردەخەنەوە هەوڵی ئەوەیدا تا چاوی بە چاوی ژنەکە بکەوێت.

گوتی: «بەشی هەمووان دەکات».

ژنەکە بێ ئەوەی سەیری بکات گوتی: «یاخوا ئەوەی دەیخۆی لێت ببێتە نەخۆشی و قوزەڵقورت».

(٦) جۆرە خواردنێکن کە مانا کوردییەکەیانم نەزانی بۆیە وەکو خۆیانم دانانەوە. وەرگێڕ



سەرۆکی شارەوانی ئەم توک و نفرینەی بێ وەڵام هێشتەوە. خۆی بە نان خواردنەوە خەریک کردو گوێی نەدایە ئەو ئارەقەی کە بە ملیدا دەهاتە خوارێ. کاتێک کە لە نان خواردن بۆوە، ژنەکە قاپە بەتاڵەکەی بەردەمی هەڵگرتەوە، هێشتاش هەر تەماشای نەدەکرد.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئێوە گەرەکتانە هەتا کەی ئاوابن؟»

ژنەکە بێ ئەوەی کە ئاوازە دەنگ و روخساری خۆی بگۆڕێ، قسەی کرد:

«هەتا ئەو کاتەی کە ئێوە ئەو کوژراوانە دووبارە زیندوو بکەنەوە».

سەرۆکی شارەوانی بۆی روونکردەوە: «ئەمڕۆ بارودۆخەکە گۆڕاوە. دەوڵەتی نوێ بیر لە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری خەڵک دەکاتەوە کەچی ئێوە هەر......»

ژنەکە قسەکەی پێ بڕی:

– ئێوە هەر ئەو پیاوەن بە هەمان ئەو......

سەرۆکی شارەوانی بە پێداگرییەوە گوتی: «شوێنێکی وەکو ئێرە، کە لە ماوەی بیست کاتژمێردا دروستکراوە قەت شتی واتان پێشتر دیتبوو. ئێمە وا خەریکین هەوڵ دەدەین تا شارێکی رێکوپێک و شایستە دروست بکەین».

ژنەکە جلە خاوێنەکانی سەر تەنافەکەی لێکردنەوەو چووە ژووری نوستنێ.

سەرۆکی شارەوانی چاوی هەر بە دوای ژنەکەوە بوو تا گوێی لە وەڵامەکە بوو:

– ئەم شارە جاران شایستە و لێوەشاوە بوو، هەتا ئەو کاتەی کە ئێوە هاتن.

سەرۆکی شارەوانی لە سەر قاوە خواردنەوە رانەوەستا، گوتی: «هەی سپلەی نە، ئێمە خەریکین زەویتان دەدەینێ کەچی ئێوە هەر قسان دەکەن». ژنەکە وەڵامی نەدایەوە. بەڵام لەو کاتەدا کە سەرۆکی شارەوانی خەریکی تەی کردنی پانتایی ژووری چێشتلێنان بوو بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە، ژنەکە لە کاتێکدا کە خۆی بەسەر ئاگردانەکەدا داهێنابۆوە، لە بن لێوانەوە گوتی: «بارودۆخەکە لێرە خراپتریش دەبێت. بەڵام ئێمە ئێوەمان لەبیر ناچێتەوە. تۆڵەی مردووەکانتان لێدەکەینەوە».

کاتێک کە بەلەمەکان خەریک بوون دەگەیشتنەجێ، سەرۆکی شارەوانی هەوڵی ئەوەیدا تا ئەو پاش نیوەڕۆیە بخەوێت. بەڵام دەرەقەتی گەرمایەکە نەدەهات. لاڕوومەتە ئاوساوەکەی خەریک بوو دەنیشتەوە. بەڵام هێشتاش نەهاتبۆوە سەرخۆ. دوو کاتژمێری تەواو بێ ئەوەی بیبینێ، بە دوای جووڵەی رووبارەکەوە بوو و گوێی بۆ دەنگی ئەو سیسرکەیە گرت کە هاتبووە ژوورێ. بیری لە هیچ شتێک نەدەکردەوە.

کاتێک دەنگی بزوێنەری بەلەمەکانی بەرگوێ کەوت، جلەکانی لەبەر خۆی دانان و بە خاولی ئارەقەکەی سڕییەوەو خۆی گۆڕی. ئەوسا خۆی بە راوکردنی سیسرکەکەوە خەریک کرد. سەرەنجام بە هەردووک پەنجەی گەورەو شایەتمان سیسرکەکەی گرت و چووە سەر شەقامەکە. منداڵێکی خاوێن بە جلێکی کۆک و پۆشتەوە، لە نێو ئەو حەشاماتە هاتەدەرێ کە چاوەڕوانی هاتنی بەلەمەکانیان دەکردو بە رەشاشێکی نایلۆنییەوە پێشی بە سەرۆکی شارەوانی گرت. سەرۆکی شارەوانی سیسرکەکەی دایە.

کەمێک دوای ئەوە، لە نێو دوکانی موسای سوریایی دانیشتبوو و چاوی بڕیبووە مانۆری ئەو بەلەمانەی کە خەریکی کەنار گرتن بوون. ئیسکلەکە ماوەی دە خولەکان لە کوڵێن دابوو. سەرۆکی شارەوانی هەستی بە قورس بوونی گەدەی و ژانە سەر کرد، توک ونفرینەکەی ئەو ژنەشی بە بیرهاتەوە. پاشان هێور بۆوەو خۆی بە تەماشاکردنی ئەو گەشتیارانە خافڵاند کە لە دوای هەشت کاتژمێر بێ جووڵە وەستان، جەستەی خۆیان بە دوای خۆدا رادەکێشاو لەو تەختەدارە دەهاتنە خوارێ کە وەکو پرد وابوو.

گوتی: «دیسان ئەو چەپەڵانە...»

موسای سوریایی سەرنجی بۆ لای شتێکی نوێ راکێشا: گروپێکی سێرک خەریک بوون دەگەیشتنەجێ. سەرۆکی شارەوانی قبوولی کرد، بەڵام نەیدەزانی کە ئەمە لە کوێ زانیوە: رەنگە لەبەر ئەو دیرەگە گەورەو جلوبەرگە رەنگاوڕەنگانە بووبێت کە لەسەر میچی یەکێک لە بەلەمەکانیان دانابوون، یان لەبەر ئەو دوو ئافرەتە بووبێت کە دەتوت سێوێکن و کراون بە دوو لەت و جلی گوڵداری یەک بابەتیان لەبەردا بوو، هەروەکو ئەوە وابوو کە مرۆڤێک دووبارە بووبێتەوە.



لەبەرخۆیەوە گوتی: «هەر نەبێ سێرکێک دەگاتەجێ».

موسای سوریایی بۆی باسی گیانلەبەرە دڕندەو ئەو کەسانە کرد کە کاری سەیروسەمەرە ئەنجام دەدەن. بەڵام سەرۆکی شارەوانی دڵی بە لای لایەنێکی تری سێرکەکەوە بوو: لاقی خۆی درێژکردن و تەماشای نووکی چەکمەکانی کرد.

– شار خەریکە گەشە دەکات.

موسای سوریایی دەستی لە باوەشێن کردنی خۆی هەڵگرت و پرسیاری کرد: «دەزانی ئەمڕۆ بایی چەندم شت فرۆشتووە؟» سەرۆکی شارەوانی زاتی ئەوەی نەکرد مەزەندە بکات و چاوەڕوانی وەڵامی کرد.

دوکاندارە سوریاییەکە گوتی: بایی بیست و پێنج سنتاوۆ».

هەر لەو کاتەشدا بوو کە سەرۆکی شارەوانی تەلگرافچییەکەی کەوتە بەرچاو کە خەریکە بەستە پۆستکراوەکان دەکاتەوەو ئەو نامانە دەداتە دکتۆر جیڕالدۆ کە بۆی هاتوون. بانگی تەلگرافچییەکەی کرد. نامە دەوڵەتییەکان بە جیا لە نێو بەستەیەکدا دەهاتن. سەرۆکی شارەوانی نامەکانی هەڵپچڕین و دیتی کەوا هەمان نووسراوە ئیدارییە ئاساییەکانی جارانن و کۆمەڵێک کاغەزی بە چاپ نووسراوی بابەتگەلێکی راگەیاندنەکانی رژێمن. کاتێک کە لە خوێندنەوەی نامەکان بۆوە، شکڵ و شێوەی بەندەرگاکە گۆڕابوو و پڕ بوو بوو لە پاکەت و سندوقی بازرگانی و سەبەتەی جوجکان و کەلوپەلی سەیرو سەمەرەی سێرک. زۆری نەمابوو بۆ ئێوارێ. لە حاڵەتی ئاخ هەڵکێشاندا بە پێوە راوەستا.

– بیست و پێنج سنتاوۆ.

موسای سوریاییش بە دەنگێکی قایم و تا رادەیەک دوور لە شێوە زمانەکەی وی دووبارەی کردەوە: «بیست و پێنج سنتاوۆ».

دکتۆر جیڕالدۆ هەتاکو بەتاڵ بوونیان تەماشای بەلەمەکانی کرد. ئەوبوو کە سەرنجی سەرۆکی شارەوانی بۆ لای ژنێکی بە هەیکەل و تین و تاقەت راکێشا.

ژنەکە هەردووک قۆڵی خۆی پڕکردبوون لە بازنە. وەکو ئەوە وابوو کە لە بن سێبەری چەترێکی بەر هەتاوێ لە چاوەڕوانی ڕزگارکەرێکدا ڕاوەستابێت.

سەرۆکی شارەوانی بۆ بیرکردنەوە دەربارەی ئەو ژنە کە تازە گەیشتبووە جێ ڕانەوەستا. تەنیا گوتی:

– بە دڵنیاییەوە ڕاهێنەری گیانلەبەرانە.

دکتۆر جیراڵدۆ کە وشەکانی لە نێوان دوو ڕیزە ددانی تیژو قایمدا دەجووین، گوتی: «لە یەک ڕووەوە قسەی ئێوە ڕاستە. دەبێ دایکی سیزار مۆنترۆ بێت».

سەرۆکی شارەوانی بە ئارامی درێژەیدا بە ڕێگای خۆی. سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد: بیست و پێنج خولەکی مابوو بۆ چوار. لەبەر دەرگای پۆلیسخانەکە، ئێشکگچی پێی ڕاگەیاند کە بابە ئانجێل نیو کاتژمێرێک چاوەڕوانی کردووەو گوتوویەتی کە کاتژمێر چوار دووبارە دێتەوە.

بەبێ ئامانجێکی دیاریکراو، دووبارە چۆوە نێو شەقام و بازاڕ. لە پەنجەرەکەوە چاوی بە دکتۆری ددانساز کەوت و چووە لای بۆ ئەوەی شقارتەی لێوەرگرێت. ددانسازەکە بەددەم تەماشاکردنی لاڕوومەتییەوە کە هێشتاش بە تەواوی نەنیشتبووەوە، شقارتەی دایە.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «تەندروستیم باشە».

زاری کردەوەو دکتۆر بۆی تەماشا کرد.

– چەند ددانێکت کرمەڵۆک بوون، دەبێ پڕ بکرێتەوە.

سەرۆکی شارەوانی جێگۆڕکێی بە دەمانچەکەی قەدی خۆی کردو گوتی: «دێمەوە».

دکتۆر حاڵەتی ڕوخساری خۆی نەگۆڕی.

– هەر کاتێک پێت خۆشبوو وەرەوە، بەڵکو هەر لە ماڵەکەی مندا بمری و ئاواتەکەم بێتەدی.

سەرۆکی شارەوانی دەستێکی لە شانی داو بە ڕووخۆشییەوە گوتی: «نایەتەدی».



دەستی لێک بڵاوکردن و بەم شێوەیە قسەکەی خۆی تەواو کرد:

– مەسەلەی ددانەکانی من باڵاترە لە شەڕی حیزبایەتی.

– کەواتە نیازی مێردکردنی شەرعیت نییە.

هاوسەرەکەی دادوەر ئەرکادیۆ لاقی لێک بڵاوکردن. «هیچ ئومێدێک نییە، بابە. بە تایبەتی کە وا خەریکە منداڵم دەبێ، نابێت هەر باسیشی بکرێت». بابە ئانجێل نیگای بڕییە ڕووبارەکە. کەلاکی گەورەی مانگایەک لەسەر ئاوێ دەهات و دەچوو. چەند باشوکەیەک بە سەرییەوە دەفڕین.

گوتی: «ئاخر منداڵەکەتان دەبێتە منداڵێکی ناشەرعی».

ژنەکە گوتی: «گرنگ نییە. ئەرکادیۆ بە باشی هەڵسوکەوتم لە تەکدا دەکات. ئەگەر ناچار بە زەماوەندی بکەم ئەو کاتە وا دەزانێ کە بە تەڵەوە بووەو باجەکەشی دەبێ من بیدەم». پێڵاوە دارینەکانی دانان و لە بن تەختی چوارپایەکە بنی پێی خۆی جووت کردن. هەردووک دەستی لەسەر ورگە زلە هەڵبەزیوەکەی ئاڵقە کردبوون و لەبەر ئەوەی کە بابە ئانجێل هەروا بە بێدەنگی دانیشتبوو، دووبارەی کردەوە: «هیچ ئومێدێک نییە، بابە. دۆن ساباس منی بە دووسەد پیزۆ کڕی، شیلەی ڕوحی مژیم و پاشان بەبێ ئەوەی دەرزییەکم بداتێ وەدەرێی نام و بە کۆڵانانی خستم. ئەگەر ئەرکادیۆ بە خۆی نەگرتبام و نەیحەواندمایەوە هەر لە برسانیش دەمردم».

بۆ یەکەمجار ڕاستەوخۆ تەماشای چاوەکانی قەشەکەی کرد.

– یان ناچار بە لەش فرۆشتن دەبووم.

بابە ئانجێل شەش مانگ بوو کە خەریکی ئەو کارە بوو.

دیسان پێی گوتەوە: «دەبێ ناچاری بکەی کە زەماوەندت لەگەڵدا بکات و خێزان پێکبهێنن. ئەو ژیانە، بەو جۆرەی کە ئێوە بەسەری دەبەن نەک تەنیا هەر بۆ تۆ مەترسیدارە، بەڵکو بۆ شارەکەش سەرمەشقێکی خراپە».



PDF 4 KURD

ژنە گوتی: «وا باشترە کە مرۆڤ رووبینی نەکات، خەڵکانی تریش ئەو کارە دەکەن، بەڵام لە بن پەردەوە. چما جنێونامەکانتان نەخوێندۆتەوە؟»

قەشەکە گوتی: «هەمووی پرۆپاگەندەیە. تۆ دەبێ ژیانی خۆت بکەیە شەرعی و کارێکی وا بکەی خەڵک پاشەملە باست نەکەن».

– من؟ هیچ پێویست ناکات پاشملە باسی من بکرێت، من بە نوێژی نیوەڕۆ کارەکەم ئەنجام دەدەم. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە هیچ کەسێک کاتەکەی خۆی بۆ هەڵواسینی جنێونامە بە دەرگای منەوە بە فیڕۆ نەداوە. ئەو خەڵکە بەڕێزانەش کە لە گۆڕەپانەکە ژیان بەسەر دەبەن، دەرگای ماڵەکانیان بە کاغەز تەنراوە».

قەشەکە گوتی: «خەریکە کارێکی گەمژانە دەکەی. خواوەند لوتفی لەگەڵدا کردووی کە پیاوێکت وەگیر کەوتووە رێزت لێدەگرێت. ئەگەر هەر لەبەر ئەوەندەش بێت دەبێ زەماوەندی لەگەڵدا بکەی و ژیانی خێزانیت بکەیتە شەرعی».

ژنەکە گوتی: «من سەرم لەو شتانە دەرناچێت. کرۆکی باسەکە ئەوەیە کە من ئێستا شوێنێکم هەیە تێیدا بنووم و ئەوەندەی حەزم لێبێت خواردن بخۆم».

– ئەی ئەگەر بەجێی هێشتی چی؟

ژنەکە لێوی خۆی گەست، کاتێک وەڵامی دایەوە زەردەخەنەیەکی بە مانای لەسەر لێوان بوو:

– بەجێم ناهێڵێت، بابە. بۆ خۆم چاک دەزانم لەبەرچی. ئەو قسەیە لە من وەرگرە.

بابە ئانجێل ئەمجارەشیان ملی بۆ شکست نەوی نەکردو ئەو ژنەی راسپارد کە هەر هیچ نەبێ لە مەراسیمەکانی کڵێسەدا ئامادە ببێت. ژنەکە گوتی: «هەر لەم رۆژانەدا ئەو کارە دەکات». قەشەکە دەستی کردەوە بە پیاسەکردنەکەی خۆی تا کاتی دیداری لەگەڵ سەرۆکی شارەوانیدا دێت. یەکێک لە سورپاییەکان سەرنجی بۆ خۆشی کەش و هەوا راکێشا، بەڵام ئەو گوێی پێنەدا. سەرنجی بۆ لای گروپی سێرکەکە راکشابوو کە لەو پاش نیوەڕۆیە درەوشاوەیەدا، گیانلەبەرە بزۆزەکانیان دادەبەزاندن. هەتا کاتژمێر چوار لەوێ مایەوە.



سەرۆکی شارەوانی خەریک بوو خواحافیزی لە دکتۆری ددانساز دەکرد کە نزیکبوونەوەی بابە ئانجێلی دیت. تۆقەی لەگەڵدا کردو گوتی: «رێک لە کاتێ خۆیدا هاتی، تەنانەت لە کاتێکی وادا کە بارانیش نابارێت»و خۆی ئامادە کرد تا لە قادرمە تیژەکانی بنکەی پۆلیس سەربکەوێت. بابە ئانجێل وەڵامی دایەوە:

– ئەگەر ئاسمانیش بەسەر زەویدا بڕووخێ.

لە پاش دوو چرکە رێگایان پێدا تا بچێتە نێو ژوورەکەی سیزار مۆنترۆوە.

لە میانی مەراسیمی گوێگرتن لە دانپیانان، سەرۆکی شارەوانی لە راڕاوەکە دانیشت و بیری لە سێرکەکە دەکردەوە، بیری لەو ژنە کردەوە کە لە بڵندایی دە مەتر را بە ددانەکانی خۆی بە شتەوە هەڵدەواسی و ئەو پیاوەی کە بە جلی شینەوە تەپڵی لێدەدات.

بابە ئانجێل دوای نیو کاتژمێر لە ژوورەکەی سیزار مۆنترۆ هاتەدەرێ.

سەرۆکی شارەوانی پرسیاری لێکرد: «ئیشەکە جێبەجێ بوو؟»

بابە ئانجێل گوتی: «تۆ خەریکە تاوانێک ئەنجام دەدەی. ئەو پیاوە پێنج رۆژە هیچی نەخواردووە. هەر بۆ خۆی کابرایەکی بەتین و تاقەتە دەنا دەبووایە هەتاکو ئێستا بمرێت».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «خۆی وای ویستووە».

قەشە حاڵەتێکی گران و سەنگین و گەرم و گوڕی دا بە دەنگی خۆی و گوتی: «وا نییە. تۆ فەرمانت داوە کە هیچی نەدەنێ».

سەرۆکی شارەوانی پەنجەی بە روودا بەرزکردەوە.

– ئاگات لە خۆ بێت بابە، تۆ خەریکە نهێنی دانپیانانێکی ئایینی دەدرکێنی.

قەشەکە گوتی: «ئەمە بەشێک نییە لە دانپیانان».

سەرۆکی شارەوانی بە گورجی هەستایە سەر پێ و گوتی: «دە تۆش ئیدی دەرزی مەکە بە گاسن»و لە ناکاو بە دەنگی بەرز دایە قاقای پێکەنین و گوتی: «مادام ئەوەندە پێیەوە ناڕەحەتی، ئێستا چارەسەری دەکەم». بانگی پاسەوانێکی کردو فەرمانی پێدا تا لە

میوانخانەکەڕا خواردن بۆ سیزار مۆنترۆ بنێرن. «پێیان بڵێ با مریشکێکی قەڵەو و قاپێک پەتاتە بنێرن و قاپێکیش زەڵاتەی لەگەڵدا بێت»و رووی لە قەشەکە کردو درێژەیدا بە قسەکەی:

– هەموو ئەو شتانە لەسەر حیسابی شارەوانییە، بابە دەبینی کە بارودۆخەکە چەند گۆڕاوە؟

بابە ئانجێل سەری خۆی دانەواند.

– کەی بەڕێی دەکەن؟

– بەلەمەکان سبەینێ دەڕۆن. ئەگەر ئەمشەو بێتەوە سەر عەقڵ، سبەینێ بەڕێی دەکەین. بەڵام دەبێ بزانێت کە پیاوەتی لەگەڵدا دەکەم.

قەشەکە گوتی: «بەڵام نرخی ئەم پیاوەتییە هێندێک گرانە».

– هیچ پیاوەتییەک بۆ مرۆڤ بە خۆڕایی نابێت.

راستەوخۆ رووانییە چاوەشین و روونەکانی قشەکەو زیاتر گوتی:

– هیوادارم ئەم شتانەت تێگەیاندبێت.

بابە ئانجێل وەڵامی نەدایەوە. لە قادرمەکان چووە خوارێ و کاتێک کە پێی گەیشتە سەر زەوەی بە دەنگێکی کپ ماڵئاوایی کرد. ئەوسا بەبێ لە دەرگادان سەرۆکی شارەوانی چووە ژوورەکەی سیزار مۆنترۆوە.

ژوورێکی سادە بوو: دەستشۆرێک و قەرەوێڵەیەکی ئاسن. سیزار مۆنترۆ بە ریشی نەتاشراوەوە لەسەر قەرەوێڵەکە راکشابوو. بە هەمان ئەو جلانەوە کە سێ شەممەی رابردوو لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە ماڵی لە بەری دابوون. کاتێک دەنگی سەرۆکی شارەوانی بەرگوێیان کەوت، تەنانەت چاویشی نەتروکاندن. سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئێستا کە حیسابی خۆت لەگەڵ خوادا پاککردۆتەوە، لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە لەگەڵ منیشدا ئەو کارە بکەی».



کورسییەکی راکێشاو هێنایە تەنیشت قەرەوێڵەکەو پاشە و پێش لەسەری دانیشت و سینگی بە پشتیەکەوەدا. سیزار مۆنترۆ زەینی خۆی بە ئالێدارەکانی بن میچەکەوە خەریک کرد. دەتوانرا لە دەوروبەری دەمیدا زیانەکانی وتووێژێکی درێژخایان ببینرێت، بەڵام دڵەڕاوکێی تێدا بەدی نەدەکرا. گوێی لە دەنگی سەرۆکی شارەوانی بوو کە دەیگوت: «پێویست بەوە ناکات من و تۆ ئەمسەرو ئەوسەر بکەین. سبەینێ لێرەت لادەبەن. ئەگەر بەخت یاوەرت بێ هەتا دوو سێ مانگی دیکە لێکۆڵەرەوەیەکی تایبەتی دێتە ئێرە. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئێمە کە چ شتێکی بە گوێدا بخوێنین. هەفتەی دواتر بە بەلەم بۆ ئێرەت دەهێننەوەو هەتا ئەو کاتەش ئیدی بۆ خۆت تێگەیشتووی کە چ بێ عەقڵییەکت کردووە».

کەمێک راوەستا، بەڵام سیزار مۆنترۆ هەروا لەسەرخۆ مایەوە.

– پاشان، بە دادگاکان و پارێزەرەکانەوە لانی کەم بیست هەزار پێزۆت لێ دەکێشنەوە.

جگە لەوەش، ئەگەر لێکۆڵەرەوەی تایبەتی پێیان بڵێ کە تۆ ملیۆنەری، ئەوا زیاترت لەسەر دەکەوێ.

سیزار مۆنترۆ سەری بۆ لای وی سووڕاند. جووڵانەکەی بە باشی هەستی پێنەدەکرا، بەڵام فەنەرەکانی قەرەوێڵەکەی بە دەنگ هێنان.

سەرۆکی شارەوانی بە ئاوازە دەنگی راوێژکارێکی روحانی درێژەیدا بە قسەکەی خۆی: «با لە کورتی ببیڕمەوە، بە گشتی بەو هەموو ئەمسەرەو سەرەی کە پێت دەکەن و بە کاغەزو کاغەزکارییەکان، ئەگەر زۆرت شانس هەبێت، دوو ساڵت بۆ دەبڕنەوە».

وای هەستکرد کە سەر لەبەر پشکنینی بۆ ئەنجام دەدەن. کاتێک کە نیگای تێڕاماوی سیزار مۆنترۆی بەرچاوان کەوت، هێشتا قسەکەی نەبڕیبۆوە، بەڵام ئاوازە دەنگی خۆی گۆڕی.

– ئەوەی هەتە لە پیاوەتی منەوەیە. فەرمانمان پێگەیشتبوو کە بتفەوتێنن. فەرمانەکە وا هاتبوو کە بە شەوێ بکوژرێی و هەموو مەڕ و ماڵاتەکەت دەستی بەسەردا بگیرێت بۆ



PDF 4 KURD

ئەوەی دەوڵەت خەرجی قورسی هەڵبژاردنەکانی تەواوی ئەم دەڤەرەی پێ پڕبکاتەوە. بۆ خۆت چاک دەزانی کە لە شارەکانی دیکە سەرۆکی شارەوانییەکان ئەو کارەیان کردووە. بەڵام ئێمە لەو فەرمانە سەرپێچیمان کرد.

لەو ساتەوەختەدا یەکەمین نیشانەکانی بیرکردنەوەی لە سیزار مۆنترۆدا بۆ دەرکەوتن. لاقی زیاتر لێک بڵاو کردن. دەستی بە پاش کورسیەکەدا بەردانەوەو وەڵامی ئەوتۆمەتە هەڵبەستراوەی دایەوە:

– لەو پارەی کە بۆ رزگارکردنی ژیانت داوتە، درهەمێکی نەچۆتە گیرفانی منەوە. هەمووی لە ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکاندا خەرج کرا. ئێستاش ئەم دەوڵەتە نوێیە بڕیاری داوە کە خۆشی و ئاشتی لە هەموو جێگایەکدا بەرقەرار بێت و زەمانەتی ژیانی هەموو کەسێک بکات. بەوەندە مووچەی کە دەیدەنە من هەمیشە هەر لات و پاتم و تۆش هەموو جەستەت لە بۆگەنی پارە هەڵکشاوە. دەتوانی سەودایەکی چاک بکەی.

سیزار مۆنترۆ زۆر بە زەحمەت دەستی کرد بە هەستان. وەختێک کە هەستایە سەرپێ، سەرۆکی شارەوانی خۆی بە قەڵافەتێکی وردیلەو خەماوییە دیت کە لە بەرامبەر دێوێکی زەبەلاحدا راوەستاوە. ئاسەواری شەوق و زەوقی لەو نیگایەدا بە دیارکەوت، کە هەتاکو پەنا پەنجەرەکە بە دوای سیزار مۆنترۆوە بۆوە.

لەبەرخۆیەوە گوتی: «ئەمە باشترین سەودای تەواوی ژیانی تۆیە».

پەنجەرەکە رووەو رووبارەکە دەکرایەوە. سیزار مۆنترۆ رووبارەکەی نەناسییەوە: ئەو خۆی لە شارێکی تردا دەبینی و پێی وابوو کە رووبارەکە پایەدار نییە. لە پشتەوەڕا گوێی لە دەنگێک بوو: «من دەمەوێت یارمەتیت بدەم. هەموومان دەزانین کە مەسەلەکە مەسەلەی شەرەف و ناموس بوو. بەڵام سەلماندنی کارێکی گرانە. کارێکی زۆر بێ ئاقڵانەت کرد کە جنێونامەکەت دڕاند». هەر لەو کاتەدا بۆنێکی ناخۆش کە مرۆڤی بە هێڵنج دەخست رووی لە ژووریێ کرد.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «لەوانەیە لاشەی مانگایە کە لە شوێنێک لە قوڕیدا چەقی بێت». سیزار مۆنترۆ هەر ئاوا لەبەر پەنجەرەکە مایەوەو بۆگەنەکە کاری تێنەدەکرد. سەر



شەقامەکە چۆڵ و هۆڵ بوو. لە بەندەرگایەکە سێ کەشتی لەنگەریان بەردابۆوەو کرێکارەکانی خەرێکی هەڵواسینی جۆلانەکانیان بوون بۆ نووستن. بۆ رۆژی دوایی کاتژمێر حەوت، بارودۆخەکە گۆڕا، بۆ ماوەی نیو کاتژمێرێک لە بەندەرگا ئاژاوەو قەڵەقەڵ دروست بوو و خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆدەبۆوەو چاوەڕوانی سوارکردنی گیراوەکەیان دەکرد.

سیزار مۆنترۆ ئاخێکی هەڵکێشا. دەستی لە گیرفانی هاویشتن و بە ئاوازە دەنگێکی بڕیاردەرانە، بەڵام بێ پەلەکردن، تەواوی فکرەکانی خۆی لە وشەیەکدا کۆکردنەوە:

– چەندە؟

دەسبەجێ وەڵامی درایەوە:

– پێنج هەزار پیزۆ، بایی پێنج هەزار پیزۆ گۆڵکی یەکساڵە.

– با پێنج گۆڵکی تریشی لەگەڵدا بێت، بەو مەرجەی کە هەر ئەمشەو لە پاش تەواوبوونی بەرنامەی سینەمادا، بە بەلەمێکی تیژڕەو بەرێیم بکەن.



PDF 4 KURD

# بەشی پێنجەم

کەشتییەکە فیکەی لێداو لە ناوەڕاستی رووبارەکەدا بایدایەوە. حەشاماتەکە لە بەندەرگاو ئافرەتانیش لە پەنجەرەکانەوە بۆ دواجار رۆزاریۆ مۆنترۆیان دیت کە لە تەنیشت دایکی و لەسەر باولیە تەنەکەکەی دانیشتبوو. حەوت ساڵ بەر لە ئێستا بەخۆوە بەم باولیە تەنەکەیەوە هاتبوو بۆ ئەم شارە. دکتۆر جیرالّدۆ کە لەبەر پەنجەرەی عەیادەکەی خەریکی ریش تاشین بوو، لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە کە ئەم سەفەرە بۆ ئەو ژنە وەکو گەڕانەوە وایە بۆ دنیای راستەقینە. ئەو پاش نیوەڕۆیە، دکتۆر جیرالّدۆ لە کاتی هاتنیدا رۆزاریۆی بینیبوو کە بە رووپۆشە شێوە بەنییەکەی مامۆستاییەوەو پێڵاوی پیاوانەوە لە بەندەرگا راوەستا بوو و بە دوای کەسێکدا دەگەڕا کە باولیەکەی بە کەمترین هەقدەست بۆ بگەیەنێتە قوتابخانە. وا دەهاتە پێش چاو کە خۆی داوەتە دەست ژیانێکی ئاسایی و پیربوون لەو شارە نامۆیەدا. دواتر رۆزاریۆ بۆ خۆی گێڕایەوە کە ناوی ئەو شارەی یەکەمجار لە رۆژی راکێشانی تیروپشکدا- لە نێوان ئەو یازدە کەسەدا کە خۆیان هەڵبژاردبوو بۆ شەش جێگای بەتاڵ- لەسەر ئەو پارچە کاغەزە دیت کە لە نێو کڵاوێکدا هێنایانە دەرێ. لە قوتابخانە، ژوورێکی بچووکیان دابوویە کە قەرەوێڵێک و دەسشۆرییەکی تێدا بوو. لە کاتی بێ ئیشیداو چاوەڕوانی بە کوڵ هاتنی حەڵوای ئاردە زوڕات لەسەر تەباخە نەوتییەکەی، خۆی بە چنینی سەر مێزەوە دەخافڵاند. لە کریسمەسی هەمان ساڵ و لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی قوتابخانەدا چاوی بە سیزار مۆنترۆ کەوت. ئەو کابرایەکی زگورتی و دوورە پەرێز بوو کە هیچ کەس نەیدەزانی بە رەچەڵەک دەچێتەوە سەر کێ. ئەو پیاوە لە رێگانی بازرگای کردنی بە ئاڵیدارو تەختەوە دەوڵەمەند ببوو و لەگەڵ سەگە نیمچە کێوییەکانی لە دارستانێکی دەست لێنەدراودا ژیانی بەسەر دەبردو ناوە ناوەش دەهات بۆ شار و بەردەوامیش ریشی نەتاشراو بوو و چەکمەی نووک ئاسنی لەپێ دەکردو تا پڕی دوو لوولەی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت.



وەک ئەوە وابوو کە رۆزاریۆ بۆ جارێکی تر بووبێتەوە بە براوەی راکێشانی تیروپشک. دکتۆر جیرالّدۆ بە چەنەگەی کەفاوییەوە، نووقمی ئەو بیرکردنەوانە بوو بوو کە لە ناکاو بۆگەنێک لە دەریای خەیاڵانی هێنایە دەرێ.

پۆڵێک باشووکە کە بەسەر کەنارەکانی ئەو بەریدا دەفڕین، لە ترسی شەپۆڵی بەلەمەکە بەملاولادا بڵاوبوون. بۆگەنەکە بۆ ساتێک لەسەر لەنگەرگایەکە قورسایی کرد، ئاوێتەی شنەی شەماڵی بەرەبەیان بوو و ئەوسا دزەی کردە قووڵایی ماڵەکانەوە. سەرۆکی شارەوانی لەسەر باڵکۆنییەکەی ژووری نووستنێ هاواری لێبەرزبۆوە: «بێ دین، خۆ هەر لێرە ماوە». لێکپەڕتەوازەبوونی باشووکەکانی دیت و گوتی: «مانگای سەگباب».

بە دەستەسڕەکەی لووتی خۆی گرت، چووە ژوورێ و دەرگای باڵکۆنەکەی پێوەدا. ژوورەکە بۆگەنی هەر تێدا مابوو. بێ ئەوەی کە کڵاوەکەی دانێ، ئاوێنەی بە بزمارێکەوە هەڵواسی و بە پارێزەوە هەوڵیدا تا لاڕوومەتە ئاوساوەکەی بتاشێت. کەمێک دوای ئەوە، بەڕێوەبەری سێرک لە دەرگایدا.

سەرۆکی شارەوانی بە دەم ریش تاشینەوە، لە ئاوێنەکەڕا تەماشای کردو پێی گوت کە دانیشێت. بەڕێوەبەری سێرک، کراسێکی شەترەنجی رەش و سپی لەبەر کردبوو و پانتۆڵێکی کورت و پوزەوانەشی لە پێدا بوو و قامچییەکی بە دەستەوە بوو کە بەردەوام لە ئەژنۆی خۆی رادەکێشا.

سەرۆکی شارەوانی کاتێک کە لە تاشینی ریشە زبرەکەی سەردەمی دوو هەفتە داماوی خۆی بۆوە، گوتی: «جارێ هەر هیچ نەبووە لای من شکایەتیان لێکردوون، دوێنێ شەوێ هاتنە لام».

- لەسەر چی؟



PDF 4 KURD

– که ئێوه منداڵان دەنێرن بۆ پشیله دزین.

– ئەو قسەیە ڕاست نییە. هەر پشیلەیەک کە بۆمان دەهێنن بە کیلۆ حیسابی دەکەین و پارەکەیان دەدەینێ، هەقیشمان بەسەرەوە نییە داخۆ لە کوێیان هێناوە. ئێمەش دوای ئەوەی لێمان کڕین دەیاندەینە گیانلەبەرە دڕندەکان تا بیخۆن.

– هەر بە زیندوویی لە پێشیان دادەنێن؟

بەڕێوەبەری سێرک گوتی: «نەخێر، چونکە خۆی دڕندەیی گیانلەبەرەکان دەوروژێت».

سەرۆکی شارەوانی لە پاش دەموچاو شووشتن، کاتێک کە دەموچاوی خۆی بە خاولی ویشک دەکردنەوە ڕووی تێکرد. هەتاکو ئەو وەختە سەرنجی نەدابووە ئەوەی کە ئەو پیاوە ئەنگوستیلەی نەقێمە بەردی ڕەنگاوڕەنگی لە زۆربەی پەنجەکانی کردووە.

گوتی: «باشە، بە هەرحاڵ دەبێ بیرێکی دیکەی لێبکەنەوە. ئەگەر حەزتان لێبوو بچن تیمساح ڕاو بکەن، یان سوود لەو ماسییانە وەربگرن کە ئەگەر لەو کەش و هەوایەدا بمێننەوە بە فیڕۆ دەچن. بەڵام پشیلەی زیندوو نا، هەقتان بەسەر ئەوانەوە نەبێت».

بەڕێوەبەری سێرک شانی هەڵتەکاندن و دوابەدوای سەرۆکی شارەوانی گەیشتە سەر شەقامەکە. سەرەڕای ئەو بۆنە بێزارکەرەی لاشەی مانگایەکە- کە بە دڕک و داڵی کەنارەکانی ئەوبەرییەوە ببوو- پیاوەکان لێرەو لەوێ کۆمەڵ کۆمەڵ ببوون و باس و خواسیان دەکرد.

سەرۆکی شارەوانی هاواریکرد: «هەی منداڵۆکەینە، لە جیاتی ئەوەی بسووڕێنەوەو وەکو ژنان پاشەملە باسی خەڵکی بکەن، دەبووایە هەر لە دوێنێوە تاقمێکتان پێک بهێنایە تا لاشەی ئەو مانگایە مردارە وەبووە بە ئاوەکەدا بدەنەوەو لێرەی نەهێڵن» چەند پیاوێک دەوریان لێدا.

سەرۆکی شارەوانی پێشنیاری کرد: «پەنجا پیزۆ بۆ ئەو کەسەی کە هەتا کاتژمێرکێ تر شاخەکانی ئەو مانگایەم بۆ بهێنێت».

لە ناکاو دەنگە دەنگێکی تێکەڵ و پێکەڵ لەوسەری بەندەرگاکە بەرزبۆوە. هێندێک لەو



پیاوانە گوێبیستی پێشنیارەکەی سەرۆکی شارەوانی ببوون و بە پەلە خۆیان فڕێ دەدایە نێو بەلەمەکانیانەوەو لە یەکتریان دەخوڕێندو بە شان و باڵی خۆیان هەڵدەگوت. هەر بۆیەش سەرۆکی شارەوانی بە زەوق هات و بڕی خەڵاتەکەی کردە دوو بەرامبەر: «سەد پیزۆ، بۆ هەر شاخێکی پەنجا پێزۆ». بەڕێوەبەری بردە ئەوسەری بەندەرگاکەو دوو قۆڵی ئەوەندە چاوەڕێییان کرد تا یەکەمین بەلەم گەیشتە کەنارەکانی ئەوبەری. ئەوسا سەرۆکی شارەوانی ڕوویکردە بەڕێوەبەری سێرک بە زەردەی سەر لێوانەوە گوتی:

– شارێکی چالاکە.

بەڕێوەبەریش بۆ پشت ڕاستکردنەوەی قسەکەی وی سەرێکی بۆ لەقاند. سەرۆکی شارەوانی گوتی: «تەنیا گرفتەکە لەو جۆرە کاتانەدایە. خەڵکەکە لەبەر ئەوەی هیچ ئیش و کارێکیان نییە، بیر لە شتی گەمژانە دەکەنەوە». کۆمەڵێک منداڵە وردکە بەرەبەرە لە دەوریان کۆبوونەوە.

بەڕێوەبەری سێرک گوتی: «ئەمەش سێرک».

سەرۆکی شارەوانی قۆڵی بەڕێوەبەری گرتبوو و بەرەولای گۆڕەپانەکەی ڕادەکێشا.

پرسیاری لێکرد: «لە سێرک چی دەکەن؟».

بەڕێوەبەرەکە گوتی: «هەموو شتێک. ئێمە نمایشی هەمە چەشنمان هەیە بۆ منداڵان و بۆ گەورەکانیش».

سەرۆکی شارەوانی وەڵامیدایەوە: «ئەمە بەس نییە، دەبێ دەستی هەموو کەسێکی پێبگات و بتوانێ بیبینێ».

بەڕێوەبەری سێرک گوتی: «بیرمان لەوەش کردۆتەوە».

پێکەوە چوونە بەتاڵاییەکەی پاش سینەکا کە تاقمێک خەریکی هەڵدانی خێوەتەکە بوون. ژن و پیاوی کەم دوێ، پارچەو ڕەنگە درەوشاوەکانیان، لە لۆرییە کانزاییە گەورەو پڕ لە نەخش و نیگارەکان دادەگرت. سەرۆکی شارەوانی کاتێک لە دوای بەڕێوەبەری سێرکەوە بە نێو حەشامەتی مرۆڤ و کەلوپەلە سەیر و سەمەرەکاندا بەرەوپێش دەچوو و



PDF 4 KURD

تەوقەی لەگەڵ هەمووواندا دەکرد، وای هەست بە خۆی کرد کە لە نێو پاپۆڕێکی ئاڵۆزو لە حاڵەتی ژێر ئاو کەوتنندایە. ئافرەتێکی کەتەو ناقۆڵا کە زۆربەی هەرە زۆری ددانەکانی زێڕبوون. دوای ئەوەی کە تەوقەی لەگەڵدا کرد، تەماشای بەری دەستی سەرۆکی شارەوانی کردو پێی گوت:

- لە داهاتووی ئێوەدا شتێکی سەیر دەبینم.

سەرۆکی شارەوانی بێ ویستی خۆی خێرا دەستی کێشایەوە بۆ دواوە. نەیتوانیبوو ڕێگا لەشڵەژانە کاتییەکەی خۆی بگرێت. بەڕێوەبەری سێرکەکە بە ئارامی نووکی قامچییەکەی گەیاندە دەستی ژنەکە. گوتی: «سەری جەنابی مولازم گران مەکە»و لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی پێکەوە چوونە بەتاڵاییەکەی پشتەوە کە ئاژەڵ و گیانلەبەرەکانی لێبوو.

لە سەرۆکی شارەوانی پرسی: «ئێوە بڕواتان بەو جۆرە شتانە هەیە؟».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «پەیوەندی بە شتەکەوەیە».

بەڕێوەبەری سێرک گوتی: «قەت نەیانتوانیوە ئەو بڕوایە لە مندا دروست بکەن. پیاو کاتێک دەچێتە نێو ئەو جۆرە کارانەوە، تەنیا بڕوا بە ئیرادەی مرۆڤەکان پەیدا دەکات».

سەرۆکی شارەوانی بە دیقەتەوە تەماشای ئەو گیانلەبەرانەی کرد کە لە گەرمان وڕو گێژ ببوون. قەفەسەکان هاڵاوێکی بۆن ناخۆشیان لێ هەڵدەستاو هەناسەی پچڕ پچڕی گیانلەبەرە دڕندەکان تووڕەییەکی هیوا بڕاوانەی تێدا بوو. بەڕێوەبەری سێرک قامچییەکی گەیاندە لووتی پڵینگێک، ئەو گیانلەبەرەش وەکو شێتان جینگڵێداو زیقاندی.

سەرۆکی شارەوانی پرسیاریکرد: «ناوی چییە؟».

- ئەرەستۆ.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئەو ئافرەتەی دەڵێم».

بەڕێوەبەری سێرک گوتی: «ئەها، ئێمە بە کاساندرا بانگی دەکەین، ئاوێنەی ئایینده».

سەرۆکی شارەوانی حاڵەتێکی خەماوی بە خۆیەوە گرت.



- دەمەوێت لەگەڵیدا بخەوم.

بەڕێوەبەری سێرک گوتی: «هەموو شتێک مومکینە».

بێوەکەی مۆنتێل پەنجەرەکانی ژووری نووستنی کردنەوە لەبەرخۆیەوە گوتی: «ئەو داماوانە». مێزەکەی ڕێکخست. کتێبی دوعاو تەسبێحەکەی خۆی لە چەکمەجەی مێزەکە هاویشتنەوەو بنی پێڵاوە زڕێشکییەکانی خۆی لەو پێستە پڵینگەی بن قەرەوێڵەکە خشاندو پاکی کردنەوە. ئەوسا بە هەر چوار سووچی ژوورەکەدا سوڕایەوە تا دەرگای کەنتۆڕی جلان و هەرسێک بۆفیە لە دیوارگیراوەکەو چەکمەجەی مێزە چوارگۆشەییە تاقچە شێوەکەی کە پەیکەرێکی لە گەچ دروستکراوی رافائێل-ی پیاوچاکی لەسەر دانرابوو دابخات. سەرەنجام دەرگای ژوورەکەشی کلۆمدا.

بەو قادرمە بەردینە پانانەدا چووە خوارێ کە هێڵی مارپێچیان لەسەر هەڵکەندرابوو و هەر لەو حاڵەتدا بیری لە چارەنووسی ڕۆزایۆ مۆنترۆ کردەوە. لە کاتی ڕەتبوونیدا بەرەو سووچێکی بەندەرگایەکە، لە کەلێنێکی باڵکۆنییەکەوە چاوی پێکەوتبوو، حاڵەتی بڕیاردەرانەی کیژۆڵێکی قوتابی هەبوو کە فێریان کردووە ئاوڕنەداتەوە بۆ دواوە. بێوەکەی مۆنتێل هەستی کرد کە ئەو ڕووداوەی ماوەیەک لەمەوبەر سەری هەڵدابوو، سەرەنجام کۆتایی پێهاتووە.

کاتێک لە قادرمەکان چووە خوارێ دەنگی هەراوهۆریاو ژاوەژاو، وەکو بازاڕی لادێ، لە حەوشەی ماڵێدا هاتە پێشوازی. لایەکی نەردەکە، سەکۆیەکی لێبوو کە سەڵکە پەنیرەکانیان لە نێو گەڵای شین و تازەوە پێچابوو و لە سەر یەکیان هەڵچنی بوون. کەمێک دوورترو لەسەر هەیوانێ، کیسە خوێ و هیزە پڕ لە هەنگوینەکانیان لە سەریەک کەڵەکە کردبوون. پاش حەوشەکەش تەویلەیەکی پڕ لە ئەسپ و هێستری لێبوو و زینەکانیشیان لەسەر کۆڵەکە دارەکان دانابوون. ماڵەکە بۆنی چوارپێیانی گرتبوو کە تێکەڵ بە بۆنێکی تر- بۆنی ویشک کردنەوەو هاڕینی قامیشی شەکر- ببوو. بێوەکە لە ژووری نووسینگەکەدا بەیانی باشی لە سینیۆر کارمیچایل کرد کە خەریکی دانانی سەفتە پارەکان بوو لەسەر مێزەکەو بە خێرایی بڕی ئەو پارەیەی لە دەفتەری گشتیدا تۆمار دەکرد.

کاتێک ئەو پەنجەرەیەی کردەوە کە دەیڕوانییە رووبارەکە، تیشکی کاتژمێر نۆی بەیانی خۆی بە ژووری پێشوازیدا کرد. ژوورێک بوو پڕ لە کەلوپەلی رازاندنەوەی قرپۆک، کۆمەڵە کورسییەکی گەورەی رەنگ خۆڵەمێشی و هەڵامساوەو وێنەی گەورەکراوی خۆزێ مۆنتێل بە دیوارەوە هەڵواسرابوو و ریزە گوڵێکی تازیەش دەوری چوارچێوەکەی دەڕازاندەوە. بێوەکە بۆگەنەکەی بەرلووتی کەوت و ئەوسا بەلەمەکانی کەنارەکانی ئەوبەریشی کەوتنە بەرچاو.

پرسیاری کرد: «لە کەنارەکانی ئەوبەر چ باسە؟».

سینیۆر کارمیچایل گوتی: «هەوڵ دەدەن تا لاشەی مانگایەک سەراو بکەن».

بێوەکە گوتی: «کەواتە ئەو بۆگەنە ئی ئەو مانگایە بوو. بە درێژایی ئەمشەو خەونم بەو بۆنەوە دەدیت». تەماشای کارمیچایل-ی کرد کە نوقمی کارەکەی خۆی بوو بوو و درێژەی بە قسەکەیدا: «ئێستا هەر لە باوبۆرانێکی گەورەمان کەمە».

سینیۆر کارمیچایل بەبێ ئەوەی سەر بەرزبکاتەوە قسەی کرد:

- دوو هەفتەیە کە دەستی پێکردووە.

بێوەژنەکە پشتگیری لە قسەکەی کرد: «بەڵێ، راستە. ئێستا ئێمە گەیشتووینەتە کۆتایی رێگاو هەر ئەوەندەمان بە بەرەوە ماوە کە لە بن تیشکی خۆرو شەونم لە گۆڕستاندا بخەوین تا کۆتایی بە تەمەنمان دێت».

سینیۆر کارمیچایل، بێ ئەوەی دەست لە ئیشەکەی خۆی هەڵگرێت، گوێی بۆ قسەکانی شل کرد. بێوەژنەکە درێژەی بە قسەکەی خۆیدا: «ساڵانێکی دوورودرێژ ئێمە سکاڵای ئەوەمان دەکرد کە بۆچی لەم شارەدا هیچ روونادات. ئێستا لێک لێک بەڵامان بۆ دەبارن. دەڵێی ئیرادەی خوا وایە کە هەموو ئەو شتانە کە ساڵان روویان نەدەدا، ئێستا یەک لە دوای یەک رووبدەن».



سینیۆر کارمیچایل لە پاش سندووقەڕا، تەماشایەکی کردو دیتی کەوا ئانیشکی لەسەر پەنجەرەکە داناوەو نیگای بڕیوەتە کەنارەکانی بەرامبەر. جلی رەشی قۆڵ درێژی لەبەردا بوو و نینۆکی خۆی دەکرۆشتن.

سینیۆر کارمیچایل گوتی: «ئەگەر باران خۆشی کردەوە، بارودۆخەکە چاکتر دەبێت».

بێوەکە پێشبینی کرد: «خۆشی ناکاتەوە. قەت بەدبەختی یەکێک نییە. چاوت لە رۆزاریۆ مۆنترۆ نەبوو؟».

سینیۆر کارمیچایل چاوی لێ ببوو و گوتی: «هەمووی چەقەو هەراو سووک کردنی خەڵکە. مرۆڤ ئەگەر گوێ بداتە جنێونامەکان شێت دەبێ».

بێوەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا: «جنێونامەکان».

کارمیچایل گوتی: «دەربارەی منیشیان نوسیووە».

- دەربارەی جەنابتان؟

سینیۆر کارمیچایل جەختی کردەوە: «بەڵێ دەربارەی من. زۆریش بە گەورەیی و تێروتەسەلی. شەممەی رابردوو. وەکو ئاگاداری نامەی سەر دیواری سینەما».

بێوەکە کورسییەکی راکێشاو بردییە پەنا مێزەکەو بە شڵەژاوییەوە گوتی: «ئەمەیان ئێدی بێزارکەرە. سەبارەت بە بنەماڵەی نموونەیی ئێوە ناتوانرێت هیچ شتێک بگوترێ». سینیۆر کارمیچایل خۆی نەدۆڕاندبوو.

گوتی: «لەبەر ئەوەی ژنەکەی من سپی پێستن و منداڵەکانیش هەمەڕەنگن. بیری لێبکەوە، یازدە منداڵن».

بێوەکە گوتی: «دیارە».

- بەڵێ، جنێونامەکە دەڵێ کە من تەنیا باوکی منداڵە رەشپێستەکانم و ناوی باوکەکانی تریشیان هێناوە. تەنانەت ناوی دۆن چەپێ مۆنتێلی رەحمەتیشیان هێناوە.

- مێردەکەی من!

– مێردەکەی تۆ و چوار خانمی دیکەش.

بێوەژنەکە بە گریان کەوت. گوتی: «سوپاس بۆ خوا کە کچەکانی من زۆر لێرە دوورن. ئەوان دەڵێن کە نایانەوێت پێ بنێنە نێو ئەم وڵاتە دڕندەیەوە کە تێیدا منداڵانی قوتابی لەسەر شەقام دەکوژن و منیش پێم گوتوون کە هەقیانەو لە بەرژەوەندیاندایە کە هەر لە پاریس بمێننەوە».

سینیۆر کارمیچایل کەمێک کورسییەکەی خۆی سووڕاند، لەوە تێگەیشتبوو کە ئەو دیمەنە نارەحەتکەرە هەموو ڕۆژێک هەر تازەیە.

گوتی: «نابێ ئێوە خۆتان نارەحەت بکەن».

بێوەکە بەدەم هەنیسکانەوە گوتی: «زۆر بە پێچەوانەوە، خۆزگە من یەکەم کەس بوومایە کەلوپەلەکانی خۆمم کۆکردبایەوەو لەم شارە ڕۆیشتبام، جارێ بە جەهەنەم کە زەوی و زارو کارو کاسبییەکەمان کە ئەو هەموو بەدبەختییەی بۆ وەبەرهێناوین، هەمووی لە دەست دەچوو. نا، سینیۆر کارمیچال، من نامەوێ تف بکەمە نێو لەگەنی زێڕەوە».

– ئێوە بەرپرسیارەتیتان لە ئەستۆدایە. تۆ ناتوانی هەموو سامانەکەت لە پەنجەرەوە بۆ دەرێ فڕێدەی.

بێوەژنەکە گوتی: «پارە گڵاوی شەیتانە».

– بەڵام ئێرە دەرەنجامی زەحمەت و کوێرەوەرییەکانی دۆن چەپێ مۆنتێلیشە.

بێوەژنەکە قامکەکان خۆی جوین.

وەڵامی دایەوە: «تۆ بۆ خۆشت دەزانی کە وانییە. ئەم پارەو پولە لە ڕێگای حەرامەوە بەدەست هاتووەو یەکەم کەسیش کە باجەکەیدا خودی خۆزێ مۆنتێل بوو کە بەبێ تۆبەکردن مرد».

ئەوە یەکەمجار نەبوو کە ئەم قسەیەی دەکرد.

بێوەژنەکە درێژەی دایە: «ئەڵبەتە ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی ئەو تاوانبارەدایە»و ئاماژەی بۆ



سەرۆکی شارەوانی کرد کە قۆڵی لە قۆڵی بەرێوەبەری سێرکدا بوو و بە پیادەڕۆکەی ئەوبەریدا تێدەپەڕی. «بەڵام دەبێ من کەفارەکەی بدەم». سینیۆر کامیچایل بە حاڵی خۆیەوە وازی لە بێوەکە هێناو سەفتە پارەکانی بە جیری دەبەستن و دەیخستنە نێو کارتۆنێکی بچووکەوەو بە گوێرەی پیتی ئەبجەد ناوی جوتیارەکانی لەو دەرگایەڕا دەخوێندەوە کە رووی لە حەوشێ بوو. کاتێک کە ئەو پیاوانە بۆ هەقدەستی هەفتانەکەیان دەهاتن، بێوەکەی مۆنتێل گوێی لە دەنگی هاتووچۆ کردنیان دەبوو و وەڵامی سەلامەکانیانی نەدەدایەوە. ئەو لە خانووە گەورە نۆ ژووری و خەماویەدا، بە تەنیا ژیانی بەسەر دەبرد. هەر لەم خانووەدا بوو داپیرە مرد. وەختێک کە خۆزێ مۆنتێل ئێرەی کڕی بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەدەهات کەلە پاش خۆی هاوسەرەکەی بە بێوەژنی هەتاکو ڕۆژی مردنی لەوێ لە گۆشەگیریدا ژیان بەسەر دەبات. شەوانە کاتێک کە بەخۆو بە دەرمان ڕشێنەوە دەچووە یەک بە یەکی ژوورە بەتاڵەکانەوە، داپیرەی بە دەم ئەسپێ کوشتنەوە لە ڕارەوەکان دەهێنایە پێش چاوان و لێی دەپرسی: «کەی من دەمرم؟». بەڵام ئەم پێوەندییە دڵپەسەندە لەگەڵ جیهانی سەرەوەدا، تەنیا ترس و لەرزی وی زیاد دەکرد، چونکە وەڵامەکە، وەکو وەڵامی هەموو مردووەکانی تر، جۆراوجۆرو گەمژانە بوو.

کاتێک دوای کاتژمێر یازدە، بێوەکە لە پاش پەردەیەک لە فرمێسکەوە، چاوی بە بابە ئانجێل کەوت کە بە گۆڕەپانەکەدا تێدەپەڕی. بانگی کرد: «بابە، بابە»و وای هەستکرد کە بە بانگکردنی قەشەکە خەریکە هەنگاوێکی کۆتایی هەڵدێنێتەوە. بەڵام بابە ئانجێل گوێی لە دەنگی نەبوو و لە پیادەڕۆکەی ئەوبەری لە دەرگای بێوەکەی ئاسیسی داو دەرگایەکە بە دزییەوە خرایە سەر پشت تا قەشەکە بچێتە ژوورێ.

بێوەکەی ئاسیس لە هەیوانێکی پڕ لە ئاوازی باڵندەدا، لە سەر کورسییەکی جاو لێی ڕاکشابوو و دەسماڵێکی بۆن خۆش و تەڕکراوی بە دەموچاوی خۆی دادابوو. بە شێوازی لە دەرگادانەکەی زانی کە بابە ئانجێلە. بەڵام پشوودانە کورتەکەی خۆی درێژکردەوە هەتا وای لێهات دەنگی سەلامکردنی قەشەکەی بەرگوێیان کەوت. ئەوسا دەسماڵەکەی لەسەر دەموچاوی خۆی لابرد. بێ خەوی بە چۆکیدا هێنابوو.

گوتی: «ببەخشە بابە. بەم نزیکانە چاوەڕێم نەدەکردی».

بابە ئانجێل بە بیری هاتەوە کە بۆ نیوەڕۆژە بانگهێشت کراوەو بە شلەژاوی داوای لێبوردنی کردو گوتی کە ئەویش ژانەسەری هەبووەو وای بە باش زانیوە کە بەر لە هاتنی گەرما گۆڕەپانەکە تەی بکات.

بێوەکە گوتی: «ئەوە قەیدێ ناکا، بەڵام حەزم نەدەکرد بەو حاڵەتە خەماوییەوە ببینی».

قەشەکە کتێبێکی دوعای بەرگ دڕاوی لە گیرفانی خۆی دەرهێناو گوتی: «ئەگەر پێت خۆشە دووبارە پشوو بدەوە، من خەریکی دوعا کردن دەبم». بێوەکە بەرپەرچی دایەوە:

– ئێستا باشتر بووم.

بە چاوی نووقاوەوە هەتا ئەوسەری هەیوانێ رۆیشت و لە گەڕانەوەیدا، بەوپەڕی رێکوپێکییەوە دەسماڵەکەی لەسەر دەسکی کورسییەکە دانا. وەختێک لە بەردەم بابە ئانجێل دانیشت، چەند ساڵێک خۆی لەوی بە حجێڵتر نیشان دەدا.

پاشان بە ئارامی گوتی: بابە، من پێویستیم بە کۆمەکی جەنابتانە».

بابە ئانجێل کتێبەکەی دوعای خستەوە نێو گیرفانییەوە.

– لە خزمەتی ئێوەدام.

– دیسان دەربارەی رۆبێرتۆ ئاسیسە.

رۆبێرتۆ ئاسیس سەرەڕای ئەوەی کە بەڵێنی دابوو تا مەسەلەی جنێونامەکان لە بیری خۆی بباتەوە، رۆژی پێشتر کە لە ماڵی چووبووە دەرێ بڕیار وابوو هەتاکو رۆژی شەممە نەگەڕێتەوە. بەڵام هەر ئەو شەوە لە ناکاو گەڕابۆوە. هەتا بەری بەیانی کە ماندوێتی پرزەی لێبڕیبوو، لە هۆدەیەکی تاریکدا دانیشتبوو بۆ ئەوەی دۆستی ژنەکەی خۆی بگرێت.

بابە ئانجێل بە واقی وڕماوەوە گوێی بۆ قسەکانی گرت.

گوتی: «ئەو قسانە هیچ بنەمایەکیان نییە».

بێوەژنەکە وەڵامی دایەوە: «بابە تۆ بەرەبابی ئاسیس ناناسی. هاوار بۆ ئەو کاتەی کە خەیاڵی خەراپ لە سەریان بدات».



قەشەکە گوتی: «رێبکا رای من سەبارەت بە جنێونامەکان دەزانێت. بەڵام ئەگەر حەزت لێبێت دەتوانم لەگەڵ رۆبێرتۆ ئاسیسدا قسە بکەم».

بێوەژنەکە گوتی: «نا، بە هیچ جۆرێک نابێ، ئەمە ئاگرەکە خۆشتر دەکات. بەڵام ئەگەر لە وتاری رۆژی یەکشەممەتاندا دەربارەی جنێونامەکان قسە بکەی، دڵنیام لەوەی کە رۆبێرتۆ بە ئاگا دێتەوە».

بابە ئانجێل دەستی لێک بڵاوکردن و بە دەنگی بەرز گوتی: «مەحاڵە. ئەمە بایەخدانە بە شتێک کە گرنگ نییە».

– هیچ شتێک لە رێگە گرتن لە تاوان گرنگتر نییە.

– یانی پێت وایە کە رەنگە کارەکە بگاتە ئەو رادەیە؟

بێوەژنەکە گوتی: «نەک تەنیا هەر پێم وایە، بەلکو دڵنیام لەوەی کە ناتوانم رێگای لێبگرم. کەمێک دوای ئەوە لە سەر مێز دانیشتن و کارکەرێکی پێخواس برنج و فاسۆلیاو سەوزەی کوڵیو و قاپێک کفتەی بۆ هێنان کە ساسێکی رەنگ قاوەیی خەستیشی لەسەر رۆکرابوو. بابە ئانجێل لە بێدەنگیدا خواردنی راکێشایە پێش خۆی.

بیبەری تیژو بێدەنگی سەیری ئەو خانووەو هەستکردن بەو ناڕەحەتییەی کە لەو ساتەوەختەدا دڵی لێی پڕ بوو، بووە هۆی ئەوەی کە ژووره بەرتەسک و باریکەکەی خۆی لەو گەرمایە سوتێنەرەی شاری ماکۆندۆدا بە بیربێتەوە. لە رۆژێکی ئەوا گەرم و تۆزو خۆڵاویدا بوو کە لە ئەنجامدانی مەراسیمێکی ئایینی خۆی بە دوور گرت کە بۆ بە خاکسپاردنی تەرمی پیاوێک بوو کە لە سێدارە درابوو. خەڵکە کەللە رەقەی شاری ماکۆندۆش لە ناشتنی تەرمی ئەو کابرایە خۆیان بە دوور گرت.

قۆپچەی کەوایەکەی کردنەوە تا سینگە ئارەقاوییەکەی هەوای لێبدات.

بە بێوەژنەکەی گوتی: «زۆر باشە، کەواتە کارێکی وا بکە کە رۆبێرتۆ ئاسیس لە سەداسەد بەشداری لە وتاری رۆژی یەکشەممەی کڵێسەدا بکات».

بێوەژنەکەش بەڵێنی پێدا.



PDF 4 KURD

دکتۆر جیراڵدۆ و ژنەکەی کە قەت پاش نیوەڕۆیان نەدەنووستن، خۆیان بە خوێندنەوەی یەکێک لە کتێبەکانی دیکنزەوە خەریک کرد. ئەوان لە بەشی نێوەوەی بەربێلاێیەکەی ماڵێ دانیشتبوون. پیاوەکە لە نێو جۆلانەکەیدا درێژ ببوو و دەستی ئاڵقە کردبوون و لە بن سەری خۆی نابوون و گوێی راگرتبوو. ژنەکەشی کتێبەکەی لە سەر ئەژنۆی خۆی دانابوو و پشتی کردبووە شەمدانەکان کە لەبەر تیشکی رووناکی دەبریقانەوە. بەبێ هەڵپەو بێ ئەوەی کە لە سەر کورسییەکە جووڵە جووڵێ بکات کتێبەکەی دەخوێندەوەو زۆر لێهاتووانە رەچاوی شوێنەکانی راوەستانی دەکرد. هەتاکو تەواوی نەکرد سەری هەڵنەبڕی، بەڵام تەنانەت دوای تەواوکردنی چیرۆکەکەش و تا ئەو کاتەی مێردەکەی دەموچاوی خۆی لە سەر دەسشۆرییەکە نەشووشتن، کتێبەکەی لە سەر ئەژنۆیانی هەڵنەگرت. لە گەرمایەکەڕا دیاربوو کە باوبۆرانێکی گەورە بەڕێوەیە. ژنەکە دوای ئەوەی کە بە وردی بیری کردەوە پرسیاری کرد: «دەتوانرێت بگوترێ کە ئەمە کورتە چیرۆکێکی درێژە؟».

دکتۆر بەو دیقەت و ڕاڕاییەی کە لە ژووری نەشتەرگەریدا فێری ببوو، سەری خۆی لەسەر دەسشۆرییەکە هەڵگرت و لەو دەمەدا کە بریانینی لە قژەکانی دەدا گوتی: «دەڵێن ڕۆمانێکی کورتە». بە پەنجە وەزەنی لە نێوچاوانی خۆی هەڵسوو بەم شێوەیە قسەکەی خۆی تەواو کرد:

– لەوانەیە رەخنەگران بڵێن کە ئەمە کورتە چیرۆکە. بەڵام لە درێژەکان.

بە هاوکاری ژنەکەی کراس و پانتۆڵی سپی لەبەر کرد. گومانی ئەوە هەبوو کە مرۆڤ لێی تێک بچێت و پێی وابێ کە ئەو ژنە خوشکە گەورەی دکتۆرە. چونکە نەک هەر تەنیا بە سۆز و نەرم و نیانییەوە خزمەتی دەکرد، بەڵکو ساردی نیگاشی بە پیرتری نیشان دەدا. دکتۆر جیراڵدۆ پێش ئەوەی لە ماڵی بڕواتە دەرێ، لیستێکی نیشانی هاوسەرەکەیدا کە بە دیاری دەخست بۆ کوێ و کوێ دەچێت. بۆ ئەوەی ئەو کاتەی کە نەخۆشەکان پێویستیان پێی دەبێت دەستیان پێی رابگات. هەروەها میلی کاتژمێرە کارتۆنییەکەی لە ژووری چاوەڕوانیدا جووڵاندن تا ئەوەی نوسیبووی، بەو شێوەیە بخوێندرێتەوە: «دکتۆر کاتژمێر پێنج دەگەڕێتەوە».



شەقامەکە لە گەرمان دەکوڵی. دکتۆر جیراڵدۆ بە پیادەڕۆکەدا بەڕێکەوت و پێشبینی ئەوەی کرد کە سەرەڕای توندوتیژی هەوا، پاش نیوەڕۆیە باران ناباریێت. زیکەزیکی سیسرکەکان حاڵەتی گۆشەگیری بەندەرگای زیاتر دەکرد، بەڵام مانگایەکەیان سەراو کردبوو و ئاو لەگەڵ خۆیدا بردبووی. بەڵام بۆگەنەکەی هێشتاش بەشێکی زۆری هەوای داگیر کردبوو.

تەلەگرافچی لە میوانخانەوە بانگی کرد.

– بروسکەکەتان پێگەیشت؟

دکتۆر جیراڵدۆ ئاگای لەو بروسکەیە نەبوو.

تەلگرافچی هەر بێ لەبەر ناوەڕۆکی بروسکەکەی بۆ خوێندەوە: «هەلومەرج بە ئیدارە بگەیەنە. ئیمزا ئارکۆڤان».

پێکەوە چوونە تەلگرافخانەو لە کاتێکدا کە دکتۆر وەڵامەکەی دەنووسییەوە، کارمەندەکە سەری بۆ لەقاند.

دکتۆر بە دڵنیاییەکی پتەوی زانستییانەوە روونی کردەوە: «لیمۆندزە» و کاتێک کە لە نووسینی بووەوە، سەرەڕای پێشبینییەکەی پێشدای، دڵی خۆی دایەوەو گوتی: «لەوانەشە ئەمشەو باران بباریێت».

تەلگرافچی پیتەکانی ژماردن. بەڵام دکتۆر خۆی تێنەگەیاند، بەڵکو خۆی بەسەر ئەو کتێبە قەوارە گەورەیەدا خوارکردەوە کە لە پەنا کلیلەی دەزگای پەیامنێرەکە لێک کرابۆوە. پرسیاری کرد داخۆ ڕۆمانە. تەلگرافچییەکەش لەسەر شێوەی بروسکە وەڵامی دایەوە: «بێنەوایان. ڤیکتۆر هوگۆ». مۆری لە پەیامە نووسراوەکەی دکتۆر داو بە خۆو بە کتێبەوە هاتە پاش نەردەکە. «پێم وایە ئەمە بۆ ئێمە هەتاکو مانگی کانوونی یەکەم دەخایەنێت».

دکتۆر جیراڵدۆ زۆر لەمێژ بوو دەیزانی کە تەلگرافچییەکە لە کاتی بێ ئیشی خۆیدا، لە ڕێگای بروسکەوە شیعران بۆ ئەو کچە دەنێرێ کە لە سان بێرناردۆ دۆل ڤینتۆ بوو، بەڵام نەیدەزانی کە لە هەمان ڕێگاوە ڕۆمانیشی بۆ دەخوێنێتەوە.



PDF 4 KURD

گوتی: «تەماشا بکە، ئەم کتێبە جدییە». و لاپەڕەکانی کتێبە بەکارهاتووەکەی هەڵدانەوەو بیرەوەری گەلێکی بێ هەست و خوستی سەردەمی باڵق بوونی تێدا زیندووبوونەوە. «ئەگەر یەکێک لە کتێبەکانی ئەلیکساندر دۆمات هەڵبژاردایە، لەبارتر بوو».

تەلگرافچی بۆی روونکردەوە: «ئەو کچە ئەمەی پێ خۆشە».

تەلگرافچی بە جووڵەی سەر وەڵامی نەخێری دایەوە.

– بەڵام گرنگ نییە. لە هەر شوێنێکی دنیا بێت دەیناسمەوە، چونکە لە وشەی (ڕ)دا تۆزێک زمانی هەڵدەنگوێت.

دکتۆر جیرالدۆ بەشێکی لە دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژەی بۆ بەسەرکردنەوەی دۆن ساباس تەرخان کردبوو. کاتێک کە چووە سەردانی لە حاڵەتێکی نارەحەتداو لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی دیتی کە لە پشتێنیڕا بۆ سەرەوە خاولییەکی تێوە پێچرا بوو.

دکتۆر لێی پرسی: «حەبەکانی مژین چاک بوون؟»

دۆن ساباس ناڵاندی و جەستە قەبەکەی کە وەکو جەستە داپیران دەچوو رووەو دەرگا وەرسووڕاندو گوتی: «گەرما ئازارم دەدات. لە پاش نان خواردنیش دەرزییەکەم لەخۆ داوە».

دکتۆر جیرالدۆ لە تەنیشت پەنجەرەکە جانتاکەی کردەوە. سیسرکەکان لە حەوشێدا هەر زیکەزیکیان بوو و ناوەوەی خانووەکەش بۆنی گەرمای تێکەڵ بە گیایەکی کوڵێندراوی لێدەهات. دۆن ساباس هەر لەو حەوشەیەدا وەکو بلوسکێکی کەم ئاو میزی هەڵدا.

کاتێک کە دکتۆر شلەڕەنگ تاریکەکەی رشتە نێو لوولەکەی تاقیکردنەوەوە، نەخۆشەکە هەستی بە ئاسوودەیی کرد. لە کاتێکدا کە تەماشای کارکردنی دکتۆری دەکرد کە خەریکی تاقیکردنەوە بوو گوتی:

– وریا بە دکتۆر. نامەوێت بەر لە ناسینی نووسەری رۆمانەکە بمرم.



دکتۆر جیرالدۆ حەبێکی شینی خستە نێو لوولەکەی تاقیکردنەوە.

– کام رۆمانە؟

– جنێونامەکان.

دۆن ساباس بە سیسە نیگا بە دوای جووڵەو هەڵسوکەوتەکانی دکتۆرەوە بوو تا وای لێهات دکتۆر لوولەکەی لەسەر تەباخێکی ئیسپرتۆیی گەرم کردو پاشان بۆنی کرد.

چاوەڕوانی و پرسیار لە چاوەکانی نەخۆشەکەدا دەخوێنرایەوە.

دکتۆر نموونە وەرگیراوەکەی رشتە نێو حەوشەو وتی: «دۆخەکە باشە».

ئەوسا لە دۆن ساباسی پرسی: «ئێوەش سەرنجتان بۆ ئەو مەسەلەیە راکشاوە؟»

نەخۆشەکە گوتی: «ئەوەی راستی بێت من نەخێر. بەڵام من وەکو ژاپۆنییەکان لە ترسانی خەڵک چێژ وەردەگرم».

دکتۆر سرنجەکەی ئامادە کرد.

دۆن ساباس درێژەی بە قسەکەی خۆیدا: «جگە لەمەش دوو رۆژ پێش ئێستا دەربارەی منیان نووسیوە. هەر ئەو شتە قۆڕانەی هەمیشەیی، کارە چەپەڵەکانی کوڕەکەم و ئەو بەسەرهاتەی وڵاخەکان».

دکتۆر لوولەیەکی باریک و نەرمی پلاستیکی لە قۆڵی دۆن ساباس بەست تا دەمارەکەی بە دیار بکەوێت. نەخۆشەکە وازی لە مەسەلەی بەسەرهاتی وڵاخەکان نەدەهێنا. لەبەر ئەوەی دکتۆر پێی وانەبوو ئەو بەسەرهاتەی بیستبێت، دۆن ساباس دەیویست دڵنیابوونی ئەو بەسەرهاتە باس بکات.

– ئەم رووداوە ئی بیست ساڵ لەمەوبەرە. بە رێکەوت ئەو وڵاخانە کە فرۆشتبوومن، لە پاش دوو رۆژان بەیانییەکی مردن و هیچ ئاسەوارێکیشیان لەسەر لاشەی نەبوو. قۆڵە گۆشتن و چرچەوەبووەکەی خۆی بۆ لای دکتۆر درێژ کرد تا خوێنی لێبگرێت. کاتێک دکتۆر لۆکەی لەسەر جێی دەرزییەکە دادەنا، دۆن ساباس ماسولکەکانی لەشی خۆی رەق کردن.

– ئێ، دەزانی چ قسەیەکیان بۆ هەڵبەستم؟

دکتۆر بە جوولەی سەر وەڵامی نەخێری دایەوە.

– کردیانە دەنگۆ کە گوایا من بە شەوێ چوومەتە نێو حەوشەکەوەو تەقەم لە نێو لەشی وەڵاخەکان کردووە، یانی لوولەی تفەنگەکەم لە کۆمی وڵاخەکان رۆکردووەو تەقاندومە.

دکتۆر جیراڵدۆ ئەو لوولەیەی خستە گیرفانییەوە کە نموونەی وەرگیراوی خوێنەکەی تێکرابوو، گوتی: «هەموو رواڵەتەکانی ئەو بەسەرهاتە دەری دەخەن کە راستە.

دۆن ساباس گوتی: «مار پێوەی دابوون». و وەکو پەیکەری چینییەکان لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت.

– بە هەرحاڵ کارێکی نەفامانەیە کە مرۆڤ دانیشێ و دەربارەی بەسەرهاتێک جنێونامە بنووسێت کە هەموو کەس دەیزانێ.

دکتۆر گوتی: «وەڵڵا دەنا تایبەتمەندی جنێونامەکان ئەوەیە، شتێک دەنووسێت کە هەموو دەیزانن و تا رادەیەکیش هەمیشە راستن».

دۆن ساباس بۆ چەند ساتێک بێ ئاگا بوو، پاشان بەدەم سڕینەوەی ئارەق لە پێڵوی چاوە کزەکانی، گوتی: «بە راستی کە». لە پڕێکدا بە ئاگا هاتەوە.

– مەسەلەکە ئەوەیە کە لەم مەملەکەتەدا هیچ سامانێک نییە کە چەند وڵاخێکی تۆپیوی لە پشتەوە نەبێت.

دکتۆر لەو کاتەدا ئەم رادەربڕینەی بەرگوێیان کەوت کە خۆی بەسەر لەگەنە ئاوێکدا شۆڕکردبۆوە. لە نێو ئاودا کاردانەوەی خۆی دیت: ددانی وا بەریز کە ئاسایی نەدەهاتنە بەرچاو. لەسەر شانی خۆی ڕا ئاورێکی دایەوەو تەماشای نەخۆشەکەی کرد.

– دۆن ساباسی ئازیز، من هەمیشە بروام وابووە کە تاکە هونەری تۆ بێ حەیاییە. نەخۆشەکە بە زەوق هاتەوە. ئەو لێدانەی دکتۆر جۆرێک گەنجایەتی کتوپڕی تێدا زیندوو کردبۆوە. گوتی: «ئەوەی کە باست کرد، لەگەڵ توانا جنسییەکەشمدا». بەدەم



کردنی ئەم قسەیەوە قۆڵی خۆشی نوشتاندەوە. ئەم جووڵەیە دەتوانرا بە مەبەستی سووڕانی خوێن لە قەڵەم بدرێت، بەڵام دکتۆر ئەمەی بە نیشانەی سووک و چروکی و بێ شەرمی وی وەرگرت.

دۆن ساباس درێژەیدایە و گوتی: «هەر لەبەر ئەوەشە کە من هەتاکو ئەو رۆژەی دەمرم هەر بە جنێونامەکان پێدەکەنم. دەڵێن کوڕەکانی من چاویان لە دوای هەموو کیژۆڵەیەکی منداڵکارە کە لەم دارستانەدا بپشکوێت. منیش دەڵێم کوڕی باوکی خۆیانن».

دکتۆر جیراڵدۆ بەر لە ماڵئاوایی کردن ناچار بوو کە گوێی بۆ لیستێکی دووردرێژی بەسەرهاتە جنسییە هەمە جۆرەکانی دۆن ساباس بگرێت.

نەخۆشەکە سەرەنجام دەنگی خۆی هەڵبڕی و گوتی: «ئای جحێڵی لە کوێیە. چ رۆژانێک کە کچێکی شازدە ساڵە لە گۆلکێکیش هەرزانتر بوو».

دکتۆر گوتی: «ئەم بیرەوەرییانە ڕێژەی شەکری نێو خوێنەکەت بەرز دەکاتەوە».

دۆن ساباس زاری هەڵێنا.

وەڵامی دایەوە: «بە پێچەوانەوە، لەو دەرزییە ژەهرە مارانەی ئەنسۆلینی تۆ باشترن».

کاتێک دکتۆر گەیشتە سەر شەقام، وای هەستکرد کە خوێن لە دەمارەکانی دۆن ساباسدا بە جۆش هاتووە. بەڵام نیگەرانی شتێکی تر بوو: جنێونامەکان. چەند ڕۆژێک بوو کە پروپاگەندەکان گەیشتبوونە نێو عەیادەکەی ئەویشەوە. دکتۆر لەو پاش نیوەڕۆیەداو لە دوای پشکنینی دۆن ساباس، بۆی دەرکەوت کە ماوەی هەفتەیەکە جگە لە باسی جنێونامەکان هیچ شتێکی تری نەبیستووە.

لە چەند کاتژمێری دواتردا چەند نەخۆشێکی تری بەسەرکردەوەو لە نێو هەموو ئەوانیشدا باس هەر باسی جنێونامەکان بوو و بەبێ ئەوەی کە رای خۆی لەسەر ئەو مەسەلەیە دەربڕێت گوێی بۆ بەسەرهاتەکان گرت. لە رووی گوێ پێنەدانەوە چەند زەردەیەکی هاتێ، بەڵام لە راستیدا حەزی دەکرد کە بەسەرهاتەکانی بۆ تەواو بکەن. خەریک بوو دەگەڕایەوە بۆ عەیادەکەی کە بابە ئانجێل بە هاتنە دەرەوەی لە ماڵی بێوەکەی مۆنتێل لە فکر و خەیاڵانی قورتار کرد.

بابە ئانجێل لێی پرسی: «دکتۆر، نەخۆشەکانت چۆنن؟».

دکتۆر وەڵامی دایەوە: «نەخۆشەکانی من باشن، ئەی نەخۆشەکانی تۆ چۆنن؟».

بابە ئانجێل زمانی خۆی گەست. قۆڵی دکتۆری گرت و پێکەوە بە درێژایی گۆڕەپانەکە دەستیانکرد بە پیاسە کردن.

– بۆ چی بووە؟

دکتۆر گوتی: «نازانم، بیستوومە کە نەخۆشییەکی تەشەنەکەر کەوتۆتە نێو موشتەرییەکانتەوە».

بابە ئانجێل قسەکەی بە جۆرێکی وا هەڵگێڕایەوە کە بە بۆچوونی دکتۆر بە ئەنقەست بوو. گوتی: «من هەر ئێستا لە کن بێوەکەی مۆنتێل را دێمەوە. ئەو ژنە قەڵەندەرە خەریکە ئەعسابی داغان دەبێت».

دکتۆر ئاوای بۆ دەرکەوتبوو: «لەوانەیە ویژدانی ناڕەحەت بێت».

– فکر و خەیاڵی مردن ناهێڵێ ساتێک ئاسوودە بێت.

سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگای ماڵەکانیان بە دوو ئاراستەی جیاوازدا بوو، بەڵام هەتاکو لای عەیادەکەی، بابە ئانجێل هاوڕێیەتی دکتۆری کرد.

دکتۆر سەر لە نوێ گەڕایەوە سەر باسەکەی پێشوو: «بە جیدی وا دەڵێم، بابە. ڕات چییە بەرامبەر بە جنێونامەکان؟».

قەشەکە گوتی: «بیری لێناکەمەوە، بەڵام ئەگەر ناچار بەو کارەم بکەی، دەڵێم ئەو جۆرە شتانە لەم شارە نموونەییەدا، دەرەنجامی ئیرەیی بردنە».

دکتۆر جیراڵدۆ گوتی: «ئێمەی دکتۆر تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا ئاوامان بۆ دەستنیشان نەدەکرا».

لە بەر دەرگای عەیادەکە راوەستان. بابە ئانجێل هێدی هێدی خۆی باوەشێن دەکردو لەو رۆژەدا بۆ جاری دووەم حوکمێکی ئاوایدا: «نابێ بایەخێکی وا بدرێتە ئەو شتانەی کە بایەخیان نییە».



دکتۆر جیراڵدۆ هەستی کرد کە لە پەرێشانییەکی دەروونیدا دەلەرزێت.

– بابە چۆن دەزانی کە هیچ شتێکی جنێونامەکان ڕاست نییە؟

– ئەگەر وابووایە لەو دانپێدانانەڕا بۆم دەردەکەوت کە گوێبیستیان دەبم.

دکتۆر نیگایەکی ساردی گرتە قەشەکە.

– ئەگەر لە دانپێدانانەکانیشیاندا هیچ ناڵێن، ئەمە بۆ خۆی ئەوە دەردەخات کە مەسەلەکە چەندە جیدییە.

بابە ئانجێل پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە بۆی دەرکەوت کە تەنانەت لە نێو ماڵی هەژارانیشدا باسی جنێونامەکان دەکرێت. بەڵام بە شێوەیەکی ترو تەنانەت لەگەڵ قسەی نەستەق و دروستیشدا. سەر لەبەر ئازار تەزووی دەکردن– لەسەر حیسابی کفتەکانی نیوەڕۆژە. هەر لەو حاڵەدا دوعای کردو نانەکەی بەبێ ئیشتیایی خوارد. پاشان ریزبەندی ئەخلاقی فیلمی ئەو شەوەی دۆزییەوەو بۆ یەکەمجار بوو لە ژیانیدا کە بە نیشانەی قەدەغەبوونی تەواوی فیلمەکە دوازدە جاران زەنگەکەی (ناقوس) بە دەنگ هێنا، هەستی بە هەڕاڵێیەکی کپ کرد لە خۆیدا. ئەوسا چوارپایەکەی لە پەنا ئەو دەرگایە دانا کە ڕووی لە شەقامەکە بوو. هەستی دەکرد لەبەر ئازار خەریکە سەری بتەقێ. پاشان خۆی ئامادە کرد تا ئەو کەسانە دەستنیشان بکات کە سەرپێچی لە فەرمانەکەی دەکەن و دەچنە سینەما بۆ ئەوەی دواتر ناوەکانیان ئاشکرا بکات.

سەرۆکی شارەوانی چوو بۆ سینەماو لە بەشی تایبەت بە ئۆرکێسترا دانیشت و هەتا فیلمەکە دەستی پێکرد دوو جگەرەی ئاگردان. پووکی زۆر ئاسایی بوو، بەڵام جەستەی بە هۆی بیرەوەرییەکانی شەوانی رابردووەوە هێشتاش هەر ناڕەحەت بوو. ئەو بێتاقەتییەی کە بە هۆی جگەرەکێشان و حەبی هێورکەرەوە تووشی ببوو، سەری لە گێژەوە هێنا.

هۆڵی سینەماکە بریتی بوو لە حەوشێکی سەر داپۆشراو بە دیواری چیمەنتۆییەوە. میچێکی تەنەکەیی هەبوو کە لە بەشی ئۆرکێسترایەکەدا کەمێک بڵندتر بوو و چیمەنێک کە وا دەهاتە بەر چاو بە پەینی بنێشت و قونچکە جگەرە رۆژ لە دوای رۆژ گەش و

پاراوتر دەبێت. بۆ ساتەوەختێک سەرۆکی شارەوانی دیتی کە وا کورسییە تەختەییە نارێکەکان بە هەوادا دەفڕن و ڕەسەر ئەو شێلمانە ئاسنانە کەوتوون کە کورسییەکانی ئۆرکێسترایان لە باڵکۆنییەکە جودا دەکردەوە. پاشان وای هاتە بەر چاوان کە دیواری ئەوسەری هۆڵەکە کە بە ڕەنگی سپیێ بۆیاغ کرابوو و فیلمەکەیان لەسەر نمایش دەکرد، بە جۆرێکی وا کە مرۆڤی گێژ دەکردو شەپۆلان دەدات.

کاتێک گڵۆپەکانیان کوژاندنەوە وای هەستکرد کە تۆزێک باشتر بووە. ئەوسا دەنگە ناخۆشەکەی ئەو مۆسیقایەی کە لە بڵندگۆیەکانەوە دەردەچوو نەما، بەڵام دەنگی لەرزینی ئەو مەولیدە کارەباییە زیادی کرد کە لە نێو سندوقێکی دارو لە پەنا پرۆجیکتۆرەکە دانرابوو.

پێش دەسپێکردنی فیلمەکە دیمەنی چەند ڕێکلامێکی بازرگانیان نیشاندا. دەنگی چرپە چرپ و هەنگاوە نارێک و پێکەنینە کپەکان، بۆ ساتێکی کەم جووڵەی لە تاریکیدا دروست کرد. سەرۆکی شارەوانی بە سەرسووڕمانەوە لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە کە هاتنەژووری ئەو خەڵکە بە دزییەوە، حاڵەتی ململانێی لەگەڵ بنەما ویشکەکانی بابە ئانجێلدا هەیە.

ڕەنگە بە هۆی بۆنی قۆڵۆنیاوە بووبێت کە سەرۆکی شارەوانی هەستی بە تێپەڕبوونی بەڕێوەبەری سینەمای بە تەنیشت خۆیدا کرد.

دەستی گرت و بە ئەسپایی گوتی: «وەرە هەی دزی خوێڕی، دەبێ باجی تایبەتی بدەی بە دەوڵەت».

بەڕێوەبەری سینەما بە ددانی داخراوەوە پێکەنی و لەسەر کورسییەکەی تەنیشتی سەرۆکی شارەوانی دانیشت و گوتی: «فیلمێکی خۆشە».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئەگەر لە من دەپرسی، من پێم خۆشە هەر فیلمی خراپ لێبدرێت. هیچ شتێک لەو فیلمە ئەخلاقییانە ناخۆشتر نییە».

سالانێک لەمەوبەر هیچ کەس ئەم سانسۆرەی زەنگەکانی کڵێسەی هێندە بە جیدی



نەدەگرت. بەڵام هەموو یەکشەمووان بابە ئانجێل لە میانی وتاری سەرەکی خۆی لە کڵێسەدا، پەنجەی بۆ ئەو ژنانە درێژ دەکرد کە لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا فەرمانەکانی ئەویان پشتگوێ خستبوو و لە کڵێسە دەری دەکردنە دەرەوە.

بەڕێوەبەری سینەما گوتی: «ئەو دەرگایەی پشتەوە دەبینی، هەر ئەو دەرگایە منی کڕیوەتەوە».

سەرۆکی شارەوانی گوێی بۆ بەرنامەی ئەو دەنگوباسە ڕاگرت کە هەواڵەکانی کۆن ببوون. لە میانی قسەکردندا، هەر کاتێک بابەتێکی بە دڵی وی دەهاتە سەر پەردە، هەڵوەستەی بۆ دەکرد.

گوتی: «هەموو شتێک وایە. قەشەکە مەڕاسیمی ئایینی بۆ ئەو ژنانە ئەنجام نادات کە جلی قۆڵ کورتیان لەبەردا بێت، بەڵام ژنان هەر جلی قۆڵ کورت لەبەر دەکەن، پێش ئەوەش کە بچنە نێو کڵێسەوە، بە جلوبەرگی قۆڵ درێژ پیل و باسکی خۆیان دادەپۆشن».

پاش دەنگوباس، بەرنامەکانی داهاتوو نیشاندران. ئەم بەشەیانی لە بێدەنگیدا تەماشا کرد. کاتێک کە ئەم بەشە کۆتایی پێهات، بەڕێوەبەری سینەما سەری بردە بن گوێی سەرۆکی شارەوانی و گوتی:

– جەنابی مولازم، وەرە دڵی خۆت قایل بکەو ئەم مایەی سەرئێشەیەم لێبکڕە.

سەرۆکی شارەوانی چاوی لەسەر پەردەی سینەما هەڵنەگرت.

– بە کەڵک نایە.

– بەڵێ، بۆ من بە کەڵک نایە، بەڵام بۆ تۆ مەعدەنی زێڕە. دیارە کە: قەشەکە بە خۆی و بەو زەنگە گەورانەیەوە ناتوانێت ڕووبەڕووی تۆ ببێتەوە.

سەرۆکی شارەوانی پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە کەمێک بیری کردەوە.

– پێم وایە خراپ نالێی.

بەڵام بە ڕاشکاوی هیچی نەگوت. لاقی لەسەر ڕیزە کورسییەکەی پێشەوە دانان و نووقمی

دیمەنێکی پێچاوپێچ بوو. لە کۆتایی فیلمەکەدا لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم فیلمە تەنانەت شایانی چوار جاریش لێدانی زەنگ نەبوو.

وەختێک لە هۆڵی سینەما هاتە دەرێ، کاتەکەی خۆی لە هۆڵی بلیارد دا کوشت. لەوێ خەریک بوون یاری لۆتۆیان دەکرد. دنیا گەرم بوو و رادیۆش بەدەم ئارەق رشتنەوە مۆسیقایەکی بێ گیانی پەخش دەکرد. سەرۆکی شارەوانی دوای خواردنەوەی ساردییەک هاتە دەرێ و چوو بنووێت.

بێ خەم و خەفەت لە قەراغ رووبارەکە دەستی کرد بە پیاسەکردن.

لەو تاریکییەدا رووبارەکە هەستابوو. هەستی بە قوولایی بۆنەکەی کرد کە وەکو گیانلەبەرێکی زەبەلاح وابوو. لە پڕێکدا لە بەردەم ژووری نووستندا راوەستا. بە گورجی بۆ لای دواوە سووڕایەوەو دەمانچەکەی هەڵکێشاو بە دەنگێکی گڕ گوتی: «هەر کەسێک هەی وەرە دەرێ با بتبینم دەنا مێشکت دەپرژێنم».

دەنگێکی زۆر ناسک لە نێو تاریکاییەکە هەستا.

– جەنابی مولازم، ئەوەندە بە قورسی مەیگرە.

سەرۆکی شارەوانی لە شوێنی خۆی راوەستاو دەمانچەکەی لە سەرپێ راگرت تا وای لێهات ئەو کەسە نەناسراوە لە تاریکیدا هاتە دەرێ و لە رووناکیدا راوەستا.

کاساندرا بوو.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «مەودات لەگەڵ مردندا یەک تاڵە موو بوو».

بردییە ژووری نووستن. کاساندرا ماوەیەکی درێژ زۆر بڵێیی کرد. پاشان لە نێو جۆلانەکەدا دانیشت و بەدەم قسەکردنەوە پێڵاوەکانی لە پێی خۆی دانان و بە سۆزەوە تەماشای نینۆکی قامکەکانی خۆی کرد کە بۆیەکی سووری تۆخی لێدابوون.

سەرۆکی شارەوانی لە بەرامبەری دانیشت. بە کڵاوەکەی خۆی باوەشێن دەکردو بە ئەدەبەوە درێژەی دەدا بە گفتوگۆی نێوانیان و جگەرەی دەکێشا. کاتێک کە کاتژمێرەکە



دوازدە جاران لێیدا، ژنە لە نێو جۆلانەکەدا لەسەر رووان لێی راکشا. دەستە رازاوەکەی بە ریزە بازنێکی بە خرینگەوە درێژ کردو لە لووتی سەرۆکی شارەوانی هەڵقولێنجاند.

– درەنگە، لاوە. گڵۆپەکە بکوژێنەوە.

سەرۆکی شارەوانی زەردێکی هاتێ.

– مەبەستم ئەوە نەبوو.

ژنە لە مەسەلەکە تێنەگەیشت.

سەرۆکی شارەوانی لێی پرسی: «دەزانی فاڵ بگرییەوەو باس لە داهاتوو بکەی؟».

کاساندرا دووبارە لە نێو جۆلانەکەدا راست بۆوەو گوتی: «ئەڵبەتە کە دەزانم».

ئەوسا بوو کە لە مەسەلەکە گەیشت و پێڵاوی لە پێی خۆی کردنەوە.

گوتی: «بەڵام پەڕەکانم نەهێناون».

سەرۆکی شارەوانی زەردەخەنەیەکی بۆ کرد: «کەرسەک خۆر دەبێ کەرسەکەکەی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت».

دەستێک پەڕی بەکارهێنراوی لە بن جانتاکەی دەرهێنا. ژنە بە جیدی و بە وردی بەر و پشتی پەڕەکانی تەماشا کرد. گوتی: «پەڕەکانی من باشترن. بەڵام بە هەرحاڵ گرنگ وەرگرتنی پەیامەکەیە». سەرۆکی شارەوانی مێزەیەکی چکۆڵەی هێناو بەرامبەری دانیشت. کاساندرا پەڕەکانی بڵاوکردن.

پرسیاری کرد: «دەربارەی ئەوینە یان کار و کاسبی؟»

سەرۆکی شارەوانی ئارەقەی دەستانی ویشک کردەوە.

گوتی: «کار و کاسبی».



PDF 4 KURD

# بەشی شەشەم

ولاخێکی سەر لێشێواو لەبەر بارانێ پەنای بردە بن گوێ سوانەی خانووی قەشەکە و تەواوی شەوێی لەوێ بەسەر بردو لووشکەی لە دیواری دان.

ئەو شەوە شەوێکی بێ ئۆقرە بوو. بابە ئانجێل کە نزیکەی بەری بەیانی لە ناکاو چاوی چووبوونە خەوێ، بە خەبەر هات و وای هەستکرد کە لەشی بە تۆز و خۆڵ داپۆشراوە. گوڵە عەشقەکانی نوستوو لەبەر بارانێ و بۆنی ئاودەست و فەزای خەماوی کڵێسەکە لە پاش کپ بوونەوەی زایەڵەی زەنگەکانی کاتژمێر پێنج، دەتوت ئەمانە هەموویان دەستیان داوەتە دەستی یەک تا هەڵکردن لەگەڵ ئەو بەرەبەیانەدا دژوار بکەن.

بابە ئانجێل لە کاتی لەبەرکردنی جلە تایبەتییەکانی وتار خوێندنەوە لە ژووری تایبەتی قاپ و قاچاغە پیرۆزەکاندا، دەنگە دەنگی ترینیدادی بەرگوێ کەوت کە خەریکی کۆکردنەوەی مشکە تۆپیوەکان بوو.

ئەو ژنانەی کە جگە لە رۆژانی یەکشەممە لە رۆژەکانی تریشدا دەهاتنە کڵێسە، بە پێدزکێ هاتنە ژوورێ. قەشەکە لە میانەی رێورەسمی ئایینی ئەو بەیانییەدا، هەستی بە هەڵەکانی جانکوش (مجێوری کڵێسە)و نەزانینی کرد لە دەربڕینی وشە لاتینییەکانداو ئەوەندەی رق لێهەستابوو کە لە دڵی خۆیدا پشووی دەخواردنەوە. لە کۆتایی رێورەسمەکەشدا ئەو پەشیمانییە رووی تێکرد کە لە کاتە شوومەکانی ژیانیدا ئازاری دەدا.

کاتێک کە بۆ نانخواردنی بەیانی دەچوو، ترینیداد بە رووخۆشییەوە پێشی پێگرت.



گوتی: «شەش مشکی دیکەم گرتن»و ئەو کارتۆنەی راوەشاند کە مشکە تۆپیوەکانی تێدا بوون. بابە ئانجێل هەوڵی ئەوەیدا تا بەسەر ئالۆزییە دەروونییەکەی خۆیدا زاڵ بێت.

گوتی: «زۆر باشە. ئێستا دەبێ هەر بەو خێراییەش کونەکانیان بدۆزینەوەو قڕانیان تێ بخەین.

ترینیداد کونەکانی دۆزیبوونەوەو بۆی روونکردەوە کە چۆن چۆنی لە سوچ و قوژبنەکان دۆزیونییەوە بە تایبەتی لە نێو تاوەری پاکژگە (تەعمیدگا)داو قیرپەستی کردوون. بەیانی ئەو رۆژە مشکێکی دیتبوو کە خۆی لە دیواری دەکوتێ و پێدەچوو کە بە درێژایی ئەو شەوە بە پەرێشانییەوە لە کونەکەی خۆی گەڕاوە.

دوو قۆڵی چوونە نێو حەوشە چەوڕێژ کراوەکەوە. لاسکی گوڵە عەشقەکان خەریک بوو چرۆیان دەردەکردو قامەتی خۆیانیان راست دەکردەوە. ترینیداد بە کاوەخۆ یەک یەک مشکە تۆپیوەکانی فڕێدانە نێو ئاودەستێوە. بابە ئانجێل دوای ئەوەی کە چووە نووسینگەکەی خۆی، بۆ قاوەڵتی کردن ئامادە بوو. سەرمێزەکەی لاداو هەروەکو نمایشکردنی شتە سەیر و سەمەرەکان لە بنییەوە ئەو خواردنە بەدیار کەوت کە بە دەستووری جاران بێوەکەی ئاسیس بۆی ناردبوو.

ترینیداد لە کاتی هاتنە ژوورەوەیدا گوتی: «لە بیرم چوو پێت بڵێم کە ناتوانم دەرمان مشک بکڕم. دۆن لۆمۆسکوتێ گوتی کە بەبێ نوسخەی پزیشک نایفرۆشێت».

بابە ئانجێل گوتی: «ئیدی پێویست بە کڕینی دەرمان مشک ناکات. مادام کونەکانیان لێگیرابێت هەموو بۆ خۆیان دەخنکێن».

کورسییەکەی هێنایە پەنا مێزەکەو دەستی کرد بە ریزکردنی فنجان و قاپێک کولیچەی تام تیژی تامالی و قۆرییەکەی قاوە تێدا لێنانێ کە وێنەی ئەژدیهایەکی ژاپۆنی لەسەر کێشرابوو. ترینیداد پەنجەرەکەی کردەوەو گوتی: «وا چاکە زەینم لێبێت کە ئەگەر هات و گەڕانەوە ئامادەم بم». بابە ئانجێل دەستی بە قاوە تێکردن کردبوو کە لە پڕێکدا سەری بڵند کردو زەق زەق لە ترینیداد راما کە بە جلێکی شڕو پێڵاوی دڕاوەوە بەرەو لای مێزەکە دەهات.



PDF 4 KURD

گوتی: «زۆر بیر لەو مەسەلەیە دەکەیەوە».

بابە ئانجێل نە لەو کاتەداو نە پێشتریش هیچ ئاسەوارێکی نائارامی لە برۆ پڕەکانی ترینیداد دا نەدیتبوو. توانای ئەوەی نەبوو رێگە لە لەرزینە کەمەکەی قامکانی بگرێت. دوو کەوچک شەکری لەوەندە قاوەیە کرد کە لە فنجانەکەدا مابۆوە و تێکی وەردا. نیگای بڕیبە خاچی سەر دیواری.

– چەند دەبێت کە دانت پیانەناوە؟

ترینیداد گوتی: «لە هەینی رابردووەوە».

بابە ئانجێل گوتی: «دە پێم بڵێ بزانم، هەتاکو ئێستا قەت گوناهەکانت لە من شاردۆتەوە؟».

ترینیداد بە لەقاندنی سەر وەڵامی نەخێری دایەوە.

بابە ئانجێل چاوی نووقاندن. لە ناکاو دەستی لە تێکوەردانی قاوەکە هەڵگرت، کەوچکەکەی لە نێو پیاڵەکە هاویشت و توند قۆڵی ترینیدادی گرت.

گوتی: «چۆک دادە».

ترینیداد بە شڵەژاوی کارتۆنەکەی داناو لە بەردەمی قەشەکەدا بە چۆک داهات.

بابە ئانجێل بە حاڵەتێکی باوکانەوە کە لە کاتی دانپێدانان وەرگرتندا دەیدا بە دەنگی خۆی گوتی: «دوعای تۆبەکردن بکە». ترینیداد هەردووک دەستی خۆی کردنە کۆڵەمشتەو بە سینگی خۆیەوە گوشین و بە شێوەیەکی وا کە نەدەزانرا دەڵێ چی لەبەرخۆیەوە دەستی کرد بە پاڕانەوە. تا وای لێهات قەشەکە دەستی لەسەر شان داناو گوتی:

– زۆر باشە.

ترینیداد گوتی: «زۆرم درۆ کردوون».

– چی دیکەش.



– فکری خراپم بە خەیاڵدا هاتوون.

ئەمە شێوازی بەردەوامی دانپێدانانەکانی وی بوو: جۆرێک گوناهی بە شێوەیەکی گشتی بە دوای یەکدا ریز دەکردن. بەڵام بابە ئانجێل ئەمجارەیان خۆی بۆ رانەگیرا نەیتوانی بە بیرکردنەوەکانیدا رۆنەچێتە خوارێ.

گوتی: «بۆ نموونە چ شتێک؟»

ترینیداد تووشی ڕاڕایی بوو: «نازانم، هێندێک جار غایلەی خراپ بە مێشکی مرۆڤدا دێت».

بابە ئانجێل لە جێی خۆی هەستا.

– قەت ئەوەت بە خەیاڵدا هاتووە کە کۆتایی بە ژیانی خۆت بهێنی؟

ترینیداد بێ ئەوەی سەری خۆی بەرزکاتەوە، بە واقی وڕماوەوە گوتی: «یا مریەمی پیرۆز هاوار! یا دایکی خوا!»و هەر لەو دەمەدا بە دەستی لە پێچکەی مێزەکەی راکێشا. ئەوسا وەڵامی دایەوە: «نەخێر، بابە».

بابە ئانجێل ناچاری کرد سەر بەرزکاتەوە. هەستیکرد کە چاوی ئەو کیژۆڵەیە وا خەریکن پڕ دەبن لە فرمێسک و بە پەرێشانییەوە لێی پرسی:

– یانی تۆ دەڵێی دەرمان مشک بە راستی بۆ مشکانە؟

– بەڵی، بابە.

– ئەی بۆ دەگریەی؟

ترینیداد هەوڵیدا تا سەری خۆی دابخات بەڵام قەشەکە توند چەنەگەی گرتبوو. فرمێسکەکانی ترینیداد بەسەر روومەتانیدا خلۆر بوونەوە. بابە ئانجێل هەستیکرد کە فرمێسکەکە وەکو سرکەی گەرم بە نێو قامکانیدا دەڕوات.

گوتی: «هەوڵدە ئارام بگری. هێشتا دانپیانانەکەت تەواو نەبووە».

وازی لێهاورد تا ئەو کیژۆڵەیە بەبێ دەنگی بۆ خۆی بگرییێت. وەختێک هەستیکرد کە گریانەکەی نەماوە، گوتی:

– زۆر باشە، دە ئەو جار پێم بڵێ.

– ترینیداد لە کۆشی خۆیدا فمی کردو ئاوی لینجی نێو زاری قوتدا کە بە فرمێسکان سوێر ببوو. وەختێک کە دووبارە بە قسە کەوتەوە: هەمدیسان دەنگە سەیرە پیاوانەکەی خۆی وەرگرتبۆوە. گوتی:

– مامە ئامبریۆس وازم لێناهێنێت.

– یانی چۆن؟

– دەیەوێت رێگای پێ بدەم تا شەوێک لە نێو جێگای مندا بنووێت.

– چی تریش؟

– ترینیداد گوتی: «بە خوا هەر ئەوەندە».

قەشەکە تێی راخوڕی: «سوێندێ مەخۆ». ئەوسا بە دەنگێکی ئارام بەخشی ئەو کەسانەی کە خەڵک ناچار بە دانپیانان دەکەن گوتی: «پێم بڵێ بزانم داخۆ تۆ شەوانە لەگەڵ کێدا دەنووی؟».

ترینیداد گوتی: «لەگەڵ دایکم و ئەوانی تردا. هەر حەوتمان پێکەوە لە ژوورێکدا دەنووین».

– ئەوی ئەو؟

– لەگەڵ پیاوەکانی دیکە لە ژوورەکەی تەنیشتماندا دەنووێ.

– قەت هاتۆتە نێو ژوورەکەی تۆوە؟

ترینیداد بە جووڵەی سەر رەتی کردەوە.

بابە ئانجێل پێداگری کرد: «مەترسێ خێرا راستییەکەم پێ بڵێ. قەت هەوڵی ئەوەی نەداوە بێتە نێو جێی تۆوە؟»



– یەک جار.

– چۆن چۆنی بوو؟

ترینیداد گوتی: «نازانم. کاتێک لە خەوێ راپەڕیم هەستم کرد لە بن پەردە کوللەکەیە. بە سرکە پێی گوتم کە هیچم لێناکات، تەنیا دەیەوێت لە کن من بنووێ چونکە لە کەڵەشێران دەترسێت».

– کام کەڵەشێرانە؟

ترینیداد گوتی: «نازانم. قسەیەک بوو کە کردی».

– ئەی تۆ چیت پێ گوت؟

– کە ئەگەر نەڕووات دەقیژێنم و هەمووان بە خەبەر دێنم.

– ئەی ئەو چی کرد؟

– کاستولا لە خەوێ هەستاو لێی پرسیم ئەوە چییە. منیش پێم نەگوت چ روویداوە. پێم گوت رەنگە تووشی کابوس بووبم. ئەوسا ئەو زۆر بەبێ دەنگی، وەکو مردووان، خۆی مەلاسدا. پاشان نەمزانی چۆن لە بن پەردە کوللەکە چووە دەرێ.

قەشەکە بە تەئکید کردنەوە گوتی: «خۆ جلی لەبەردا بوون؟»

ترینیداد گوتی: «بەو جۆرە بوو کە وەختی نووستنێ وایە. تەنیا بیجامەی لە پێ دابوو».

– هەوڵی ئەوەی نەدا دەستدرێژیت بکاتە سەر؟

– نا، بابە.

– راستییەکەم پێ بڵێ؟

– بە راستیمە بابە. بە خوای.

بابە ئانجێل سەری کیژۆڵەکەی بەرزکردەوەو تەماشای چاوە تەڕەکانی کرد کە لە خەفەتباریان دەدرەوشایەوە.

– ئەی بۆ لە منت شاردبۆوە؟

– دەترسام.

– لە چی دەترسای؟

– نازانم، بابە.

قەشەکە دەستی لەسەر شانی داناو بە تێروتەسەلی ئامۆژگاری کرد.

ترینیدادیش بەدەم سەرلەقاندنەوە گوێی بۆ راگرتبوو. وەختێک کە ئیشەکە کۆتایی پێهات، قەشەکە لەگەڵ ترینیداد دا بە دەنگی نزم دەستی کرد بە نزاو پاڕانەوە: «یا حەزرەتی عیسای مەسیح، خوای راستەقینە، مرۆڤی راستەقینە...» بە ترس و لەرزەوە دەستی بە دوعایان کرد، هەروەها هەتا ئەو جێیەی کە زەینی یارمەتی دەدا، بە رابردووی خوێدا چۆوە. لە کاتی داوای لێخۆشبوون کردندا، هەستیکرد کە کارەساتێک لەسەر روحی قورسایی دەکات.

سەرۆکی شارەوانی بە توندی دەرگای کردەوەو هاواریکردو گوتی: «دادوەر».

هاوسەرەکەی دادوەر ئەرکادیۆ بەدەم سڕینەوەی دەستانییەوە بە داوێنی خۆی، لە ژووری نووستنێ هاتەدەر.

گوتی: «دوو شەوە نەهاتۆتەوە ماڵێ».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئاخ، ئەو نەفرەت لێکراوە دوێنێش نەهاتووە بۆ دەوام. هەموو شوێنێکی بە دوادا گەڕاوم. کارێکی گرنگم پێیەتی. کەس نازانێ لە کوێیە. مەزەندەی هیچ شوێنێک ناکەی چووبێت بۆ ئەوێ؟».

– رەنگە بە دوای خوێڕیایەتی کەوتبێ.

سەرۆکی شارەوانی بەبێ ئەوەی دەرگایەکەی پێوەداتەوە چووە دەرێ. لەوێڕا چوو بۆ هۆڵی بلیارد کردن. ئاهەنگێکی هەست بزوێن بە بەرزترین دەنگ لە گرامافۆنە قورمیشییەکەوە پەخش دەکرا. یەکسەر چووە ژوورەکەی پشتەوەو هاواریکرد: «دادوەر». دۆن روکۆیی



خاوەن هۆڵەکە کە خەریکی تێکردنی بیرە بوو لە نێو بەرمیلێک، دەستی لە کارەکەی هەڵگرت و هاواریکرد: «لێرە نییە، جەنابی مولازم». سەرۆکی شارەوانی چووە پاش نێوانەکان. کۆمەڵێک پیاو لەسەر چەند مێزێک خەریکی یاری پەڕێن بوون. ئەوانیش دادوەر ئەرکادیۆیان نەدیبوو.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «دەک باوکی بە نەفرەت بێت، لەم شارەدا هەموو سەریان لە کاری یەکتری دەردەچێت، بەڵام کە ئێستا من ئیشم بە دادوەر ئەرکادیۆیە کەس پێی نازانێ».

دۆن رکوێی گوتی: «لە جنێونامەنووس بپرسە».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ناوی ئەو کاغەزە دڕاوانە لە کن من مەهێنە».

دادوەر ئەرکادیۆ لە نووسینگەکەشی نەبوو. کاتژمێر تازە خەریک بوو دەبووە نۆ، بەڵام سکرتێرەکەی دادوەر لە سەر کورسی وێژینگی دەبردن. سەرۆکی شارەوانی چووە بنکەی پۆلیس و فەرمانی بە سێ پۆلیسدا تا خۆیان وەپێچن و بچنە هۆڵی سەماکردن و ژووری ئەو سێ ژنە بەدناوانە بپشکنن کە هەموو کەسێک دەیناسین بزانن داخۆ دادوەر ئەرکادیۆ لەوێ نییە. ئەوسا چووە دەرێ و گەیشتە سەر شەقام. بۆ خۆشی نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێت. لە سەرتاشخانەداو لەسەر کورسی بە لاقی لێک بلأوکراوەوەو خاولی گەرمکراو لەسەر دەموچاو، دادوەر ئەرکادیۆ دانیشتبوو.

هاواریکرد: «دەک باوکی بە نەفرەت بێت! دادوەر، ئەوە دوو رۆژە بە دواتدا دەگەڕێم».

سەرتاشەکە خاولییەکەی لەسەر دەموچاوی دادوەر لابردو سەرۆکی شارەوانی چاوی کەوت بە جووتە چاوێکی جیقناوی و چەنەگەیەکی بۆر هەڵگەڕاو بە ریشێکی سێ رۆژەوە.

گوتی: «هەر ئاوا دەڕۆی و خۆ ون دەکەی، ژنەکەت دەردەکەی سەری هەڵداوەتەوە».

دادوەر ئەرکادیۆ لە جێی خۆی راچەنی و خۆی گوڕدا.

– تف لەو بەخت و شانسە.



PDF 4 KURD

سەرۆکی شارەوانی بە دەنگی بەرز دایە قاقای پێکەنین و دادوەری لەسەر کورسییەکەی دانیشاندەوە.

– کەر مەبە، بۆ ئیشێکی تر بە دواتدا دەگەڕام.

دادوەر ئەرکادیۆ دووبارە خۆی لێک کێشایەوەو چاوی نووقاندن.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئیشەکەت تەواو بکەو وەرە بۆ نووسینگەکەت، لەوێ چاوەڕێت دەکەم». لەسەر قادرمەیەک دانیشت.

– لە کوێ ملی خۆتت دەشکاند؟

دادوەر گوتی: «هەر لەم دەوروبەرانە بووم».

سەرۆکی شارەوانی کەیفی بە سەرتاشەکە نەدەهات. پێشتریش ئەو نووسینەی خوێندبۆوە: (دەمەتەقێی سیاسی قەدەغەیە) کە بە دیواری داکرابوو و بە شتێکی ئاسایی هاتبووە بەرچاو. بەڵام ئەمجارەیان سەرنجی راکێشا.

بانگی کرد: «گواردیۆلا».

سەرتاش، مووسەکەی بە پانتۆڵەکەی خۆیدا هێناو چاوەڕوان مایەوە.

– چییە، جەنابی مولازم؟

سەرۆکی شارەوانی بە پەنجە، کارتۆنەکەی سەر دیواری نیشانداو گوتی:

– کێ مۆڵەتی ئەوەی پێداوی تا ئەوە بە دیوارییەوە هەڵواسی؟

سەرتاشەکە گوتی: «ئەزموون».

سەرۆکی شارەوانی چوارپایەکی بردە ئەو سەری دوکانەکەو لە سەری راوەستاو کارتۆنەکەی لە دیواری کردەوە.

گوتی: «لێرە تەنیا کەسێک کە مافی قەدەغەکردنی شتی هەیە، دەوڵەتە. ئێمە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا دەژین».



سەرتاشەکە دەستی بە کارەکەی خۆی کردەوە. سەرۆکی شارەوانی درێژەیدا بە قسەکەی: «هیچ کەس ناتوانێت رێگا لە دەربڕینی رای خەڵک بگرێت»و لە هەمان کاتیشدا کارتۆنەکەی پارچە پارچە کردو فڕێیدایە نێو تەنەکەی زبڵییەوەو بەرەو لای دەسشۆرییەکەی رۆیشت تا دەستانی بشواتەوە.

دادوەر ئەرکادیۆ بانگەوازی کرد: «گواردیۆلا دەبینی» ؟ خۆ ئێستا تێگەیشتی کە ئەگەر هەروا سەرەغەریان بکەی، چیت بەسەر دێت؟»

سەرۆکی شارەوانی لە ئاوێنەکەدا بە دوای سەرتاشەکەدا گەڕاو دیتی کە وا خۆی بە ئیشکردنەوە خەریک کردووە. بەدەم ویشک کردنەوەی دەستانییەوە، چاوی لەسەر هەڵدەگرت.

گوتی: «جیاوازی ئێستا لەگەڵ جاراندا ئەوەیە کە جاران سیاسەتوانەکان فەرمانیان دەردەکردو بەڵام ئێستا دەوڵەت فەرمان دەکات».

دادوەر ئەرکادیۆ بە دەموچاوی کەفاوییەوە، دووبارە بانگەوازی کرد:

– خۆ گوێت لێبوو «گواردیۆلا».

کاتێک کە چوونە دەرێ، سەرۆکی شارەوانی پاڵی بە دادوەر ئەرکادیۆوە نا بەرەو لای نووسینگەی کارکردنەکەی. تەختی شەقامەکە بە نمنمەی بارانێ دەتوت تازە بە سابونێ سواغ دراوە.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «هەمیشە لە دڵی خۆمدا گوتوومە کە ئەم دوکانە دیوەخانی پیلانگێڕانە».

دادوەر ئەرکادیۆ گوتی: «هەر قسان دەکەن و هیچی تر».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئاخر هەر ئەوەیە کە دەمخاتە گومانەوە. خۆیان زۆر بە رام نیشان دەدەن».

دادوەر بە دەنگی بەرز گوتی: «بە درێژایی مێژوو تەنانەت یەک سەرتاشیشمان نییە کە پیلانگێڕ بێت. بەڵام لەولاشەوە تەنانەت بەرگدروییەکیشمان نییە کە پیلانگێڕ نەبێت».

سەرۆکی شارەوانی هەتاکو لەسەر کورسییە گەڕۆکەکەی نووسینگەی کارکردنەکەی دانەنیشاند قۆڵی دادوەر ئەرکادیۆی بەرنەدا.

سکرتێرەکە بە خۆ و بە پارچە کاغەزێکی چاپکراو و بەدەم باوێشک لێدانەوە وەژوورکەوت.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئەوە جێی خۆیەتی. با خەریکی ئیشەکەی خۆمان بین». کڵاوە سەربازییەکەی هەڵبڕی و پارچە کاغەزەکەی وەرگرت.

– ئەوە چییە؟

سکرتێرەکە گوتی: «ئەی دادوەرە. لیستی ناوی ئەو کەسانەیە کە جنێونامەیان لە دەرگای ماڵێ نەدراوە».

سەرۆکی شارەوانی بە سەرسووڕمانەوە تەماشای دادوەر ئەرکادیۆی کرد.

دەنگی هەڵبڕی: «دەک باوکی بە نەفرەت بێت! کەواتە ئەتۆش خۆت تێکەڵی ئەو قسە پڕوپووچانە کردووە؟»

دادوەر بە پۆزش هێنانەوەوە گوتی: «وەکو چیرۆکە پۆلیسییەکانە».

سەرۆکی شارەوانی لیستی ناوەکانی خوێندەوە.

سکرتێرەکە بۆی روونکردەوە: «ئەم زانیارییانە بە بایەخن. بە دڵنیاییەوە جنێونامەنووس هەر یەکێکە لەمانە. ڕێی تێناچێت؟»

دادوەر ئەرکادیۆ کاغەزەکەی لە سەرۆکی شارەوانی وەرگرتەوە. گوتی: «بە خوا کەرە» ئەوسا رووی لە سکرتێرەکەی کرد: «ئەگەر من جنێونامەنووس بوومایە، یەکەم دەرگای کە جنێونامەم لێدەدا، دەرگای ماڵەکەی خۆم دەبوو بۆ ئەوەی کەس گومانم لێنەکات».

پاشان لە سەرۆکی شارەوانی پرسی:



– وا نییە جەنابی مولازم؟

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئەم ئیشە چەپەڵە کاری خەڵکە. تەنیا ئەوانن کە دەتوانن ئەم جۆرە شتانە پێکەوە شەتەک بدەن. ئێمە بۆچی سەری خۆمانی پێوە بێشێنین؟»

دادوەر ئەرکادیۆ کاغەزەکەی دڕاندو گرمۆڵەی کردو فڕێیدایە نێو حەوشەوە.

– ئەڵبەتە کە وایە.

سەرۆکی شارەوانی تەنانەت لە پێش ئەوەشدا ئەو باسەی لە بیر چووە کە گوێی لە وەڵامەکە بێت و هەردووک لەپی دەستانی لەسەر مێزەکە دانان و گوتی:

– ئێ، ئەو گرفتارییەی کە دەمەوێت لە کتێبەکانتدا بیدۆزییەوە ئەمەیە: لەبەرئەوەی کە لافاو هەستاو ،ئەو خەڵکانەی کە ماڵیان لە باشووری شارە ماڵیان تێکناوەو هێناویانەتە ئەو پارچە زەوییەی پاش قەبرستان و لەوێ فڕێیانداوە کە خاوەنی ئەو پارچە زەوییە منم. تەکلیفی من چییە؟

دادوەر ئەرکادیۆ زەردێکی هاتێ.

گوتی: «جاخۆ بۆ ئەو ئێشە هەر پێویست نەبوو بێینە نووسینگە. ئەمە ئاسانترین شتی دنیایە. شارەوانی ئەو زەوییانە بە دانیشتووانەکانی دەبەخشێت و تەعویزەکەشی هەرچەندێک بێت دەداتە ئەو کەسەی کە تاپۆی هەیە».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «من تاپۆم هەیە».

دادوەر گوتی: «ئێ، کەواتە هیچی تری ناوێ. تەنیا ئەوە نەبێ کە هێندێک پسپۆری شارەزا بێنین بۆ ئەوەی بیخەملێنن و نرخی لەسەر دابنێن. شارەوانیش پارەکەی دەدات».

– کێ ئەو پسپۆڕانە دەهێنێت؟

دەتوانی بۆ خۆت ئەو کارە بکەی.

سەرۆکی شارەوانی بەرەو لای دەرگای بەڕێکەوت و جێگۆڕکێی بە دەمانچەکەی قەدی خۆی کرد. دادوەر ئەرکادیۆ لە کاتی ڕۆیشتنی سەرۆکی شارەوانی بۆی روانی و لە دڵی

خۆیدا بیری کردەوە کە ژیان جگە لە زنجیرەیەک دەرفەتی یەک لە دوای یەک بۆ مانەوە، هیچ شتێکی تر نییە. بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: «مەسەلەیەکی وا سادە خەفەت خواردنی ناوێ».

سەرۆکی شارەوانی بە شێوەیەکی جدییانە گوتی: «من خەفەتی لێناخۆم، بەڵام مەسەلەکە ئاڵۆز و باڵۆزە». سکرتێرەکە خۆی تێهەڵقورتاند: «ئەڵبەتە یەکەم کار کە دەبێ بیکەی دامەزراندنی جێگرێکی کاتییە بۆ خۆت».

سەرۆکی شارەوانی رووی لە دادوەر کرد:

– بە راستی وا دەڵێ؟

دادوەر گوتی: «لەبەر باری نائاسایی ناتوانرێ بگوترێت کە لە سەدا سەد زەروورییە. بەڵام ئەڵبەتە لەبەر ئەوەی کە ئەزقەزا خودی جەنابتان خاوەنی ئەو زەوییەی کە کێشەی لەسەرە، ئەگەر بێت و ئەم ئیشە بە جێگر بسپێری کارەکەتان روون و پاکتر دەبێت و قسەی لێ پەیدا نابێت».

سینیۆر بنیامین بێ ئەوەی چاو لەسەر ئەو باشووکانەی سەر شەقامەکە هەڵگرێت کە لەسەر پارچە ریخۆڵەیەک کەوتبوونە گیانی یەکتری، لاقێکی هەڵگرت و ئەوی دیکەی دانا. تەماشای جووڵەی گرانی ئەو گیاندارە لووت بەرزو بە زەحمەتانەی دەکرد کە وەکو سەمایەکی فۆلکلۆری دەجووڵانەوەو لە دڵی خۆیدا دەستخۆشانەی لە نوواندنی ئەو پیاوانە دەکرد کە لە نمایشی یەکشەممە بازاڕی کونیکاجسیما خۆیان لەسەر شکڵی باشووکە رازاندبۆوە. ئەو کوڕیژگەیەی کە لە بن پێیانی دانیشتبوو بۆیەی لە پێڵاوەکەی تریشی هەڵسوو بەو لێدانەی کە دووبارە لە سندوقە بچووکەکەی راکێشایەوە بۆ لاق گۆڕین ئاگاداری کردەوە. سینیۆر بنیامین کە لە سەردەمی جحێڵییدا نانی خۆی بە عەریزەنووسی پەیدا دەکرد، قەت لە هیچ کارێکدا پەلەی نەبوو. زوو تێپەڕبوونی زەمەن لەو دوکانەدا کە ئەو شتەی تێدا بوو وردە وردە فرۆشرابوو و لە ژیان خەرج کرابوو و ئێستا تەنیا گالۆنە رۆنێک و دەستەمۆمێکی پیوی تێدا مابوو، شایانی دەرک پێکردن نەبوو. کوڕیژگەکە



گوتی: «لەگەڵ ئەوەشدا کە باران دەبارێت، بەڵام دنیا هەر گەرمە». سینیۆر بنیامین لەگەڵ ئەو رایە دانەبوو. جلێکی سپی بێ پەڵەی لەبەر دابوو.

سینیۆر بنیامین گوتی: «گەرما مەسەلەیەکی زەینییە، فێڵەکەشی ئەوەیە کە بایەخی پێنەدەین».

کوڕیژگەکە هیچ رایەکی دەرنەبڕی. جارێکی دیکە لە سندوقەکەی راکێشایەوەو تۆزێک لە دوای ئەوە کارەکە تەواو بوو بوو. سینیۆر بنیامین لە دوکانە خەماوییەکەی خۆیدا، کە رەفەکانی بەتاڵ ببوون، پەستەکەکەی لەبەرکردو کڵاوی حەسیری لەسەرنا. پاشان بۆ خۆپاراستن لەبەر بارانێ چەتری لەسەر سەری خۆی هەڵداو پانتایی شەقامەکەی تەی کردو لە شووشەی ماڵەکەی ئەوبەریدا.

کچێکی پرچ رەش و لاواز لەو دیو پەنجەرە نیوەکراوەکە بەدیارکەوت.

سینیۆر بنیامین گوتی: «بەیانیت باش مینا. هێشتا نانی نیوەڕۆیەت نەخواردووە؟»

کیژۆڵەکە گوتی نەخێر و پەنجەرەکەی بە تەواوی کردەوە. لە پێش سەبەتێکی گەورەی پڕ لە پارچەتێل و کاغەزی رەنگاوڕەنگ دانیشتبوو. گرۆڵە بەنێک و چەند دانە مقەس و دەسکێک گوڵی دەسکردی نیوەچڵی لە کۆشێدا بوو. گرامافۆنەکەش دەنگی مۆسیقای لێهەڵدەستا.

سینیۆر بنیامین لێی پرسی: «دەتوانم تکات لێبکەم کە هەتا دەگەڕێمەوە چاوێکت لە دوکانەکەم بێت؟»

– زۆرت پێدەچێ؟

سینیۆر بنیامین زەینی لەسەر ئاهەنگە مۆسیقاکە بوو.

گوتی: «دەچمە لای دکتۆری دانساز. تا نیو کاتژمێری تر دەگەڕێمەوە».

مینا گوتی: «باشە، کەواتە بڕۆ قەیدێ ناکات. ئەم ژنە کوێرە حەز ناکات زۆر لەبەر پەنجەرە دانیشم».

سینیۆر بنیامین ماوەیەک راوەستاو گوێی بۆ ئەو ئاهەنگە مۆسیقاییە راگرت. گوتی: «لەم سەردەمەی ئێستاماندا هەموو ئاوازەکان وەکو یەکن». مینا گوڵێکی تەواوکراوی بە دەستەوە گرت کە کاغەزێکی سەوزی لە دەورە پێچرا بوو و لە نێو قامکانیدا هەڵیسوڕاند و لە لێکوەشانەوەی گوڵ و ئاهەنگەکە هەستی بە خۆشی کرد.

گوتی: «تۆ دوژمنی مۆسیقای».

سینیۆر بنیامین لەوێ نەمابوو. بە ماتە مات بەرێدا دەڕۆی تا باشوکەکان هەڵنەفڕێنێ. مینا بە چاوان ئەوەندەی بە دواوە بوو هەتاکو لە دەرگای عەیادەکەی دکتۆری دانسازیدا. ئەوسا خۆی بە گوڵە دەسکردەکانەوە خەریک کرد.

دکتۆر لە کاتی دەرگاکردنەوەدا گوتی: «بە بڕوای من هەستیارییەتی حەربا لە چاوانیدایە».

جەنابی بنیامین پشتگیری لە قسەکەی کرد: «رەنگە وابێت. مەبەستتان چییە؟»

دکتۆر گوتی: «هەر ئێستا گوێم لە رادیۆ بوو کە دەیگوت حەربا کوێرەکان رەنگی خۆیان ناگۆڕن».

سینیۆر بنیامین دوای ئەوەی کە چەترەکەی لە قوژبنێک دانا، پەستەک و کڵاوەکەی بە جلگرێکەوە هەڵواسین و لە سەر کورسی دانیشت. دانسازەکە لە نێو قاپێکی نایلۆندا خەریکی شێلانی هەویرێکی پەمەیی رەنگ بوو.

سینیۆر بنیامین گوتی: «خەڵک زۆر شت باس دەکەن».

ئەو نەک تەنیا هەر لەو کاتەدا، بەڵکو لە هەموو کاتەکانی دیکەشدا، ئاوازە دەنگێکی شاراوەی دەدا بە قسەکانی خۆی.

– دەربارەی حەربایەکان؟

– دەربارەی هەموو شتێک.

دکتۆر بە خۆی و بە هەویرە شێلراوەکەوە لە کورسیەکە نزیک بۆوە هەتا قاڵبی دانانی بۆ بگرێت. سینیۆر بنیامین ددانە بچووکە دەسکردەکەی لە زاری خۆی دەرهێناو لە نێو



دەستەسڕێکییەوە پێچاو لەسەر تاقە شووشەییەکەی پەنا کورسییەکەی دانا. سەرو سەکوتی بە زاری بێ ددان و شان و شەپیلکی رەق و تەقەوە، پیاوچاکانی بە بیر مرۆڤ دێنایەوە.

دانسازەکە لە پاش ئەوەی کە هەویرەکەی لە مەلاشوی سینیۆر بنیامیندا، شەویلەکانی لەسەر یەک دانانەوە.

تەماشای چاوانی کردو گوتی: «ئەوەیە کە دەیبینی. من کارێکی ترسنۆکانەم کرد».

سینیۆر بنیامین هەوڵی ئەوەیدا تا بابەتێکی گرنگی تێبگەیەنێت، بەڵام دکتۆر نەیهێشت زاری لێک بکاتەوە. بە زاری داخراوەوە گوتی «نا، ئەوە نییە». ئەویش وەکو خەڵکی دیکە دەیزانی کە دکتۆری دانساز تەنیا کەسێک بووە کە حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووەو بەڵام ماڵ و حاڵی خۆی بەجێنەهێشتووە. دەرو دیواری ماڵەکەیان بە فیشەکان دابێژتبوو، بیست و چوار کاتژمێریشیان مۆڵەت دابوویە تا شار بەجێ بێڵێت، سەرەڕای هەموو ئەمانەش نەیانتوانی ناچار بە خۆبەدەستەوەدانی بکەن. عەیادەکەی گواستبۆوە بۆ نێو یەکێک لە ژوورەکانی ناوەوەو بێ ئەوەی بەسەرخۆی بێنێت دەمانچەیەکی لە بەردەستی خۆی دانابوو و بەو حاڵە درێژەی دابوو بە کارەکەی خۆی. تا سەرەنجام ئەو چەند مانگە دوورودرێژانەی ترس و لەرز بەسەر چووبوون.

لەو ماوەیەدا کە بە قاڵب گرتنی ددانانییەوە بوو، دانساز هەمان کاردانەوەی جارانی دەدیت کە لەسەر شێوەی پلەی جیاجیای خۆخۆری لە چاوەکانی سینیۆر بنیامیندا دیاربوو. بەڵام لێنەگەڕا زاری هەڵپچڕێ بۆ ئەوەی هەویرەکە ویشک بێتەوە. ئەوسا قاڵبەکەی لە زاری هێنایە دەرێ.

سینیۆر بنیامین سەرەنجام خۆی رزگار کرد: «مەبەستم ئەوە نەبوو، جنێونامەکانم دەگوتن».

دکتۆر گوتی: «ئێ ئێ، کەواتە جەنابیشتان سەرتان لەو مەسەلەیەدا گەرم بووە».

سینیۆر بنیامین گوتی: «ئەمە نیشانەی گەندەڵی کۆمەڵایەتییە».



PDF 4 KURD

سەرلەنوێ ددانە دەستکردەکەی لە نێو زاری خۆی هاویشتەوەو بە پارێزەوە دەستی کرد بە لەبەرکردنەوەی پەستەکەکەی.

دکتۆری دانساز بە لالووتییەوە گوتی: «نیشانەی ئەوەیە کە درەنگ یا زوو ئەوەی لە بن بەڕەیە دێتە سەر بەڕە». لە پەنجەرێڕا تەماشای دەربێ کرد کە بە هەور داپۆشرابوو و گوتی: «ئەگەر پێت خۆشە جارێ وەمێنە هەتا باران خۆشی دەکاتەوە».

سینیۆر بنیامین چەترەکەی لەسەر قۆڵی داناو گوتی: «دوکانەکەم کەسی لێنییە»و چاوی بڕییە هەورە چڕو پڕە باراناوییەکە. بە کڵاو راوەشاندن خواحافیزی کرد.

لە پەنا دەرگا گوتی: «ئارلیۆ ئەو فکرە لە سەری خۆت دەرکە. هیچ کەس بۆی نییە وا بیربکاتەوە کە لەبەر ئەوەی تۆ ددانێکی سەرۆکی شارەوانیت کێشاوە، کارێکی ترسنۆکانەت کردووە..»

دکتۆری دانساز گوتی: «دە کەواتە تۆزێک راوەستێ».

بەرەو لای دەرگا رۆیشت و کاغەزێکی نوشتاوەی دا بە سینیۆر بنیامین.

– بۆ خۆت بیخوێنەوەو بیدە بە ئەوانی دیکەش.

سینیۆر بنیامین بێ ئەوەی کاغەزەکە لێک بکاتەوە، زانی چی تێدا نووسراوە، بە واقی وڕماوەوە تەماشای کرد و گوتی:

– دیسان؟

دکتۆر بە نیشانەی بەڵێ سەری بۆ لەقاندو ئەوەندەش لە بن دەرگا مایەوە هەتاکو سینیۆر بنیامین رۆیشتە دەرێ.

کاتژمێر دوازدەی رێک، ژنەکەی بۆ نان خواردن بانگی کرد. ئانجێلای تەمەن بیست ساڵانی کچی لە ژووری نانخواردنێدا خەریکی گۆرەوی دروونەوە بوو. ژووری نانخواردن ژوورێکی سادەو هەژارانە بوو، وا دەهاتە بەرچاو کە کەلوپەلەکانی نیوێی هەر لە ئەوەڵەوە کۆنە بوون. ریزە گوڵدانێکی سوور کە



گیای پزیشکییان تێدا رووێندرابوو لەسەر نەردە تەختەییەکەی رووەو حەوشەکە دانرا بوو.

دکتۆر کاتێک کە لەسەر مێزە خڕەکە دانیشت گوتی: «بنیامینی داماو سەری خۆی بە جنێونامەکانەوە گەرم کردووە».

هاوسەرەکەی گوتی: «هەموو خەڵکەکە هەروایە».

ئانجێلا هاتە نێو قسەکانییەوەو گوتی: «ژنەکانی توواری وا خەریکن شار بەجێ دەهێڵن».

دایکی قاپەکانی هەڵگرتن و سووپی بۆ هەمووان تێکرد. گوتی: «خەریکن بە پەلە هەموو شتەکانیان دەفرۆشن». دکتۆر لە کاتی هەڵمژینی بۆنی سوپەکە وای هەستکرد کە سەر لە نیگەرانییەکانی ژنەکەی دەرناکات».

گوتی: «دەگەڕێنەوە، شەرم فەرامۆشکارە». پێش ئەوەی کەوچکەکە بۆ زاری خۆی ببات فوی لێکردو لە هەمان کاتێشدا چاوەڕوانی رادەربڕینی کچەکەی بوو. کچەکەی دکتۆر وەکو باوکی مرۆڤێکی وشک و جیدی بوو، لە هەمان کاتیشدا چالاکییەکی سەیری لێدەباری. بەڵام چاوەڕوانییەکەی باوکی بە ئاکام نەگەیاند، چونکە باسی سیرکی کرد. گوتی پیاوێکی لێیە ژنەکەی خۆی بە مشار دوو لەت دەکات. بستە بالآیەکی لێیە کە سەری خۆی لە زاری شێری داوێت و گۆرانیان دەڵێ. یاریزانێکی تەنافبازی لێیە کە لەسەر تەناف و بەسەر ریزە چەقۆیەکدا هەر بە حەواوە سێ تەقلان لێدەدات. دکتۆر گوێی بۆ قسەکانی کچەکەی خۆی راگرت و لە بێدەنگیدا خۆی بە نانخواردنەوە خەریک کرد. دوای نانخواردن بەڵێنیدا کە ئەگەر باران نەبارێ هەر ئەو شەوە هەموویان دەچن بۆ تەماشاکردنی سێرک.

لە ژووری نووستندا، کاتێک کە خەریک بوو جۆلانەی بۆ خەوی پاش نوێژان هەڵدەواسی، تێگەیشت کە ئەو بەڵێنەی وی گۆڕانی بەسەر ورەی ژنەکەیدا نەهێناوە. ئەگەر دەربارەی وانیش جنێونامەیان بنووسییایە، ئەوا ئەو ژنە رازی دەبوو شار بەجێ بێڵێت. دکتۆر بێ ئەوەی سەری لە قسەکانی ژنەکەی سووڕ بمێنێت گوتێ: «زۆر شتێکی گاڵتەجاڕییە کە نەتوانن بە فیشەک خۆیان لە دەستی ئێمە رزگار بکەن، بەڵام بەوە رزگاریان ببێت کە

پارچە کاغەزۆکێکمان لە دەرگای ماڵێ بدەن». پێلاوەکانی لە پێی خۆی دانان و بە گۆرەوییەوە چووە نێو جۆلانەوەو هەوڵیدا تا ژنەکەی هێور بکاتەوە.

- بەڵام مەترسێ، بە هیچ جۆرێک ئەو مەترسییە لە گۆڕێ نییە کە دانەیەکیش لە دەرگای ماڵی ئێمە بدەن.

ژنە گوتی: «رێز لە هیچ کەسێک ناگرن».

دانساز گوتی: «ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی داخۆ لەگەڵ چ کەسێکدا تێکەوتوون. ئەوان چاک دەزانن کە ئەگەر بێت و لەگەڵ مندا تێبکەون گرانیان لەسەر دەوەستێ».

ژنە بە حاڵەتی ماندوبوونێکی زۆرەوە خۆی لەسەر جێیەکەی درێژ کرد.

- بەو مەرجەی کە جنێونامەنووس ئەمە بزانێت.

دانساز گوتی: «جنێونامەنووس چاک ئەمە دەزانێت».

سەرۆکی شارەوانی وا راهاتبوو کە چەند رۆژێکیان بەبێ نانخواردن بەرێ بکات. بەڵام لە بیری دەچۆوە. جاری وابوو بە هەڵەشەیەکی نۆبەتێ ئاساوە کاری دەکردو جاری واش هەبوو بۆ ماوەیەکی زۆر گرفتاری دەستی بێزاری و خەمۆکی دەبوو و بەبێ مەرامی لە شاریدا دەسوڕایەوە، یان بەبێ گوێدان بە تێپەڕبوونی زەمەن لە ژووی کارکردنیدا خۆی زیندانی دەکرد. هەمیشە تەنیا بوو و هێندێکیش سەرگەردان. حەزی تایبەتی نەبوون. بە بیریدا نەدەهات کە قەت نەریتێکی رێکوپێکی هەبووبێت. بەڵام پەلەکردنێکی وای بەسەردا فەرمانڕەوا بوو کە لە بەرامبەریدا بەرگری نەدەکراو ئەگەری ئەوە هەبوو کە هەر وەختێک بووایە لە نێو میوانخانەکەدا قوت ببێتەوەو هەرچییەکیان بدابایە دەیخوارد.

ئەو رۆژە نانی نیوەڕۆی لەگەڵ دادوەر ئەرکادیۆدا خوارد. تەواوی ئەو پاش نیوەڕۆیەیان پێکەوە بەسەر برد تا سەرەنجام وای لێهات فرۆشتنی ئەو پارچە زەوییە لایەنی یاسایی وەرگرت. پسپۆڕەکان ئەرکی خۆیانیان جێبەجێ کرد. جێگر، کە بە شێوەیەکی کاتی دامەزرابوو، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر پارێزگاری لە پلەکەی خۆی کرد. کەمێک بەر لە



کاتژمێر چوار، وەختێک کە دووقۆڵی چوون بۆ هۆڵی بلیارد، وەکو ئەو کەسانە دەچوون کە لە کامی چارەنووسێکی بە ئازارەوە گەڕابنەوە.

سەرۆکی شارەوانی کە خەریک بوو دەستی خۆی لێک دەخشاندن گوتی: «کەواتە کارەکە بەم شێوەیە ئەنجامدراوە». دادوەر ئەرکادیۆ گوێی خۆی نەدایە. سەرۆکی شارەوانی چاوی لێبوو کە لە بەردەم پێشخوانەکە خەریکی بۆن هەڵمژینەو حەبێکی هێورکەرەوەی دایە.

فەرمانی بە دۆن ریکۆیدا: «پەرداخێک ئاو».

دادوەر قسەکەی بۆ راستکردەوە: «بیرەیەکی سارد».

دادوەر ئەرکادیۆ پاش خواردنەوەی بیرەکە، بە پەنجە لاسەری خۆی ساوی.

هۆڵەکە حاڵەتی ئاهەنگی هەبوو. هەموو بە هەڵپەوە چاوەڕوانی رێپێوانی سێرک بوون. سەرۆکی شارەوانی لە هۆڵی بلیاردڕا تەماشای رێپێوان و خۆڕانانی گرووپی سێرکی دەکرد. دەنگی دەهۆڵ و کەڕەنا بە شایی خستبوو. کچێک بە جلی زیوی و بە سواری بەچکە فیلێکی گوێ پانەوە بە پێش چاوانیدا تێپەڕی. پاشان یاریزانە تەنافبازەکان بەرێز تێپەڕین. دنیا بە تەواوی روون ببۆوەو دوایین پرشنگی خۆر، هەوای شۆراوەی پاش نیوەڕۆی گەرم دەکرد. کاتێک دەنگی مۆسیقایەکە پچڕا تا ئەو کابرایەی کە لەسەر دارێکی درێژ راوەستابوو و خەریک بوو ئاگاداری نامەی سێرک بخوێنێتەوە، دەتووت شارەکە لە بێدەنگییەکی موعجیزە ئاسادا لە بن زەوی هاتۆتە دەرێ.

بابە ئانجێل کە لە پەنجەرەکەی ژووری کارکردنیڕا تەماشای رێپێوانەکەی دەکرد، بەسەر لەقاندن بۆ مۆسیقایەکەی دەستاندەوە. لە میانی نانخواردنیداو دواتریش هەتاکو بەرەبەری ئێواری، هەستی سەردەمی منداڵی خۆی لەگەڵدا مایەوە، تاکو ئەو دەمەی کە لە پاش چاودێری کردنی موشتەرییەکانی سینەما، خۆی بە تەنیا لە ژووری نووسینێدا دیتەوە. لە دوای نزاو پاڕانەوە، ماوەیەک بەسەر مەستی لەسەر کورسییە بێشکەییەکە دانیشت. نەیزانی داخۆ کەنگێ زەنگی کاتژمێر دوازدە لێیداوەو بلەندگۆی سینەما بێدەنگ بووەو جێی خۆی داوە بە دەنگی یەکنەواختی بۆقێک. پاشان چووە پاش مێزەکەی دانیشت و بانگهێشت نامەیەکی بۆ سەرۆکی شارەوانی نووسی.



PDF 4 KURD

سەرۆکی شارەوانی، کە بە هۆی پێداگری زۆری بەرپێوەربەری سێرک یەکێک لەو کورسییانەی شوێنی تایبەتی سێرکەکەی داگیر کردبوو، بەرنامەی کردنەوەی چەند یاریزانێکی تەنافبازو ئی تریشی تەماشاکرد. ئەوسا کاساندرا بە جلی مەخمەری رەش و چاوی بەستراوەوە بەدیارکەوت و گوتی کە ئامادەیە تا دڵی ئامادەبووان و بینەران بخوێنێتەوە. سەرۆکی شارەوانی هەڵات. بە گوێرەی ئەرکی سەرشانی، گەشتێکی بە نێو شاریدا لێداو کاتژمێر دە چوو بۆ بنکەی پۆلیس. لەوێ یادداشتێکی بابە ئانجێل کە بەختێکی زۆر جوان نووسرابوو، چاوەڕێی دەکرد. شێوازی ویشک و تەشریفاتی یادداشتەکە، سەرۆکی شارەوانی نیگەران کرد.

بابە ئانجێل خەریکی دانانی جلەکانی بوو کە سەرۆکی شارەوانی لە دەرگایدا. کابرای روحانی گوتی: «سەیرە، وا بە زوویی چاوەڕێم نەدەکردی». سەرۆکی شارەوانی پێش ئەوەی بچێتە ژوورێ، کڵاوەکەی لەسەری خۆی دانا.

بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: «من نامەکانی خۆم بێ وەڵام ناهێڵمەوە».

پاشان وەکو دیسکێکی خولاوە کڵاوەکەی خۆی هەڵداو کەوتە سەر کورسییە بێشکەییەکە. بابە ئانجێل چەند شووشە ساردییەکی لە نێو ئاوێ هاویشتبوون بۆ ئەوەی سارد بن و یەکێکیانی هەڵگرت:

– حەز لە ساردی دەکەی؟

سەرۆکی شارەوانی لێی قبووڵ کرد.

قەشەکە یەکسەر چووە سەر کرۆکی باسەکە.

– دەمە هۆی زەحمەتتان کە بڵێم پشتگوێ خستنی جنێونامەکان لە لایەن ئێوەوە نیگەرانم دەکات.

قەشەکە بە جۆرێکی وا قسەی دەکردن کە دەتوانرا قسەکانی بە گاڵتە وەربگیرێن.

بەڵام سەرۆکی شارەوانی مەسەلەکەی بە جیدی وەرگرت. نەیدەزانی بۆچی بابە ئانجێل تا ئەو رادەیە لە جنێونامەکان نیگەران.



– جێگای سەرسووڕمانە بابە، کە جەنابیشتان فکری خۆتان بەو شتەوە خەریک کردووە.

بابە ئانجێل بەدەم گەڕان بە دوای کلیلە لە نێو چەکمەجە بۆ هەڵپچڕینی ساردییەکان گوتی:

– خودی جنێونامەکان نین کە نیگەرانم دەکەن.

گێژ ببوو و نەیدەزانی چ لەو شووشە ساردییە بکات کە بە دەستییەوە بوو. هەر بەو حاڵەوە درێژەیدا بە قسەکەی:

– هۆی نیگەرانی من ئەوەیە کە... با ئەوا بڵێم کە: جۆرێک لە ناعەدالەتی تێدایە.

سەرۆکی شارەوانی شووشە ساردییەکەی لێوەرگرت و لەسەر پاژنەی چەکمەکەی خۆی داناو بە لێدانێکی وەستایانە کە سەرنجی بابە ئانجێل-ی راکێشا، سەرەکەی هەڵپچڕی. ئەو کەفەی لستەوە کە بە دەوری زالکی شووشەکەدا دەرژایە خوارێ.

«هەرکەسەو بۆ خۆی ژیانێکی شاراوەی هەیە»و لەبەر ئەوەی نەیتوانی دەرەنجام لەم قسەیە وەربگرێت، ئاوا درێژەیدایە:

– بە جیدی وا دەڵێم بابە، نازانم دەتوانرێت چی بکرێت.

قەشەکە لە پشت مێزەکە دانیشت و گوتی: «دەبێ بزانی، هەر چۆنێک بێ بۆ تۆ شتێکی تازە نییە». نیگایەکی نابەجێیانەی بە ژوورەکەدا گێڕاو ئاوازە دەنگی خۆی گۆڕی:

– مەسەلەکە ئەوەیە کە دەبێ هەتا رۆژی یەکشەممە کارێک بکرێت.

سەرۆکی شارەوانی بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوانە گوتی: «ئەمڕۆ پێنج شەممەیە».

قەشەکە وەڵامی دایەوە: «حیسابی رۆژەکان دەزانم»و بێ ویستی خۆی گوتی:

«بەڵام رەنگە ئێستاش درەنگ نەبووبێت بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانت جێبەجێ بکەی».

سەرۆکی شارەوانی هەوڵی ئەوەیدا تا سەری شووشەکە بسووڕێنێ. بابە ئانجێل بە چاوان بە دوای سەرۆکی شارەوانییەوە بوو کە لە ژووریدا ئەمسەرەوسەری دەکرد. دیتی کە

پیاوێکی بەلە باریک و جیدییەو هیچ ئاسەوارێکی پیری لە جەستەیدا نییە و هەستی بە بودەڵەیی کرد لە خۆیدا.

گوتی: «هەروەکو کە دەبینی، مەسەلەیەکی نائاسایی لە گۆڕێدا نییە».

دەنگی یازدە جار لێدان لە زەنگەکە (نافوس)ەوە بەرزبۆوە. سەرۆکی شارەوانی راوەستا تا زایەڵەی دەنگەکە کپ بۆوە. ئەوسا هەردووک دەستی خۆی لەسەر مێزەکە دانان و خۆی بەسەر قەشەکەدا نوشتاندەوە. دەموچاوی مشەوەش بوونێکی شاراوەی نیشان دەداو کاتێکیش کە بە قسە هات، ئەو حاڵەتەی بە دەنگییەوە دیار بوو.

– بابە، بە باشی سەرنج لە شتێک بدە. شار ئارامە و خەریکە خەڵک متمانە بە حکومەت پەیدا دەکات. لەم حاڵەتەدا هەر جۆرە گوشار هێنانێک بۆ سەر خەڵکی کارێکی مەترسیدارە، ئەویش لە پێناو کارێکی وابێ بایەخدا.

بابە ئانجێل بە لەقاندنی سەر پشتگیری لە قسەکەی کردو هەوڵیدا بۆی روون بکاتەوە:

– مەبەستی من بە شێوەیەکی گشتی، سوودوەرگرتنە لە هێندێک کەرستە و هۆکاری دەوڵەتی.

سەرۆکی شارەوانی بێ ئەوەی گۆڕان بەسەر خۆیدا بهێنێ درێژەی بە قسەکەی خۆیدا: – بە هەرحاڵ، من هەلومەرجی تایبەتی رۆژ لە بەرچاوان دەگرم. خۆ بۆ خۆتان دەزانن ئێمە شەش پاسەوانمان هەیە کە لە نێو پۆلیسخانەدا بەندمان کردوون و مووچە وەردەگرن و هیچ کارێک ناکەن. تاکو ئێستاش نەمتوانیوە کەسێکی دیکەیان لەجێ دابنێم».

بابە ئانجێل گوتی: «بۆ خۆم دەزانم، تۆ پیاوێکی کەمتەرخەم نی».

سەرۆکی شارەوانی بێ ئەوەی گوێ بداتە قسەی قەشەکە، بە گەرمی درێژەیدا بە قسەکەی:

– هەموو دەزانن کە لەو پاسەوانانە سێ کەسیان لە تاوانکارە ئاساییەکان بوون کە لە بەندیخانە ئازادکران و چوونە نێو بەرگی پاسەوانییەوە، بەو گوێرەیەش کە بارودۆخەکە وا دەڕوات، من بە کارێکی پڕ مەترسی دەزانم بۆ راوکردنی خێوەکان بیانێرمە نێو شەقام و بازاڕ.



بابە ئانجێل هەردووک دەستی خۆی لێک بڵاوکردن.

یەکلاکەرەوانە پشتگیری لێکرد: «ئەڵبەتە، ئەڵبەتە، دیارە کە وایە پیاو نابێ بیر لەو جۆرە شتانە بکاتەوە، بەڵام بۆچی ئەو کارە یارمەتی لە هاوشارییە دەستپاکەکانمان وەرنەگرین؟»

سەرۆکی شارەوانی قیت راوەستا، چەند قومێکی لە شووشە ساردییەکە فڕکرد، سینگ و پشتی لە ئارەقدا شەلاڵ ببوون. گوتی:

– ئەو هاوشارییە رێکوپێکانەی کە دەفەرمووی، خەریکن بە جنێونامەکان دەدرێن بە پێکەنین.

– هەموویان نا.

– جگە لەمەش، چ سوودێکی هەیە خەڵک لە شتێک بترسن کە ئەگەر لێی وردبینەوە بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

بە نەرم و نیانی کۆتایی بە قسەکەی خۆی هێنا:

– قسەی خۆمان بێت بابە، هەتاکو ئەمشەو قەت پێم وانەبوو کە وای لێبێت من و تۆ خۆمان بەو قسە پڕوپووچانەوە خەریک بکەین.

بابە ئانجێل قیافێکی دایکانەی بە خۆیەوە گرت و وەڵامی دایەوە: «تا شوێنێکی دیاریکرو بەڵێ». پاشان دەستیکرد بە روونکردنەوەیەکی ئاڵۆز و باڵۆز و هەندێک دەستەواژەی رێکوپێکی ئەخلاقی کە رۆژی پێشتر لە سەرنان خواردنێ پێی ئامۆژگاری بێوەکەی ئاسیس کردبوون.

کاتێک کە گەیشتە لووتکەی قسەکانی گوتی: «دەتوانرێت ئەم مەسەلەیە ئاوا دەرببڕدرێت، مەسەلەکە مەسەلەی تیرۆریزمی ئەخلاقییە».

سەرۆکی شارەوانی بە زەردەخەنەیەک زاری خۆی لێک کردەوەو تا رادەیەک قسەی قەشەکەی بڕی: «باشە، باشە بابە. بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە کە لەسەر ئەو کاغەزە

دراوانە فەلسەفە بهۆنینەوە». شووشە ساردییە بە نیوە بووەکەی لەسەر مێزەکە داناو قیافێکی رەزامەندانەی بەخۆ وەرگرت و گوتی:

- دە باشە ئێستا کە بابەتەکەم بەو شێوەیە بۆ دەخەیەڕوو، دەبێ بزانم داخۆ چیمان پێ دەکرێت.

بابە ئانجێل سوپاسی کرد. سەرەنجام بۆ خۆی درکاندی کە هیچ حەزی نەدەکرد رۆژی یەکشەممە بچێتە سەر مینبەرو بە نیگەرانییەوە باسی مەسەلەیەکی ئاوا بکات. سەرۆکی شارەوانی بۆ تێگەیشتن لە قسەی قەشەکە هەوڵی خۆی دابوو. بەڵام هەستیکرد کە کاتەکە درەنگە و چاوەکانی ئەو پیاوە ئاییینییە وەکو چاوی کوندەپەپوو لە شەوێدا تەپ بوون.

# بەشی حەوتەم

دەهۆڵ بە رمبەرِمب و دەنگی زلەوە، وەکو تارمایی و خێوی رۆژگارە کۆنەکان، سەرلەنوێ دەرکەوتەوە. هارِژنی دەهۆڵ لە کاتژمێر دەی بەیانیداو لە بەردەم هۆڵی بلیارد، شارەکەی لەو ناوەندەی چەقی قورسایییەیدا لە حاڵەتی چاوەڕوانیدا راگرت، تا وایلێهات سەرەنجام بە سێ جار لێدانی ئاگادار کردنەوە، هەمدیسان شەپۆڵی نائارامی و دوودڵی بەسەر وێدا سێبەری کرد.

وشەی «مەرگ» بە سەرزاری بێوەکەی مۆنتێلدا هات. ئەو کاتێک کە بینی هەموو دەرگا و پەنجەرەکان خەریکن دەکرێنەوەو خەڵک لە هەموو لایەکەڕا دەڕژێنە نێو گۆڕەپانەکەوە، گوتی: «مەرگ هاتووە».

پاش یەکەم داچڵەکینی لە ترسانی، پەردەی باڵکۆنییەکەی لاداو تەماشای حەشامەتی ئەو خەڵکەی کرد کە لە دەوری پاسەوانێک کۆببوونەوەو ئەویش خۆی بۆ خوێندنەوەی فەرمانەکە ئامادە دەکرد. بێدەنگییەکی دژوارتر لەوەی کە بۆ گوێ گرتن لە جارِچییەکە پێویست بوو، باڵی بەسەر هەموو جێیەکدا کێشا. بێوەکەی مۆنتێل لەگەڵ ئەوەشدا کە بە چاکی هەستی راگرت تا گوێی لە دەنگەکە بێت، بەڵام تەنیا لە دوو وشە گەیشت. لەو ماڵەدا کەس نەیتوانی پێی بڵێ کە فەرمانەکە دەربارەی چییە. فەرمانەکە بە هەمان سام و هەیبەتی جارانەوە خوێندرایەوە، سیستەمێکی نۆی لەسەر دنیا ببووە فەرمانرِەواو ئەو هیچ کەسێکی وەگیر نەدەکەوت کە دەرکی بە ماهییەتی ئەو سیستەمە کردبێت.

– فەرمانەکە دەربارەی چی بوو؟



– منیش خەریکم هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی تێبگەم، بەڵام کەس نازانێ.

بێوەکە درێژەی بە قسەکەی خۆیدا: «ئەڵبەتە، لەوەتای دنیا دنیایە، قەت فەرمانێکی خۆشی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە».

ئەوسا چێشت لێنەرەکە رۆیشتەدەرێ و بەخۆو بە وردەکارییەکانی فەرمانەکەوە گەرِایەوە. هەواڵەکەش بریتی بوو لەوەی کە لەو شەوەڕا یاسای قەدەغە بوونی هاتووچۆ پیادە دەکرێت و ئەوەندەش درێژە دەکێشێت تا هۆکارەکانی دەرچوونی ئەو یاسایە نەمێنن.

وا بریار درابوو کە لە کاتژمێر هەشتی شەوێوە هەتاکو پێنجی بەیانی کەس لە نێو شاریدا نەگەرِێ، مەگەر بە مۆڵەتەی رەسمی بە مۆر و ئیمزای سەرۆکی شارەوانی.

پیاوانی پۆلیس فەرمانیان پێدرابوو کە هەرکەسێکیان لە نێو شاردا بینی «دەنگی بدەن»و ئەگەر ئەو کەسە سەرپێچی نواند یەکسەر تەقەی لێبکەن. سەرۆکی شارەوانی بە سوود وەرگرتن لە دانیشتووانی شارەکە تیمی پاسەوانانی ئێشکچی پێکدەهێنا تا لە چاودێری کردنی شەوانەدا هاوکاری پیاوانی پۆلیس بکەن.

بێوەکەی مۆنتێل بەدەم جوینی نینۆکی خۆیەوە ویستی هۆی دەرچوونی ئەم بریارە بزانێ.

چێشت لێنەرەکە وەڵامی دایەوە: «لە فەرمانەکەدا ئاماژە بە هیچ شتێک نەدراوە، بەڵام هەموو کەس دەڵێ پەیوەندی بە جنێونامەکانەوە هەیە».

بێوەژنەکە بە ترس و لەرزەوە گوتی: «دڵم خەبەریدا بوو. مەرگ کەوتۆتە گیانی ئەم شارە».

بە شوێن سینیۆر کارمیچایلیدا نارد. بە پەیرِەوی کردن لە هێزێکی کۆنترو قووڵتر لە بانگەوازی دەروونییەوە، فەرمانیدا تا ئەو جانتا چەرمییە گوڵمیخدارەی کە خۆزێ مۆنتێل ساڵێک لە پێش مردنیدا بۆ تاکە گەشتی ژیانی خۆی کرِیبووی، لە عەمبارێرِا بیهێننە ژووری نووستنێ. چەند دەستە جلێک و ژێر کراس و پێڵاوی لە کەنتۆرەکە هێنانە دەرێ و هەمووی قەد کردن و لە بنی جانتایەکەدا لەسەری یەکی دانان.

لە میانی ئەنجامدانی ئەم کارانەیدا، هەستی بەو ئاسوودەییە رەهایە کرد کە زۆر جاران ئاخی بۆ هەڵکێشابوو. ئەو خۆی لە شوێنێکی زۆر دوور لەو شارەو لە ژوورێکدا لە پەنا



PDF 4 KURD

سۆبە هێنایە پێش چاوان، یان لە باڵکۆنییەکی بچووکدا کە لەوێ گیای (ئاوشین)[٧]ی پەروەردە دەکردو تەنیا ئەو بۆی هەبوو کە خۆزێ مۆنتێل وەبیر خۆی بێنێتەوە. لەوێ هیچ خەفەتێکی نەبوو ئەوەندە نەبێ کە چاوەڕوانی پاش نیوەڕۆی ڕۆژانی دووشەممە بکات تا نامەی کچەکانی بخوێنێتەوە.

تەنیا جلە زۆر زەرووریییەکانی هەڵگرتبوون. پاشان جانتا چەرمییەکەی هێنا کە مقەسە گەورەو بچووکەکان و تێپ و شووشێکی گچکەی یۆدو پێویستییەکانی دروومانی تێدا بوو و دوای ئەوە کارتۆنێکی پێڵاوانی هێنا کە تەسبێحەکەی و کتێبەکانی دوعاکردنی تێدابوو و ئەوانیشی لە جانتایەکە هاویشتن. ویژدانی لەوە نارەحەت بوو کە مەبادا پتر لەوەی هەڵگرتبێت کە شایانی لێخۆشبوونی خواوەند بێت. پاشان پەیکەرە لە گەچ دروستکراوەکەی سان رافائیلی لە نێو گۆرەوییەکەوە پێچاو بە دیقەتەوە لە نێو جلەکانی هاویشت و جانتایەکەی داخست.

کاتێک کە سینیۆر کارمیچایل گەیشتە جێ لە سادەترین بارودۆخیدا دیت.

کارمیچایل بە پشت بەستن بەو پێشبینییەی کە ئەمڕۆ باران نابارێ، چەتری لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتبوو. بەڵام بێوەژنەکە هەستی بەمە نەکرد، کلیلەکانی ماڵێی- بەو پارچە کارتۆنانەوە کە ناونیشانی هەرکام لە کلیلەکانیان بە چاپ لەسەر نووسرابوو- لە گیرفانی خۆی هێنایە دەرێ و هەموو دانێ و گوتی:

– هانێ من ئەم دنیایە ئاڵوودە بە گوناهەی خۆزێ مۆنتێل بە جەنابتان دەسپێرم. چی لێدەکەی بیکە.

سینیۆر کارمیچایل زۆر لەمێژ بوو لە ڕۆژێکی ئاوا دەترسا.

بە زەحمەت زاری هەڵێناو گوتی: «مەبەستتان ئەوەیە کە دەتانەوێت لەم پشێوەیەدا سەفەر بکەی؟

(٧) جۆرە گیایەکی کێویلکەی بۆن خۆشەو وەکو نەعنا دەچێت و لەبەر بۆنەکەی لە ماست و دۆی دەکەن. وەرگێڕ



بێوەژنەکە بە دەنگێکی پتەو، بەڵام ئاوازە دەنگێکی یەکاڵاکەرەوانە وەڵامی دایەوە:

– من بۆ هەتا هەتایە لێرە دەڕۆم.

سینیۆر کارمیچایل بێ ئەوەی ترسی خۆی بە دیار بخات، ڕاپۆرتێکی کورتیدا.

باری دارایی خۆزێ مۆنتێل روون نەبوو. بەشێکی زۆری ئەو سامانەی وی بە شێوازە کۆنەکان و بەبێ ئەنجامدانی تەشریفاتی رەسمی بەدەست هاتبوو و لە رووی یاساییەوە دۆخێکی نادیاری هەبوو. ئەم سامانە تێکەڵ و پێکەڵ و بێ سەروبەرەیە- کە خۆزێ مۆنتێل بۆ خۆشی لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا تەنانەت مەزەندەشی نەدەکرد داخۆ چەندە- هەتا بە لایەکدا نەکەوتبایە دیاریکردنی میرات و میراتگر نامومکین بوو. کوڕە گەورەکەی کە لە ئەڵمانیا قۆنسول بوو و دوو کیژەکانیشی کە شەیدای خۆشگوزەرانی و رابواردنی سەرسوڕهێنەری پاریس بوون، دەبووایە بگەڕێنەوە یان کەسێک بکەنە وەکیلی خۆیان تا بەشەکەیان بۆ دیاری بکرێت. تا ئەو کارە نەکرایە هیچ شتێک نەدەفرۆشرا. وەبیرهاتنەوەی ئەو داڵانە پێچاوپێچانەی کە بێوەکەی مۆنتێل دوو ساڵ بوو تێیاندا ڕێگای گوم کردبوو، ئەمجارەیان کاریان تێنەکرد.

بە تەئکیدکردنەوە گوتی: «گرنگ نییە. منداڵەکانی من لە ئەوروپا بەختەوەرن. بۆ خۆیان دەڵێن ئێرە مەملەکەتی دڕندانە و هەقیان نییە بەسەرییەوە. جەنابی کارمیچایل ئەگەر حەز دەکەی هەرچییەکت لەم ماڵەدا دۆزییەوە لە توورەکەی بکەو لە پێش بەرازانی دانێ».

سینیۆر کارمیچایل ئیدی لەگەڵیدا پێدانەچوو. بە بیانووی ئەوەی کە بە هەرحاڵ دەبێ هێندێک شت بکرێ بۆ سەفەرەکە، چوو دکتۆری بدۆزێتەوە.

«ئێستا دەردەکەوێت کە نیشتمانپەروەری تۆ بایی چەند، گواردیۆلا». سەرتاشەکەو ئەو پیاوانەی کە لە سەرتاشخانەکەدا کۆببوونەوەو قسەیان دەکردن، بەر لە دیتنی سەرۆکی شارەوانی لەبەر دەرکەی دوکانێ، هەستیان بە بوونی کرد لەوێ. سەرۆکی شارەوانی ئاماژەی بە دوو کەس لە گەنجترین پیاوەکان کردو گوتی: «ئێوەش هەروا. ئەمشەو ئەو تفەنگانەتان دەدەمێ کە ئەوەندە داواتان دەکردن. بزانم داخۆ دەوێرن لوولەکانیان بۆ لای

ئێمە مانان بسووڕێنن». وشەکانی هێندە بە میهرەبانی دەردەبڕین کە نەدەکرا گومان لە قسەکانیدا بکرێت.

سەرتاشەکە وەڵامی دایەوە: «گەسکە باشترە. بۆ راوکردنی جادوگەر هیچ تفەنگێک لە گەسکەی کرێکار باشتر نییە».

سەرتاشەکە تەنانەت چاویشی بۆ لای وی نەسووڕاندن. خەریکی چاککردنی پشتملی یەکەم موشتەری بەیانی بوو و قسەکانی سەرۆکی شارەوانی بە هەند وەرنەدەگرتن. بەڵام کاتێک کە سەرۆکی شارەوانی دەستی کرد بە پرسیارکردن لەو خەڵکەی لەوێ بوون داخۆ چ کەسێک سەربازی یەدەگەو دەزانێت تفەنگ بەکاربێنێت، سەرتاشەکە لەوە تێگەیی کە هەر بە راستی بۆ خۆی یەکێکە لەوانەی کە بۆ ئەو کارە هەڵبژێردراون.

پرسیاری کرد: «جەنابی مولازم هەر بە راستی بڕیاری ئەوەتان داوە کە ئێمەش بگلێننە نێو ئەو گاڵتەجارییەوە؟»

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «تف لەم رۆژگارە! لە هەموو ژیانی خۆتدا لێرەو لەوێ زۆروەڕیت دەکرد کە پێویستم بە تفەنگە. ئێستاش کە تفەنگت دەدەنێ ناتوانی باوەڕ بکەی؟». لە بەردەم سەرتاشەکە راوەستا. لەوێڕا دەیتوانی لە ئاوێنەکەوە هەموو ئەو کەسانە بخاتە ژێر چاودێرییەوە کە لەوێ ئامادە بوون. سام و هەیبەتیدا بە دەنگی خۆی و گوتی:

«بە راستیمە. ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆیە کاتژمێر شەشی رێک دەبێ سەربازە یەدەگە پلە یەکەکان خۆیان بە بنکەی پۆلیس بناسێنن». سەرتاشەکە لە ئاوێنەکەڕا تەماشای کرد.

لێی پرسی: «ئەی ئەگەر تووشی هەڵامەت و نەخۆشی ببم؟»

سەرۆکی شارەوانی وەڵامی دایەوە: «لە بەندیخانەدا چارەسەرت بۆ دەکەین».

گرامافۆنی هۆڵی بلیارد دەنگی ئاوازێکی بۆلروی هەست بزوێنی لێبەرز دەبۆوە. نێو هۆڵەکە چۆڵ بوو، بەڵام سەرمێزەکان هێندێک شووشە و پەرداخیان لەسەر بوو کە بەرماوەیان تێدا مابوو.



دۆن روکوێ وەختێک لە کاتی هاتنە ژوورەوەیدا چاوی بە سەرۆکی شارەوانی کەوت گوتی: «ئێستا ئیدی هەر بە راستی دۆخەکە ئاڵۆز بووە. دەبێ رێک لە کاتژمێر حەوتڕا دوکانەکەم داخەم». سەرۆکی شارەوانی یەکڕاست چووە کۆتایی هۆڵەکە، کە مێزەکانی قومارکردنی ئەوێش کەسیان لەسەر دانەنیشتبوو. دەرگای ئاودەستەکەی کردەوەو سەری بە عەمبارێکدا کرد، ئەوسا گەڕایەوە بۆ لای بارەکە. لە کاتی تێپەڕبوونی بە تەنیشت مێزی بلیارد دا، لە ناو پەردەی مێزەکەی هەڵدایەوە. گوتی:

- ئیدی گاڵتە بازاڕی بەسە.

دوو کوڕیژگۆکە لە بن مێزەکە هاتنە دەرێ و تەپوتۆزیان لە پانتۆڵەکەی خۆیان تەکاند.

یەکیان رەنگی تێکچوو بوو. ئەویتریشیان گچکەتر بوو و گوێی سوورهەڵگەڕابوون.

سەرۆکی شارەوانی بە ئارامی بەرەو مێزەکانی بەردەم دەرکەی هاتنەژوورەوە پاڵی پێوەنان.

- تێگەیشتن گوتم چی؟ کاتژمێر شەشی رێک لە بارەگا.

دۆن روکوێی هەر لەپاش پێشخوانەکە مایەوە.

گوتی: «بەم بارودۆخە ئاڵۆزو باڵۆزەی ئێستا، پیاو وا باشترە بچێت ببێتە قاچاخچی».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «هەر دوو سێ رۆژان وا دەبێ».

بەڕێوەبەری سینەما لەسەر پێچی شەقامەکە خۆی گەیاندێ و گوتی: «هەر لە ئەوەمان کەم بوو. ئەوە دوازدە جار لێدانەکەی زەنگ، ئەمەش شەیپور».

سەرۆکی شارەوانی دەستێکی لە شانیداو درێژەیدا بە رێی خۆی.

گوتی: «دەمەوێ دەست بەسەر سامانەکەتدا بگرم».

بەڕێوەبەری سینەما گوتی: «ناتوانی ئەو کارە بکەی. سینەماکان موڵکی دەوڵەت نین».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «لە بارودۆخی نائاساییدا، دەتوانرێت تەنانەت سینەماکانیش بە موڵکی دەڵەت بژمێردرێن».

زەردەی لەسەر لێوی خۆی دوورخستەوە. دوو دوو بە قادرمەکانی بنکەکەدا سەرکەوت و وەختێک کە گەیشتە قاتی دووەم، دەستی لێک بڵاوکردن و دووبارە پێکەنییەوە.

بە دەنگی بەرز گوتی: «تف لەم ڕۆژگارە ئەتۆش وات لێهات؟».

وەکو سوڵتانەکانی خۆرهەڵات، بەبێ خەم و خەفەتی، بەڕێوەبەری سێرک لەسەر کورسییەک پاڵی لێدابۆوە. سەبیلێکی دەریاوانی بە دەمی خۆیەوە نابوو و کەیفی بە دووکەڵکردنەکەی دەهات. هەروەکو کە بۆ خۆی خانەخوێ بێت، بە ئاماژە بە سەرۆکی شارەوانی گوت دانیشێت.

– جەنابی مولازم وەرە با باسی کارو کاسبی بکەین.

سەرۆکی شارەوانی کورسییەکی راکێشاو هات بەرامبەری دانیشت. بەڕێوەبەری سێرک بە دەستێکی داپۆشراو بە بەردی ڕەنگاوڕەنگ، کلکی سەبیلەکەی بۆ لای وی راداشت و ئاماژەیەکی مانادارى کرد.

– دەتوانین بێ پێچ و پەنا قسان بکەین؟

سەرۆکی شارەوانی بە سەر وەڵامی ئەرێی دایەوە.

بەڕێوەبەری سێرک گوتی: «هەرکە دوێنێ لە کاتی ریشتاشیندا چاوم بە جەنابتان کەوت، تێگەیشتم. بۆ خۆت دەزانی ئیدی، وا راهاتووم کە خەڵکی بناسم. دەشزانم کە ئەم هاتووچۆ و قەدەغەکردنە بۆ جەنابتان......»

سەرۆکی شارەوانی بەدەم زەردەیەکی ئەنقەستەوە چاودێری دەکرد.

بەڕێوەبەری سێرک درێژەی دایە: «بەڵام بۆ بابایەکی وەکو من کە ئەم هەموو پارەیەم لەم بەزم و ڕەزمەدا خەرج کردووەو دەبێ حەڤدە کەس و نۆ گیانلەبەر نان بدەم، بە کورتی بۆ خۆی کارەساتە.

– مەبەستت؟



بەڕێوەبەری سێرک وەڵامی دایەوە: «من وا پێشنیار دەکەم کە ئێوە یاسای قەدەغەبوونی هاتوچۆ لە یازدەی شەوێرا بسەپێنن و ئەوەی لە بەرنامەی شەوێ دەستمان کەوت، بە نیوەییمان».

سەرۆکی شارەوانی بێ ئەوەی خۆی بجوولێنێ زەردەکەی هەر لەسەر لێوان بوو.

گوتی: «دەڵێی لەم شارەدا لە هەر کەسێکت پرسی گوتی من دزم».

بەڕێوەبەری سێرک بە نارەزایی دەربڕینەوە گوتی: «جاخۆ ئەمە سەودایەکی یاساییە».

نەیزانی کەنگێ بوو کە سەرۆکی شارەوانی حاڵەتی جیدییانەی بە خۆیەوە گرت.

مولازم بە ئاوازە دەنگێکی شاراوەوە گوتی: «ڕۆژی دووشەممە لەمبارەیەوە قسە دەکەین».

بەڕێوەبەری سێرک گوتی: «هەتا ڕۆژی دووشەممە من کەوڵەکەشم بە بارمتە داناوە. ئێوە خۆ ئاگاتان لێیە ئێمە چەندە دەسکورتین».

سەرۆکی شارەوانی بە ئارامی بەرەو لای قادرمەکانی بردو دەستی خستە سەر شانی.

«پێویست ناکا ئەوە بە من بڵێیی. من بۆ خۆم سەرم لە کارو کاسبی دەردەچێت».

وەختێک گەیشتنە سەر قادرمەکان، سەرۆکی شارەوانی بە ئاوازە دەنگێکی هێورکەرەوانە گوتی:

– ئەمشەو کاساندرا بنێرە بۆ لام.

بەڕێوەبەری سێرک هەوڵیدا تا رووی خۆی بۆ لای بسوورێنێ، بەڵام ئەو دەستەی کە لەسەر شانی دانرابوو بەوپەڕی توانایەوە پاڵەپەستۆی خستبووە سەر.

گوتی: «ئەڵبەتە ئەمەش لەسەر حیسابەکەتان دەنووسم».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «تۆ بینێرە، سبەینێش پێکەوە قسان دەکەین».

سینیۆر بنیامین بە پەنجە پاڵی بە دەرگا تەل هێلکەکەوە نا، بەڵام نەچووە ژوورێ.

دەنگی لە توورەییەکی شاراوەوە بەرزبۆوە:



PDF 4 KURD

– پەنجەرەکان، نورا.

نورا خاکوب ژنێکی قەڵەوی زەلامەی تەمەن مام ناوەندی بوو و بە قژێکی کورتی کوڕانەوە لە دیوەخانە نیمچە تاریکەکەی خۆیدا، لەبەر پانکە لێی ڕاکشابوو و بۆ نیوەڕۆژە کردن چاوەڕێی سینیۆر بنیامین-ی دەکرد. وەختێک دەنگی وی بەرگوێ کەوت، بە زەحمەت لە جێی خۆی هەستاو هەر چوار پەنجەرەکەی ڕووەو شەقامی کردنەوە. هاڵاوی گەرما شاڵاوی هێنایە ژووری، کاشیکارییەکەی ژووری بە وێنەی تاوسێکی ناشیرن چەندەها جار دووبارە ببۆوەو پارچەی گوڵداریشیان بەسەر قەنەفەکانی ژووریدا دابوو- بێ سەلیقەیی لە بەش بەشی ڕازاندنەوەی ژوورەکە دەباری.

ژنە پرسیاری کرد: «لەو قسانەی خەڵک دەیانکەن کامەیان ڕاستە؟»

– خەڵک زۆر شت دەڵێن.

نورا خاکوب بۆ ڕوونکردەوە: «دەربارەی بێوەکەی مۆنتێل، هێندێک دەڵێن شێت بووە».

سینیۆر بنیامین گوتی: «من دەڵێم زۆر لەمێژە کە شێت بووە»و بە ئازادییەکی زیاترەوە گوتی: «ئەمەیە ئیدی، ئەمڕۆ بەیانی دەیویست لەسەر باڵکۆنییەکەڕا خۆ فڕێداتە خوارێ».

لەسەر شەقامەکەڕا مێزەکە بە تەواوەتی دیاربوو، دوو کورسی لێک دووریان لە هەردووک سەری مێزەکە دانابوون. ژنە بە لێدانی چەپڵەیەک فەرمانی نانهێنانی دەرکرد.

سینیۆر بنیامین گوتی: «لەمڕۆ بەیانییەوە ماڵەکەیان پڕ بووە لە خەڵک».

نورا خاکوب گوتی: «دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی مرۆڤ نێو خانووەکەی ببینێت».

کیژێکی ڕەشپێست بە سەری پڕ لە تۆقەی سوورەوەو بەدەم هەڵم هەستان لە قاپەکەوە، سوپەکەی هێنایە سەر مێزەکە. بۆنی مریشک شاڵاوی هێنایە نێو ژووری نانخواردن و گەرما لە ڕادەبەدەر تینی هێنا. سینیۆر بنیامین دەسماڵە سفرەییەکەی لە بەرۆکی خۆی قایم کردو گوتی: «سەلامەت بی». هەوڵیدا تا بەو کەوچکە بخوات کە هەڵمی لێهەڵدەستا.



ژنە بەبێ زەوقییەوە گوتی: «خۆت گێل مەکە، فوی لێکە. جگە لەمەش دەبووایە پەستەکەکەشت دابنایە. ئەم ڕاڕاییەی تۆ کە هەتایە پەنجەرەکان نەکرێنەوە نایە ژوورێ، لە گەرمان دەمانسووتێنێت».

پیاوەکە گوتی: «بە تایبەتی ئەمڕۆ لەم بارودۆخەدا، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە. ئیدی کەس ناتوانێ بڵێ کە لە ماڵەکەی تۆدا دوور لە چاوی خەڵکی من کارێکم کردووە».

ژنە بە زەردەخەنەیەکی خوار و خێچ و بە ماناوە زاری لێک کردەوەو پوکە مێوگرتووەکانی خۆی بە دیار خستن. گوتی: «قسەی قۆڕ مەکە. چیان دەوێ با بیلێن، ئەوەش هەڵوێستی من».

کەوچک کەوچک سوپی دەخواردو قسەی دەکردن.

«ڕاستە، ڕەنگە پێویستی بێت کە نیگەرانی ئەوە بم نەوەکو قسەوقسەڵۆکان بۆ مۆنیکا هەڵدەبەستن». مۆنیکا کچە پازدە ساڵانەکەی بوو کە لەو دەمەیەوە کە بۆ خوێندن ڕۆیشتبوو، هێشتا بۆ کاتی پشوودان نەگەڕابۆوە». «بەڵام سەبارەت بە خۆم، خەڵک ئەگەر شتێکی تازە نەزانن، خۆ ناتوانن هیچ بڵێن».

سینیۆر بنیامین ئەو نیگا سەرزەنشتکارانەی جارانی تێنەگرت. لە بێدەنگیدا پاشماوەی سوپەکەیان خوارد. مەودای نێوانیان مەترێک و هەشتا سانتیمەر، واتە بە قەدەر درێژایی مێزەکە بوو. سینیۆر بنیامین ئامادە نەبوو تا لە بەرچاوی خەڵک لەوە زیاتر لێی نزیک بکەوێتەوە. بیست ساڵ لەمەوبەر، ئەو دەمەی کە نورا لە قوتابخانەیەکی دەرەوەی شاردا دەیخوێند، سینیۆر بنیامین نامەی ویشک و دوورودرێژی بۆ دەنووسین و کچەش بە وشەی بڵێسەدار وەڵامی دەدایەوە. لە میانی پشووداندا، ڕۆژێکیان لە سەیرانێ، نەستور خاکوب بە سەرخۆشی بێ ئاگاییەوە، قژی گرتن و بە ڕاکێشان بردییە قوژبنێک و بێ ئەوەی دەرفەتی نارەزایی دەربڕینی بداتێ، پێی گوت: «ئەگەر مێردم پێنەکەی بە گوللە لێت دەدەم»و لە کۆتایی ئەو پشووەدا زەماوەندیان کرد. دە ساڵ لە دوای ئەوەش لێکجیابوونەوە.

سینیۆر بنیامین گوتی: «بە هەرحاڵ هیچ هۆیەک نییە تا دەرگاو پەنجەران داخەین و خەڵک لە خۆمان بە گومان بکەین».

کاتێک قاوەکەی خواردەوە، هەستایە سەرپێ و گوتی: «من دەڕۆم. بە دڵنیاییەوە مینا زۆر دڵی سەغڵەت دەبێت». لە پێش دەرکەی کاتێک کە کڵاوەکەی لە سەری خۆی دەکرد گوتی:

– ئەم خانووە خەریکە لە گەرمان ئاگری دەگرێت.

– جا خۆ من هەمیشە وا دەڵێم.

نورا ئەوەندە لە بەر پەنجەرەکەی هەرێ ئەوسەرێ راوەستا تا لە کاتی خواحافیزی کردندا بینی. ئەوسا پانکەکەی بردە ژووری نووستنێ و دەرگایەکەی داخست و جلەکانی لەبەر خۆی دانان و سەرەنجام، بە دەستووری رۆژان پاش نانخواردن چووە ئاودەستێ و لەگەڵ نهێنییەکەی خۆیدا بە تەنیا مایەوە.

نورا رۆژی چوار جاران نەستور خاکوبی (کۆنە مێردی) لە کاتی تێپەڕبوونی بە تەنیشت ماڵەکەی خۆیدا دەدیت. هەموو کەسێک دەیزانی کە نەستور لەگەڵ ژنێکی دیکەدا ژیان بەسەر دەبات و چوار منداڵی لێی هەیەو دەشیانزانی کە باوکێکی نموونەییە. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا چەندین جار لەگەڵ منداڵەکانی بە پێش دەرگای ماڵی نورادا تێپەڕی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو ژنەدا کە ژیانی لەگەڵدا بەسەر دەبرد، هەرگیز. لەو ماوەیەدا نورا شایەدی ئەوەبوو کە ئەو لە جاران کزترو پیرتر دەبێت و رەنگ و رووی پتر تێک دەچن. وەکو غەریبەیەک دەچوو کە بڕوا بەوە نەدەکرا رۆژێک لە رۆژان ئەو کابرایە خۆمانە بووبێت. جاری وابوو لە کاتی نووستنی پاش نیوەڕۆیان و لە تەنیاییدا، دڵی بە سەختی بۆ ئەو پیاوەی لێدەدا: ئەو بوونەوەرە نا کە لە کاتی تێپەڕبوونی بە بەردەرگای ماڵەکەی خۆیدا چاوی پێدەکەوت، بەڵکو ئەو پیاوەی کە هەتا پێش لە دایکبوونی مۆنیکای کچی، ئەوینە کەم و ئاساییەکەی هێشتا لە دڵی نەدابوو.



دادوەر ئەرکادیۆ هەتا نیوەڕۆیە نووست. لە ئەنجامدا وەختێک کە گەیشتە نووسینگەکەی خۆی هێشتا دەرچوونی ئەو فەرمانەی نەبیستبوو، بەڵام سکرتێرەکەی لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە کە سەرۆکی شارەوانی داوای لێکردبوو بەڵگەنامەکانی پێویست ئامادە بکات، بەو هەواڵەی زانیبوو.

دادوەر ئەرکادیۆ پاش ئەوەی لە وردەکارییەکان ئاگادار بۆوە گوتی: «ئەوەندەی دەزانم کە زێدەڕۆیی کراوە، ئەوە هی زەرووری نەبوو».

– ئێ باشە، خۆ هەر لە کۆنەوە فەرمانەکان هەر ئەوا بوون.

دادوەر ئەو قسەیەی وەرگرت: «بەڵێ، راستە. بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە. شێوازی فەرمانەکەش دەبووایە لەگەڵ جاراندا جیاوازی هەبێت. رەنگە خەڵک زۆر ترسابن».

وا نەبوو. کەمێک دوای ئەوە، لە کاتی یاری پەڕێندا لە هۆڵی بلیارد بۆی دەرکەوت کە گرنگترین هەستی خەڵک ترسان نییە، بەڵکو سەرکەوتنی گشتییە. چونکە خەڵک دەیاندیت کە ئەو شتەی لە دەروونی هەموو کەسێکدایە ئێستا وەڕاست گەڕاوە: بە هیچ جۆرێک بارودۆخەکە نەگۆڕاوە.

دادوەر ئەرکادیۆ وەختێک کە لە هۆڵی بلیارد هاتە دەرێ، نەیتوانی قسەکەی خۆی لە سەرۆکی شارەوانی بگەیەنێت. پێی گوت: «دەبینی، کەواتە وا دەردەکەوێ کە نووسەری جنێونامەکان بە خۆڕایی خۆی زەحمەت داوە. خەڵک پێشیان خۆشە».

سەرۆکی شارەوانی قۆڵی گرت: «هیچ کارێک لە دژی خەڵک ئەنجام نەدراوە. ئەمە کارێکی ئاسایی ئیدارییە». دادوەر ئەرکادیۆ کاتێک کە بە رێگاوە قسەی دەکردن بێچارە دەبوو. سەرۆکی شارەوانی هەمیشە هێندە بە گورجی بە رێگادا دەڕۆیی کە دەتووت کارێکی بە پەلەی هەیە، بەڵام پاشان دەردەکەوت کە لە هیچ شوێنێک ئیشی نییە. سەرۆکی شارەوانی درێژەی دایەو گوتی: «خۆ ئەم بارودۆخە هەتا هەتایە هەروا نابێت. تاکو رۆژی یەکشەممە ئەو جنێونامە فشەکەرە فڕێدراوەتە نێو زبڵدانەوە. نازانم بۆچی بەڵام بەردەوام وام دێتە خەیاڵەوە کە ئەو کارە کاری یەک ئافرەتە».

دادوەر ئەرکادیۆ رایەکی دیکەی هەبوو. سەرەرای ئاسانکارییەکەی سکرتێرەکەی لە کۆکردنەوەی زانیاریدا، دادوەر ئەرکادیۆ گەیبووە دەرەنجامێکی گشتی ئەویش ئەوەبوو کە نووسینی جنێونامەکان کاری تاکە کەسێک نییە. چونکە وا دەهاتە بەرچاو کە سەبکی جنێونامەکان یەکدەست نییە. لەم چەند رۆژەی دواییدا شێوازێکی نوێتر بەکاربرا بوو ئەویش ئەوەبوو کە لەگەڵ نووسینی جنێوناکەکاندا وێنەشیان دەکێشا.

دادوەر ئەرکادیۆ بەم شێوەیە گەیشتە دەرەنجام: «رەنگە یەک پیاو، یان یەک ئافرەت نەبێت. لەوانەیە چەند ژن و پیاوێک بن کە هەر یەکێکیان بە شێوەی سەربەخۆ کاربکەن».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «دادوەر، بە بەلاش مەسەلەکە لە من ئاڵۆز مەکە. بۆ خۆشت دەزانی کە لە کارێکی ئاوا قۆڕدا، تەنانەت ئەگەر دەستی زۆر کەسیشی تێدا بێت، یەکێک هەر هەیە کە هەموو ئۆباڵەکانی لە ئەستۆدا بێت».

دادوەر ئەرکادیۆ وەڵامی دایەوە: «جەنابی مولازم ئەرەستۆش وا دەڵێ»و یەکالاکەرەوانە زیاتر گوتی: «بە هەرحاڵ بە بروای من زێدەرۆیی کراوە. ئەوانەی کە جنێونامەکانیان دەنووسین هەر هێندە رادەوەستن تا یاسای قەدەغە بوونی هاتووچۆ هەڵگیرێت».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «قەیدی ناکا. مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە بنەماکانی حکومەت لەسەر تەخت دانیشێنین و بیپارێزین».

خەڵکە بانگهێشت کراوەکە وردە وردە لە بەردەم بارەگای بنکەی پۆلیس کۆدەبوونەوە. بنکەکە حەوشێکی بچووکی گڵ گەچی هەبوو کە خوێنی ویشکەوە بوو و جێ فیشەکی لەسەر مابوو. مرۆڤ ئەو رۆژانەی دەهاتەوە یاد کە هەر لێرە گیراوەکانیان لەم حەوشەیە دەکرد چونکە ژوورەکانی بەندیخانە هەموویان پڕ بووبوون و جێگا نەمابوو.

پاسەوانەکان لەو پاش نیوەرۆیەدا بەبێ چەک و بە تویێی بیجامە لە راڕەوەکەدا دەهاتن و دەچوون.

سەرۆکی شارەوانی لەبەر دەرگارا هاواریکرد: «رۆیرا، خواردنەوە بدە بەو خەڵکە».



پاسەوانەکە دەستی کرد بە لەبەرکردنی جلەکانی.

پرسیاری کرد: «بیرە؟».

سەرۆکی شارەوانی بەدەم رۆیشتنەوە بۆ نووسینگە دژ بە گوللەکەی خۆ قیژاندی: «هەی بێ ئاقڵی گەمژە، بەفراو».

ئامادەبووان لێرەو لەوێ دانیشتبوون و جگەرەیان دەکێشا.

دادوەر ئەرکادیۆ لەسەر نەردەکانی نهۆمی دووەمرا تەماشای دەکردن.

– ئەمانە خۆبەخشن؟

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «دڵت خۆشە. ئەمانە هەموو لە بن قەرەوێلان خۆیان شاردبۆوە. منیش ناچار بووم وەکو رەشبگیری دەریانکێشمە دەرێ».

دادوەر گوتی: «باشە، رەواڵەتیان وەکو نەیارانی حکومەت دەچێت».

کاتێک دەرگا قورسە پۆلایینەکانی نووسینگەی سەرۆکی شارەوانی کرانەوە، وەکو ئەوە وابوو کە هەناسێکی ساردی لێ هاتبێتە دەرێ. سەرۆکی شارەوانی لە دوای هەڵکردنی گڵۆپەکەی نێو شورە تایبەتییەکەی خۆی، بە زەردەخەنەوە گوتی: «دە باشە، ئەگەر وابێ کەواتە چاک شەرێ دەکەن».

لایەکی هۆدەکە قەرەوێڵێکی سەربازی لێبوو کە لەگەنێکی لە بنەوەو کورسییەکەی تەنیشتیشی گۆزەو پەرداخێکی لەسەر دانرابوو. چەند تفەنگ و رەشاشێکی سووکیش بە دیوارە گڵ گەچییەکەوە هەڵپەسێردرا بوون. هۆدەکە هیچ شوێنێکی هەواگۆڕکێی نەبوو، جگە لە چەند کونێکی تەسک لە سەرووی هۆدەکەدا کە دەتوانرا لەو کونانەرا بەندەرگاو دوو شەقامە سەرەکییەی شار ببینرێت.

لە بەرەکەی دیکەی هۆدەکەشدا، مێزێک لە پەنا قاسەکە دانرابوو.

سەرۆکی شارەوانی مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کرد: «جارێ خۆ ئەوە هەر هیچ نییە، بە نیازم تفەنگانیشیان بدەمێ».

پاسەوانەکە دوابەدوای ئەواندا وەژوورکەوت. سەرۆکی شارەوانی چەند ئەسکیناسێکی پارەی دایەو گوتی: «یەکی دوو پاکەت جگەرەشیان بدەیە». کاتێک دووبارە تەنیا بوونەوە دیسان رووی کردەوە دادوەرو گوتی:

– رات چییە بەرامبەر بەم تەپوتۆزە؟

دادوەر بە خەفەتباری وەڵامی دایەوە:

– کارێکی مەترسیدارو نازەرووریيە.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «خەڵک واقیان وڕماوە. لە سەرێکیشەوە من پێموایە کە ئەو داماوانە نازانن چی لەو تفەنگانە بکەن».

دادوەر قسەکەی پشتڕاست کردەوە: «بەڵێ، رەنگە ئەم کارە گێژیان بکات، بەڵام زۆر ناخایەنێت».

هەوڵی ئەوەیدا تا هەستی زگ بەتاڵبوون لە خۆی دوور بخاتەوە. فکرێکی بە مێشکیدا هات: «وریا بە جەنابی مولازم نەوەکو هەموو شتێک بەسەر یەکدادەی».

سەرۆکی شارەوانی بە حاڵەتێکی نهێنی ئامێزەوە لە ژوورێی بردە دەرێ. بە سرکەوە پێی گوت: «دادوەر، ئەوەندە بێ ئاقڵ مەبە، فیشەکەکان فیشەکی راستەقینە نین ئی مەشق کردنن».

وەختێک کە چوونە نێو حەوشەکەوە گلۆپەکان هەڵکرابوون و ئەو خەڵکەش کە لەوێ ئامادەببوون لە بن شۆقی گلۆپێکی پیس و چڵکندا کە مێشەکەرانە خۆیان پێدادەدا سارديان دەخواردەوە. سەرۆکی شارەوانی لە نێو حەوشێدا کە گۆمیلکەکانی ئاویان هەر تێدا مابوو هاتووچۆی دەکردو دەئاخاوت. بە شێوەیەکی باوکانە بۆ خەڵکەکەی روونکردەوە کە ئەرکی ئەو شەوەیان بەم جۆرەیە: دووکەس دووکەس لەسەر سووچی شەقامە سەرەکییان دادەمەزرێن و فەرمانی ئەوەیان پێیە کە تەقە لە هەر کەسێک بکەن، جا ژن بێت یان پیاو، کە لە دوای ئەوەی دەنگ دەدرێت رانەوەستێ. هەروەها رایسپاردن کە ئازایەتی لە خۆیان نیشان بدەن و پێشی گوتن کە دوای نیوەشەو خواردنیان بۆ



دەنێردرێت و هیوای خواست کە بە یارمەتی خوا کارەکان بێ گرفتاری بەرەوپێش بچن و خەڵکی شاریش پێزانینی خۆیان بۆ بەرپرسان دەربڕن لە بەرامبەر بەرقەراری ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەدا.

بابە ئانجێل خەریک بوو لە تەنیشت مێزەکە هەڵدەستایە سەرپێ کە دەنگی یەکەم لێدانی کاتژمێر هەشت لە زەنگەکە (ناقوس) بەرزبۆوە. گلۆپەکەی حەوشێی هەڵکرد. دەرگای کڵۆمداو نیشانەی خاچی لەسەر کتێبەکەی دوعایان کێشا: «بە ناوی خوا». لە حەوشێکی دوورە دەستڕا باڵندەیەکی بچووک ئاوازی چڕی. لە فێنکایەتی هەیواندا و لە پەنا ئەو قەفەسانەی کە پارچەی رەنگ تاریکیان پێدادرابوو، بێوەکەی ئاسیس دەنگی دووەمین لێدانی زەنگەکەی بەرگوێیان کەوت و بێ ئەوەی چاوانی هەڵێنێ، پرسی: «رۆبێرتۆ هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟» کارەکەرێکی لە بەردەرگا هەڵتروشکاو گوتی لە کاتژمێر حەوتەوە لە نێو جێیدایە. تۆزێک پێش ئەوە نورا خاکوب دەنگی رادیۆیەکەی کزکردبوو و بەو مۆسیقایە سەرمەست ببوو کەوا مەزەندە دەکرا لە شوێنێکی ئارام و پاقژەوە دێت. دەنگێکی هێندە دوور کە پێنەدەچوو واقیعی بێت، لە ئاسۆدا بانگی ناوێکی کردو سەگەکانیش حەپەحەپیان دەست پێکرد.

دکتۆری دانساز هێشتا لە گوێگرتن لە دەنگوباس نەبووبۆوە. بە بیری هاتەوە کە ئانجێلا لەبەر شۆقی گڵۆپی حەوشێ وا خەریکی حەلکردنی خشتەی وشەی یەکتربڕە. بێ ئەوەی تەماشای بکات، فەرمانی پێدا: «دەرگای داخەو بچۆ لە ژوورێ تەواوی بکە». هاوسەرەکەی بە واق وڕماوییەوە بە خەبەر هات.

رۆبێرتۆ ئاسیس، کە بە راستی لە کاتژمێر حەوتەوە چووبووە نێوجێگاوە، هەستاو لە کەلێنی پەنجەرەکەوە تەماشای گۆڕەپانەکەی کردو تەنیا دار بادام و دوایین شۆقی باڵکۆنی بێوەکەی ئاسیسی بینی کە کوژایەوە. ژنەکەی گڵۆپی خەوێی هەڵکردو بە دەنگێکی کپ رایکێشایە نێو جێگاوە. سەگێکی تەنیا، هەتا پێنجەمین لێدانی زەنگەکە، هەر حەپەحەپی دەکرد.



PDF 4 KURD

دۆن لالومۆسکۆتێ لە ژوورێکی نووستنی گەرم و پڕ لە قوتووە بە تاڵ و شووشەی تۆزلێنیشتوودا، رۆژنامەیەکی لەسەر ورگی راخرابوو و بە چاویلکێکەوە لەسەر نێوچاوانی، پرخەپرخی بوو. ژنە شەپلە لێدراوەکەی (ئیفلیج)، پەرێشانحاڵ لە بیرەوەری شەوەکانی تری وەکو ئەمشەو، بە پەرۆ کۆنێک خەریکی دوورخستنەوەی مێشوولان بوو و لە زەینی خۆیدا لێدانەکانی کاتژمێرەکەی دەژماردن. دوابەدوای هاوارە دوورە دەستەکان و حەپەحەپی سەگەل و پێدزکێ و راکە راکەکان، بێدەنگی فەرمانڕەوابوو.

دکتۆر جیرالّدۆ ژنەکەی خۆی راسپارد: «وریا بە با کورامینمان لە بەردەستدا بێت».

ژنەکەی لە پێش ئەوەی بچێتە نێو جێگاوە، دەرمانە سەرەتاییە زەرووەرەکانی لە نێو جانتا دەهاویشتن. هەردووکیان بیریان لە بێوەکەی مۆنتێل دەکردەوە کە دوایین لۆمینالی خواردبوو و وەکو لاشەیەکی بێ جووڵە لێی کەوتبوو. تەنیا دۆن ساباس بوو کە لە پاش وتووێژێکی دوورودرێژ لەگەڵ سینیۆر کارمیچایلدا حیسابی کاتژمێری لێ تێکچوو بوو و هەر لە نووسینگەکەی خۆیدا مابۆوە. خەریکی کێشانی خواردنی سبەینێ بەیانی بوو بە تەرازو کە دەنگی حەوتەمین لێدانی زەنگەکە هات و ژنەکەی بە قژی ئاڵۆزەوە لە ژووری نووستنێ هاتەدەر. رووبارەکە لە جووڵە کەوت. کەسێک لە تاریکیدا چرپاندنی: «شەوێکی سەیرە!» هەر لەو دەمەشدا هەشتەمین لێدانکی زەنگەکە (ناقوس)، قووڵ و بێ گەڕانەوە، لێدراو کۆمەڵە دەنگێکی کەڕکەر کە لە پازدە خولەک لەمەوپێشەوە دەستیان پێکردبوو، بە تەواوی کپ بوونەوە.

دکتۆر جیرالّدۆ هەتاکو ئەوەدەمەی کە لە دینەوەی شەیپوری قەدەغەکردنی هاتووچۆکردنی بەردەوام بوو، کتێبەکەی داخستبوو. هاوسەرەکەی جانتایەکەی لە سەرمێزی پەنا قەرەوێڵەکە داناو رووەو دیوار راکشاو گلۆپەکەی کوژاندەوە.

دکتۆر کتێبەکەی لێک کردەوە، بەڵام نەیخوێندەوە. هەردووکیان بە نارێکی هەناسەیان دەدا. لە شارێکدا کە بێدەنگییەکی بێ پایان، بە قەد ژوورێکی نووستن بچووکی کردبۆوە، بە تەنیا بوون.

- بیر لەچی دەکەیەوە؟



دکتۆر وەڵامی دایەوە: «لە هیچ شتێک».

ئیدی هەتا کاتژمێر یازدە کە سەرلەنوێ گەڕایەوە سەر ئەو لاپەڕەیەی کە لە دەستپێکی هەشت جار لێدانەکەوە دەستی بە خوێندنەوەی کردبوو، زەینی خۆی لەسەر هیچ شتێک جێگیر نەکرد. سووچێکی لاپەڕەکەی نووشتاندەوەو کتێبەکەی لەسەر مێزەکە دانا. ژنەکەی خەوی لێکەوتبوو. جاران شەوی وابوو هەردووکیان هەتا بەیانی بە خەبەر دەبوون تا مەزەندەی ئەوە بکەن داخۆ تەقەکردنەکە لە چ شوێنێک و لە چ بارودۆخێکدا بووە. چەندین جار دەنگی تفەنگ و پۆستاڵ گەیشتبووە بەردەرکی ماڵەکەیان و دووقۆڵی لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتبوون و چاوەڕێی ئەوەیان کردبوو کە رەنگە هەر ئێستا دەرکەی ماڵەکەیان بدرێتە بەر دەسڕێژی گوللە.

پاش ئەوەی کە فێری جیاوازی جۆرەها ترسان ببوون، زۆر شەوان سەریان کردبووە سەر سەرینی پڕ لە کاغەزی نهێنی- کە دەبووایە لە رۆژانی داهاتوودا بڵاوبکرێنەوە- بەرەبەیانی یەکێک لە رۆژەکان گوێیان لە دەنگی کپ و بە ماتەمات بوو کە پێشەکی گۆرانییەکی شەوانە بوو. ئەوسا دوابەدوای ئەوە دەنگی ماندووی سەرۆکی شارەوانی یان بەرگوێ کەوتبوو کە: «ئێرە نا، ئەو تێکەڵ بەو جۆرەکارانە نییە». دکتۆر جیرالّدۆ گلۆپەکەی کوژاندەوەو هەوڵیدا خەوی لێبکەوێت.

لە دوای نیوە شەوێ، باران بارین دەستی پێکرد. سەرتاش و یەکێکی تر کە لەسەر سووچی شەقامێک لە تەنیشت بەندەرگا خۆیان دامەزراندبوو، شوێنەکەی خۆیان بەجێهێشت و چوونە بن گوێ سوانەی دوکانەکەی سینیۆر بنیامین. سەرتاشەکە جگەرەیەکی داگیرساندو لەبەر رووناکی دەنکە شقارتەکە چاوی بە تفەنگەکەی دەستی خۆیدا گێڕا. تفەنگێکی نوێ بوو. گوتی: «دروستکراوی ئەمەریکایە».

ئەوەی کە لەگەڵیدا بوو چەند دەنکە شقارتێکی ئاگردا بۆ ئەوەی مۆدێلی چەکەکەی خۆی بزانێ، بەڵام شتێکی بۆ نەدۆزرایەوە. چۆڕاوکە لە گوێ سوانەکانەوە دەهاتە خوارێ و بە قۆنداغی تفەنگەکە دەکەوت و دەنگێکی کپی دروست دەکرد. بەسەر دەستەی قۆڵی جلەکانی ئاوەکەی سڕییەوەو گوتی: «چ



PDF 4 KURD

شەرمەزارییەکە! ئێمە دوو قۆڵی لێرەین، هەریەکەو تفەنگێکمان پێیەو هەردووکمان تەڕبووین».

لەو شەوە ئەنگوستەچاوەدا بێجگە لە دەنگی چۆڕاوکە کە لە گوێ سوانەکانەوە دەهاتە خوارێ هیچ دەنگێکی تر نەدەبیسترا.

سەرتاشەکە گوتی: «ئێمە نۆ کەسین و ئەوان بە سەرۆکی شارەوانییەوە حەوت کەسن، جگە لەمە سێ کەسیشیان لە بنکەی پۆلیس دەستبەسەرن».

ئەوەی تر گوتی: «کەمێک پێش ئێستا منیش بیرم لە هەمان شت دەکردەوە».

لایتی سەرۆکی شارەوانی هەردووکیان ڕووناک کردەوە. لە پەنا دیواری خۆیان کڕوش هەڵێنابوو و هەوڵیان دەدا چەکەکانیان لە دڵۆپە ئاوی چۆڕاوکەی سەربانی بپارێزن کە وەکو ساچمە لەسەر پێڵاوەکانیان لێک بڵاو دەبوون. کاتێک لایتەکە کوژایەوەو سەرۆکی شارەوانی هاتە کنیان و لە بن سەرپەنایەکە ڕاوەستا، ناسیان. چاکەتێکی دڕاوی لەبەردابوو و ڕەشاشێکی بە شانی خۆیدا کردبوو. پاسەوانێکیشی لەگەڵدا بوو. لە دوای سەیرکردنی کاتژمێرەکەی کە لە دەستی ڕاستی کردبوو، فەرمانی بە پاسەوانەکەدا:

– بڕۆ بۆ بارەگا بزانە داخۆ خواردنەکە چی لێهاتوو.

پاسەوانەکە بە هەمان گورج و گۆڵییەی کە لە کاتی شەڕدا فەرمان جێبەجێ دەکەن، لەبەر بارانێ ون بوو. ئەوسا سەرۆکی شارەوانی لە پەنا ئەو دوو تازە سەربازە لەسەر زەوی دانیشت.

– چ هەیە؟

سەرتاشەکە گوتی: «هیچ».

ئەوی دیکە پێش ئەوەی جگەرە داگیرسێنێ، دانەیەکی بۆ سەرۆکی شارەوانی راداشت کە لێی وەرنەگرت.

– جەنابی مولازم دەتانەوێ هەتا کەنگێ گلمان بدەیەوە؟



سەرۆکی شارەوانی گوتی: «نازانم. جارێ با کاتی قەدەغەبوونی هاتووچۆ بەسەر بچێت. ئەوسا بزانم داخۆ سبەینێ چی روو دەدات».

سەرتاشەکە دەنگی خۆی هەڵبڕی: «یانی هەتا کاتژمێر پێنجی بەیانی!».

هاوڕێیەکەی گوتی: «نەخێر قوربان. ئەویش من کە لە کاتژمێر چواری بەیانییەوە لە سەرپێیان ڕاوەستام».

لە نێو چرپە چرپی باراندا دەنگی شەڕە سەگیان هاتە بەرگوێ. سەرۆکی شارەوانی ئەوەندە راوەستا هەتا دەنگەکە نەماو تەنیا دەنگی وەڕینی سەگێک نەبێ. ئەوسا هەناسەیەکی قوورسی هەڵکێشاو رووی لەو پیاوە کردو گوتی:

– پێویست ناکا ئەو نوزە نوزەی بۆ من بکەی. من نیوەی ژیانی خۆم لە نێو ئەو گاڵتەجاڕییانەدا بە سەربردووە. بۆ خۆشم وا خەریکە لە تاو خەوێ بە لادا دەکەوم».

سەرتاشەکە گوتی: «لە خۆڕایی و بەبێ هۆ، نە سەری هەیە و نە بن وەکو ئیشی پڕ و پیرێژنان».

سەرۆکی شارەوانی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: «من بۆ خۆشم بەرەبەرە خەریکە بەو دەرەنجامە دەگەم».

پاسەوانەکە گەڕایەوەو پێی ڕاگەیاندن کە لە بنکەی پۆلیس چاوەڕێی ئەوە دەکەن باران خۆشی بکاتەوە ئەوجا خواردنیان بۆ بنێرن. ئەوسا پەیامێکی دیکەی دانێ: ژنێک بەبێ مۆڵەتی هاتووچۆکردن قۆڵبەست کراوەو لە بنکەی پۆلیس چاوەڕوانی سەرۆکی شارەوانی دەکەن تا بچێت و بڕیاری لەسەر بدات.

کاساندرا بوو. لەسەر کورسییەک بە ئاسوودەیی خەوی لێکەوتبوو و کۆڵوانەیەکی نایلۆنی لە خۆیەوە پێچابوو. لە ژوورێکی بچووکدا کە شوقە کزە مەلولەکەی، باڵکۆنییەکەی ڕووناک دەکردەوە، سەرۆکی شارەوانی لە لووتی هەڵقولێنجاند. ژنە ناڵەی لێبەرز بۆوەو لە رق هەستاویان راپەڕی و چاوی هەڵێنان.

گوتی: «خەریک بوو خەونم دەدین».

سەرۆکی شارەوانی گڵۆپی ژوورەکەی هەڵکرد. ژنە دەستی بە چاوی خۆیەوە گرتن و جینگلێگیدا. نینۆکی زیوی و بن هەنگڵی تاشراوی ژنەکە، بۆ ساتێک لە چاوی سەرۆکی شارەوانیاندا.

ژنە گوتی: «بە راستی ئاقڵی. من لە کاتژمێر حەوتەوە لێرەم».

سەرۆکی شارەوانی بە پۆزش هێنانەوە گوتی: «لە ماڵی چاوەڕێم دەکردی».

- جا ئاخر خۆ من مۆڵەتی هاتووچۆکردنم نەبوو.

ژنە دوو شەو لەمەوپێش قژەکانی زەردێکی پرتەقاڵی بوون، بەڵام ئێستا رەنگ زیوی بوون.

سەرۆکی شارەوانی بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: «هەر بە تەواوی لە بیرم چووبۆوە»و پاش هەڵواسینی قاپوتەکەی، کورسییەکی هێنایە پەنای و دانیشت. گوتی: «هیوادارم کە وایان نەزانیبێت تۆ هەمان ئەو کەسەی کە کاغەزان لە دار و دیواری دەدات».

ژنە هاتبۆوە سەرخۆ.

وەڵامی دایەوە: «بریا وایان زانیبایە. من کەیفم لە هەڵپە هەڵپە».

سەرۆکی شارەوانی لە ناکاو لە ژوورێدا خۆی بەبێ تەکلیف دیتەوە ـ لە رووی داماویەوە قامکی خۆی تەقاندن و گوتی: «چاکەیەکم دەرهەق بکە». ژنە چاوێکی بە سەرتاپایدا گێڕا.

سەرۆکی شارەوانی درێژەی دایە: «با هەر بەینی خۆمان بێت. تەماشاکە داخۆ بە پەڕەکان نایدۆزییەوە ئەو منداڵبازارییە کاری کێیە؟»

ژنە ئاوڕێکی دایەوە. پاش بێدەنگییەکی کورت گوتی: «زانیم».

سەرۆکی شارەوانی چەپڵێکی بۆ لێدا: «بۆ خۆت دەزانی کە من لەبەر خاتری ئێوە و ئەو خەڵکە وا دەکەم».

ژنە بە نیشانەی پشتگیری کردن لە قسەکەی سەری لەقاند.



- بێ ئەوەی جەنابتان پێم بڵێی، بۆ خۆم ئەو کارەم کردووە.

سەرۆکی شارەوانی نەیتوانی کەیف خۆشی خۆی قووت بداتەوە. کاساندرا حاڵەتی نمایشێکی حیساب بۆ کراوی دا بە دەنگی و گوتی: «زۆر سەیرە. نیشانەکان هێندە روون بوون کە بۆ خۆشم وەختێک لەسەر مێزەکە چاوم پێیان کەوت لە ترسان داچڵەکیم». تەنانەت هەناسە هەڵکێشانیشی ببووە نائاسایی.

- کێیە؟

-هەم تەواوی شارە، هەم هیچ کەس نییە.

# بەشی هەشتەم

کورەکانی بێوەکەی ئاسیس رۆژی یەکشەممە لە ڕێوڕەسمی وتارخوێندەوە لە کلێسە ئامادەبوون. ئەوان بێجگە لە رۆبێرتۆ ئاسیس. حەوت کەس بوون و هەموویان لە قالبێک هێندرابوونە دەرێ: هەموویان توندوتیژ و کەتە، سەرقاڵ و لاسار و لە بەرامبەر دایکیشیاندا فەرمانبەردارو رام بوون. رۆبێرتۆ ئاسیس بچووکترین و تاکە کوڕی خێزانداری بنەماڵەکە، تەنیا لە ئێسکی لووتیدا بە برایەکانی تری دەچوو. ئەم کوڕە پاشەبەرەیە، بە میزاجێکی کز و خولق و خوویەکی ئاسایی، هەروەکو کە بۆ دڵخۆشکردنی دۆڕاوێک خەڵاتێکی دەدەنێ، بە نسیب بێوەکەی ئاسیس ببوو و داخی بێ کیژی بە دڵی ئەو ژنەدا هێنابوو.

دوای ئەوەی کە هەر حەوت برایەکە باری وڵاخەکانیان داگرتبوو، لە ژووری چێشتلێناندا، بێوەژنەکە بە نێو مریشکە بە دارەوە کراو و سەوزیجات و قالبە پەنیر و کەللە قەندی سوور و بڕدراو و پارچە گۆشتە خوێکراوەکاندا دەهاتوو دەچوو و فەرمانی بکەو مەکەی بە کارەکەرەکان دەدا. پاش ئەوەی کە ژووری چێشتلێنان خاوێن کرایەوە، فەرمانی پێدان کە لە هەر کام لەو شتانە باشترینەکەی بۆ بابە ئانجێل وەلانێن.

باوکی روحانی خەریکی ریشتاشین بوو. جار جارە لە پەنجەرا دەستی درێژ دەکردە بەر ئاوی بارانێ تا چەنەگەی خۆی پێ تەڕ بکات. بەرەو لێبوونەوە دەچوو کە دوو کچی پێخواس بەبێ لە دەرگادان هاتنە ژوورێ و چەند ئاناناسێکی گەیوو وبارهەنگی سوور و کەللە قەند و پەنیر و سەبەتێک سەوزە و هێلکەیان لەبەر پێیانی رۆکرد.



بابە ئانجێل چاوێکی لێداگرتن و گوتی: «چیرۆکی ئاواتەکانی مام کەروێشکە». کچە جحێڵترە کە بە چاوی ئەبڵقەوە پەنجەی بۆ لای وی درێژ کردو گوتی: «کەواتە قەشەکانیش ریشی خۆیان دەتاشن!» کچەکەی تر بەرە و دەرگا پاڵەپەستۆیداو گوتی: «ئەی پێت وابوو چۆنە؟» باوکی روحانی زەردێکی هاتێ و پاشان بە شێوەیەکی جدییانە گوتی: «ئێمەش مرۆڤین». ئەوسا بە دیتنی ئەو شتانەی کە بە گۆڕێ وەربوون، بۆی دەرکەوت کە ئەم جۆرە دیاری و بەخششانە هەر لە بنەماڵەی ئاسیس دەوەشێتەوە.

بە دەنگێکی تا رادەیەک وەکو هاوارکردن گوتی: «پێیان بڵێن خوا پاداشتیان بداتەوەو سەلامەتیان بکات».

بابە ئانجێل، پاش چل ساڵ کاری قەشەیی هێشتا هەر فێر نەبوو بوو کە بەر لە مەڕاسیمی گرنگ بەسەر شاگەشگەیی خۆیدا زاڵ ببێت. بێ ئەوەی ریش تاشینەکەی تەواو بکات، تاقمە تەراشەکەی وەلانا. پاشان دیارییەکانی هەڵگرتن و لە نێو قەفەزەکانی هاوێشتن. بەدەم سڕینەوەی دەستانی بە شاقەلی کەوایەکەی، چووە ژووری تایبەتی قاپە پیرۆزەکان. هۆڵی کلێسە کە جمەی دەهات لە خەڵک. برایانی ئاسیس لەگەڵ دایکیان و بووکی بنەماڵەکەیان دوو ریزی پێشەوە لەسەر ئەو کورسییانە دانیشتبوون کە وەختی خۆی بۆ خۆیان بە دیاری بۆ کلێسەیان هێنابوون و ناوی هەر یەکێکیشیان لەسەر لەوحەی مسی کورسییەکان هەڵکەندرابوو و هەرکەسە لە شوێنی خۆی دانیشتبوو.

کاتێک کە لە دوای چەندین مانگ بۆ یەکەمجار هەموویان پێکەوە گەیشتنە کلێسە، حاڵەتێکی وایان هەبوو کە دەتوت بە سواری ئەسپان هاتوون.

گویستۆباڵ ئاسیسی کوڕە گەورە ، نیو کاتژمێر پێش لەسەر کاری ئاژەڵداریڕا هاتبوو و دەرفەتی بۆ نەڕەخسابوو ریشی خۆی بتاشێت و هێشتاش چەکمە و مامزەی هەر لە پێدا بوو. بە دیتنی ئەو دێوە زەلامە دەتوانرا باوەڕ بەو قسەیەی خەڵک بکرێت– هەرچەندە کە ئەو قسەیە هەرگیز پشتڕاست نەکرابۆوە– کە دەیانگوت سیزار مۆنترۆ لە راستیدا کوڕی ئادالبێرتۆ ئاسیسی پیرە.

بابه ئانجێل له ژووری تایبەت بە قاپ و قاچاغه پیرۆزەکاندا ڕووبەڕووی کارێکی ناخۆش هاتەوە: خشڵەکانی تایبەت بە ڕێوڕەسمی ئایینی لە شوێنی خۆیان نەمابوون. جانکۆش (مجێوری کڵێسه) دیتی کەوا باوکی ڕوحانی ناڕەحەتە و نێو چەکمەجەی مێزەکان دەپشکنێ و لە بەرخۆیەوە هەر پرتەپرتییەتی.

قەشەکە فەرمانی پێدا: «بانگی ترینیداد بکە و لێی بپرسە داخۆ بالاّپۆشە سپییە قامیشدارەکەی لە کوێ داناوە».

بە بیری هاتەوە کە ترینیداد لە ڕۆژی شەممەوە نەخۆش کەوتووە. جانکۆشەکە لە دڵی خۆیدا گوتی ڕەنگە ئەو کیژۆڵەیە هێندێک شتی بۆ چاک کردنەوە بردبێتەوە بۆ ماڵێ.

بابە ئانجێل بە ناچاری خشڵی تایبەتی بە مەڕاسیمی بە خاکسپاردنی بە خۆیدا کردن. نەیدەتوانی زەینی خۆی کۆبکاتەوە. کاتێک کە بە هەناسەبڕکێ و تووڕەییەوە پێی نایە سەر مینبەری وتار خوێندەوە، بۆی دەرکەوت کە ئەو باسانەی لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە نێو مێشکی خۆی پڕۆڤەی لەسەر کردوون، ئەوەندەی کە لە ژوورە چۆڵەکەی خۆیدا قەناعەت هێنەربووە، ئێستا لێرەو لە بەردەم ئەو حەشامەتە وا دەرناچێت. ماوەی دە خولەک قسەی کردن. زمانی تەتڵەی دەکرد و واق وڕما و لەوەی کە فکر و قسەکانی ناکەونە نێو قاڵبی پێشدایانەوە، لە نێو کوڕەکانیدا چاوی بە بێوەکەی ئاسیس کەوت. بە جۆرێکی وابوو کە دەتوت چەند سەدەیەک دواتر، وێنەیەکی خێزانی ئەوانی دیتووە و دووبارە ناسیونییەوە. لە نێویشیاندا تەنیا ڕێبکا ئاسیسی بە زیندوویی و هاوچەرخانە هاتە بەرچاوان کە بە باوەشێنێکی داری سەندەڵ خۆی فێنک دەکردەوە. بابە ئانجێل بەبێ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە جنێونامەکان بدات، کۆتایی بە وتار و ئامۆژگارییەکانی خۆی هێنا.

بێوەکەی ئاسیس بۆ ماوەی چەند خولەکێک لە جێی خۆی ویشک بوو و کاتێک کە سەرلەنوێ سروودی ئایینی دەستی پێکردەوە، بە تووڕەیەکی قووت دراوەوە چەند جارێک ئاڵقەی بوکێنێی لە پەنجەی خۆی دەرهێناو تێی کردەوە. پاشان خاچێکی لەسەر جەستەی خۆی کێشاو لە جێی خۆی هەستا و بە ڕاڕەوی ناوەڕاستی کڵێسەدا چووە دەرێ و کوڕەکانیشی بە گاڵەگاڵ بە دوایەوە بوون.



بەیانی ئەو ڕۆژە، دکتۆر جێرالّدۆ توانی لە بزوێنەرە دەروونییەکانی خۆکوشتن تێبگات. باران بەبێ دەنگی دەباری، باڵندە هەنجیرخۆرەکە لە ماڵەکەی تەنیشتی دەیخوێند، بۆ خۆی ددانی دەشوشتن، هاوسەرەکەشی قسەی دەکردن.

ژنە لە کاتی ڕێکخستنی مێزی قاوەڵتی کردندا گوتی: «یەکشەممەکان سەیرن. وەکو ئەوە وایە کە بە دارەوە هەڵیانواسیبێت: بۆنی گۆشتی کاڵی لێدێت».

دکتۆر گوێزانی هێناو دەستی کرد بە ڕیش تاشین. چاوەکانی شێدار و پێلوەکانیشی هەڵاوسابوون. ژنە گوتی: «خەوت لێگۆڕاوە»و بە ئاوازە دەنگێکی تاڵ و لەسەرخۆ درێژەی دایە: «وای لێدێت کە هەر لە یەکێک لەم یەکشەممانەدا لە خەوێ هەڵدەستی و دەبینی کە پیربووی». جلێکی هەڵقرچاوی نێوماڵی لە بەرکردبوو و پەرۆیەکی بەسەری خۆیدا ڕابەستبوو.

پیاوەکە گوتی: «لوتفێکم لەگەڵدا بکەو چیدی مەوەڕە».

ژنە چووە ژووری چێشتلێنان و قۆرییەکەی قاوە تێدا لێنانی لەسەر ئاگری داناو چاوەڕێی کرد هەتا دەکوڵێ. ماوەیەک گوێی بۆ دەنگی باڵندە هەنجیرخۆرەکە و پاشان دەنگی ئاو بە خۆداکردن گرت. ئەوسا چووە ژووری نووستنێ بۆ ئەوەی وەختێک کە پیاوەکە لە حەمامێ دێتە دەرێ جلەکانی ئامادە بن. کاتێک خواردنی دەهێنایە سەرمێزەکە، دیتی کە مێردەکەی لەسەر سەفەرەو پانتۆڵە خاکی و کراسە سپۆرتەکەی کەمێک جحێڵتریان کردۆتەوە.

لە بێدەنگیدا خۆیان بە نانخواردنەوە خەریک کرد. کەمێکی مابوو کە لە نانخواردن ببنەوە، کابرا بە نیگایەکی پڕ لە خۆشەویستی لە هاوسەرەکەی وردبۆوە. ژنەکە کە سەری خۆی داخستبوو و قاوەی دەخواردەوە، بۆ ماوەیەکی کەم هەستی بە قەڵسبوون کرد.

کابرا پۆزشی هێنایەوە کە: «خەتای نێوزگی منە».

ژنە بێ ئەوەی سەری خۆی هەڵبڕێ وەڵامیدایەوە: «دەنگ دروستکردن شتێکی خراپە، پۆزش هێنانەوەی ناوێ».

– ڕەنگە سەرخۆش بم. پیاو بەم بارانە نێوزگی دەبێت.

ژنە بۆی ڕوونکردەوە: «هەمیشە هەروا دەڵێی و هیچیش ناکەی. ئەگەر وریای خۆت نەبی کێ چارەسەت بۆ دەکات؟ بۆ خۆت؟»

وا پێدەچوو بڕوای بە قسەی ژنەکەی کردبێت. گوتی: «با مانگی کانوونی یەکەم دابێت دوو هەفتان دەچینە قەراغ دەریا». لە کەلێنی ئەو پەنجەرە دارە تۆڕدادراوەڕا کە ژووری نووستنی لە حەوشە جیا دەکردەوە، تەماشای بارانی کرد. لە درێژبوونەوەی مانگی تشرینی یەکەم دڵی گیرا. درێژەی بە قسەکەیدا: «ئەو کات لانی کەم هەتا ماوەی چوار مانگ یەکشەممەکان وەکو ئەمڕۆ نابن». ژنە قاپ و قاچاغەکانی لەسەر یەکدانان و بردنی بۆ ژووری چێشتلێنان. کاتێک بۆ ژووری نانخواردن گەڕایەوە دیتی کە کڵاوێکی حەسیری لەسەری نابوو و خەریکی ئامادەکردنی جانتای داودەرمانییە. پیاوەکە گوتی: «کەواتە وا بڵێ، بێوەکەی ئاسیس دووبارە سەروگوێلاکی لە کڵێسەدا قوت بوونەوە».

پێش ئەوەی دادانانی بشووات ئەو بەسەرهاتەی لە زمانی ژنەکەی خۆی بیستبوو، بەڵام گوێی خۆی نەدابوویە.

– ئەمساڵ نزیکەی سێ جار چوونەتە کڵێسە. ڕەنگە شتێکی باشتریان بۆ خۆ خافڵاندن بە دەست نەکەوتبێت.

دکتۆر ریزی ددانە قایمەکانی خۆی بە دیار خست.

– دەوڵەمەندکان گێلن.

چەند ئافرەتێک لەسەر ڕێی گەڕانەوەیان لەم کڵێسەوە لایان دابووە کن بێوەکەی مۆنتێل. لە کاتێکدا کە ئەو ئافرەتانە لە ژووری پێشوازی کردندا دانیشتبوون، دکتۆر سەلامی لێکردن، لە بن قادرمەکانەوە گوێی لە دەنگی پێکەنین بوو کە لە پشتەوەیڕا دەهات. وەختێک لە دەرگایدا، بۆی دەرکەوت کە تاقمە ژنێکی تریش لە ژووری نووستنن. دەنگێک هات و پێی گوت کە بێتە ژوورێ.



بێوەکەی مۆنتێل بە سەرێکی قژنەوە لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتبوو. قولینچکێکی چەرچەفەکەی لە ڕاستی سینگی خۆی ڕاگرتبوو و شانە و ئاوێنێکیشی لەسەر ئەژنۆی خۆی دانابوو.

بە دکتۆری گوت: «سەرەنجام جەنابیشتان بڕیاری ئەوەتاندا کە تەشریف بێنن بۆ میواندارییمان».

یەکێک لە ژنەکان گوتی: «بە بۆنەی پازدە ساڵی تەمەنییەوە ئاهەنگ دەگێڕێ».

بێوەکەی مۆنتێل بۆی ڕاستکردەوە: «هەژدە ساڵی»و زەردەیەکی خەماوی هاتە سەر لێوان و دووبارە لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشایەوەو هەتاکو ملی خۆی لە نێو جێی هاویشتەوە. بە گاڵتە گوتی: «ئەڵبەتە بۆ ئەم ئاهەنگە پیاو بانگهێشت نەکراون، نەخاسمە ئێوە، دکتۆر. ئەو کارە پێ و قەدەمی باش نییە».

دکتۆر کڵاوە تەڕەکەی خۆی بە جلگرەکەدا کرد. «دەستت نەڕزێ». بە شادمانی قیافەی خەفەتبارانەی بەخۆیەوە گرت و تەماشایەکی نەخۆشەکەی خۆی کرد. «ئێستا زانیم کە ئێرە جێگای من نییە»و ڕووی لە ئامادەبووان کردو بە پۆزش هێنانەوەوە گوتی:

– ئێستا ئەوجار مۆڵەتمان پێدەدەن؟

بێوەکەی مۆنتێل کاتێک کە لەگەڵ دکتۆردا بە تەنیا مایەوە، دووبارە ڕەنگ و ڕووی بە ئازاری ژنێکی نەخۆشی بەخۆیەوە گرت. بەڵام وا دەهاتە بەرچاو کە دکتۆر هێندە گوێی نەدەدایە. هێندێک شتی لە نێو جانتایەکەی دەرهێناو لەسەر مێزەکەی پەنا قەرەوێلەکەی دادەنا و بە هەمان ئاوازە دەنگی شادومانەوە قسەی دەکردن.

بێوەژنەکە بە پاڕانەوەوە گوتی: «تکات لێدەکەم دکتۆر، چیدی دەرزیانم لێ مەدە. هەموو لەشم کون کون بووە».

دکتۆر زەردەی هاتێ: «دەرزی باشترین شتە کە بۆ بژێوی ژیانی دکتۆران دۆزراوەتەوە».

ژنەش زەردەی هاتێ.

گوتی: «بڕوا بکە»و لە بن چەرچەفەکەوە دەستی بە رانی خۆیدا هێنا، «ئەم بەشەی جەستەم هەموو وشک بووە، ناتوانم دەستی لێبدەم».

دکتۆر گوتی: «دەستی لێ مەدە».

ژنە ئەمجارەیان بە پێکەنین زاری خۆی لێک کردەوە.

- بە جیدی قسان بکە دکتۆر. هەر نەبێ یەکشەموان بە جیدی لەگەڵمدا بدوێ».

دکتۆر قۆڵی هەڵکرد تا پاڵەپەستۆی خوێنی بۆ بگرێ.

- دکتۆرەکەم لێی قەدەغە کردووم. زیانی بۆ جگەرم هەیە.

لە میانی کاری گرتنی پاڵەپەستۆی خوێندا، بێوەژنەکە وەکو منداڵێکی بزۆز لە میلەکانی پاڵەپەستۆ پێوەکە رامابوو. گوتی: «ئەمە سەیرترین کاتژمێرە کە لە ژیانی خۆمدا دیتوومە».

دکتۆر زەینی هەر لەسەر میلەکانی پاڵەپەستۆ پێوەکە بوو تا سەرەنجام دەستی لە پەمپدنانی ئامێرەکە هەڵگرت.

گوتی: «ئەمە تاکە کاتژمێرێکە کە بە وردی پێتان دەڵێ چ کاتێک لە خەو هەستی».

کاتێک کارەکەی تەواو کردو قۆڵبەندی ئامێرەکەی هەڵدەوێژنییەوە، ماوەی نزیکەی خولەکێک سەیری روخساری نەخۆشەکەی کرد. شووشێک حەبی سپی بۆ لەسەر مێزەکە داناو رایسپارد کە هەر دوازدە کاتژمێر دانەیەک بخوات. گوتی: «ئەگەر دەتەوێ چیدی دەرزیت لێنەدەم باشە، لێت نادەم. تۆ لە منیش ساغتری»، بێوەکە لە رووی بێ تاقەتییەوە جینگڵێکیدا.

بێوەکە گوتی: «من لە ژیانمدا دەرمانم نەخواردووە».

دکتۆر وەڵامی دایەوە: «بڕوا بە قسەکەتان دەکەم. بەڵام چی بکەین ئیدی، ناچاربووین شتێک داهێنین تا مۆڵەتی سەردانانی پێ وەرگرین».

بێوەکە بەبێ گوێدان بەم قسەیە، پرسیاری کرد:



- دەبێ لە نێو جێدا بۆی بکەوم؟

دکتۆر گوتی: «بە پێچەوانەوە، بە تەواوی لێت قەدەغە دەکەم لە جێدا بکەوی، بچۆ بۆ ژووری پێشوازی. دەبێ بەخێرهاتنی میوانەکانت بکەی». پاشان بە تەوسەوە گوتی: «جگە لەمەش، دەربارەی زۆر شت قسەت پێن».

ژنە گوتی: «خوا بە دوورمان کات دکتۆر، پاشەملە هێندە قسان بۆ خەڵکی هەڵمەبەستە. ناکا ئەتۆبی ئەو جنێونامانە هەڵدەواسی».

دکتۆر جیرالدۆ کەیفی بەم بۆچوونە هات. کاتێک دەچووە دەرێ، لە بنەوەڕا تەماشایەکی جانتا گوڵمێخدارەکەی کرد کە لە قوژبنێکی ژووری نووستنێ بۆ سەفەر دانرابوو. لەبەر دەرگا هاواریکرد:

- کاتێک لە گەشتی دەوری دنیا گەڕایەوە دیاریت لە بیرنەچێ.

نەخۆشەکە لە دەرفەتێکدا کە بۆی رەخسا خۆی بە داهێنانی قژە ئاڵۆزەکانییەوە خەریک کرد.

- بە دڵنیاییەوە دکتۆر.

نەچووە خوارێ بۆ ژووری پێشوازی. هەتا دوایین کەس کە بۆ سەردان کردنی هاتبوو رۆیشت، هەر لە نێو جێگادا مایەوە. ئەوسا جلی لەبەرکردن. سینیۆر کارمیچایل لە کاتی نانخواردن لە باڵکۆنی ماڵەکەی خۆیدا چاوی پێی کەوت.

بێوەکە بەبێ ئەوەی چاو لەسەر باڵکۆنییەکە هەڵگرێت، سەلامەکەی ستاندەوە.

گوتی: «لە ناخی دڵەوە ئەو ژنەم خۆش دەوێت. ژنێکی بە جەرگە». سینیۆر کارمیچایلیش بۆ لای ماڵی بێوەکەی ئاسیس-ی روانی کە بەم کاتژمێر یازدەیە هێشتاش دەرکەو پەنجەرەکانی هەر نەکرابوونەوە.

گوتی: «سروشتی وایە. بەو دەروونەی کە هەیەتی و تەنیا بۆ پیاوان دروستکراوە، ناتوانرێت شتێکی تری لێ چاوەڕوان بکرێت». دووبارە رووی لە بێوەکەی مۆنتێل کردەوەو گوتی: «تۆش وەکو سوورەگوڵ وای».



PDF 4 KURD

وا دەهاتە بەرچاو کـە پێکەنینی تەڕ و تـازەی بێـوەکـەی مـۆنـتـێل ئەم قـسـەیەی پشتڕاست دەکردەوە.

پرسیاری کرد: «هیچ دەزانی»و کاتێک ڕاڕایی سینیۆر کارمیـچایلی دیت، بۆ خـۆی لە وەڵامدانەوەدا پێش دەستی کرد.

– دکتۆر جیراڵدۆ دڵنیابووە لەوەی کە من شێت بووم.

– بە ڕاستی وا دەڵێی؟

بێوەکە بە لەقاندنی سەر وەڵامی ئەرێی دایەوە. گوتی: «ئەگەر سەبارەت بە ناردنی من بۆ نەخۆشخانەی دەروونی قسەی لەگەڵدا کردبی، سەرم سووڕنامێنێت».

سینیۆر کارمیـچایل گێژو وێژ ببوو و نەیدەزانی چۆن چۆنی خـۆی لەو تەنگانەیە ڕزگار بکات. هەر ئەوەندەی بۆ کرا گوتی: «من ئەمڕۆ بەیانی لە ماڵێ وەدەرنەکەوتووم». خۆی هاویشتە سەر کورسییەکی چەرمی ئاسوودە کە لە پەنا قەرەوێڵەکە دانرابوو.

بێوەکە خۆزێ مۆنتێلی بە بیرهاتەوە کە هەر لەسەر ئەو کورسییە مێشکی وەستاو لە دوای پازدە خولەک ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ئەو بیرەوەرییە تاڵانەی لە خۆ دوورخستنەوەو گـوتی: «کـەواتە، پاش نیـوەڕۆیە دەتوانی سـەردانی بکەی»و دەم بە پێکەنین درێژەی بە قسەکەی خۆیداو گوتی:

– لەگەڵ ساباسی هاوڕێی ئازیزمدا قسەت کردووە؟

سینیۆر کارمیچایل بە جووڵەی سەر وەڵامی ئەرێی دایەوە.

لە ڕاستیدا ئەو دووڕۆژی سەر لەبەر، واتە هەینی و یەکشەممە، هەوڵی ئەوەی دابوو تا لە ناخی کـابرایەکی بە تێکولێ وەکـو دۆن ساباسی دەربهێنێ داخۆ ئەگەر هات و مڵک و ماڵی خۆزێ مۆنتێل هاتە سەر فرۆشتن، هەڵوێستی وی چی دەبێت.

دۆن ساباس– بە بۆچوونی کارمیچایل– بە ڕواڵەت دیاربوو کە ئامادەیی کڕینی تێدایە. بێـوەکـە خـۆڕاگرانە گوێ لێگرت. ئارام و قـایم ڕەزامـەندی خـۆی دەربڕی کـە چوارشـەممەی



داهاتوو یان چواشەممەی هەفتەی دواتر، بە هەرحاڵ پێش کۆتایی هاتنی مانگی تشرینی یەکەم گەرەکییەتی شار بە جێهێڵێت.

سـەرۆکی شـارەوانی بە خـۆ ڕاپسکاندن و جـووڵەیەکی دەسـبـەجـێی دەسـتی چەپەی دەمـانچەکـەی هەڵکێشا. جەسـتەی بە هەمـوو مـاسوولکەکانییەوە، سـەرتاپا ئامـادەی تەقەکردن بوو، تا وای لێهات بە تەواوی بە خەبەر هات و دادوەر ئەرکادیۆی ناسی.

– تف، ئەوە تۆی؟

دادوەر ئەرکادیۆ بزمارکوت لە شوێنی خۆی چەقیبوو.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «جارێکی تر ئەو ئیشە قۆڕانە نەکەی»و دەمانچەکەی وەلاناو خۆی هاویشتە سەر کورسی جاو. «کاتێک خەوم لێکەوتووە گوێم باشتر کاردەکەن».

دادوەر ئەرکادیۆ گوتی: «دەرکە لەسەر پشت بوو».

سەرۆکی شارەوانی بەرەبەیانی ئەوڕۆژە لە بیری چووبوو دەرکەکە دابخات. لە ماندوێتیان هەر لەسەر کورسییەکە خەوی لێکەوتبوو.

– کاتژمێر چەندە؟

دادوەر ئەرکادیۆ گوتی «زۆری نەماوە بۆ دوازدە».

دەنگی هەر دەلەرزی.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «خەریکە کوێر دەبم لە تاو خەوێ».

باوێشـکێکی هاتێ و خـۆی لێک کـێشـایەوە. وای هەست دەکرد کـە زەمـەن وەسـتـاوە. سەرەڕای ئەو هەموو زەحمەت و شەونخونییە، جنێونامەکان هەر درێژەیان هەبوو. ئەو ڕۆژە بەیانیـیـەکـەی پارچە کـاغـەزێکی بەسـەر دەرگـای ژوورەکـەی خـۆیەوە دۆزیبـۆوە کـە ناوەڕۆکەکەی ئەوا بوو: «جەنابی مولازم، باروت بۆ باشوکەکان بە فیڕۆ مەدە».



PDF 4 KURD

لە نێو کۆڵان و بازاڕ خەڵک بە دەنگی بەرز دەیانگوت ئەو کەسانەی کە بە شەوێ خەریکی ئێشککگرتنن، هەر بۆ خۆیان بە مەبەستی خۆ خافڵاندن بە شەوێ جنێونامەکان بە دەرگاو دیوارانەوە هەڵدەواسن. سەرۆکی شارەوانی لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە کە شار خەریکە دەپسێ بە پێکەنین.

دادوەر ئەرکادیۆ گوتی: «دە واز بێنە. هەستە با بڕوێن شتێک بخۆین».

بەڵام سەرۆکی شارەوانی برسی نەبوو. دەیویست ماوەیەکی تر بنووێ و لە پێش ئەوەیدا کە بچێتەوە دەرێ ئاوێک بە خۆیدا بکات. دادوەر ئەرکادیۆ پاک و دڵخۆش دەیویست بچێتەوە بۆ ماڵێ نانی نێوەڕۆیە بخوات کە لە کاتی تێپەڕینی بە بەردەرگای ژووری سەرۆکی شارەوانیدا، لەبەر ئەوەی دەرگا لەسەر پشت بوو، وای بە خەیاڵدا هاتبوو بچێتە ژوورێ و داوای مۆڵەتی هاتووچۆکردنی بە شەوێ لێبکات.

مولازم بەبێ رووپامایی گوتی: «نا»و بە شێوەیەکی باوکانە پاساوی هێنایەوە:

– لە بەرژەوەندی خۆتدایە کە لە ماڵی نەیە دەرێ و گیانی خۆت بپارێزی.

دادوەر ئەرکادیۆ جگەرێکی داگیرساند. ماوەیەک لە ئاگری دەنکە شقارتەکە راما.

راوەستا هەتاکو رقەکەی دەنیشێتەوە. بەڵام هیچی بۆ گوتن نەدۆزییەوە.

سەرۆکی شارەوانی زیاتر گوتی: «دڵت نەهێشێ. بڕوام پێ بکە ئیرەییت پێ دەبەم. منیش ئەگەر وەکو تۆ بوومایە کاتژمێر هەشت دەچوومە نێو جێگاوەو هەر وەختێک حەزم لێبووایە لە خەوێ هەڵدەستام».

دادوەر گوتی: «ئەڵبەتە»و بە تەوسەوە گوتی: «هەر لە ئەمەمان کەم بوو کە لە تەمەنی سی و پێنجساڵیدا کەسێک ئامۆژگاری باوکانەمان بکات».

– دادوەر!

دادوەر ئەرکادیۆ رووی تێکردو چاویان بڕییە چاوی یەکتری «مۆڵەتی گەڕانت نادەمێ. تێگەیشتی؟»



دادوەر ددانی خۆی لەسەر قونچکی جگەرەکەی داگرتن. خەریک بوو شتێک بڵێ بەڵام دانی بە خۆیدا گرت. سەرۆکی شارەوانی گوێی لە دەنگی پێیانی بوو کە بە ئارامی بە قادرمەکاندا دەچووە خوارێ. لە ناکاو خۆی خوارکردەوەو هاواریکرد:

– دادوەر!

هیچ وەڵامێک نەبوو.

سەرۆکی شارەوانی هاواریکرد: «هێشتاش هەر پێکەوە هاوڕێین».

دیسان وەڵام نەبوو.

ماوەیەک هەر ئەوا بە نووشتاوەیی مایەوەو چاوەڕوانی وەڵامی دادوەر ئەرکادیۆی دەکرد، تا وای لێهات دەرگا پێوەدرایەوەو ئەویش لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خۆیدا بە تەنیا مایەوە. هەوڵی نەدا خەوی لێبکەوێ. بە نوێژی نیوەڕۆیە بێ خەوی لە کەللەی دابوو. لە شارێکی لە گیران نەهاتوو و نامۆدا گیری خواردبوو. ئێستاش ئەوە چەندین ساڵ بوو کە جڵەوی دەسەڵاتی ئەو شارەی گرتبووە دەست.

لەو بەرەبەیانەدا کاتێک کە بە پەنهانی و ئەو جانتا کارتۆنییە کۆنەوە دابەزی تا بە گوێرەی فەرمان بە هەر نرخێک بێت شارەکە ناچار بکات تا بێتە ژێر بارییەوە، هەر ئەوە بوو کە لە مانای ترسان تێگەیی. تەنیا دارەدەستی نامەیەک بوو کە ئاراستەی یەکێک لەو پیاوانە کرابوو کە لە بنەوە سەر بە دەوڵەت بوو کە بڕیار وابوو بۆ رۆژی دواتر بە تووێی بیجامەیەک لە بەردەم عەمبارێکی برنج چاوی پێی بکەوێت. بەو فەرمانانەی کە پێی درابوون و بە یارمەتی ئیرادەی ماندوونەناسی ئەو سێ پیاوکوژە بەکرێگیراوانەی کە لەگەڵیدا بوون، توانی ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ بکات. پاش نێوەڕۆی ئەو رۆژە، بێ ئاگا لەو تاڵە جاڵجاڵۆکەیە نادیارەی کە زەمەن بە دەورەی ویدا تەنی بووی، هەر ئەوەندە بۆ وی بەس بوو کە چاوی دانایی خۆی بکاتەوەو لە خۆی بپرسێت کە داخۆ لە راستیدا کێ چۆتە ژێر باری ئەوی ترەوە.

کاتژمێر لە چوار لای دابوو، بەڵام ئەو هێشتاش هەر لە باڵکۆنییەکەدا بە چاوی کراوەوە نووقمی خەیاڵان بوو. ئەوسا چووە حەمام و بەرگی بیابانی لەبەر کردو چوو بۆ میوانخانە بۆ ئەوەی پاروە نانێک بخوات. پاشان هەروەکو پیشەی جارانی سەرێکی لە بنکەی پۆلیسداو لە ناکاو خۆی لە گۆشەیەک دیتەوە کە دەستی لە گیرفانێ هاویشتوون و راوەستاوەو بۆ خۆشی نازانێ چی بکات.

دەمەو ئێوارە، خاوەنەکەی هۆڵی بلیارد ئەوی بینی کە دەستی لە گیرفانی خۆی هاویشتوون و خەریکە بۆ لای وی دێت. لەوسەری ئەو هۆڵە چۆڵ و هۆڵەوە سەلامی لێکرد. سەرۆکی شارەوانی سەلامەکەی ئەستاندەوە.

گوتی: «شووشێک ئاوی مەعدەن».

بە دەستگێڕان لە نێو شووشەکانی نێو بەفرگرەکە دەنگێکی گەورە پەیدا بوو.

خاوەن هۆڵەکە گوتی: «هەر لەم رۆژانەدا نەشتەرگەریت بۆ دەکەن و دەبینن کە جەرگت پڕ لە کەف و بلّقە».

سەرۆکی شارەوانی سەیری پەرداخەکەی کردو قوومێکی لێ خواردەوە. قرپی هاتەوەو ماوەیەک ئانیشکی لەسەر پێشخوانەکە دانان و چاوی بڕینە پەرداخەکە و دووبارە قرپی هاتەوە. گۆڕەپانەکە چۆڵ و هۆڵ بوو.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئێ، ئەوە چی روویداوە؟»

خاوەن هۆڵەکە گوتی: «یەکشەممەیە».

– ئێ ئێ!

سکەیەکی پارەی لەسەر مێزەکە داناو بێ خواحافیزی کردن رۆیشت. لە سوچێکی گۆڕەپانەکە مرۆڤێکی وا کە دەتووت کلکێکی گەورە بە دوای خۆیدا رادەکێشێ، بە رێگادا دەڕۆیی. شتێکی بە سەرۆکی شارەوانی گوت بەڵام لێی تێنەگەیی. تۆزێک دوای ئەوە کاتێک بە ئاگا هاتەوە هەر ئەوەندە تێگەیشت کە شتێک روویداوەو چوو بۆ بنکەی پۆلیس. بەبێ گوێدان بەو قەرەباڵغییەی کە بەرە بەرە لە پێش دەرگای بنکەی پۆلیس



زیادی دەکرد، بە خێرایی لە قادرمەکان وەسەرکەوت. پاسەوانێک رایکردە پێشی و پارچە کاغەزێکی دایە کە سەرۆکی شارەوانی بە یەک سەیرکردن ناسییەوە.

پاسەوانەکە گوتی: «لە وەرزشگا بڵاوی دەکردەوە».

سەرۆکی شارەوانی بەراڕەوەکەدا غاریداو دەرگای یەکەم ژووری بەندیخانەی کردەوەو دەستی لەسەر قوفڵەکە دانا. پاش ئەوەی کە چاوی لەگەڵ تاریکیدا راهاتن، کوڕێکی تەمەن نزیکەی بیست ساڵانی بە دەموچاوێکی رەقەڵەوە دیت کە کلاوێکی یاری تۆپی سەبەتەی لەسەر بوو و رەنگیشی تێکچوو بوو، چاویلکەیەکی لە چاواندا بوو کە جامەکانی شکابوون.

– ناوت چییە؟

– پیێ.

– پیێ چی؟

– پیێ ئامادۆر.

سەرۆکی شارەوانی ماوەیەک پێیدا رووانی و هەوڵیدا شتێکی بێتەوە یاد. کوڕە لەسەر سەکۆیەکی چیمەنتۆ– کە لە جیاتی قەرەوێڵە بۆ گیراوەکان دروستکرابوو– دانیشتبوو. بە کەسێکی هێدی و لەسەرخۆ دەهاتە بەرچاو. چاویلکەکەی لە چاوی خۆی کردەوەو بە سەردەستەی کراسەکەی خاوێنی کردەوە. لە بنەوەڕا تەماشای سەرۆکی شارەوانی دەکرد.

سەرۆکی شارەوانی لێی پرسی: «پێشتر لە کوێ یەکترمان دیتووە؟»

گوتی: «هەر لەم دەوروبەرانە».

سەرۆکی شارەوانی هەنگاوی نایە نێو ژووری زیندانەکەوە. ماوەیەک بە بیرکردنەوەوە تەماشای گیراوەکەی کرد و پاشان دەستی کرد بە داخستنی دەرگایەکە.

گوتی: «ئێ پیێ، من کە پێموایە خۆت بە فەوتاندا».

کلیلەکەی لە نێو دەرگایەکەدا سووڕاندو پاشان دەری هێناو لە گیرفانی خۆی هاویشت و چووە ژووری چاوەڕوانی بۆ ئەوەی بەیاننامە نهێنییەکە بخوێنێتەوەو دیسان بیخوێنێتەوە. لە هەوای ئازادی باڵکۆنییەکەدا دانیشت و خۆی بە مێشوولە کوشتنەوە خەریک کرد. گڵۆپی سەر شەقامە چۆڵ و هۆڵەکان هەڵکران. ئەو ئاسوودەییەی دەمە و ئێواران بۆی ئاشنا بوو. سەردەمانێک بوو کە لە ئێوارەی ئاوادا، دەسەڵاتی لە لووتکەدا هەست پێدەکرد. بە دەنگێکی بەرز بە خۆی گوت: «کەواتە گەڕاونەتەوە».

گەڕابوونەوە. وەکو جاران کۆپی کرابوون. ئەم جۆرە بڵاونامانە بەو پەلەپەلەی کە بە زۆری لە نووسینە نهێنییەکاندا هەیە، دەتوانرا لە هەموو شوێنێک بناسرێنەوە.

ماوەیەکی زۆر لە بن سێبەرێدا بیری کردەوە. چەندین جار ئەو پارچە کاغەزەی بە مەبەستی بڕیار لەسەدرانی نووشاندەوەو لێکی کردەوە. سەرەنجام کاغەزەکەی خستەوە نێو گیرفانییەوەو دەستی بە کلیلەکەی ژووری بەندیخانە کەوت.

بانگی کرد: «رۆێرا».

ئەو پیاوەی کە سەرۆکی شارەوانی دەیتوانی متمانەی پێ بکات لە نێو تاریکیدا هاتە دەرێ. کلیلەکەی بەوی سپاردو گوتی: «لە ئێستا بە دواوە بەرپرسیارەتی ئەو کوڕە لە ئەستۆی تۆدایە. هەوڵدە ناوی ئەو کەسانەی پێ ئاشکرا بکەی کە بە نهێنی ئەو کاغەزانەیان هێناونە نێو شارەوە. ئەگەر بە قسەی خۆشیش هەر بۆت نەکرا، لە هەر رێگایەکی دیکەوە کە دەتوانی بە قسەی بێنە».

پاسەوانەکە بە بیری هێنایەوە کە ئەمشەو نۆرەی ئێشکگرتنی شەوانەیەتی.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «وازی لێبێنە. هەتا بۆ خۆم پێت نەڵێمەوە بیر لە هیچ شتێکی تر مەکەوە. شتێکی تریش......» وا پێدەچوو کە ئیلهامی فکرێکی نوێی بۆ هاتبێ. «ئەوانەی لە نێو حەوشەن بیاننێرەوە ماڵێ ئەمشەو ئێشکگرتنمان نییە».

پاشان ئەو سێ کەسەی بانگکردنە ژوورە کۆنکریت موسەلەحەکە کە ماوەیەک پێش ئێستا لەکار لادرابوون و بەرگی رەسمی پاسەوانانی بۆ لە نێو بۆفیەکە هێنانە دەرێ تا لە بەری



بکەن. هەروەها ئەو فیشەکە مەشقیانەی لەسەر مێزەکە کۆکردنەوە کە شەوانی پێشتر دابوونی بەو خەڵکە مەدەنییەی کە ئێشکی شەوانەی پێدەگرتن و کۆمەڵێک فیشەکی راستەقینەی لە قاسەکە دەرهێناو گوتی: «ئەمشەو ئێشکگرتن لە ئەستۆی ئێوەدایە». باشترین تفەنگی جیاکردنەوەوەو دانی بەوان. گوتی: «پێویست ناکا هیچ بکەن. ئەوەندە نەبێ کە خەڵک بزانێت ئێوە لە نێو شاردا دەگەڕێن. وەختێک هەرسێکیان تفەنگیان وەرگرت، فیشەکیشی دانێ. لە پێشیان راوەستاو هۆشداریدا: «بەڵام وریابن. یەکەم کەس کە بێ عەقڵی بکات بە دیواری حەوشەوە گوللە باران دەکرێت». ماوەیەک چاوەڕێی وەڵامی کرد بەڵام گوێی لە هیچ نەبوو.

«تێگەیشتن؟»

سێ پیاو- دوویان وەکو سوورپێستەکان دەچوون و سەروسەکوتیان ئاسایی بوو و ئەوەی سێهەمیش پیاوێکی مووزەردە بوو بە دوو چاوی شینی درەوشاوەوە- کاتێک کە شانەی تفەنگەکانیان پڕ دەکردەوە، گوێیان لە دوایین وشەکان بوو. لە حاڵەتی ئامادەباشیدا راوەستان و گوتیان:

- بەڵێ قوربان، تێگەیشتین.

سەرۆکی شارەوانی ئاوازە دەنگی خۆی کردە خۆمانەو گوتی: «شتێکی تریش. ئاسیسەکان لە نێو شاری دان. دوور نییە کە تووشی یەکێکیان بن و ببینن کە سەرخۆش بووەو بە دوای گێچەڵدا دەگەڕێ. هەر شتێک رووبدات، لە بیرتان بێ کە بە هیچ جۆرێک نابێ خۆیان تێبگەیەنن». ئەمجارەشیان ئەو وەڵامە نەگەیشت کە چاوەڕوانی لێدەکردن.

«تێگەیشتن؟».

- بەڵێ قوربان، تێگەیشتین.

- ئێ، باشە. خۆ لە هەموو شتێک گەیشتن، کەواتە بە باشی وریا بن.

بابە ئانجێل پاش دوعای شەوێ، کە لەبەر یاسای قەدەغەبوونی هاتووچۆ کاتژمێرێکی پێش خستبوو، دەرگای کڵێسەکەی داخست و بۆگەنێکی وەبەر لووتی کەوت. بۆنە

ناخۆشەکە زۆر کەمی خایاند و ئازاری نەدا. دوای ماوەیەکی کەم کاتێک کە بۆ نانی ئێوارێ پارچەی تەنکی مۆزی سەوزی سوور دەکردنەوەو شیری دەکولاند، سەرچاوەی بۆگەنەکەی دۆزییەوە: لەبەر ئەوەی لە رۆژی شەممەوە ترینیداد نەخۆش کەوتبوو، مشکە تۆپیوەکان فڕێ نەدرابوون. گەڕایەوە بۆ نێو کلێسەو تەڵە مشکەکانی کردنەوە. ئەوسا چووە لای مینا کە دوو شەقام لەولاتر ژیانی بەسەر دەبرد. توتو ڤیسبالْ بۆ خۆی دەرکەی کردەوە. لەو ژوورە تەنگ و تاریکەدا هێندێک راخەری چەرمی نارێک لەسەر زەوی راخرابوون و چەند وێنەیەکی چاپکراو لەسەر دیواری بەرچاو دەکەوتن. دایک و داپیرە کوێرەکەی مینا بە فنجان شلەمەنییەکی گەرم و بۆن خۆشیان دەخواردەوە.

ژنە کوێرەکە گوتی: «بابە، ئەوە دوو هەفتە دەبێت کە لەم ماڵەم نەدیوی».

راستی دەکرد. بابە ئانجێل هەموو رۆژێ بە تەنیشت ئەو پەنجەرەیەدا تێپەڕی بوو کە مینا لەبەری دادەنیشت و گوڵی کاغەزی دروست دەکردن، بەلام نەچووبووە ژوورێ.

قەشەکە گوتی: «رۆژگار بە بێدەنگی گوزەر دەکات»و ئەوسا گوتی کە بە پەلەیەو بە توتوڤیسبالی گوت: «هاتووم تکاتان لێبکەم کە لە سبەینێڕا مینا بێتە کلێسە و تەڵەمشکەکان بەسەر بکاتەوە». ئەو جارە رووی لە مینا کردو بۆی روونکردەوە: «لە رۆژی شەممەوە ترینیداد نەخۆشە».

توتوڤیسبال رەزامەندی خۆی دەربڕی.

ژنە کوێرەکە هەڵیدایە: «هەموو کەس گەرەکییەتی کات بەفیڕۆ بدات. چیتان پێخۆشە بیلێین، حەزتان لە چییە بیکەن. هەر ئەمساڵ دنیا کۆتایی پێ دێت».

دایکی مینا دەستێکی لەسەر ئەژنۆی پیرێژنەکە داناو داوای لێکرد بێدەنگ بێت.

ژنە کوێرەکە دەستی وەلا خست.

قەشەکە گوتی: «خواوەند ئەو کەسانە سزا دەدات کە باوەڕیان بە خوڕافیات هەبێت».

ژنە کوێرەکە گوتی: «ئەمە نووسراوە. لافاوی خوێن لەسەر شەقامەکان هەڵدەستێ و هیچ دەستەلاتێکی مرۆڤیش ناتوانێ پێشی پێ بگرێت».



قەشەکە لە رووی زگ پێسووتانەوە سەیرێکی کرد: زۆر پیرو بێ ئەندازە رەنگی تێکچوو بوو. وا دەهاتە پێش چاو کە چاوە مردووەکانی دزە دەکەنە نێو قوولایی نهێنی شتەکانەوە.

مینا بە گاڵتە پێکردنەوە گوتی: «لە خوێنێدا ون دەبین».

بابە ئانجێل تەماشای کردو دیتی کەوا رەشی قژەکانی و زەرد هەڵگەڕاوی رەنگی وەکو ژنە کوێرەکەیە. کیژۆڵەکە لە نێو کۆمەڵێک قردێلە و کاغەزی رەنگاوڕەنگەوە لە جێی خۆی هەستا. دەوروبەرەکەی وەکو رازاندنەوەی شانۆگەری قوتابخانەکان دەچوو.

قەشەکە بەردەوام بوو لە تەماشاکردنی. گوتی: «تۆ یەکشەمموانیش هەر ئیشێ دەکەی؟»

مینا زەردەخەنەیەکی کرد: «موحتاجی شتێکی پیسە».

لەبەر ئەوەی کە باوکی روحانی هەر بە پێوە راوەستابوو، توتوڤیسبال کورسییەکی هێنایە پێشێ و دووبارە داوای لێکرد دانیشێت. ئەو کابرایەکی لاوازو لەبەر شەرمنیانیشی مرۆڤێکی پەشۆکاو بوو.

بابە ئانجێل گوتی: «زەحمەت مەکێشن. درەنگم دەبێت. دەترسم لە کاتی قەدەغەبوونی هاتووچۆدا لەسەر شەقام بە داوێوە ببم». هەستی بە بێدەنگی قوولی شارەکە کردو گوتی: «وا دیارە کاتژمێر لە هەشتیش لای داوە».

ئەوسا تێگەیی چ باسە: لە پاش نزیکەی سێ ساڵان کە ژوورەکانی بەندیخانە بەتاڵ ببوون، پیێ ئامادۆر گیرابوو و سێ تاوانبار دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتبوو. بۆیە هەر لە کاتژمێر شەشی ئێوارێڕا خەڵک دەرگای ماڵەکانیان دادەخست.

بابە ئانجێل وەکو بلێی لەگەڵ خۆیدا قسان بکات گوتی: «زۆر سەیرە کە کارەکە بە ئێرە گەیشت». توتوڤیسبال گوتی: «درەنگ یان زوو ئەمە هەر رووی دەدا. تەواوی ئەم مەملەکەتە بە یەک تاڵە مووەوە بەستراوەتە».

قەشەکە بۆ لای دەرگایەکە رۆیشت.

ئێوە بلاونامەکانتان نەدیتووە؟

بابە ئانجێل بە واقی وڕماوەوە ڕاوەستا.

- دیسان؟

ژنە کوێرەکە دەنگی بەرزبۆوە: «لە نێو قەدی هاوینێدا، ئەو سێ ڕۆژە تاریکە دێن».

مینا دەستی درێژکرد تا ئەو گوڵەی بداتێ کە دەستی بە دروستکردنی کردبوو و گوتی: «بێدەنگ بە، بەسیەتی». ژنە کوێرەکە بە دەست لێدان هەستی بە گوڵەکە کرد.

قەشەکە گوتی: «کەواتە دووبارە گەڕاونەتەوە».

توتوڤیسبال گوتی: «نزیکەی هەفتەیەک دەبێت. یەکێکیش لێرە بوو. دیار نەبوو کێ هێناویەتی. دەزانی شکڵ و شێوەیان چۆنە؟»

باوکی ڕوحانی بە سەرلەقاندن وەڵامی ئەرێی دایەوە. توتوڤیسبال درێژەی دایە: «نووسیوویانە کە هەموو شتێک وەکو جارنە. دەوڵەت گۆڕاوەو بەڵێنی ئاشتی زەمانەتیان داوە. ڕۆژانی سەرەتاش هەموو کەس بڕوای بەوە کردبوو. بەڵام پیاوانی دەوڵەت هەر ئەوانەی جارانن».

دایکی مینا گوتی: «ڕاست دەکەن. دووبارە یاسای قەدەغەکردنی هاتووچۆ پیادە کراوەو هەمان ئەو سێ پیاوکوژە بوونەتە فەرمانڕەوای سەر جادە و شەقامەکان».

توتوڤیسبال گوتی: «بەڵام شتێکی تازەش هەیە. دەڵێن ئێستا دووبارە هەر لەم دەڤەرەدا گرووپی چەکدار لە دژی دەوڵەت پێک دەهێنن».

ژنە کوێرەکە گوتی: «هەموو ئەم شتانە هەر لە زووەوە نووسراوە».

باوکی ڕوحانی بیرمەندانە گوتی: «قسەی قۆڕە. دەبێ ئەوەمان قبووڵ بێت کە هەڵسوکەوتیان گۆڕاوە»و قسەکەی خۆی ڕاستکردەوە: «یان لانی کەم ئەمشەو گۆڕابوو».

چەندین کاتژمێر دوای ئەوە، قەشەکە لە بن پەردە کوولەکە بە خەبەر بوو و بیری لەو نۆزدە ساڵە دەکردەوە کە لەم دەڤەرە کڵێسەییە خزمەتی کردبوو. ئایا گوزەری زەمەن واقیعی بوو.



لە پەنا ماڵەکەی خۆی گوێی لە دەنگی تفەنگ و پۆستاڵ بوو. لە کاتێکی تردا، لە دوای هاتنی ئەم دەنگانە تەقە دەکرا. بەڵام ئەمجارەیان پۆستاڵەکان دوورکەوتنەوەو ماوەیەک دوای ئەوە گەڕانەوەو هەمدیسان بەبێ تەقەکردن ڕۆیشتنەوە.

تۆزێک لە دوای ئەوە، لەو دەمەدا کە لە هیلاکی و لە گەرمان لە عەزابدا بوو، هەستی کرد کە ماوەیەکە کەڵەشێرەکان دەستیان کردووە بە خوێندن.



PDF 4 KURD

# بەشی نۆهەم

ماتیۆ ئاسیس هەوڵیدا تا لە ڕێگای خوێندنی کەڵەشێرەکانەوە بزانی داخۆ کاتژمێر چەندە. سەرەنجام بە تەواوی بە خەبەر هات.

– کاتژمێر چەندە؟

ژنە دەستی درێژکردو کاتژمێری سەرمێزەکەی هەڵگرت و پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە ئەویش بە تەواوی بە خەبەر هاتبوو.

– چوار و نیوە.

– تف!

ماتیۆ ئاسیس لەسەر جێیەکەیڕا خۆی گوڕدا، بەڵام سەرهێشە خاوی کردەوە.

– زۆری نەمابوو بکەومە ڕووناکی.

پێڵاوەکانی لەپێ کردن. پیاوێکی کەڵەگەت و بەخۆوە بوو.

ژنە گوتی: «ئەگەر وریای خۆت نەبی قەڵەو دەبی».

– لەبەر خۆش ڕابواردنێیە.

هەوڵیدا نارەحەتییەکەی خۆی بشارێتەوە. بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: «ڕەنگە ئاوس بووبم».



لە پاش خواحافیزی کردن بە ماتەمات حەوشەکەی تەی کردو چووە سەر شەقام. شەونمی سارد پێستی لەشی تەڕکرد. هەر کە گەیشتە گۆڕەپانەکە، گوێی لە نەڕەیەک بوو.

– نەجووڵێی!

شەوقی لایتەکە لە چاوانیداو ئاوڕی دایەوە.

– ئاخ، تف!

ئەوە دەنگی سەرۆکی شارەوانی بوو کە دەموچاوی لە پشت شۆقی لایتەکەڕا دیاربوون.

– تەماشاکە کێیە. دێی یان دەڕۆی؟

لایتەکەی کوژاندەوەو ماتیۆ ئاسیس چاوی بە سەرۆکی شارەوانی و سێ پاسەوانەکەی یاوەری کەوت. دەموچاوی گەش و شۆراو بوون و ڕەشاشێکی سووکیشی بە شانی خۆیدا کردبوو.

ماتیۆ ئاسیس گوتی: «ئێستا خەریکە دێم».

سەرۆکی شارەوانی هەنگاوێک هاتە پێشێ بۆ ئەوەی لەبەر شەوقی گڵۆپی سەر شەقامەکە تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی خۆی بکات داخۆ بۆتە چەند، دە خولەکی مابوو بۆ پێنج. بە دەست ئاماژەی بۆ پاسەوانەکان کرد کە کاتی قەدەغەبوونی هاتووچۆ تەواو بووە. ماوەیەک چاوەڕوانی کرد تا شەیپور لێدان کە ئاوازێکی خەماوی دەخستە نێو بەرەبەیانەوە تەواو ببێت. پاشان پاسەوانەکانی ئیزن دان و لە تەک ماتیۆ ئاسیسدا پانتایی گۆڕەپانەکەی تەی کرد.

– ئەوەشمان لەوە. ئاژاوەو سەرهێشەی کاغەزەکان تەواو بوو.

دەنگی پتر هیلاکی لێدەباری تا ڕەزامەندی.

– ئەو کەسەی ئەو کارەی دەکرد گیراوە؟



PDF 4 KURD

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «هێشتا نا. بەڵام دوایین گەشتم لێداوەو دەتوانم لەوە دڵنیاتان بکەمەوە کە ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار، ئیدی تەنانەت پارچە کاغەزێکی دڕوایش چاوی بە رووناکی رۆژێ ناکەوێ. چارەسەری هەر ئەوە بوو».

ماتیۆ ئاسیس کاتێک کە گەیشتە بن دەرگای سەرەکی ماڵی خۆیان، چووە پێشێ تا سەگەکان ببەستێتەوە. کارەکەرەکان تازە وا خەریک بوون لە ژووری چێشتلێناندا بە جووڵەجووڵ دەکەوتن. کاتێک کە سەرۆکی شارەوانی چووە ژوورێ، سەگە زنجیرکراوەکان بە وەڕینێکی زۆر پێشوازییان لێکردو خولەکێک دوای ئەوە دەنگی پێ و هەناسەی ئاژەڵان بە ئارامی جێی خۆیدا بە وەڕینی سەگەکان. بێوەکەی ئاسیس ئەو دەمە چاوی پێکەوتن کە لەسەر سەکۆ بەردینەکەی ژووری چێشتلێنان دانیشتبوون و قاوەیان دەخواردەوە. قاوەکە کەم رەنگ ببوو.

بێوەکە گوتی: «ئەی لەو پیاوە لەش سووکەی کە بەو بەیانییە زووە لە خەوێ هەستاوە! هاودەمێکی چاک، بەڵام مێردێکی خراپ».

سەرەڕای رووخۆشی بە رەواڵەت، بەڵام روخساری وای نیشان دەدا کە شەوێکی بێ ئارامی بەسەر بردووە. سەرۆکی شارەوانی وەڵامی سەلامەکەی دایەوە. رەشاشەکەی لەسەر زەوی هەڵگرت و بە شانیدا کردەوە.

بێوەکەی گوتی: «مولازم، ئەوەندەی حەزت لێیە قاوەی بخۆوە، بەڵام تفەنگ مەهێنە نێو ماڵەکەی منەوە».

ماتیۆ ئاسیس بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: «زۆر بە پێچەوانەوە، دەبێ لێی قەرز بکەی و پێی بچییە کڵێسە. ئەوا چۆنە؟»

بێوەکە وەڵامی دایەوە: «بۆ پاراستنی خۆم پێویستیم بەو شتە قۆڕانە نییە. ئێمە لوتفی خوامان لەگەڵدایە»و خەمبارانە درێژەی دایە: «ئێمەی بنەماڵەی ئاسیس، لە پێش ئەوەشدا کە هەتا چەند فەرسەخی ئێرە قەشەی لێبووبێت، خەڵکانێکی خواناس بووین».



سەرۆکی شارەوانی ماڵئاوایی کرد. گوتی: «دەبێ هەندێک بخەوم. ئاخر ئەمە ژیانی مەسیحییەکی بڕوادار نییە». بە نێو ئەو مریشک و مراوی و عەلیشیشانەدا تێپەڕی کە هێرشیان دێنایە نێو حەوشەی ماڵەکەوەو رۆیشت. بێوەکەی ئاسیس کشەی لەو پەلەوەرانە کرد. ماتیۆ ئاسیس چووە ژوورەکەی خۆیەوە. لە پاش خۆشتن، خۆی گۆڕی و دووبارە هاتەوە دەرێ تا ئێسترەکەی زین بکات. برایەکانی تری بەیانی زوو رۆیشتبوون. بێوەکەی ئاسیس بۆ لای قەفەسەکان چوو بوو کە سەروگوێی کوڕەکەی لە حەوشێدا قووت بوونەوە. بە کوڕەکەی گوت: «لە بیرت نەچێ، خۆشگوزەرانی بەجێی خۆی، بەڵام دەبێ فێری ئەوە ببی کە خەڵک بە خۆت فێرنەکەی»،

ماتیۆ ئاسیس گوتی: «هەر هاتبوو فنجانێک قاوە بخواتەوە. پێکەوە پیاسەمان دەکردو نازانم چۆن گەیشتینە ئێرە».

لەوسەری هەیوانێ راوەستابوو و سەیری دایکی دەکرد، بەڵام ژنە بێ ئەوەی روو بۆ لای وی بسووڕێنێت قسەی دەکردن، دەتگوت لەگەڵ باڵندەکاندا قسان دەکات. وەڵامیدایەوە: «با هەر ئەوەندەت پێ بڵێم، تاوانباران مەهێنە نێو ماڵەکەی منەوە». وەختێک کاری لەگەڵ باڵندەکاندا تەواو بوو، بە تەواوی رووی خۆی کردە کوڕەکەی:

– ئێ، با بزانم داخۆ تۆ لە کوێ بووی؟

بەیانی ئەو رۆژە دادوەر ئەرکادیۆ لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە کە نیشانەکانی نەهامەتی، لە رووداوە بچووکەکانی رۆژانەدا دۆزیوەتەوە. ناڕەحەتییەکەی خۆی بۆ ژنەکەی روونکردەوە: «بە جۆرێکی وایە کە مرۆڤ تووشی ژانە سەر دەبێت».

بەیانییەکی ساماڵ بوو. رووبارەکە لە پاش چەند هەفتان، شکڵ و شێوەی هەڕەشە ئامێز و بۆنی کەلاکە رزیوەکەی خۆی لە دەست دابوو. دادوەر ئەرکادیۆ چوو بۆ سەرتاشخانە سەرتاشەکە بەم وشانە پێشوازی لێکرد: «دادپەروەری شەلە، بەڵام هەمیشە سەرەنجام هەر خۆی دەگەیەنێ». تەختی دوکانەکە بۆیە کرابوو و سەر ئاوێنەکانیش بە فرچە قوڕقوشمی سپی تێهەڵسووابوو. هەتاکو دادوەر ئەرکادیۆ تۆزێک لەسەر کورسییەکە خۆی ئەم دیوەودیو کرد، سەرتاشەکە ئاوێنەکانی بە پەڕۆ سڕینەوەو بە بریقەی خستن.

دادوەر گوتی: «بریا شتێکمان نەبووایە بە ناوی دووشەممە».

سەرتاشەکە دەستی بە برینی قژەکانی کردبوو.

گوتی: «هەموو خەتای یەکشەممەکانە»و بە قۆشمەییەوە گوتی: «ئەگەر یەکشەممە نەبووایە، دووشەممەشی بە دوادا نەدەهات».

دادوەر ئەرکادیۆ چاوی خۆی نووقاندن. ئەو رۆژە، لە پاش دە کاتژمێر نووستن و رابواردنێکی ئاگرین و حەمامکردنێکی دوورودرێژ، نەدەکرا یەکشەممەکان سەرزەنشت بکرێن. بەڵام لەو دووشەممەیەدا هەوا قورس بوو. کاتێک کە کاتژمێری تاوەرەکە نۆ جاران لێیداو لە بری زایەڵەی زەنگەکە، دەنگی نزمی مەکینەی جل دروون لە ماڵەکەی تەنیشتیەوە هات، نیشانێکی تر جەستەی دادوەر ئەرکادیۆی بە لەرزە هێنا: بێ دەنگی شەقامەکان.

گوتی: «دەڵێی بۆتە شاری ئەرواح».

سەرتاشەکە گوتی: «ئێوە بۆ خۆتان ویستووتانە کە وا بێت. جاران لە بەیانی دووشەممواندا هەتا ئێستا بە لانی کەمەوە پێنج سەرم چاککردبوون. بەڵام ئەمڕۆ یەکەم دیاری خواوەند بۆ من. جەنابتانن».

دادوەر ئەرکادیۆ بۆ ساتێک چاوی هەڵێنان و لە نێو ئاوێنەکەدا لە رووبارەکە راما. قسەی سەرتاشەکەی دووبارە کردەوە: «ئێوە. ئێمە کێین؟»

سەرتاشەکە گوتی: «ئێوە»و راوەستا. «لە پێش ئێوەدا، ئێرە شارێکی شەپرێو بوو، وەکو هەموو شارەکانی تر. بەڵام ئێستا لە هەموو شوێنێک خراپتر بووە».

دادوەر وەڵامی دایەوە: «هەر ئەوەی کە تۆ ئێستا ئەو قسانە لە کن من دەکەی بۆ خۆی نیشانەی ئەوەیە کە من لەوان نیم و کارم نییە بە سەریانەوە»و بێ ئەوەی کە ئاوازە دەنگی توند ببێت گوتی: «ئەگەر دەوێری ئەو شتانە بە مولازم بڵێ».

سەرتاشەکە دانی بەوە دانا کە ناوێرێ ئەو کارە بکات.



گوتی: «نازانی یانی چی کە هەموو بەیانیان وەختێک هەڵدەستی لە خەوێ و دڵنیابی لەوەی کە ئەمڕۆ دەتکوژن، بەڵام دە ساڵی پێ بچێت و هێشتا هەر نەیانکوشتبی».

دادوەر ئەرکادیۆ گوتی: «نازانم و ناشمەوێ بزانم».

سەرتاشەکە گوتی: «هەوڵی ئەوە بدە کە هەرگیز ئەو فکرەت نەچێتە نێو مێشکتەوە».

دادوەر سەری خۆی داخست. لە پاش بێدەنگییەکی درێژخایان گوتی: «دەزانی گواردیلا، مولازم هەتا بینەقاقای لەم شارەدا رۆچووەو رۆژ بە رۆژیش پتر رۆدەچێ. تامێکی وای کەوتۆتە نێو زارییەوە کە رێگای گەڕانەوەی لێ بڕیوەتەوە: «وردە وردە، بە بێدەنگی خەریکە دەوڵەمەند دەبێت». سەرتاشەکە لە بێدەنگیدا گوێی بۆ راگرتبوو و دادوەر درێژەیدایە.

- گرەوت لەگەڵدا دەکەم کە ئیتر تەنانەت نەفەرێکیش بە دەستی وی نەمرێت.

- وای بۆ دەچی؟

دادوەر ئەرکادیۆ جەختی کردەوە: «یەک و سەد گرەو دەکەم. لەم کاتەی ئێستادا هیچ شتێک بە قەد ئارامی و سەقامگیری لە بەرژەوەندی ویدا نییە».

سەرتاشەکە لە چاککردنی سەری دادوەر بۆو، کورسییەکەی بۆ دوایە راکێشاو بێ ئەوەی قسان بکات پەڕۆیەکەی لە ملی کردەوە. کاتێکیش کە بە قسە هات، دەنگی نیشانەی ناڕەحەتی تێدا بوو.

- بیستنی ئەم قسانە لە زاری جەنابتان شتێکی سەیرە. ئەویش لە لای من.

دادوەر ئەرکادیۆ گوتی: «ئەوە جاری یەکەم نییە کە وا دەڵێیم».

سەرتاشەکە گوتی: «مولازم نزیکترین هاوڕێتە». دەنگی خۆی نزم و خۆمانە لێکردبوو.

دووبارە خۆی بە کارەکەیەوە خەریک کردەوە. سەرو سەکوتی وەکو کەسێکی وا دەچوو کە لەگەڵ نووسیندا رانەهاتبێت و گەرەکی بێت واژۆی خۆی بکات.



PDF 4 KURD

دادوەر ئەرکادیۆ بە شێوەیەکی گران و سەنگین گوتی: «گواردێلا دەپێم بڵێ بزانم داخۆ رات چییە بەرامبەر بە من؟»

سەرتاشەکە دەستی بە تاشینی ریشی دادوەر کردبوو. ماوەیەک کەوتە بیرکردنەوەوەو پاشان گوتی:

– هەتاکو ئێستا هەر وام دەزانی لەو جۆرە کەسانەی کە بۆ خۆیان دەزانن دەبێ بڕۆن و حەزیش دەکەن بڕۆن.

دادوەر بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: «هەر واشە».

خۆی دایە دەست سەرتاشەکە تا ریشەکەی بۆ بتاشێت. قیافەی بە جۆرێکی وا چوو بووە پاڵ یەکەوە کە دەتگوت ملی خۆی بۆ سەربڕین داوەتە دەستی کەسێک. هەتا ئەو دەمەی کە سەرتاشەکە زاخ و بۆدرەی زەردی لە چەنەگەیداو بە فرچەیەکی نەرم لێی تەکاند، هەروا بە چاونووقاوی مایەوە. سەرتاشەکە لەو کاتەدا کە پەڕۆیەکەی لە ملی دادوەر دەکردەوە، پارچە کاغەزێکی خستە نێو گیرفانییەوە.

– دادوەر، تەنیا یەک شتت لێ تێک نەچێت. لەم وڵاتەدا پشێوەیەکی گەورە دروست دەبێت.

دادوەر تەماشایەکی ئەملاولای خۆی کرد تا دڵنیا بێت لەوەی کە لە دوکاندا هەر بە تەنیان. تەوژمی گەرماو دەنگی نزمی مەکینەی جل دروون لە بێدەنگی کاتژمێر نۆ و نیوداو ئەو دووشەممەیەی کە خۆی لێ بە دوور نەدەگیرا، هەموو ئەمانە بۆ وی نیشانەی شتگەلێکی تر بوون. وای هەستکرد کە ئەو دووە بە تەنیا لەو شارەدان. ئەوسا کاغەزەکەی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و خوێندییەوە.

سەرتاشەکە پشتی تێکردبوو و خەریکی رێکخستنی سەر تاقچەکە بوو. بێ لەبەر گوتی: «دوو ساڵ و تاردان و هەمان بارودۆخی نائاساییی و هەمان سانسۆر و هەمان بەرپرسانی جاران».



کاتێک کە لە ئاوێنەکەوە دیتی کە دادوەر ئەرکادیۆ هەمووو بڵاونامەکەی خوێندۆتەوە، پێی گوت:

– بیدە بە خەڵکی تریش.

دادوەر دووبارە کاغەزەکەی خستەوە گیرفانییەوە.

گوتی: «زۆر بوێرو بە جەرگی».

سەرتاشەکە گوتی: «هەتا ئێستا سەبارەت بە کەس بە هەڵەدا نەچووم، دەنا چەندین ساڵ لەمەوبەر بوو کە بە گوللە کون کون کرابووم». ئەوسا بە شێوەی جیدییانە گوتی: «شتێکت لە یادبێ دادوەر. ئەمجارەیان کەس هیچی پێناکرێت».

دادوەر ئەرکادیۆ کاتێک کە لە سەرتاشخانەکە رۆیشتەدەرێ، هەستی کرد نێو دەمی ویشک بووە. لە هۆڵی بلیارد داوای دوو گلاس مەشروبی کرد و پاش ئەوەی کە بە دوای یەکدا فڕێ کردن، بۆی دەرکەوت کە هێشتا زۆری کات بە دەستەوە ماوە.

دۆن روکوێی چوارەمین گلاسی بۆ کەم رەنگتر کردو بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: «بەو خێراییە وەکو پاڵەوانەکانی گابازی لەسەر شانی خۆیانت دادەنێن». ئەویش بێ ئەوەی لێوانی لێک بکاتەوە زەردەی هاتێ. بەڵام چاوی هێشتاش هەر تەپیبوون. نیو کاتژمێر لە دوای ئەوە چوو بۆ ئاودەست و میزی کرد. بڵاونامە نهێنییەکەی فڕێدایە نێو ئاودەستەکەوەو سیفۆنەکەی راکێشا.

کاتێک گەڕایەوە بۆ نێو بار، چاوی بە شووشێک مەشروب لە پەنا گلاسەکە کەوت. هەتاکو ئاستی مەشروبەکە، شووشەکە بە مەرەکەب خەتی پێدا کێشرابوو.

دۆن روکوێی لە کاتێکدا کە خەریکی باوەشێن کردنی خۆی بوو، گوتی: «هەر ئەوەندە بەسە بۆ جەنابتان». ئەو دووانە لە نێو هۆڵەکەدا بە تەنیا بوون. دادوەر ئەرکادیۆ گلاسەکەی نیوە کرد لە مەشروب و بە ئارامی دەستی کرد بە خواردنەوەی. پرسیاری کرد: «ئاگات لێیە؟»و لەبەر ئەوەی کە سەر و سەکوتی دۆن روکوێی شتێکی وای نیشان نەدەدا، هەر بۆ خۆی وەڵامی خۆی دایەوە.

– پشێوییەکی گەورە بەڕێوەیە.

دۆن ساباس قاوەڵتییە چۆلەکانەکەی خۆی بە تەراز و دەکێشا کە پێیان راگەیاند دووبارە سینیۆر کارمیچایل هاتۆتەوە بۆ سەردانی. بە سرکە بە ژنەکەی خۆی گوت: «پێی بلێ من نوستووم». لە راستیشدا لە دوای دە خولەکان خەوی لێکەوت. کاتێک کە وەخەبەر هات هەوا وەکو جاران ویشک و هەموو خەڵکی نێو ماڵەکە لە گەرمان ئیفلیج ببوون. کاتژمێر لە دوازدە لای دابوو.

هاوسەرەکەی لێی پرسی: «خەونت بە چییەوە دەدیت؟»

– بە هیچەوە.

ژنە ماوەیەک بە دیار لە خەو هەستانی مێردەکەیەوە دانیشتبوو. کەمێک دوای ئەوە سرنجەکەی لە ئاوی گەرمدا کوڵاندو دۆن ساباس هەر بۆ خۆی ئەنسۆلینی لە رانی خۆیدا.

ژنەکەی بە دڵگرانی و ئارامی گوتی: «ئەوە سێ ساڵە هیچ خەونێک نابینی».

دۆن ساباس بەسەریدا قیژاند: «شەیتان بە لەعنەت بێ، کچێ چیت لە گیانی من دەوێ؟ خەون دیتن خۆ بە زۆری نییە».

ساڵانێک لەمەوبەر، لە نیوەڕۆیەکدا، دۆن ساباس داربەڕوویەکی هاتبووە خەوێ کە لە جیاتی گوڵ موسی ریشتاشینی گرتبوون، ژنەکەشی خەونەکەی بۆ لێکدابۆوەو لە یانەسیبێکدا شتێکی بۆ دەرچوو بوو.

ژنە گوتی: «ئەمڕۆش نەبێ، سبەینێ».

دۆن ساباس بەبێ تاقەتی گوتی: «نە ئەمڕۆ و نە سبەینێ. هەر بڕیار وا نییە کە من خەون ببینم هەتا تۆ بێ ئاقڵییان بکەی».

دووبارە لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشایەوەو ژنەکەشی دەستی کرد بە هەڵوەژارتنی ژوورەکە. هەموو ئەو شتانەی تیژو بڕەر بوون لەو ژوورە بردرابوونە دەرێ.



دۆن ساباس لە ماوەی نیو کاتژمێرێکدا چەند جار خەوی لێکەوت و بە خەبەر هات. هەوڵی ئەوەی دەدا تا خۆی بە هەڵپە نەخات. سەرەنجام دەستی بە جل لەبەرکردن کرد.

ئەوسا پرسی: «ئێ، کارمیچایل چی دەگوت؟»

– گوتی دوایە دێتەوە.

هەتا ئەو کاتەی کە لەسەر مێزە دانیشتن، ئیدی قسەیان نەکرد. دۆن ساباس لەبەر نەخۆشیانی خواردنێکی سووکی لە پێش بوو و بەرەبەرە لێی دەخوارد. ژنەکە خواردنێکی تەواوی بۆ خۆی راکێشا کە لە یەکەم نیگادا خۆی بۆ ئەو جەستە بچووک و رەقەڵەیە بە زۆر دەنواند. دوای ماوەیەک راڕایی و دوودڵی قیرۆسیای لێکردو پرسیاری کرد:

– کارمیچایل چی دەوێت؟

دۆن ساباس بێ ئەوەی سەر بەرزکاتەوە گوتی:

– ئێ دیارە، پارەی دەوێ.

ژنە ئاخێکی هەڵکێشا: «مەزندەم کردبوو»و دڵسۆزانە درێژەیدایە: «کارمیچایلی داماو، ئەو هەموو ساڵانە بە لێشاو پارەی بەسەردا دەباری کەچی ئێستا دەبێ بە سواڵ و سەدەقە ژیان بباتە سەر». لە میانەی قسەکردنێدا ئیشتیای خواردنێی مرد.

بەدەم پاڕانەوەوە گوتی: «سابیتاس بیدەیە. خوا بۆت پڕ دەکاتە».

چەقۆ و چەنگاڵەکەی لەسەر یەکدانان و گوتی: «پێویستی بە چەندە؟»

دۆن ساباس بێ خۆتێکدان گوتی: «دووسەد پیزۆ».

– دووسەد پیزۆ!

– دەبینی؟

بە پێچەوانەی یەکشەموان کە پڕ ئیشترین رۆژی دۆن ساباس بوو، پاش نیوەڕۆیەکانی دووشەموان بێ ئیش بوو. لە نووسینگەکەی خۆیدا چەندین کاتژمێر لەبەر پانکە وێژینگی



PDF 4 KURD

دەبردن، هەر لەو کاتەشدا لە نێو کێڵگەکەیدا جەڵەبە مانگایەکەی رووی لە زیادبوون دەکردو قەڵە و دەبوون و زاوزێیان دەکرد. بەڵام لە پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژەدا نەیدەتوانی بۆ ساتێک وچان بدات.

ژنە گوتی: «لە گەرمانە».

دۆن ساباس تروسکەی رقێکی لە چاوە بێ تاقەتەکانی خۆیدا بزاوت. لەو نووسینگە بچووکەی کارکردندا، بە مێزێکی بچووکی دار و چوار کورسی ئاسوودەی چەرمی و پەردە کرکرەی دادراوەوەو ئەو رێشمانەی کە لە قوژبنێک لە سەریەک کەڵەکە کرابوون، هەوا گەرم و قورس بوو.

گوتی: «دەکرێ بڵێین کە قەت مانگی تشرینی یەکەم ئەوەندە گەرم نەبووە».

ژنەکەی گوتی: «بە بیرت دێ کە پازدە ساڵ لەمەوبەر کاتێک وەکو ئێستا گەرمابوو، بومەلەرزە هات؟»

دۆن ساباس بە پەرێشان حاڵییەوە گوتی: «بە بیرم نایە. خۆ تۆ بۆ خۆت دەزانی من قەت شتم لە بیر نامێنێ»و بە گرژ و مۆنییەوە زیاتر گوتی: «جگە لەمەش، ئەمڕۆ پاش نوێژی تاقەتم نییە باسی نەهامەتی و بەدبەختییەکان بکەم».

چاوی خۆی نووقاندن و دەستی لەسەر زگی خۆی دانان و خۆی خستە حاڵەتی نووستنەوە. لەبەرخۆیەوە گوتی: «ئەگەر کارمیچایل هاتەوە پێی بڵێ من لێرە نیم». دەمەوچاوی ژنەکەی حاڵەتی گریەوزاری بە خۆیەوە گرت.

گوتی: «دەنگ و دۆرت زۆر ناخۆش بووە».

دۆن ساباس ئیدی قسەی نەکرد. ژنە بەبێ بچووکترین دەنگ دەرگا تۆڕییەکەی پێوەداو لە نووسینگەکەی کارکردن هاتە دەرێ. دەمەوئێواری و لە دوای نووستن، دۆن ساباس چاوی هەڵێنان و وەکو پاشماوەی خەونێک، سەرۆکی شارەوانی لە بەردەمی خۆیدا بینی کە بە دیار بە خەبەر هاتنییەوە دانیشتبوو.

مولازم بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: «کەسێکی وەکو تۆ نابێ بەبێ دەرگا داخستن بنووێ».



دۆن ساباس جووڵەیەکی وای نەکرد کە نارەحەتییەکەی دەرکەوێ. گوتی: «دەرگای ماڵی من هەمیشە لەسەر پشتە بۆ جەنابت». دەستی درێژ کرد تا زەنگ لێبدات، بەڵام سەرۆکی شارەوانی بە یەک ئاماژە نەیهێشت.

دۆن ساباس لێی پرسی: «قاوەی ناخۆیەوە؟»

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «جارێ نا». چاوێکی بە دەوروبەری ئەو ژوورەدا کە هێندێک بیرەوەری تێدا زیندوو دەکردەوە گێڕا. گوتی: «کاتێک نوستبووی ئێرەم پێخۆشبوو. وەک ئەوە وابوو کە پیاو لە شارێکی دیکەدا بێت.

دۆن ساباس بە پشتی دەستانی چاوی خۆی هەڵگلۆفین.

- کاتژمێر چەندە؟

سەرۆکی شارەوانی تەماشای کاتژمێرەکەی خۆی کرد. گوتی: «چی وای نەماوە بۆ پێنج». ئەوسا لەسەر کورسییەکە هێندێک خۆی هێناو بردو بە نەرمی چووە سەر باسەکە.

- دەتوانین قسان بکەین؟

- وا دیارە چارەیەکی ترم نییە.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «قسە نەکردن خراپترە. هەر چۆنێک بێت ئیدی هەموو کەس زانیویەتی»و ئاسوودە و ئارام، بێ ئەوەی گوشار بخاتە سەر جووڵەی خۆی یان وشەکانی گوتی:

- دۆن ساباس پێم بڵێ بزانم داخۆ لەو دەمەیەوە کە بێوەکەی مۆنتێل پێشنیاری گاگەلەکەی خۆی خستۆتە بەردەمت، چەند سەرت لێ دزیون و داخی خۆتت لێداون؟

دۆن ساباس شانی خۆی هەڵتەکاندن.

- بە هیچ جۆرێک نازانم.

- بۆ خۆت دەزانی کە ئەم جۆرە کارانە ناوی هەیە.



PDF 4 KURD

دۆن ساباس بە دیقەتەوە وشەکەی خۆی هەڵبژارد: «مانگا دزین».

سەرۆکی شارەوانی گوتی بەڵێ و بە هەمان ئاوازە دەنگ زیاتر گوتی: «بەڵێ، بۆ نموونە با وای دانێین کە لەم سێ رۆژەدا دووسەد سەرت دزیوە».

– خۆزگە وابێت.

– وای دانێین دووسەد سەر. نرخەکەی خۆ دەزانی: هەر سەرەی پەنجا پیزۆ بۆ باجی شارەوانی.

– چل.

– پەنجا.

دۆن ساباس بە نیشانەی ملکەچ کردن هەڵوەستەیەکی کرد. پاڵی دابۆوە بە کورسییەکەوەو ئەنگوستیلە نەقێمە رەشەکەی لە قامکی خۆیدا دەسووڕاندو چاوی بڕیبووە شەترەنجێکی خەیاڵی.

سەرۆکی شارەوانی بێ بەزەییانە و بە دیقەتەوە تەماشای دەکرد. درێژەیدا بە قسەکەی: «بەڵام ئەمجارەیان کارەکە هەر بەوەندە کۆتایی پێ نایە. لە ئێستا بە دواوە گاگەلەکەی خۆزێ مۆنتیل لە هەر شوێنێک بێت، لە بن چەتری پاراستنی شارەوانیدایە». ماوەیەک چاوەڕێی کاردانەوەی دۆن ساباسی کرد کە بێ سوود بوو.

ئەوە بوو کە زیاتر بۆی روونکردەوە:

– هەروەکو کە دەزانی، ئەو ژنە داماوە بە یەکجاری شێت بووە.

– باشە، ئەی کارمیچایل؟

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «کارمیچایل دوو کاتژمێر دەبێ گیراوە».

دۆن ساباس بە سەر و سەکوتێکی ئەوتۆوە تەماشای سەرۆکی شارەوانی کرد کە هەم دەیتوانی نیشانەی سەرسووڕمان و دەستخۆشانە بێت، هەم گێلی و نەفامی. ئەو هەیکەلە هێزە ئاساو قەبەیە، بە هۆی تەقینەوەیەکی لە ناکاوی قاقایەکی نەویستراو، لەسەر کورسییەکە بە جووڵە جووڵ کەوت.



– جەنابی مولازم ئەمە چ موعجیزەیەکە! لەوانەیە تەواوی ئەو رووداوە بۆ جەنابتان وەکو خەون وابێت!

دەمە و ئێوارێ، دکتۆر جیراڵدۆ بە دڵنیاییەوە هەستی دەکرد کە لە جاران زۆر باشترە. دار یایەوەکان دووبارە لە گۆڕەپانەکەدا تۆز و خۆڵاوی ببوون. زستانێکی دیکە بەسەر دەچوو، بەڵام جێ پێیە بچووکەکانی ئاسەوارێکی بەرجەستەیان لەسەر زەینی بەجێدەهێشت. بابە ئانجێل کاتێک کە لە پیاسەکردنی پاش نیوەڕۆیانڕا دەگەڕایەوە، چاوی بە دکتۆر کەوت کە خەریک بوو کلیلەی دەخستە نێو قوفڵەوە.

بەدەم زەردەخەوە گوتی: «جەنابی دکتۆر دەبینی کە تەنانەت بۆ کردنەوەی دەرگایەکیش پێویستیتان بە کۆمەکی خوا هەیە».

دکتۆریش زەردەی هاتێ: «یان تەنیا هەر پێویست بە لایتە».

کلیلەی لە نێو قوفڵەکەدا باداو ئەوسا بە تەواوی رووی کردە بابە ئانجێل، بابە ئانجێلی لەو ئێوارەیەدا بە بوونەوەرێکی خەمبار و تیرەوتار هاتە پێش چاوان. قۆڵی گرت و پێی گوت: «راوەستە بزانم بابە. وا پێدەچێ کە دۆخی جگەرت زۆر باش نەبێ.

– وای بۆ دەچی؟

دکتۆر گڵۆپی سەر دەرگایەکەی هەڵکردو بە دیقەتێکی پتر دۆستانە تا پیشەیی، تەماشای دەموچاوی قەشەکەی کرد. ئەوسا دەرگا تۆڕییەکەی کردەوەو گڵۆپی ژووری عەیادەکەی هەڵکرد.

گوتی قەیدی نییە بابە، پێنج خولەکانیش بۆ لەشی خۆت تەرخان بکە. با پاڵەپەستۆی خوێنت بۆ بگرم».

بابە ئانجێل بە پەلە بوو. بەڵام بە پێداگری دکتۆر چووە ژووری عەیادە و قۆڵی خۆی هەڵکرد تا پاڵەپەستۆی خوێنی بۆ بگرێت.

گوتی: «لە سەردەمی ئێمەدا ئەو جۆرە شتانە نەبوون».

دکتۆر جیراڵدۆ کورسییەکی هێنایە پێشێ و دانیشت تا ئامێرەکە لە قۆڵی قایم بکات. بە زەردەخەنەوە گوتی: «سەردەمی ئێوە ئێستایە، بابە. جەستەتان هێشتاش لێناگەڕێ لەم دنیایە هەڵبێی».

ئەو دەمەی کە دکتۆر لەگەڵ ئامێری پاڵەپەستۆ پێوەکەدا خەریک بوو، بابە ئانجێل بەو هەستە گێلانەوە کە بە زۆری لە عەیادەکاندا تووشی مرۆڤ دەبێت، چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا. بە دیوارەکەوە بڕوانامەیەکی رەنگ کاڵوەبووی دکتۆرو وێنەیەکی چاپکراوی کیژێک کە لایەکی روخسارە سوورەکەی کاڵ ببۆوەو چوو بووە سەر رەنگی شین و وێنەیەکی کێشراوی پزیشکێک کە لەسەر باڵینی ئافرەتێکی رووتی لەگەڵ مەرگدا دەجەنگا، بەرچاو دەکەوت. لە پاش قەرەوێڵێکی ئاسنی سپییەوە، قەفەزەیەکی لێبوو کە پڕ بوو لە شووشەی کاغەز لێدراو. ئامێرەکانی تریش لە نێو قەفەزەیەکی جامخانەداری پەنا پەنجەرەکە دانرابوون، دوو قەفەزەی دیکەش پڕ بوون لە کتێب. تەنیا بۆنێکیش کە مرۆڤ بۆی دەناسرایەوە، بۆنی ئیسپرتۆی پزیشکی بوو.

کاتێک کە دکتۆر لە گرتنی پاڵەپەستۆی خوێنی بۆوە، روخساری شتێکی وای تێدا نەدەخوێنرایەوە.

بابە ئانجێل لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئێوە لەم ژوورەدا پێویستیتان بە وێنەی یەکێک لە پیاوچاکان هەیە».

دکتۆر چاوێکی بە دیوارەکاندا گێڕاو گوتی: «نەک تەنیا هەر ئێرە، بەڵکو تەواوی شار پێویستیان بە پیاوچاک هەیە». ئامێرەکەی لە نێو بەرگێکی چەرمی هاویشتەوەو زنجیرەکەی بە توندی راکێشاو دایخست.

– بابە پێویستە شتێک بزانی. پاڵەپەستۆی خوێنەکەت باشە.

باوکی روحانی گوتی: «مەزەندەم دەکرد»و ئەوسا بە سەرسووڕماوی و بێ تاقەتییەوە گوتی: «قەت لە مانگی تشرینی یەکەمدا وەکو ئێستا باش نەبووم».



بە ئارامی قۆڵەکەی خۆی دادایەوە. لەو ساتەدا بە کەوایەکی قەراغ دڕاو و پێڵاوێکی شڕو دەستی قڵیش قڵیش و نینۆکی وەکو شاخەوە، بارودۆخی واقیعی قەشەکە بە دیارکەوتبوو: پیاوێکی لە رادەبەدەر هەژار بوو.

دکتۆر وەڵامیدایەوە: «لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، من نیگەرانی حاڵی ئێوەم. دەبێ ئەوە بزانی کە لە تشرینی یەکەمێکی وەکو ئەمساڵدا، بەرنامەی رۆژانەی خۆتان زۆر بە قورسی گرتووە».

قەشەکە گوتی: «خواوەند داوا دەکات».

دکتۆر پشتی تێکرد تا لە پەنجەرەوە تەماشای رووبارە رەنگ تاریکەکە بکات.

گوتی: «هەتا کوێ؟ پێناچێ ئەوە کاری خوا بێت کە مرۆڤ ئەو هەموو ساڵانە هەوڵ بدات تاکو زرێ بە بەر غەریزەی خەڵکدا بکات و لە کۆتاییشدا بۆ خۆی چاک بزانێ کە لە بنەوەدا هەموو شتێک وەکو جاران درێژەی هەیە»و لە پاش بێدەنگییەکی زۆر پرسیاری کرد:

– هیچ هەستت بەوە کردووە کە لەم چەند رۆژەدا خەریکە دەرەنجامی هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانە لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە؟

بابە ئانجێل گوتی: «لە تەواوی ژیانمدا هەمان ئەو هەستەم هەبووەو هەر لەبەر ئەوەش بووە کە زانیومە دەبێ رۆژی دواتر هەوڵێکی زیاتر بدەم».

لە جێی خۆی هەستا: «کاتژمێر وا خەریکە دەبێت بە شەش»و ئامادە بوو بۆ چوونەدەر لە عەیادەکە. دکتۆر بەبێ ئەوەی کە لە پەنجەرەکە دوورکەوێتەوە جوڵەیەکی کرد کە دەتوت بە دەستی پێشی پێگرتووە. گوتی: «بابە، لە یەکێک لەم شەوانەدا دەست لەسەر دڵی خۆت دانێ و لە خۆت بپرسە داخۆ هەوڵەکانت تەنیا برین پێچ کردنی ئەخلاقیات نەبووە».

بابە ئانجێل نەیدەتوانی هەناسە سواری دەروونی خۆی بشارێتەوە. گوتی: «دکتۆر، لە سەرەمەرگدا بۆ خۆت هەست بە قورسایی ئەو وشانە دەکەی». ماڵئاوایی کردو بە ئەسپایی دەرگای پێوەدایەوە.

لە نوێژێدا نەیدەتوانی فکری خۆی جێگیر بکات. کاتێک دەرگای کڵێسەی داخست، مینا هاتە لای و گوتی کە لە ماوەی دوو رۆژاندا تەنیا یەک مشک بە تەڵەوە بووە. وای هەست دەکرد کە بە هۆی نەبوونی ترینیدادەوە لەوێ، مشکەکان ئەوەندە زاوزێ دەکەن کە کڵێسەکە لە بنەوەڕا هەڵدەکەنن. ئەڵبەتە ئەوەی دەزانی کە مینا تەڵەکەی ناونەوەو پەنیرەکانیشی ژەهراوی کردوون و جێ پێی مشکە گەنجەکانی دۆزیوەتەوەو کونی ئەو مشکانەشی قیرپەست کردووە کە پێکەوە دۆزیبوویاننەوە.

بە کیژۆڵەکەی گوتی: «بە کەمێک بڕوا بوون لە کارەکەدا، بە چاوی خۆت دەبینی کە مشکەکان وەکو ڕێوی بە پێی خۆیان بە تەڵەوە دەبن».

ماوەیەک لەسەر دۆشەکی بێ چەرچەف جینگڵێدان هەتا خەوی لێکەوت. کاتێک کە بە خەبەر هات، لەو ساتەی خوماریدا، دەرکی بەو هەستە کپەی شکست هێنانە کرد کە دکتۆر لە دڵیدا چاندبووی. ئەو بێقەرارییە و سوپای مشکان لە کڵێسەداو ئەو پەکخستنە تۆقێنەرەی یاسای قەدەغەبوونی هاتووچۆی شەوانە، ئەمانە هەموویان لە یەکتریدا متوربە ببوون و وەکو هێزێکی کوێر بەرەولای سامناکترین بیرەوەرییەکانی ژیانیان رادەکێشا.

تازە گەیشتبووە نێو شار کە لە نیوە شەوێکدا لە خەویان هەستاند و بردیانە سەر باڵینی نورا خاکوب کە لە گیانەڵاو دابوو تا داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات. دانپیانانێکی داچڵەکێن بەڵام بە دەنگێکی ئارامی بیست. بەبێ ئەمسەر و سەر کردن، هەموو وردەکارییەکان گوتران. ئەو جێیەی کە کەسێک تێیدا لە گیانەڵاودا بوو تەنیا خاچێکی بە پشت قەرەوێڵەکەوەو چەند کورسییە بەتاڵێکی بە پەنا دیوارەکەیەوە بوو. ئەو ژنە بۆی ئاشکرا کرد کە ئەو کچەی ئێستا بوویەتی، لە نەستور خاکوبی مێردی نییە. بابە ئانجێل پێی گوتبوو کە تەنیا بەو مەرجە گوناهەکانی دەبەخشرێن کە ئەو دانپیانانە لە بەردەمی مێردەکەیدا دووبارە بکاتەوەو هەر لەوێش تۆبە بکات.

# بەشی دەهەم

به فەرمانه یەک لە دوای یەکەکانی بەڕێوەبەری سێرک، ئەندامانی گروپەکە کۆڵەکەکانیان هەڵکەندن و بەو دارمانە بەسامەی خێوەتەکەو بەو وژەوژەی کە وەکو دەنگی با پێچ لە نێو دارو درەختاندا دەچوو، کۆتایی بە نمایيشەکانی سێرک هات. هەتا کاتی بەرەبەیان خێوەتەکەیان پێچابۆوەو ژن و منداڵەکانیش لە نێو سندوق و جانتایاندا خەریکی قاوەڵتی کردن بوون. پیاوەکانیش هاوزەمان گیانلەبەرە درندەکانیان سواری بەلەمان دەکردن. کاتێک کە بەلەمەکان یەکەمین فیکەی بە ڕێکەوتنیان لێدا، ئەوەی کە لە قوبە ئاگرەکان لەسەر ئەو پارچە زەوییە بە جێما، تاکە شتێک بوو کە تێپەڕبوونی گیاندارێکی پێش مێژووی بە ناوەڕاستی شاردا نیشان دەدا.

سەرۆکی شارەوانی بە درێژایی ئەو شەوە خەوی لێنەکەوت. دوای ئەوەی کە لە باڵکۆنی ماڵی خۆیرا تەماشای بارکردنی کەلوپەلەکانی سێرکی لە بەلەمەکان کرد، ئەویش چوو لەگەڵ حەشاماتی دەوروبەری بەندەرگا کەوت. هێشتاش بەرگی بیابانی لەبەردابوو. لە تاو خەوێ چاوی دەبرژانەوەو دەموچاویشی بە ریشی دوو ڕۆژ نەتاشراوەوە وشک هەڵاتبوو. بەڕێوەبەری سێرک لەسەر میچی بەلەمەکەرا چاوی پێی کەوت.

هاواریکرد: «سەلام مولازم، ئەم ئیمپراتۆرییە با پێشکەش بە خۆتان بێت».

جلێکی شڕو فەڕاحی لەبەردابوو و بەو دەموچاوە خڕەیەوە وەکو قەشەکانی لێهاتبوو، قامچییەکیشی لە مەچەکی خۆی ئاڵاند بوو.



سەرۆکی شارەوانی چووە سەر ڕۆخی ئیسکلەکەو دەستی لێک بڵاوکردن و لە وەڵامیدا بە گاڵتە پێکردنەوە گوتی: «ببوورە ژەنەڕاڵ. هیوادارم کاتێک کە هۆی ڕۆیشتنیان لێرە لێپرسی، ڕاستییەکەیان پێ بڵێی». ڕووی لە خەڵکەکە کردو بە دەنگی بەرز گوتی:

– مۆڵەتی کارکردنەکەیم هەڵوەشاندەوە، چونکە ئامادە نەبوو بە خۆڕایی بەرنامەیەکی تایبەت بە منداڵان نمایش بکات.

وەڵامی بەڕێوەبەری سێرک لە نێو دوایین فیکە و بزوێنەری بەلەمەکاندا ون بوو. ئاوەکە هەناسەی هەڵکێشاو قوڕ و لیتەی دەرهاویشت. بەڕێوەبەری سێرک ڕاوەستا هەتاکو بەلەمەکان لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا سووڕانەوە ئەوسا خۆی بەسەر نەردەکاندا شۆڕ کردەوەو وەکو هۆڕنەی ئۆتۆمبیل هەردووک دەستی بە زاری خۆیەوە گرتن و تا ئەو جێیەی کە بۆرییەکانی هەناسەی تاقەتیان تێدا بوو هاواریکرد:

– خوا حافیز پۆلیسی دایک سەگ.

سەرۆکی شارەوانی بە سەرخۆی نەهێناو دەستی لە گیرفانان هاویشتن و ماوەیەک چاوەڕێی کرد تا دەنگی بزوێنەرەکان کپ ببێتەوە. ئەوسا زەردە لەسەر لێوان بە نێو خەڵکەکەدا ڕەت بوو و چووە دوکانی موسای سوریایی.

کاتژمێر خۆی لە هەشت دەدا. دوکاندارە سوریاییەکە خەریکی هەڵگرتنەوەی ئەو شتە بوو کە لە تەنیشت دەرگا لە سەربەکی هەڵچنی بوو.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «کەواتە تۆش خەریکی ڕۆیشتنی».

کابرای سوریایی گوتی: «لەم ڕۆژانەدا دەڕۆم»و پاشان سەیری ئاسمانی کردو گوتی: «وا دیارە خەریکە باران ببارێت».

سەرۆکی شارەوانی ڕای خۆی دەربڕی: «چوارشەموان باران نابارێ».

ئانیشکی خۆی لەسەر پێشخوانەکە دانان و ماوەیەک لەو هەورە پڕانە ڕاما کە خۆیان بەسەر شاریدا کێشابوو. کابرای سوریایی سەرەنجام لە کۆکردنەوەی شتومەکەکانی بۆوەو بە ژنەکەی خۆی گوت قاوەیان بۆ بێنێت.

ئاخێکی هەڵکێشاو دەتوت لەگەڵ خۆیدا قسان دەکات گوتی: «بەو خێراییەی کە خەڵک دەڕوات، ناچار دەبین لە شارەکانی تر خەڵک قەرز بکەین».

سەرۆکی شارەوانی بە قومی پچڕ پچڕ قاوەکەی خواردەوە. سێ خێزانی تریش شاریان بەجێهێشتبوو و بە گوێرەی لێکدانەوەکانی موسای سوریایی لەو هەفتەیەدا بەوانەوە پێنج خێزان ئەو شارەیان بەجێهێشتبوو.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «درەنگ یا زوو هەر دەگەڕێنەوە». چاوی بڕییە خەت و کوزی مەتەڵ ئاسایی بن پیاڵە قاوەکەو بەبێ تاقەتی گوتی: «بۆ هەر جێیەک بچن وەبیریان دێتەوە کە لەم شارەدا نێوکیان بڕدراوە».

بە پێچەوانەی پێشگۆییەکەی خۆی، ناچار بوو ماوەیەک لەو دوکانەدا چاوەڕێی بکات هەتا ئەو بارانە بە لێزمەیە خۆشی کردەوە کە ماوەی چەند خولەکێک بەسەر شاردا باری. ئەوسا چووە بنکەی پۆلیس و لە حەوشەکەدا چاوی بە سینیۆر کارمیچایل کەوت کە لەبەر ڕێژنەی بارانێ هەموو لەشی لە ئاوێ هەڵکشابوو.

هیچ گوێی نەدایە وی. لە پاش بیستنی ڕاپۆرتی پاسەوانی ئێشکگر، فەرمانیدا تا دەرگای ژوورەکەی پیێ ئامادۆر بکەنەوە. ئەو کوڕە ڕوومەتی خۆی لەسەر تەختی لە خشتەی ژوورەکە دانابوو و وا دەهاتە بەرچاو کە لە خەوێکی قووڵدایە. نوکە پێیەکی گەیاندێ و هەڵیگێڕایەوەو بۆ ساتێک بە بەزەییەکی شاراوە تەماشای ئەو روخسارەی کرد کە لە بن مست و پێلاقەدا خوار و خێچ ببوو.

پرسیاری کرد: «لە مێژە هیچی نەخواردووە؟».

– لە پێرێ شەوێوە.

فەرمانیدا راستی کەنەوە. سێ پاسەوان چوونە بن باڵی و لەسەر سەکۆیە چیمەنتۆییەکەیان دانیشاند کە تۆزێک لە نیو مەتر بڵندتر بوو. سێبەرێکی شێدار لەو شوێنە بەجێما بوو کە پێشتر جەستەی ئامادۆری لەسەر کەوتبوو.



دوو پاسەوان دایان نیشاندو ئی سێهەمیش بە گرتنی قژەکانی، سەری بەرزکردەوە. ئەگەر لەبەر هەناسە هەڵکێشانە نارێک و حاڵەتە هیلاکییەکەی لە رادەبەدەری لێوەکانی نەبووایە، دەتوانرا بە مردوو لە قەڵەم بدرێت.

وەختێک پاسەوانەکان دەستیان لێبەردا، پیێ ئامادۆر چاوی هەڵێنان و بە دەست کوتان رۆخی سەکۆیەکەی دیتەوە. ئەوسا بە لرخەلرخ ناڵاندی و لەسەر سەکۆیەکە راکشا.

سەرۆکی شارەوانی بە دەرگای ژووری زیندانەکەدا چووە دەرێ و فەرمانی پێدان تا شتێکی دەرخوارد بدەن. گوتی: «پاشان سەرلەنوێ ئیشی لەسەر بکەنەوە تا ئەوەی کە دەیزانێ بیدرکێنێ. پێم وا نییە لەوە زیاتر بتوانێ خۆڕاگری بکات».

لە باڵکۆنییەکەوە سینیۆر کارمیچایلی دیت کە لە نێو حەوشێدا سەری خۆی لە نێو دەستان گرتووەو لەسەر چوارپایەک خۆی کرۆش هەڵێنابوو.

بانگی کرد: «روێرا، بچۆ بۆ ماڵی کارمیچایل و بە ژنەکەی بڵێ با پێخەف و جلوبەرگی بۆ بنێرێ». ئەوسا بە شێوەیەکی فەرماندەرانە گوتی: «پاشان بیهێنە بۆ نووسینگەکەم».

بەسەر مێزەکەدا خەریک بوو خەوی لێبکەوێ کە لە دەرگایاندا. سینیۆر کارمیچایل بوو کە جلێکی سپی و وشکی لەبەر کردبوو، بەڵام پێڵاوەکانی وەکو مرۆڤی نغرۆ بوو، نەرم و هەڵاوسابوون. سەرۆکی شارەوانی بەر لەوەی خەریکی ئیشی وی بێت فەرمانیدا بە پاسەوانێک تا بچێت پێڵاوانیشی بۆ بێنێت.

سینیۆر کارمیچایل دەستی لێهەڵتەکاندو گوتی: «پێڵاوەکانم عەیبیان نییە»و بە گران و سەنگینییەوەو بە شێوەیەکی وشک گوتی: «هەر ئەو جووتەم هەیە».

سەرۆکی شارەوانی پێی گوت دانیشێت. بیست و چوار کاتژمێر لەمەوبەر کارمیچایلیان هێنابووە نووسینگە دژە گوللەکەی سەرۆکی شارەوانی و لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕیان دەربارەی ملک و ماڵی مۆنتێل لەگەڵدا کردبوو و ئەویش بە تێروتەسەلی بۆی روونکردبوونەوە. سەرەنجام کاتێک کە سەرۆکی شارەوانی درکاندبووی کە گەرەکییەتی ئەو ملک و ماڵە بەو نرخە بکرێت کە پسپۆڕان دیاری



PDF 4 KURD

دەکەن، ئەو پێی ڕاگەیاندبوون کە بە هیچ جۆرێک بەبێ ئاگاداری میراتگران ناتوانی مۆڵەت بەو کارە بدات.

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، لە دوای دوو ڕۆژ برسێتی و ڕاگرتن لە بەر بارانێ، وەڵامەکەی هەر وەڵامی جاران بوو.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «کارمیچایل تۆ کابرایەکی زۆر کەری. هەتا چاوەڕوانی ڕەزامەندی میراتگران دەکەی، ئەو کابرایە دزە خوێڕییە، دۆن ساباسی دەڵێم، هەموو گاگەلەکەی مۆنتێل بە مۆری خۆی داخ دەکات».

سینیۆر کارمیچایل شانی هەڵتەکاندن.

سەرۆکی شارەوانی پاش هەڵوەستەیەکی درێژخایانی گوتی: «با وابێ، ئێمە هەموومان دەزانین کە ئەتۆ پیاوێکی شەریفی. بەڵام وا چاکە شتێکت لەبیر نەچێت: پێنج ساڵ لەمەوپێش دۆن ساباس لیستێکی کاملی ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە گروپە چەکدارەکانی نەیاری دەوڵەتەوە هەبوو دا بە خۆزێ مۆنتێل. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە نێو هەموو ڕێبەرە نەیارەکاندا ئەو تەنیا کەسێک بوو کە توانی لە نێو شاردا بمێنێتەوە».

سینیۆر کارمیچایل بە تانوت لێدانەوە گوتی: «یەکێکی تریش لە شاردا مایەوە، ئەویش دکتۆری دانساز بوو».

سەرۆکی شارەوانی قسەکەی وی بە هەند وەرنەگرت.

- پێت وایە کە پیاوێکی وەکو وی، کە دەتوانێت هەموو هاوڕێکانی خۆی بفرۆشێ هەر بە خەیاڵیشیدا دێت کە ئەتۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک لەبەر باران و تیشکی خۆر ڕاگیرێی.

سینیۆر کارمیچایل سەری داخست و تەماشای نینۆکەکانی خۆی کرد.

سەرۆکی شارەوانی لەسەر مێزەکە دانیشت.

سەرەنجام شێوازی قسەکردنی خۆی نەرم کردو گوتی: «جگە لەمەش، فکرێک لە ماڵ و منداڵەکەت بکەوە..»



سینیۆر کارمیچایل گوتی: «خەمی ئەوانت نەبێ. دەزانن چۆن وریای خۆیان بن».
سەری خۆی هەڵنەبڕی هەتاکو گوێی لە دەنگی پێی سەرۆکی شارەوانی نەبوو کە لە ژوورێدا دەهات و دەچوو. ئەوسا ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی: «جەنابی مولازم، ئێوە ڕێگاچارەیەکی تریشتان لە بەردەستدایە»و بەر لەوەی قسەکەی خۆی تەواو بکات، بە ئارامی تێی هەڵڕوانی:

- گوللە بارانم بکەن.

وەڵامێکی نەدرایەوە. لە پاش ماوەیەکی کورت سەرۆکی شارەوانی لە ژوورەکەی خۆیدا چووبووە خەوێکی قووڵەوەو سینیۆر کارمیچایلیش گەڕابۆوە سەر چوارپایەکەی نێو حەوشێوە.

دوو شەقام لەولاتری بنکەی پۆلیس، سکرتێری دادگای سزادانی لێبوو. بەیانی ئەو ڕۆژە لە نووسینگەکەداو بەدەم وێژینگ بردنەوەو بێ ئەوەی چاوی لەسەر هەڵگرێت، بە ڕووتی چاوی بە ڕێبکا ئاسیس کەوتبوو کە وەکو هەورەتریشقەی نیوەڕۆیان لە پرێکدا دەرگای حەمام کرایەوەو لە کاتێکدا کە ئەو ژنە تەنیا خاولییەکی لە سەری خۆیەوە پێچابوو هاتەدەرێ. هاوارێکی کپی کردو بە توندی پەنجەرەکەی پێوەدا.

سکرتێرەکە ماوەی نیو کاتژمێرێک لە نووسینگە نیوە ڕووناکەکەدا، لەگەڵ باری گرانی ئەو دیمەنە خەیاڵ ڕفێن و دەروون سووتێنەدا هەڵی کرد. کاتژمێر نزیکەی دوازدە دەرگای داخست و ڕۆیشت هەتا ئەو بیرەوەرییە لە مێشکیدا هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە.

کاتێک کە بە تەنیشت تەلگرافخانەکەدا تێدەپەڕی، سەرۆکی ئیدارەی پۆستە و گەیاندن بانگی کردو گوتی: «قەشەیەکی نوێمان بۆ دەنێرن. بێوەکەی ئاسیس نامەیەکی بۆ جێگری ئوسقۆف ناردووە». سکرتێرەکە دەستێکی بە نیشانەی خواحافیزی هەڵتەکاندو گوتی:

- بەرزترین پلە بۆ مرۆڤ پاراستنی نهێنییە.

له سووچێکی گۆڕەپانەکە تووشی سینیۆر بنیامین بوو کە گیری خواردبوو و نەیدەزانی چۆن لە گۆماوەکانی بەردەرکی دوکانەکەی خۆی بپەڕێتەوە. سکرتێرەکە دەستی پێکرد: «جەنابی بنیامین، ئەگەر دەتزانی...»

سینیۆر بنیامین لێی پرسی: «چ شتێکم دەزانی؟»

سکرتێرەکە گوتی: «هیچ. ئەم نهێنییە لەگەڵ خۆمدا دەبەمە ژێر گڵ».

سینیۆر بنیامین شانی هەڵتەکاندن. سکرتێرەکە وەکو کوڕە جحێڵان ئەوەندە بە چاپووکی بەسەر گۆماوەکاندا بازیدا کە سینیۆر بنیامینیش قیروسیای لێکردو پەڕییەوە. لەو ماوەیەدا کە سینیۆر بنیامین لەوێ نەبوو، نەفەرێک سینییەک خواردنی بە سێ بەشی لێک جیا- قاپ، کەوچکی زیوین و سفرێکی قەدکراو-ی بۆ لە پاش دوکانەکەی دانابوو. سینیۆر بنیامین سفرەکەی راخست و شتەکانی دیکەشی لەسەر ریزکرد. هەموو کارێکی بە دیقەت و رێکوپێکی ئەنجام دەدا. یەکەمجار ئەو سوپە زەردەی هەڵقوڕاند کە پەلە رۆنی لەسەر دەهاتن و دەچوون و ئێسقێکیشی تێدابوو. پاشان لە قاپێکی دیکەدا برنجی سپی و گۆشتی برژاو و پارچە مۆزی سەوزی سوورەوەکراوی خوارد. پلەی گەرما لە بەرزبوونەوەدا بوو بەڵام سینیۆر بنیامین گوێی پێنەدەدا. کاتێک کە لە نانخواردن بۆوە، قاپەکەی لە سەریەک دانانەوەو بە رێکوپێکی هەریەکەو لە شوێنی خۆی لەسەر سینییەکەی دانانەوە. پاشان پەرداخێک ئاوی خواردەوەو خەریک بوو خۆی بۆ هەڵواسینی جۆلانە ئامادە دەکرد کە گوێی لە دەنگی پێی کەسێک بوو کە دەهاتە نێوە دوکانەوە.

دەنگێکی خەواڵو پرسیاری کرد:

- سینیۆر بنیامین لە ماڵە؟

ملی خۆی درێژ کردو ئافرەتێکی رەشپۆشی دیت کە خاولییەکی لەسەری خۆیەوە پێچابوو و پێستی لەشی لە رەنگی خۆڵەمێش بوو. دایکی پیپێ ئامادۆر بوو.

سینیۆر بنیامین گوتی: «من لە ماڵێ نیم».

ژنە گوتی: «ئەی ئەوە نییە بۆ خۆتی».



گوتی: «دەزانم. بەڵام وەکو ئەوە وایە کە لە ماڵێ نەبم، چونکە دەزانم بۆچی بە دوامدا دەگەڕێی».

ژنە لەبەر دەرکە بچووکەکەی ئەوسەری دوکانەکە هەڵوەستەیەکی کرد. سینیۆر بنیامین لە هەڵواسینی جۆلانەکەی بووەوە. لەگەڵ هەر هەناسەدانێکدا سینگی ئەو ژنە سیکەسیکی لێدەهات.

سینیۆر بنیامین بە تووڕەییەوە گوتی: «لەوێ رامەوەستە، یان بڕۆ یان وەرە ژوورێ».

ژنە لەسەر کورسییەکەی پەنا مێزەکە دانیشت و بە بێدەنگی دەستی کرد بە گریان.

سینیۆر بنیامین گوتی: «ببوورە، خۆ بۆ خۆت دەبێ بزانی کە ئەگەر لەوێ لە پێش چاوی خەڵک راوەستی، قسە و قسەڵۆکم بۆ دروست دەکەن».

دایکی پیپێ ئامادۆر خاولییەکەی لەسەری خۆی کردەوەو چاوی خۆی پێ سڕینەوە.

سینیۆر بنیامین دوای ئەوەی کە لە جۆلانە هەڵواسین بۆوە، هەروەکو پیشەی هەمیشەیی، هێزی گوریسەکەی تاقیکردەوە. ئەوسا تەماشای ئافرەتەکەی کرد.

- کەواتە دەتەوێ عەریزەت بۆ بنووسم.

ژنە بە نیشانەی ئەرێ سەری لەقاند.

سینیۆر بنیامین درێژەی دایە: «بەڵێ وایە. تۆش لەو کەسانەی کە بڕوایان بە عەریزە هەیە». دەنگی خۆی نزم کرد و بۆی روونکردەوە: «لە رۆژگاری ئێستاماندا عەدالەت پەیوەست نییە بە عەریزەوە. بەڵکو پەیوەندی بە گوللەوە هەیە».

ژنە وەڵامی دایەوە: «هەموو کەس هەروا دەڵێ بەڵام تەنیا کوڕەکەی من لە زینداندایە». بەدەم قسەکردنەوە گرێی ئەو دەستەسڕەی کردەوە کە تاکو ئەو دەمە لە نێو مشتی خۆیدا گرتبوو و چەند ئەسکیناسێکی ئارەقاوی لێهێنایە دەرێ و بۆ سینیۆر بنیامینی راداشت.

- هەموو پارەی من ئەوەندەیە.



PDF 4 KURD

سینیۆر بنیامین لە پارەکەی وردبۆوە. شانی هەڵتەکاندن، پارەکەی لێوەرگرت و لەسەر مێزەکەی دانا. گوتی: «دەزانم بێ سوودە، بەڵام ئەو کارەت بۆ دەکەم، تەنیا بۆ ئەوەی بە خوای بسەلمێنم کە مرۆڤێکی لاسار نیم». ژنە بەبێ دەنگی سوپاسی کردو سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە گریان. سینیۆر بنیامین ئامۆژگاری کرد: «بە هەرحاڵ هەوڵی ئەوە بدە سەرۆکی شارەوانی رێگات پێ بدات کوڕەکەت ببینی. قەناعەتیش بە کوڕەکەت بکە کە ئەوەی دەیزانێ بیدرکێنێ. دەنا ئەگەر وا نەکەی وەکو ئەوە وایە عەریزەکەت فڕێ دابێتە پێش بەرازی».

ژنە لووتی خۆی بە خاولییەکە سڕی. دووبارە خاولییەکەی لە سەری خۆی ئاڵاندەوەو بێ ئاوردانەوە لە دوکانەکە چووە دەرێ.

سینیۆر بنیامین خەوەکەی پاش نیوەڕۆیەی کردو کاتژمێر چوار بە خەبەر هات. کاتێک کە بۆ دەموچاو شتن چوو بۆ نێو حەوشێ، دنیا ساماڵ و پڕ ببوو لە مێروولەی باڵدار. لە پاش خۆگۆڕین و بە شانەکردنی ئەو چەند تاڵەمووەی کە بۆی مابوونەوە، چووە تەلگرافخانە تا کاغەزی پولدار بکڕێ.

بەرەو لای دوکان دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی عەریزەکە بنووسێ کە هەستیکرد شتێک لە شاردا روویداوە. لە دوورەوە گوێی لە دەنگی هاوارێک بوو. لەو کۆمەڵە منداڵەی کە بەغار بە پەنایدا تێپەڕین پرسی چ شتێک قەوماوە ئەوانیش بە بێ راوەستان وەڵامیان دایەوە. ئەوسا گەڕایەوە بۆ تەلگرافخانەو کاغەزەکەی بردەوە.

- پێویستم پێی نەماوە. پیێ ئامادۆریان کوشت.

سەرۆکی شارەوانی هێشتا خەواڵوییی بەری نەدابوو. بە دەستێک فیشەکدانەکەی گرتبوو و بە دەستەکەی تریشی قۆپچەی کراسەکەی کە هەتا بن قوورگی دەهاتن دادەخست. لە ژووری نووستن هاتەدەرو دوو دوو بە قادرمەکاندا غاری دایە خوارێ.

شۆقی دەرێ گێژی کردو حیسابی کاتژمێری لێ تێکچوو. پێش ئەوەی بزانێ داخۆ چی قەوماوە، هەر ئەوەندەی زانی کە دەبێ بچێتە بنکەی پۆلیس. کاتێک کە بە بەرماڵاندا



تێدەپەڕی پەنجەرەکان دادەخران. ئافرەتێک بە دەستی لێک بڵاوکراوەوە هاتە ناوەڕاستی شەقام و بە ئاراستەی پێچەوانەدا دەستی کرد بە غاردان. مێروولە باڵدارەکان لە هەوای ساماڵدا خەریکی فڕین بوون. سەرۆکی شارەوانی هێشتاش نەیدەزانی داخۆ چی روویداوە، بەڵام دەمانچەکەی لە کیفەکەی دەرهێناو دەستی بە غاردان کرد.

کۆمەڵە ژنێک هەوڵیان دەدا تا بە زۆری دەرگایەکە بکەنەوەو بچنە ژووری بنکەی پۆلیس. بەڵام چەند پیاوێک لەگەڵیاندا دەست بە یەخە ببوون. سەرۆکی شارەوانی بە لێدان ژنەکانی دوورخستەوە. پشت لە دەرگاو روو لەوان راوەستاو گوتی:

- ئەوەی هەنگاوێک هەڵبێنێتەوە لەگەڵ زەوی تەختی دەکەم.

ئەو پاسەوانەی کە دەرگایەکەی لە ژوورێڕا گرتبوو، دەرگایەکەی کردەوە. تفەنگەکەشی لە سەرپێ بوو. فیتوێکی لێدا. دوو پاسەوانی تر رایانکردە سەر باڵکۆنییەکە و هێندێک تەقەی هەواییان کردو خەڵکەکە هەتا لای گۆشەکانی گۆڕەپانەکە کشانەوە بۆ دوواوە. هەر لەو وەختەدا لە سوچێکی گۆڕەپانەکەوە ژنێک بە دیارکەوت کە وەکو سەگ دەیلوراند. سەرۆکی شارەوانی دایکی پیێ ئامادۆری ناسییەوە. بازی دایە نێو بنکەکە و لە ناوەڕاستی قادرمەکانڕا فەرمانی بە پاسەوانەکاندا:

- ئەو ژنە بگرن.

لە نێو بنکەی پۆلیسدا بێدەنگی تەواو فەرمانڕەوا بوو. سەرۆکی شارەوانی هەر بە راستی نەیزانیبوو چی روویداوە. ئەو پاسەوانانەی وەلاخست کە لە بەر دەرگای ژووری گیراوەکە راوەستابوون و چاوی بە پیێ ئامادۆر کەوت کە لەو گۆڕەی کەوتبوو، خۆی گرمۆڵە کردبوو و دەستی خستبوونە نێو رانانییەوە. رەنگی بزڕکا بوو بەڵام ئاسەواری خوێن بەرچاو نەدەکەوت.

سەرۆکی شارەوانی دوای دڵنیابوون لەوەی کە خوێنێک نەڕژاوە، تەرمەکەی خستە سەر پشتێ و قولینچکی کراسەکەی لە نێو پانتۆڵەکەی هاویشتنەوەو قۆپچەی پانتۆڵەکەی داخستنەوەو قایشی پشتێنەکەشی توند کردەوە.

کاتێک هەستایەوە سەر پێ هێور ببۆوە، بەڵام لە کاتی تەماشاکردنی پاسەوانەکاندا حاڵەتێکی وای دا بە قیافەی کە دەسپێکردنی ماندوێتی دەگەیاند.

– کاری کێ بوو.

زەبەلاحە قژ زەردەکە گوتی: «هەموومان. دەیویست رابکات».

سەرۆکی شارەوانی تەماشای کرد. بۆ ماوەی چەند چرکەیەک دەتوانرا وا مەزەندە بکرێت کە هیچ ناڵێ. سەرەنجام گوتی: «کەس بڕوا بەم چیرۆکە ناکات». دەستی درێژ کردو بەرەو لای زەبەلاحە قژ زەردەکە رۆیشت.

– بێنە دەمانچەکەت.

پاسەوانەکە قایشی دەمانچەکەی ترازاندو دایە. سەرۆکی شارەوانی دوو فیشەکی خستنەوە شوێنی ئەو دوو فیشەکەی کە تەقێندرابوون و قاوانە بەتاڵەکانی خستنە گیرفانییەوە. ئەوسا دەمانچەکەی دا بە پاسەوانێکی دیکە. زەبەلاحە قژ زەردەکە– ئەگەر کەسێک لە نزیکەوە سەیری بکردایە وای دەهاتە پێش چاو کە سەر و سەکوتێکی منداڵانەی هەیە– رێگای پێدان بیبەنە ژوورەکەی ترەوە. لەوێ بە تەواوی خۆی رووت کردەوەو جلەکانی دان بە سەرۆکی شارەوانی. وەکو کاروباری تەشریفاتی، هەموو ئیشێک بە کاوەخۆ ئەنجامدراو هەر کەسە چاک دەیزانی دەبێ چی بکات.

سەرەنجام سەرۆکی شارەوانی بۆ خۆی دەرگای ژووری کوژراوەکەی داخست و چووە باڵکۆنی حەوشەکە. سینیۆر کارمیچایل هێشتا هەر لەسەر چوارپایە دانیشتبوو. کاتێک هێنایانە ژووری نووسینگەکەو داوایان لێکرد تا دانیشێت، دانەنیشت و لە بەردەم مێزەکە راوەستا. جلەکانی هەمدیسان تەڕببوونەوەو کاتێک کە سەرۆکی شارەوانی لێی پرسی داخۆ ئاگای لەو رووداوە هەیە، ئەوەندەی سەر بۆ نەلەقاند.

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «ئاوا، من هێشتا پێم نەکراوە بیر لەوە بکەمەوە داخۆ دەبێ چی بکەم. هەر نازانم داخۆ دەبێ کارێک بکرێت یان نا. بەڵام هەر کارێک کە بیکەم، ئەوەت لە بیرنەچێت، کە بتەوێ یان نەتەوێ تۆش تێوەگلاوی».



سینیۆر کارمیچایل بەبێ جووڵە لە بەردەم مێزەکە راوەستابوو. جلە تەڕەکانی بە لەشییەوە نووسابوون و وردە وردە هەستی دەکرد کە پێستی لەشی ئاوساوە. وەکو مرۆڤێک وابوو کە سێ شەو لەمەوبەرەوە نوقمی بن ئاو بووبێ و هێشتا ئاو لاشەکەی فڕێ نەدابێتە وشکایی. سەرۆکی شارەوانی چاوەڕێی ئاسەواری ئومێدێکی لێدەکرد. بەڵام بێ سوود بوو.

– کەواتە بە باشی هەموو لایەنەکانی کارەکە هەڵسەنگێنە. ئێستا من و تۆ هاوپشکین. سەرۆکی شارەوانی دەنگی خۆی کردبووە جیدی و بە سام و نمایشی. بەڵام دەتووت مێشکی سینیۆر کارمیچایل هیچ شتێک تۆمار ناکات و هەر ئاوا بەبێ جووڵە لە بەردەم مێزەکە راوەستابوو. لەشی هەلامسابوو و حاڵەتێکێ خەماوی هەبوو. تەنانەت ئەو کاتەی کە دەرگای ژوورە دژە گوللەکەشیان لەسەر داخست، هەر لە جێی خۆی نەجوولا.

لە بەردەم بنکەی پۆلیس دوو پاسەوان توند مەچەکی دایکی پپێ ئامادۆریان گرتبوو. دەتووت پێکهاتوون. ژنە بە رێکی و لە سەرخۆ هەناسەی هەڵدەکێشاو چاوی وشک ببوونەوە. بەڵام کاتێک کە سەرۆکی شارەوانی لە نێو دەرگادا بە دیارکەوت، ژنە بە دەنگێکی نووساوەوە قیژاندی و وای خۆ راپسکاند کە یەکێک لە پاسەوانەکان بە ناچاری دەستی بەرەڵا کردو ئەوی دیکە ناچاربوو وەکو زۆرانبازان بە زەوییەوە بزمارکوتی بکات.

سەرۆکی شارەوانی هەر تەماشاشی نەکرد. لە تەک پاسەوانە یاوەرەکەیدا رووبەڕووی ئەو حەشاماتە بۆوە کە لە سوچێکەوە شایەدی ئەو بگرەو بەردەیە بوون. راستەوخۆ رووی لە کەس نەکرد.

– ئەگەر دەتانەوێ کارەکە لەوە ئاڵۆزتر نەبێت، با یەکێک لە ئێوە ئەم ژنە بباتەوە ماڵێ. لەگەڵ پاسەوانە یاوەرەکانیدا، دڕی بە خەڵکەکەداو گەیشتە بینایەی دادگا. بەڵام کەسی لێنەبوو. چوو بۆ ماڵی دادوەر ئەرکادیۆ و بەبێ لە دەرگادان بە پاڵپێوەنان دەرگایەکەی کردەوە.

– دادوەر.

هاوسەرەکەی دادوەر کە سک پڕی پرزەی لێبڕیبوو، لە نێو سێبەرانڕا وەڵامی دایەوە.

– لێرە نییە.

سەرۆکی شارەوانی لە بەر دەرگا نەجوولا.

– چۆتە کوێ؟

– دەتەوێ بۆ کوێ چووبێ، بە دوای خوێڕیایەتی کەوتووە.

سەرۆکی شارەوانی ئاماژەیدا بە پاسەوانەکان کە بچنە ژووری. بێ ئەوەی تەماشای ژنەکەی دادوەر بکەن بە پەنایدا تێپەڕین. لە دوای ژێر و ژوورکردنی هۆدەی نووستنێ بۆیان دەرکەوت کە هیچ شتێکی پیاوانەی تێدا نییە. پاشان گەڕانەوە بۆ ژووری دانیشتن.

سەرۆکی شارەوانی پرسیاری کرد: «کەنگێ ڕۆیشت؟»

ژنە گوتی: «دوو شەو لەمەوپێش».

سەرۆکی شارەوانی پێویستی بە کاتێکی زۆر هەبوو تا بیر بکاتەوە.

لە پڕێکدا هاواری کرد: «ئەو دایک سەگە ئەگەر سەد مەتریش، بچێتە ژێر زەوییەوەو خۆی بشارێتەوە، یان بگەڕێتەوە بۆ نێو زگی دایکە بۆگەنەکەشی، بە زیندوویی بێ یان بە مردوویی هەر دەری دەکێشینە دەرێ. دەوڵەت دەستی درێژە».

ژنە ئاخێکی هەڵکێشا.

– خوا لە زارت بڕوانێ جەنابی مولازم.

دنیا خەریک بوو تاریک دادەهات. هێشتاش کۆمەڵە خەڵکێکی هەر لێمابوو کە پاسەوانەکان نەیاندەهێشت لە سووچی بنکەی پۆلیس واوەتر بێن. بەڵام دایکی پیێ ئامادۆریان بردبووەوە بۆ ماڵێی و شار ئارام دەهاتە بەرچاو.

سەرۆکی شارەوانی یەکڕاست چووە ژووری کوژراوەکەوە. داوای کرد تا پارچە خامێک بێنن و بە هاوکاری پاسەوانێک، کڵاوێک و چاویلکەیەکی لەسەر تەرمەکە داناو پارچە خامەکەیان تێوەپێچاو پاشان لێرەو لەوێ لە دەوروبەری بنکەی پۆلیس پارچە تێل و پەتیان کۆکردەوەو لە سەرپرا هەتا لاقانی بە مارپێچ تەرمەکەیان پێچا. وەختێک کارەکەی



تەواو کرد ئارەقی کردبوو. بەڵام سەر و سەکوتی نیشان دەدا کە ئاسوودە بووە. وەکو ئەوە وابوو کە لە بن قورسایی ڕاستەقینەی تەرمەکە ڕزگاری بووبێت.

پاشان گلۆپی ژووری بەندیخانەکەی هەڵکرد. فەرمانیدا بە پاسەوانێک: «پاچ و بێڵ و فانۆس بێنە و بانگی گۆنزالیسیش بکە با بچێتە ئەوسەری حەوشەکە و لەو پشتەوەیە چاڵێکی قووڵ هەڵکەنێ. با لە جێگایەکی وشک بێت». بە جۆرێکی وا قسەی دەکرد کە دەتووت وشە بە وشە بیری لێکردۆتەوە.

– لە بیریشت بێ کە هەڵەیەک و کارێکی قۆڕ بە نرخی تەواوی ژیانت تەواو دەبێت. ئەم کوڕە بە هیچ جۆرێک نەمردووە.

لە پاش دوو کاتژمێر هێشتا هەڵکەندنی قەبرەکەیان تەواو نەکردبوو. سەرۆکی شارەوانی لە باڵکۆنییەکەوە دیتی کە سەر شەقامەکە چۆڵ بوو و جگە لە یەکێک لە پیاوەکانی خۆی کە خەریکی ئێشکگرتن بوو بە ئەسپایی لەم قوژبن بۆ ئەو قوژبن هەنگاوی هەڵدێنایەوە، کەسی تر بەرچاو نەدەکەوت. گلۆپی سەر قادرمەکانی هەڵکردو چووە تاریکترین قوژبنی ژووری چاوەڕوانی بۆ ئەوەی کەمێک بحەسێتەوە. تەنیا دەنگێک کە بە بەرگوێی دەکەوت، چڕینی ئاوازێکی پچڕپچڕی باڵندەیەکی کێوی بوو کە لە دوورییەوە دەهات.

دەنگی بابە ئانجێل وێژینگەی پچڕاند. لە پێشدا ئەو دەمە گوێی لە دەنگی بوو کە لەگەڵ پاسەوانی ئێشکگردا قسەی دەکرد، پاشان دەنگی ئەو کەسەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی و سەرەنجام دەنگی ویشی ناسی. خۆی بەسەر کورسییەکەدا شۆڕکردبۆوە هەر لەو حاڵەتەدا مایەوە هەتا ئەو کاتەی کە دیسان گوێی لە دەنگیان بووەوە. ئێستا هاتبوونە نێو بارەگاکەوە. دەنگی یەکەم هەنگاونانی لەسەر قادرمەکان بەرگوێ کەوت. ئەوسا لە تاریکیدا دەستی برد و تفەنگە لوولە کورتەکەی تاودایە.

بابە ئانجێل کاتێک بە دیارکەوتنی سەرۆکی شارەوانی لە باڵکۆنییەکەدا بینی، ڕاوەستا. دکتۆر جیراڵدۆ بە خۆ و بە جانتاو پەستەکی سپۆرتی سپییەوە لە ناوەڕاستی قادرمەکاندا ڕاوەستابوو. ددانە تیژەکانی خۆی بە دیارخستن.



PDF 4 KURD

بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی: «جەنابی مولازم سەرم لە ئێوە سوڕماوە، تەواوی ئەم پاش نیوەڕۆیە چاوەڕوانم دەکرد تا بە مەبەستی پشکنینی پزیشکی بە دوامدا بنێری».

بابە ئانجێل چاوە ئارام و دەرەوشاوەکانی خۆی بڕیبووە دکتۆر و پاشان هەستی بە سەرۆکی شارەوانیش کرد. سەرۆکی شارەوانیش زەردەی هاتێ.

گوتی: «پشکنینێک لە گۆڕێدا نییە چونکە تەرمێک لە ئارادا نییە».

قەشەکە گوتی: «دەمانەوێ چاومان بە پیێ ئامادۆر بکەوێ».

سەرۆکی شارەوانی لوولەی تفەنگەکەی نەوی کردو رووی کردە دکتۆرو گوتی: «منیش دەمەوێ چاوم پیێ بکەوێت. بەڵام هیچ کارێکمان لە دەست نایە». ئەوسا زەردەی لەسەر لێوەکانی خۆی دوورخستەوەو گوتی:

- رایکرد.

بابە ئانجێل هەنگاوێکی دیکەی بۆ پێشەوە هەڵێنا. سەرۆکی شارەوانی لوولە کورتەکەی تفەنگەکەی تێکرد و ئاگاداری کردەوە: «لە شوێنی خۆت راوەستە، بابە». دکتۆر شەقاوێک چووە پێشێ.

گوتی: «گوێ بگرە مولازم». هێشتا هەر زەردەی لەسەر زاری بوو. «شت شاردنەوە لەم شارەدا کارێکی مەحاڵە. لە کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆوە هەموو خەڵکی شار دەزانن کە لەگەڵ ئەو کوڕەدا ئەو کارە کراوە کە دۆن ساباس لەگەڵ ئەو وڵاخانەدا کرد کە فرۆشتبوونی».

- رایکرد.

زەینی هەر لە لای دکتۆر بوو کە بابە ئانجێل دەستی خۆی هەڵێناو دوو هەنگاو هاتە پێشەوە. سەرۆکی شارەوانی دەمەو دەست خۆی خستە حاڵەتی ئامادەباشییەوە. بە یەک لێدان زامنی تفەنگەکەی کردەوەو هاواریکرد: «لە جێی خۆت نەجوڵێی».

دکتۆر قۆڵی کەواکەی قەشەکەی گرت. بابە ئانجێل بە کۆخەکۆخ کەوت.



دکتۆر گوتی: «مولازم، با کارەکانمان بە پاکی بکەین». زۆر لەمێژ بوو کە دەنگی ئاوا جیدی نەبووبوو. «دەبێ لە سەدا سەد تەرمەکە پشکنینی پزیشکی بۆ بکرێت. پێویستە نهێنی ئەو دڵەکپێی و بوورانەوەیە ئاشکرا بکەین کە لەم بەندیخانەیەدا گیراوەکان تووشی دەبن».

سەرۆکی شارەوانی گوتی: «دکتۆر، هەر لە شوێنی خۆت بجوڵێی تەقەت لێدەکەم». بە تیلەی چاوی تەماشای قەشەکەی کردو گوتی: «تۆش هەروا، بابە».

بۆ ماوەیەک هەرسێکیان لە شوێنی خۆیان بەبێ جوڵە راوەستان.

سەرۆکی شارەوانی رووی لە قەشەکە کردو گوتی: «بابە جگە لەمەش، دەبێ پێشتان خۆشبێت. ئەو کوڕە هەمان ئەو کەسە بوو کە جنێونامەکانی دەنووسین».

بابە ئانجێل گوتی: «بۆ خاتری خوا......»

کۆخە نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات. سەرۆکی شارەوانی چاوەڕێی کرد هەتا کۆخەکۆخەکە نەما. پێی گوتن: «ئێستا چاک گوێ بۆ ئەم قسە پڕوپووچانەی من بگرن. هەتاکو سێ دەژمێرم. پاشان بە چاوی نووقاوەوە تەقە لەو دەرگایە دەکەم. لە بیرتان نەچێت وا لە ئێستاوە خەریکی ژماردن دەبم». بە راشکاوی بە دکتۆری گوت: «گاڵتە بچووکەکان تەواو بوون ئێمە ئێستا لە حاڵەتی شەڕداین، دکتۆر».

دکتۆر قۆڵی بابە ئانجێلی گرت و رایکێشایە خوارێ. بێ ئەوەی تەماشای سەرۆکی شارەوانی بکات بە قادرمەکاندا شۆڕبۆوەو لە ناکاو بە دەنگی بەرز دایە قاقای پێکەنین.

گوتی: «ئاوام پێخۆشە، ژەنەڕاڵ. ئێستا وا خەریکە هەر بە راستی لە زمانی یەکدی حاڵی دەبین».

سەرۆکی شارەوانی دەستی کرد بە ژماردن: «یەک».

ئەوان ئیدی گوێیان لە ژمارەی دواتر نەبوو. کاتێک کە لە سوچێکی بنکەی پۆلیس خەریکی لێکجیابوونەوە بوون، بابە ئانجێل شکستی هێنابوو و ناچار بوو ئاوڕبداتەوە، چونکە چاوی تەڕ ببوون، دکتۆر جیراڵدۆ بێ ئەوەی کە زەردە لەسەر لێوەکانی

دووربخاتەوە، دەستێکی لە شانی قەشەکەداو گوتی: «پێت سەیر نەبێ، بابە. ژیان هەر ئەوەیە». وەختێک لەسەر پێچی شەقامەکە تێپەڕی و گەیشتەوە ماڵی خۆی، لەبەر رووناکی گڵۆپی سەر شەقامەکە تەماشای کاتژمێرەکەی کرد: چارەکی دەویست بۆ هەشت.

بابە ئانجێل هیچی بۆ نەخورا. لە پاش لێدانی شەیپووری یاسای قەدەغەبوونی هاتووچۆ کردن، دانیشت بۆ ئەوەی نامەیەک بنووسێت. هەتاکو دوای نیوەشەوێ هەر ئاوا خۆی بە سەرمێزەکەدا نووشتاندبۆوەو بارانی وردیش جیهانی دەوروبەری وی دەشووشتەوەو لە ناوی دەبرد. بەبێ ئارامی دەینووسی. حاڵەتی تووڕەیی دەدا بە وشەکانیش. ئەوەندە بێ ئاگا ببوو کە جاری وابوو قەڵەمەکەی مەرەکەبی لێ دەبڕاو هەستی پێنەدەکردو بێ ئەوەی قەڵەمەکەی لە مەرەکەب هەڵکێشێتەوە دەینووسی و جاری وابوو بە نووکی وشکەوە دوو وشەی لەسەر کاغەزەکە دەڕوشاند بێ ئەوەی کە وشەکان بە دیاربکەون.

بۆ رۆژی دوایی لە پاش رێوڕەسمی نوێژکردن، هەرچەندە هەتاکو رۆژی هەینی نامەکانیان کۆ نەدەکردەوە بەڵام نامەکەی لە سندوقی پۆستە هاویشت. ئەو رۆژە بەیانییەکەی دنیا هەورو هەوای شێداربوو، بەڵام دەوروبەری نیوەڕۆیە دنیا روون بۆوە. باڵندەیەک رێی هەتلە کردبوو و نزیکەی نیو کاتژمێرێک لە حەوشێدا بێرەو بەوێدا باڵەفڕەی دەکردو لە نێو گوڵە عەشقەکانیدا بە سەربردو بەرەبەرە دەنگی نزم دەبۆوە هەتا وای لێهات دەنگی نەماو هەر دەتوانرا مەزەندە بکرێ کە دەنگێک دێت. لە بولێڵی ئێوارێدا، ئەو دەمەی کە وەکو پیشەی هەمیشەی پیاسەی دەکرد، دڵنیابوو لەوەی کە تەواوی ئەو پاش نیوەڕۆیە بۆنی خۆشی عەتری پاییزیی بە دوایەوە بووە. لە میانەی باسێکی خەماویدا لە ماڵی ترینیداد سەبارەت بە خراپییەکانی مانگی تشرینی یەکەم هەستی کرد ئەو بۆنەی وەبەر لووتی کەوتووە کە شەوێکیان لە نووسینگەی کارکردنیدا لەگەڵ هەناسەی رێبکا ئاسیس هاتۆتە دەرێ.

لە کاتی گەڕانەوەیدا چاوی بە خانەوادەی سینیۆر کارمیچایل کەوت. هاوسەر و کچە گەورەکەی پەرێشان بوون. هەر جارەی کە ناوی زیندانییەکەیان دەهێنایە سەر زمان، دەنگیان کپ دەبوو. بەڵام منداڵە بچووکەکان بە دوور لەسەر سەختی باوکیان دڵیان



خۆشبوو و هەوڵیان دەدا تا ئەو جووتە کەروێشکەی کە بێوەکەی مۆنتێل بۆی ناردبوون ناچار بە ئاو خواردنەوە لە پەرداخێکدا بکەن. بابە ئانجێل لە ناکاو باسەکەی پچڕاند و وێنەی نیشانەیەکی لە هەوادا کێشاو گوتی:

- تێگەیشتم، بۆنی گوڵی خەربەق[٨] بوو.

بەڵام بۆنی گوڵە خەربەق نەبوو.

ئیدی کەس باسی جنێونامەکانی نەدەکرد. لە گێرمە و کێشەی رووداوەکانی ئەم دواییەدا، جنێونامەکان ئەو گرنگییەی جارانیان نەمابوو و ببوونە نوکتەیەکی کۆن- لە میانەی پیاسەکردنی پاش نیوەڕۆیان و دوای نوێژکردن ئەم مەسەلەیە بۆ بابە ئانجێل سەلمێندرا: ئەو وەختەی کە لە نووسینگەی کارکردنی خۆیدا لەگەڵ چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی خانمانی کاتۆلیک باس و خواسی دەکرد.

کاتێک تەنیا مایەوە برسی بوو. چەند پارچە مۆزێکی سەوزی بۆ خۆی سوورکردەوەو لەگەڵ شیر و قاوەدا خواردی، هێندێک پەنیریشی لێ زیاد کرد. رەزامەندی ورگ بووە هۆی ئەوەی کە بۆنەکە فەرامۆش بکات. وەختێک کە جلی دادەنان بۆ ئەوەی بچێتە نێو جێگاوەو پاشانیش لە بن پەردە کوللەکە و لە کاتی راوکردنی ئەو مێشوولانەی کە لە چنگی مێشوولە کوژەکە رزگاریان ببوو، چەند قرپێکی هاتەوە. زاری ترش بوو، بەڵام روحی لە ئاسوودەیی دابوو.

وەکو پیاوچاکێک لێی نووست. لە بێدەنگی کاتەکانی قەدەغەبوونی هاتووچۆدا چەند سۆزێکی شاعیرانەی بەرگوێیان کەوت. دەنگی قوڕمیش کردنی گیتارێکی بیست کە سەرمای بەرەبەیان تاڵەکانی خاوکردبۆوە. سەرەنجامیش ئاوازێکی لە رۆژگارێکی دیکە بە گوێیەکانی خۆی بیست. دە خولەکی مابوو بۆ کاتژمێر پێنج کە بۆی دەرکەوت زیندووە. بە زەحمەت و لەشگرانی دانیشت، چاوی خۆی بە پەنجە هەڵگلۆفین و بیری کردەوە: هەینی ٢١تشرینی یەکەم. ئەوسا بە دەنگی بەرز هێنایەوە یاد: «هێلاریی (قدیس)»

(٨) گوڵێکە لە رەگەزی هەڵاڵەیەو پێنج پەڕەیە و رەنگی سوودێکی کاڵە. کوردییەکەیم نەزانی. وەرگێڕ



PDF 4 KURD

بێ دەموچاو شتن و دوعاکردن جلی لەبەرکردن. ماوەیەکی زۆر بە قۆپچەکانی کەوایەوە خەریک بوو کە بە هەڵە دایخستبوون و چاکی کردنەوە، ئەو چەکمە هەڵقەڵشاوانەی لەپێ کردن کە بنەکەشیان خەریک بوو لێبێبتەوەو لە ڕۆژانی ئاساییدا لە پێی دەکردن. کاتێک دەرگایەکەی ڕووەو گوڵە عەشقەکانی کردەوە، گۆرانییەکی هاتەوە یاد: «هەتاکو سەرە مەرگ لە خەونەکانتدا دەبم». ئاخی هەڵکێشا.

هەر لەو کاتەدا کە یەکەم دەنگی لە زەنگەکە هێنا، مینا دەرگای کڵێسەی کردەوەو هاتە ژوورێ. چووە ژووری پاکژگەو دیتی کە پەنیرەکان دەستیان نەکراوەتێ و تەڵەکانیش هەر لە جێی خۆیانن. بابە ئانجێل دەرگای ڕووەو گۆڕەپانەکەی کردەوە.

مینا گوتی: «بۆمان نەهات»و کارتۆنە بەتاڵەکەی ڕاوەشاند. «ئەمڕۆ یەک مشکیش بە تەڵەوە نەبوو».

بەڵام بابە ئانجێل گوێی پێنەدا. ڕۆژێکی درەوشاوە بە هەوایەکی بێ خەوش و پاقژەوە دڕی بە تاریکی دەداو ڕایدەگەیاند کە لەو ساڵەشدا، سەرەڕای هەموو شتێک، مانگی کانوونی یەکەم لە کاتی خۆیدا دەگاتەجێ. خامۆشی قەشە جحێڵەکە، قەت ئەوەندە بۆ وی ڕوون و ئاشکرا نەبوو.

گوتی: «شەوی ڕابردوو گۆرانییەکیان دەگوت».

مینا قسەکەی پشتڕاست کردەوە: «گۆرانی قورقوشم. هەتا ماوەیەک لەمەوپێشیش تەقەکردن هەر بەردەوام بوو».

قەشەکە بۆ یەکەمجار تەماشای کرد. ئەویش بە ڕەنگی بزرکاوەوە وەکو داپیرە کوێرەکەی، شاڵێکی ئاسایی ڕەنگ شینی لە پشتێ خۆی بەستبوو. بەڵام بە پێچەوانەی ترینیداد کە سەر و سەکوتێکی پیاوانەی هەبوو، لە بوونی مینادا ژنێکی کامڵ خۆی دەنواند.

- لە کوێ؟

مینا گوتی: «لە هەموو شوێنێک. وەکو شێتان لە هەموو جێیەک بە دوای بڵاونامەی نهێنیدا دەگەڕان. دەڵێن بە ڕێکەوت تەختی ژووری سەرتاشخانەکەیان هەڵگرتووەو



تفەنگیان تێدا دۆزیونەوە. بەندیخانەکە پڕ بووە. بەڵام دەڵێن پیاوەکان چوونەتە نێو دارستانەوە تا ڕەگەڵ گروپە چەکدارەکانی نەیاری دەوڵەت بکەون».

بابە ئانجێل ئاخی هەڵکێشا.

گوتی: «من هەستم بە هیچ شتێک نەکردووە».

بەرەو لای پشتی کڵێسەکە ڕۆیی. مینا بەبێ دەنگی هەتاکو لای میحرابی سەرەکی بە دوای کەوت.

پاشان گوتی: «جگە لەمەش! ئەوە هەر هیچ نییە. دوێنێ شەوێ سەرەڕای قەدەغەبوونی هاتووچۆکردن و وێڕای هەموو ئەم تفەنگ و تەق و تۆقانە......»

بابە ئانجێل ڕاوەستا. چاوە شینە بێ تاقەت و بێ گوناهەکانی خۆی بۆ لای مینا سووڕاندن. میناش ڕاوەستا. کارتۆنەکەی لە بن هەنگڵێ بوو. بە نیوەچڵی وازی لە ڕستەکە هێناو زەردەخەنەیەکی شێواو بە ئارامی نیشتە سەر لێوەکانی.



PDF 4 KURD